حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون

# ڕاپۆرتی ئاستی جێبەجێکردنی

# کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

# ماوەی ساڵی دووەمدا

ئاب ٢٠٢١

# ناوەڕۆك


پێشەکی.......... ٢

وەزارەتی داد.......... ٣

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە .......... ١٠

وەزارەتی ناوخۆ .......... ١٥

وەزارەتی دارایی و ئابووری .......... ٣٠

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.......... ٤٣

وەزارەتی تەندروستی.......... ٤٨

وەزارەتی پەروەردە.......... ٥٦

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن .......... ٧٣

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.......... ٨٣

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.......... ٩٣

وەزارەتی پلاندانان .......... ١٠٣

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.......... ١٠٩

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.......... ١١٣

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان .......... ١١٥

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.......... ١٢٥

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.......... ١٤٢

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن .......... ١٤٤

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی .......... ١٥٦

وەزارەتی کارەبا .......... ١٦٠

لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ.......... ١٧١

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان.......... ١٧٦

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.......... ١٨٠

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە .......... ١٩٨

فەرمانگەی میدیا و زانیاری .......... ٢٠٠

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.......... ٢٣٠

دەستەی وەبەرهێنان .......... ٢٣٢

دەزگای گشتی کاروباری مین .......... ٢٣٦

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.......... ٢٣٧

ئەکادیمیای کوردی .......... ٢٤٦

## پێشەکی

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک ئەرکێکی دیاریکراوی خۆی، بەرپرسیارێتی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و هەروەها بەرپرسیارێتی ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی لە ئەستۆیە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت.

ئەم بەرپرسیارێتییەش دیاری کراوە بەپێی بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە مادەی (بیست و یەک)ی پەیڕەوی هەموارکراوی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٦ ی ئەنجومەنی وەزیران.

لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەدا، ئەم ڕاپۆرتەی کە لە بەردەستتانە ئامادەکراوە و بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئاست و چۆنێتی کار ڕاپەڕاندن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە لە ماوەی ساڵگەڕی دووەمی تەمەنی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەک ڕاسپێردراون، وەزارەت و فەرمانگە و دەستە نەبەستراوەکان بەوەزارەتەوە لە حکومەتی هەرێم؛ چالاکی و کارەکانی خۆیان لە ماوەی ساڵی دووەمی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم خستووەتە ڕوو. لە داڕشتنی کار و چالاکییەکانیاندا، هێڵە گشتییەکانی کارنامەی نۆیەمیان لەبەرچاو گرتووە کە بریتین لە حەوت تەوەری سەرەکی و پەنجاو یەک هێڵی گشتی.

لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆمان ڕوون بووە تەوە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، تێکڕا دامودەزگاکانی حکومەت، توانای خۆیان خستووتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی چاکسازی؛ سەرەڕای قەیرانی دارایی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە داراییەکانی ئەو تەنگژە تەندروستییە جیهانییە، دامودەزگاکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەردەوامبوون.

# وەزارەتی داد

## لە ئاستی چاکسازیدا

| | | |
|---|---|---|
| پڕۆژەی بەردەوام | دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوبەرایەتی و تێبینەرایەتی دادییەکانی ئاکرێ | ٪٢٠ |
| | دروستکردنی بەڕێوبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی سیمێل | ٪٨٠ |
| | دروستکردنی باڵەخانەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ | ٪٢٠ |
| | دروستکردنی باڵەخانەی تۆمارگەی خانووبەرەی ڕانیە | ٪٨٥ |
| چالاکی بەردەوام | کۆکردنەوەی ئامار و کردنی بە پەرتووکێک و شیکردنەوەی قورسایی کار | ٪٤٠ |
| | چاپکردنی پەرتووکێکی تایبەت بە ڕاسپاردەکانی دەستەی ڕاوێژکاری و ڕێنماییەکانی تاپۆ | ٪٧٥ |
| | سکانکردنی دۆسیەی فەرمانبەران و تۆمارە هەمیشەییەکانی تاپۆ | ٪٢٥ |
| | ئامادەکردن و شیاندنی دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی | ٪٥٠ |
| | دەرکردنی گۆڤاری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعي) | ٪٥٠ |
| ڕێکاری بەردەوام | ئامادەکردنی پرۆژە یاسای جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان | ٪٦٠ |

## لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

| | | |
|---|---|---|
| پڕۆژەی بەردەوام | پڕۆژەی بە سیستەمکردنی ئەلیکترۆنی فەرمانگە دادنووسیەکان لە هەرێمی کوردستان لە (٦٠) فەرمانگە، (٤٤) بە ئەلیکترۆنی کراون. | ٪٧٣ |
| | پڕۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی وێنەی تۆمار و زانیاری کەسی و گلدانەوەو سکانی تۆمارە هەمیشەییەکان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە. | ٪٣٠ |

## دەرکردنی بەیان و ڕێنمایی:

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠. لە ٢٠٢٠/٧/٢٠ کە جەخت لەسەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە ڕەچاوکردنی یاساکان و پەیرەو و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی تەندروستی گشتی و سەلامەتی دەکاتەوە.
- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠. لە ٢٠٢٠/٨/٩، سەبارەت بە هەڵگرتنی گلدانەوە و وەرگرتنی ڕەسمی وەرگرتنەوە.

- فەرمانی وەزارەت بە ژمارە ٣٤٨/٦ لە ٢٠٢٠/٩/٧ بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و لەپێناو باشتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی داد.
- بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٩/١٧، بڕیاری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەم لە ناوەندی پارێزگای هەولێر تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت.
- ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/١٧ تایبەت بە فەرمانگەکانی دادنووس، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری دادنووسی لە فەرمانگەکان.
- ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٦/١٠ بە مەبەستی ڕێکخستنی کارەکانی تایبەت بە دۆسیەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان.
- جێبەجێکردنی پلانی دامەزراندنی (٩) لە فەرمانبەرانی پێکهاتەکانی وەزارەتەکەمان، لە سەرتاسەری هەرێم بە ناونیشانی سەرپەرشتیاری دادی، بەپێی ئەو بۆشاییەی لە کاری پشکنین و بەدواداچوون لە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکاندا هەبووە، دوای هەڵسەنگاندنیان و دڵنیابوون لە ئاستی شایستەبوونیان، ناوەکانیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوەو لە ئێستادا فەرمانی دامەزراندنیان لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دەرچووە.

## ناوەندی لێکۆڵینەوەی یاسایی:

دامەزراندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی یاسایی بە بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ لە دیوانی وەزارەتی داد، بە مەبەستی گرنگیدان بە بواری زانستی یاسایی و دەرکردنی گۆڤارێکی زانستی لە ژێر ناوی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعی) بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. تاکو ئێستا ئەم چالاکییە بەردەوامانەی هەبووە:

أ. (٢) ژمارە لە گۆڤارەکە ئامادەی چاپ کراوە و لە قۆناغی پێکهاتندایە لەگەڵ سەنتەرێکی بڵاوکردنەوە. تاکو ئێستا (٥٤) لیکۆڵینەوەی یاسایی بە ناوەندەکە گەیشتووە، دوای هەڵسەنگاندنیان (٤٣) لێکۆڵینەوە بۆ بڵاوکردنەوە پەسند کراون کە هەندێکیان بەرهەمی مامۆستا و لێکۆڵەری بیانین.

ب. چوار کتێبی بۆ چاپکردن ئامادە کردووە.

ت. ۆرک شۆپێکی تایبەت بە یاسای بازرگانی لە ٢٠٢١/٤/٥ ئەنجامدراوە.

ث. لە پلانیدایە تا کۆتایی ساڵ چوار ۆرک شۆپی تر ساز بکرێت، کە یەکێکیان تایبەتە بە پێشخستن و چالاکترکردنی دەزگاکانی وەزارەتی داد.

ج. ماڵپەڕی ناوەندی لێکۆڵینەوە و گۆڤارەکە بەم ناونیشانە چالاك کراوە (clr.gov.krd)

## ئەنجومەنی شورای هەرێم:

ئەنجومەنی شورای هەرێم لەو ماوەیەدا ئەم پرۆژانەی لەبەردەست بووەو کاری لەسەر کردوون:

١. **پرۆژە یاسا:** "٣٤" پرۆژە یاسا کاری لەسەر کراوە. "٣١" پرۆژە ئەنجامدراوەو "٣" پرۆژە بەردەستە. ٪٩١.

٢. **ڕادەربڕین**: "١٥" بابەت بۆ ڕادەربڕین هاتووە. "١٣" ئەنجامدراوە و "٢" بەردەستە. ٪٨٧.

٣. **ڕێنمایی**: "٢٠" بابەت بۆ ڕادەربڕین هاتووە. "٢٠" ئەنجامدراوە. ٪١٠٠.

٤. **پەیڕەو**: "٢" بابەت بۆ ڕادەربڕین هاتووە. "٢" ئەنجامدراوە. ٪١٠٠.

٥. **داوای دادگەی کارگێڕی هەولێر**: (١٥٨) هاتووەو (٩٣) بڕیاری بۆ دراوەو (٦٥) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

٦. **داوای دادگەی کارگێڕی سلێمانی**: (١٠٢) هاتووەو (٧٢) بڕیاری بۆ دراوەو (٣٠) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

| چالاکی | هاتوو | ئەنجامدراو | بەردەست | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| پرۆژە یاسا | ٣٤ | ٣١ | ٣ | ٪٩١ |
| ڕادەربڕین | ١٥ | ١٣ | ٢ | ٪٨٧ |
| پەیڕەو | ٢ | ٢ | ٠ | ٪١٠٠ |
| ڕێنمایی | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | ٪١٠٠ |

| چالاکی | هاتوو | ئەنجامدراو | بەردەست | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| داواکانی پێداچوونەوە | ١٩٠ | ١٦٨ | ٢٤ | ٪٨٨,٤ |
| داواکانی کارگێڕی | ٢٦٠ | ١٦٥ | ٩٥ | ٪٦٤,٧٥ |
| داواکانی دەستەی بەرزەفتکردن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

## سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی:

لە ماوەی ساڵی دووەمی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا (١٦٨) سەردان و پشکنینیان کردووە، بەم شێوەیە:-

| چاودێری و سەرپەرشتی و پشکنین | |
|---|---|
| فەرمانگەکانی وەزارەتەکەمان لە شاری هەولێر | **٦٧ سەردان** |
| فەرمانگەکانی وەزارەتەکەمان لە شاری دهۆك | **٣٨ سەردان** |
| فەرمانگەکانی وەزارەتەکەمان لە شاری سلێمانی | **٦٣ سەردان** |
| **کۆی گشتی** | **١٦٨ سەردان** |

## سەرۆکایەتی داواکاری گشتی:

أ. تانەدان (لە بڕیاری دادگاکان) بۆ بەرژەوەندی یاسا:

| ژمارەی تانە | هەڵوەشاوە | پەسندکراو | یەکلانەکراوە |
|---|---|---|---|
| **٦٧** | ٥٥ | ٩ | ٣ |

**تێبینی:** ئەو بڕە پارەو کرێی هاوتا و زەوییە میریانەی کە بە هۆی تانە لە بەرژەوەندی یاسا لەلایەن داواکاری گشتی بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە و بەهەدەر نەدراوە، مەزەندە دەکرێت لە (٨٠) ملیار دینار زیاتر بێت.

ب. جولاندنی سکاڵای داوای مافی گشتی: سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەو ماوەیەدا (١٩٦٠) سکاڵای لە سەرتاسەری هەرێم جولاندووە.

ج. بەدواداچوونی بۆ (٢٧٨٧) کێشە کردووە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد:

| | |
|---|---|
| **بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان:** | لەماوەی ساڵی دووەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم **(١٧)** ژمارە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دەرچووە. |

## پەیمانگەی دادوەری:

ئامانجی پەیمانگەی دادوەری شیاندنی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران و کادیری یاسایی جۆربەجۆرە لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت. لەو ماوەیەدا ئەم خولانە کراونەتەوە:

| خول | بەشداربووی پیاو | بەشداربووی ئافرەت | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| **خوێندنی خولی سێیەم** | ٣١ | ٢٨ | ٥٩ |
| **خوێندنی خولی چوارەم** | ٣٨ | ٢٣ | ٦١ |
| **کۆی گشتی** | **٦٩** | **٥١** | ١٢٠ |

**تێبینی:** دەرچووانی خولی سێیەم، ناوەکانیان ئاڕاستەی ئەنجومەنی دادوەری کراوە، کە بەپێی پێویست بەم ناونیشانە دابمەزرێن: **(٤٧)** دادوەرو **(١٢)** ئەندامی داواکاری گشتی، بۆ دامەزراندنیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە:

١) کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ئامادەکردنی دۆسیەیەکی دیکۆمێنتاری کە پێکهاتووە لە (٦) لاپەرە و هاوپێچەکانی پەیوەست بە کێشەی ئەو زەوی و زارانەی کە دەکەوێتە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و هەروەها کێشەی تۆمارە هەمیشەییەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ سووتاون کە بە نووسراومان ژمارە (٤٩٨٥) لە ٢٠١٩/٩/١٦ بەرزکراوەتەوە.

٢) بڵاوکردنەوەی ڕێژەی ئەو تۆمارە هەمیشەییانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بە ئەلیکترۆنی دەکرێن و سکان دەکرێن.

٣) دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ چەند فەرمانگەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

٤) لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و سایتەکان ڕوونکردنەوەی پێویست دەدەین لەسەر ڕێژەی هەموو ئەو کارتە زەوییانەی کە لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە دەکرێت بە وێنەی تۆماری هەمیشەیی و تۆماردەکرێن و هەروەها ڕێژەی ئەو یەکە نیشتەجێیانەی کە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کاری جیاکردنەوە و تۆمارکردنی بەناوی هاووڵاتیان ئەنجام دەدرێت.

٥) بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتی چەندان کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و شارەوانی و شارەوانییەکانی کردووە بەمەبەستی بەدواداچوونی پرۆسەی گۆڕینی کارتی زەوی بۆ سەنەد و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاستەنگ و گیروگرفتەکان.

٦) بەشداریکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی لە چەندین کۆبوونەوەی گرنگ بۆ خستەرووی پێشنیاری یاسایی لەسەر چارەسەرکردنی بابەتەکانی کارتی زەوی و تەملیککردنی خانووە زێدەڕۆکان و تەملیککردنی ئەو خانووانەی دەکەونە هەرەمی گوندەکان و بابەتی خۆماڵە (استملاك) کردنی گەڕەکی تەعجیل و بابەتی تری پەیوەست بە تۆمارکردنی خانووبەرە.

٧) دروستکردنی فۆڕمێك و دانانی میکانیزمێکی نوێ بە مەبەستی نەجولاندنی دۆسیەی خانووبەرە لە پێناو پاراستنی بەڵگەنامەکانی ناو دۆسیە.

٨) بەکارهێنانی ئامێری خوێندنەوەی کارتی نیشتیمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی ڕێگری کردن لە کاری تەزویر و ساختەکاری.

٩) بڵاوکردنەوەی سەرجەم ڕاسپاردەکانی دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی پەسندکراو لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە کە تایبەتە بە ڕێنمایی و چارەسەرکردنی کێشەکانی

ڕووبەڕووی هاووڵاتیان و فەرمانگەکانمان دەبێتەوە کە پێشنیاری چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان دیاردەکرێت.

١٠) یەکلایی کردنەوەی (٨٠) داوا لە دادگاکان کە هەندێکیان لە بەرژەوەندی گشتی و گەڕانەوەی سامانی دەوڵەت بووە.

١١) ڕەزامەندیدان لەسەر کردنەوەی (٢٨٢) نووسینگەی دەڵاڵی.

١٢) ئامادەکردنی (٣١) ڕێبەری ڕێنوێنی خزمەتگوزارییەکان کە لە فەرمانگەکانمان پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت کە زانیاری تەواوی لە ڕووی پێناسە و پێداویستییەکان و هەنگاوەکان و ناونیشان و شوێنی فەرمانگەکان و ڕوونکردنەوەی مادە یاساییەکان و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی بڕی ڕەسمەکان دیارکراوە کە بەرچاو ڕوونی تەواو دەدات بە هاووڵاتیان و پارێزەران لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێبەرانە لە پەیجی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان.

١٣) بڵاوکردنەوەی ڕێبەری ڕێکارە هونەرییەکان کە هەموو ڕێکارەکانی هونەری تێیدا دیارکراوە لە پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان کە ئاسانکاری دەکات بۆ فەرمانبەرانی هونەری و هۆبە هونەرییەکان.

١٤) بڵاوکردنەوەی ڕێژەی ئەو موڵکانەی کە لەلایەن فەرمانگەکانمانەوە جەرد دەکرێن و خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانییە تایبەتمەندەکان.

**ئاماری مامەڵەکان و کارە خزمەتگوزارییەکان**

| ژ | جۆری مامەڵە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | مامەڵە ڕەفتارکارییەکان وەکو (فرۆشتن و بەموڵککردن و ڕاستکردنەوەی ڕەگەز) | ١٣٠٧٥٠ |
| ٢ | مامەڵە هونەرییەکان وەکو (چەسپاندنی سنوور و نەخشەی ڕووپێوان) | ٦٣٢٩٦ |
| ٣ | مامەڵە ژمێرکارییەکان وەکو (پسوولەی بڕاو و یاداشتی ڕێگەپێدان) | ٤٤٦٨٧١ |
| ٤ | مامەڵە پەرتەوازەکان وەکو (وێنەی تۆمار و پشتگیریکردن و مامەڵەی دەستگرتنی بانك) | ١٢٨٤٤٣ |
| ٥ | مامەڵە وردبینکراوەکان | ٨٩٥٧٤ |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان:

- پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووس: تاکو ئێستا (٣٥) فەرمانگەی دادنووس بە ئەلیکترۆنی کراون بەم شێوەی خوارەوە:

| ز | شوێن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پارێزگای هەولێر | ١٣ |
| ٢ | پارێزگای سلێمانی | ١٢ |
| ٣ | پارێزگای دهۆك | ٩ |
| ٤ | پارێزگای هەڵەبجە | ١ |
| ٥ | ئەو فەرمانگانەی لە قۆناغی کۆتاییدان | ٩ |
| | **کۆی گشتی** | ٤٤ |

- نۆ (٩) فەرمانگەی دادنووسی تر لە قۆناغی کۆتایی پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنن.

## ئاماری مامەڵە و کارە خزمەتگوزارییەکان

| ژ | جۆری مامەڵە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | بریکارنامە، بەڵێننامە، تۆمارکردنی ئامێر، دەستەبەری، گرێبەست، کۆمپیالە، هۆشداری، پەسندکردن. | ٩٥٨,٣٣٦ |

| ژ | داهاتی وەزارەتی داد لە ماوەی ساڵی دووەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | ١٠٨,١٨٢,٢٠٠ دینار | |
| ٢ | ئەنجومەنی شورا | ٦٦,٩٠١,٣٥٠ دینار | |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە | ١٢٨,١٦٣,٧٩٦,٣٤١ دینار | داهاتی ساڵی ٢٠٢٠ و (٥) پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان | ٦,٨٩٢,١٢٤,١٣٧ دینار | |
| | **کۆی گشتی** | ١٣٥,٢٣١,٠٠٤,٠٢٨ سەد و سی و پێنج ملیار و دووسەد و سی و یەك ملیۆن و چوار هەزار و بیست و هەشت دینار | |

# وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

## لە ئاستی چاکسازیدا:

سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە، دەرماڵە، بەخشین و ئیمتیازاتەکان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠، دوای فەرمانی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، بە پێکهێنانی یەک لیژنەی باڵا و، پێنج لیژنەی لاوەکی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە سێکتەرە جیاوازەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:-

### یەکەم: لیژنەی ڕێکخستن و یەکخستنی بودجەی هێزەکانی پێشمەرگە

یەکەم کۆبوونەوەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/١٠ ئەنجام دراوەو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکەی ٧٠ و ٨٠. دواتر بەفەرمانی ژمارە ٧٠٥٩ لە ٢٠٢٠/٩/٢١ پێشنیارەکانی میکانیزمی یەکخستنی یەکە ژمێرياريیەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - سەرۆکایەتی دیوان کراوە.

### دووەم: لیژنەی پێداچوونەوە بە مووچەی شەهیدان و خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەنیشینان

بەپشتبەستن بە یاسای ژمارە (٢/ی) ساڵی ٢٠٢٠ و فەرمانی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و نووسراوی فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون ژمارە (٢) لە ٢٠٢٠/٧/٢٢ و نووسراوی وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (٦٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٧) سەرجەم لیستەکانی ئەفسەران و پلەدارانی شەهید و کۆچکردو و، خانەنشینی بەهۆی نەخۆشی و خانەنشینی بەهۆی تەمەن ئەوەی پەیوەندیدارە بە میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە ئامادەکراوە و بە نووسراو داواکراوە لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ گواستنەوەی بۆ سەر میلاکی ئەو دوو وەزارەتە.

### تایبەت بەخاوەن پێداویستی تایبەت:

- سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت، (٩٥٧٨) خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن لیژنەی باڵای پزیشکی بینراوە.
- (٤٦٦٤) خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێژەی پێویستیان هێناوە وەک بڕیاری لیژنەی باڵای پزیشکی.
- (٣٣٨٤) ڕێژەی پێویستیان نەهێناوە وەک بڕیاری لیژنەی باڵای پزیشکی.
- (١٥٣٩) لە ئەرکدان (خاوەن پێداویستی تایبەت کۆن نین لە خزمەتدا کێشەیان نییە) پاش ئەوەی لەلایەن لیژنەی باڵای پزیشکی بینراون.

- (٦٣) خاوەن پێداویستی تایبەت هێشتا ئامادەنەبوون لە بەردەم لیژنەی پزیشکی.
- (٦٥١) خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر لیستی فەرماندەی (٧٠) ناڕەزایینامەیان پێشکەشکردووە.
- (٦٩٧) خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر لیستی فەرماندەی (٨٠) ناڕەزایینامەیان پێشکەشکردووە.

- لە داهاتوودا ئەوانەی لە پشکنینی پزیشکی دەرچوون وەکو خاوەن پێداویستی تایبەتی ڕاستەقینە دەمێننەوە و بە فەرمانی فەرمی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ پلەدارەکان و فەرمانی فەرمی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەفسەران دەردەکرێت.
- ئەوانەی لە پشکنینی دووەم دەرنەچوون بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بە فەرمانی فەرمی و، لە پاش تەواو بوونی پشکنینی ئەوانەی ناڕەزایینامەیان هەیە بەهەمان شێوازی ئەوانەی پێشتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

### سێیەم: لیژنەی ڕێکخستنی دۆسیەی ئەفسەران و پلەدارانی هێزەکانی پێشمەرگە

لەسەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و هەردوو فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ و وەزارەتی دارایی و ئابووری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٠ ، ڕێنماییەکی تایبەت ئامادەکراوە لەگەڵ فۆڕمی ڕاژە و زانیاری ئەفسەران و پلەداران و لەلایەن نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و هەردوو فەرماندەی ٧٠ و ٨٠ پەسەندکراوە و لە ئێستادا ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بە مەبەستی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ناوڕۆکەکەی.

### چوارەم: لیژنەی ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە پاسەوانی بەرپرسەکان و فەرماندەکان

دوای ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان نوێنەرایەتی لیژنەی ڕێکخستنی پاسەوانی لە وەزارەتی پێشمەرگە و هەردوو فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی باڵای سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٢٠)) وەزارەتی ناوخۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێنماییەک لەو بارەوە ئامادەکراوەو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیار پەسەندکراوە و لە ئێستادا پەخشکراوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی .

### پێنجەم: لیژنەی ڕێکخستنی میلاکاتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

- لەمیانی دوو کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیە، تەنها گفتوگۆ کراوە لەسەر شێواز و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، ئێمە زیاتر ئەمە دەگەڕێنینەوە بۆ نەبوونی ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان ی.ن.ك و پ.د.ك کە بە ڕێکەوتنی سیاسی و ئیداری نێوان هەردوولا دەبێت.

- لە ئاستی فەوج و لیواکاندا (میلاکات) ڕێکخراوەتەوە، بەڵام بۆ ئاستی فرقە و فیلق (فەرماندەی ناوچەکان) پێشنیار ئامادەکراوە و پێویستی بە ڕێکەوتنی سیاسی هەیە.
- هەندێك پرسیار و پێشنیار هەیە کە پەیوەندی بە ڕێکەوتنی سیاسی هەیە و بەرچاوڕوونی دەداتە وەزارەت و هێزی هاوپەیمانان بۆ پاڵپشتی چاکسازی و دروستبوونی متمانەی زیاتر و دوورکەوتنەوەی هێزەکەمان لە دەست تێوەردانی حزبی، ئێمە لەوەدا دەستمان کردووە بە گفتوگۆی بەردەوام و خراوەتە بەرنامەکانی چاکسازییەوە:-

- فەرمانداری و کۆنترۆڵکردن چۆن و لای کێ دەبێت و پەیوەندی نێوان وەزارەتە ئەمنییەکان چۆن ڕێك بخرێتەوە؟
- سەرژمێری دروست و ورد بۆ ژمارەی هێزی پێشمەرگە بە گشتی (هێزی کارا و هێزی یەدەگ).
- ژمارە و جۆری زنجیرەی تەشکیلاتی سەربازی بە نموونە (فیلق، فرقە، لیوا، فوج، سریە، فصیل و هتد).
- سیستەمی خزمەت لە هێزی پێشمەرگە (تجنید).
- ڕێکخستن و یەکخستنی پۆشاک و ئاڕم و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە.
- جۆری چەک و شێوازی پڕ چەککردن و سەرچاوەکانی/ هاوپەیمان.
- ستراتیژی سەربازی ڕوون و دیار دابنرێت بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە (پرۆژەی ئەمریکییەکانیش هەیە لەو بارەوە).
- بودجەی دیار و ڕوون.
- نیشتەجێی هێزی پێشمەرگە بەپێی ڕووپێوێکی زانستی بکرێت.
- پەیوەندی وەزارەتی پێشمەرگەو بەرگری عێراق: تا ئێستا سێ کۆبوونەوە کراوە، بەڵام بەئامانج نەگەیشتوون، وەك وەزیری پێشمەرگە تا ئێستا دووجار سەردانی بەغدامان کردووە، ئێمە (ڕەشنووسی لێک تێگەیشتن) بە ڕێگەچارە دەزانین کە لەنێوان هەر دوو وەزارەت بە واژووی وەزیرەکان و سەرۆك وەزیرانی هەردوو لایەن پشتڕاست بکرێتەوە. **( بۆ ئەم بابەتە پرۆژەشمان هەیە).**
- هەمواری یاسایی بۆ یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ کە لەگەڵ ئامانجەکانی چاکسازی بگونجێت.

## بابەتی تەرقیە (پلە بەرزکردنەوە):

ئێمە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە ٢٠١٩/١١/١٠ نووسراومان کردووەو بە دوو خشتەکە هی نەورۆز و ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ بووە. دواتر گەڕایەوە کە ژمارەکەیان ٦٠٩٨ دۆسیە بوو.

ئێمە بەردەوام لە پەیوەندیداین و ئەوە بەماف و ئیستحقاقی ئەفسەرانمان دەزانین، لەو سۆنگەیەشەوە بەردەوام لەسەر هێڵین لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، هەروەك ڕامانگەیاندووە کە بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی دارایی هەرێم و قەیرانی ئابووری، ڕەچاوی بارودۆخی پێشمەرگە بکرێت.

ئەفسەرانی دڵسۆزی وەزارەتمان دڵنیاکردۆتەوە  کە ئێمە زۆر ڕژدین لەسەر چارەسەرکردنی ئەو گرفتە و بەردەوام لە پەیوەندیدان، بۆ خشتەی ساڵەکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و لەژێر ڕێنمایی نوێ و لە ئێستاشدا ئامادەکارییەکان کراون بۆ ئامادەکردنی لیست و خشتەکان.

## لە ڕووی داراییەوە:

- دانەوەی قەرزی کەڵەکەبووی وەزارەت  بە کردنی نووسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاری کەس و کاری شەهیدانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش کە بڕی هەریەکەیان ٥,٠٠٠,٠٠٠  ملیۆن دینارە.
- دەرکردنی ڕێنمایی سەفەرکردنی ئەفسەر و پلەداری پێشمەرگە بۆ دەرەوەی وڵات،  بۆ کاروباری نەخۆشی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێت. سەفەرکردن بۆ وڵاتانی هەرێمی وەک تورکیا، سوریا، ئێران، بۆ ئەفسەر تا پلەی ڕائد  قەدەغەیەو پلەکانی سەرەوە تا عەمید سنووردار بکرێت.

## ڕێکخستنەوەو داڕێشتنەوەی لیواکان:

- قەدەغەکردنی لێدوان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی بۆ گشت فەرماندەو لێپرسراون و ئەفسەران.
- دەستپێکردنی وانەی هۆشیاری نیشتمانی لە یەکەو لیواکاندا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری.
- قەدەغەکردنی ئابوونەی حزبی بەهەموو شێوەیەك.
- بڕیاری قەدەغەکردنی خەرجی و خەرجکردنی نەخۆشی درا، تەنها لەحاڵەتێکدا کە بەپێی دام و دەزگا پزیشکییەکانی پێشمەرگەوە سەلمێندرابێت.
- بڕیاری دانانی یەك ژمێریاری سەربازی هاوبەش کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتە و لە یاسای چاکسازی حکومەت پەسندکراوە.
- پەسندکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی باڵای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و وەزارەتی شەهیدان، لەبارەی گواستنەوەی دۆسیەو خەرجی  مووچەی مانگانەی شەهیدانی شەڕی داعش.
- ڕێکخستنی دەرماڵە و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دادگای سەربازی کە بە بڕیار خەرجییەکانی دیاریکرا.
- پرۆسەی هەڵاتووەکان لە بەرەکانی جەنگ و ڕێکخستنەوەی سزاکان.

- دەستپێکردنەوەی لیژنەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتی سەنگەری پێشمەرگە کە ئێستا کارەکانی تەواوبوەو ژمارەیەکی دروست هاتۆتەوە بەردەست.
- دروستکردنی دوو لیوای تری سەر بەوەزارەت بەهاوسەنگی لیواکانی (١٥-١٧).
- دروستکردنی دوو کەتیبەی تۆپخانەی (١٠٥) ملم و لەداهاتوودا دوو کەتیبەی هاوەناتی ١٢٠ ملم دروست دەکرێت.

## ڕاسپاردەکان:

- پرۆسەی یەکپۆشی هێزەکان .
- پرۆسەی خۆرێکخستنەوەی یەکە و دامەزراوەکانی وەزارەت لەسەر بنەمانی دامەزراوەکانی مۆدێرنی سەربازی، بەهاوکاری راوێژکارانی وڵاتانی هاوپەیمان کە ئێستا لە هەر ١٦ لیوا جێبەجێ دەکرێت.
- ڕێکخستنەوەو جێگیرکردنی میلاکاتی نوێی لیواکانی پیادەی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە کراوە. (خەرجی کۆتایی) نەهێڵدراوە و گۆڕینی بۆ تەندەر و یەکخستن کە ڕێگەی لە بەفیرۆدانی پارە گرتووە بەهەموو شێوەیەك.
- جێبەجێکردن و خستنەسەرکاری پرۆژەی ژمارە ٦ی ناو پرۆژەی چاکسازی پێشمەرگە بە ناوی (پێشمەرگە لە ئایندەدا) کە خۆی لە ڕێکخستنەوەی مووچەو بە ئەلیکترۆنی کردنیان دەبینێتەوە.

# وەزارەتی ناوخۆ

## یەکەم: گرێبەستەکانی دیوانی وەزارەت بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١:

| ژ | ناوی پرۆژە | ناوی کۆمپانیا | گوژمەی پرۆژە (دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دابینکردن و دانان و چەسپاندنی هێماکان و پێداویستی ئەندازەی سۆران. | سەرباز | ١٩٠,٨٢٧,٠٠٠ | |
| ٢ | دابینکردن و دانان و چەسپاندن و هێمای ڕێ نیشاندەر و هێمای هاتووچۆی جۆراوجۆر بۆ ڕێگاکانی سنووری عەربەت و سەید سادق و هەڵەبجەی شەهید و پێنجوین و ناڵ پارێز و گەرمک. | هەڵاڵە | ١,٥٧٠,٦٧٢,٤٠٠ | |
| ٣ | دابینکردن و هێنان و دانانی پێداویستی بینای نوێی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر. | فریشتەی بەفری | ٤٨٨,٠٠٥,٠٠٠ | |
| ٤ | دانان و دابینکردنی گاردرێل بۆ ڕێگاکانی نێوان تاسلوجە-دوکان. | پوککا | ٣,٣٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ٥ | دروستکردنی بینایەی هاتووچۆی شەقڵاوە. | بتوێن | ٣٨٣,٣٠٠,٠٠٠ | |
| ٦ | دروستکردنی بینای هاتووچۆی قوشتەپە. | بتوێن | ٨٩٩,٣٨٩,٠٠٠ | |
| ٧ | دابین کردن و بەستانی فەراوە بۆ ئۆتۆمبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر و دهۆک و ئۆتۆمۆبێلەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و دهۆک. | سەرباز | ٣٥٥,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ٨ | دروستکردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەڵگر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر. | سەرباز | ٥٧٢,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ٩ | توصيل بيانات المخالفات المرورية. | آسیاسیل للاتصالات | ٦٨,٩٠٤,٠٠٠ | |
| ١٠ | دانانی سیستەم و دروستکردنی ساڵیانە و مۆڵەتی شوفێری بۆ هەر چوار پارێزگای هەرێم. | muhlbauer id services gmbh | $٢٦٧٣٥٠٠٠ | |
| ١١ | چاککردنەوەی (٨) هەشت مولیدەی دیوانی وەزارەت. | خلیل گۆران | ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ | |
| ١٢ | خواردنی بەندکراوانی بەشی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی هەولێر. | کۆمپانیای LAST LEAF | ٥,٣٤٣ | بۆ یەک کەس |
| ١٣ | دابین کردنی و چەسپاندنی هێماکانی هاتووچۆ لەگەڵ بۆیە کردن و گاردریل و تاسەی پلاستیکی و ڕێکخستنی چوارریان بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبەری. | سەرباز | ٨٠٥,٠٣٨,٠٠٠ | |
| ١٤ | پاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە و پاسپۆرتی هەولێر. | ڕاوچی چیاکان | ٦٠,٤٨٠,٠٠٠ | |
| ١٥ | تایبەت بە دابینکردنی سوتەمەنی نەوت و گاز. | NORTH LIGHT | | بە پێی پێویست |
| ١٦ | گرێبەستی دابینکردنی ئامێری ئەڵمانی بۆ پشکنینی مەی نۆشین و مادەی هۆشبەر. | الاصول اللتجارةالعامة المحدودة | ٢٣٩٦٤٠٠٠ دولار | |

## دووەم: داڕێشتن و بەرکارکردنی یاسا فیدراڵییەکان و هەمووارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە وەزارەتی ناوخۆ و دەرچوواندنی ڕێنمایی و بەیانەکانی ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ

**١- وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (١٣٤٩٨) لە ٢٠١٩/٨/٧ لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە یاسا پەیوەندیدارەکان و هەمووارکردنی یاساکان و بەرکارکردنی یاسا فیدراڵییەکان و داڕشتنی یاسای نوێ و تا ئێستا ئەم یاسانەی خوارەوە ئامادەکراون:**

- دوو پڕۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
- دوو پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم.
- پڕۆژە یاسای نوێی وەزارەتی ناوخۆ.
- پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای چەکەکانی عێراق ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠١٧.
- پڕۆژە یاسای کۆلیژی پولیس.
- پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠١١.
- پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١.
- پڕۆژە یاسای پاسەوانی شەوان.

**٢- دەچوواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:**

- ڕێنمایی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە دامەزراندن لەسەر هەر دوو ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ڕاژەی شارستانی بە فەرمانی ژمارە (١٤١٠٥ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠).
- ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبێل بە فەرمانی ژمارە (١٥٠٦٢ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨).
- ڕێنمایی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت دیاریکردنی جل و بەرگ و شێوەی پلەی چەشنەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێوانە و هێما و نیشانەکانی پلە بە فەرمانی ژمارە (٢٠٦٣٤ لە ٢٠٢٠/١٢/١٠).
- ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە لە هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (٣٠٩ لە ٢٠٢١/١/٤).
- ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت ڕێکخستنی کاری نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێری بە فەرمانی ژمارە (١٥٣٥ لە ٢٠٢١/١/١٧).

- ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە دامەزراندن لەسەر هەردوو ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ڕاژەی شارستانی بە فەرمانی وەزارت ژمارە (١٤١٠٥ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠).
- ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل به فەرمانی ژمارە (٢٠٧٦ لە ٢٠٢١/١/٢١).
- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە ڕێنمایی هاوردە کردنی ئۆتۆمۆبێل بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٥٠٦٢ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨).
- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێنمایی (دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٣٢٧٢ لە ٢٠٢١/٢/٤ ).
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێنمایی کاری موختار بە  فەرمانی وەزارەت ژمارە (٨١٣٧ لە ٢٠٢١/٤/٢٠).

**٣- دەرچوواندنی ئەم بەیاننانەی خوارەوە:**

- بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە وەرگرتنی ڕسوماتی پشکنینی دەرەکی (کشف الخارجی) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٧٨٦٥ لە ٢٠٢٠/٦/١٤ ).
- بەیانی ژمارە (٤٣) ساڵی ٢٠٢٠ هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی جام ڕەش بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٨٦٦٤ لە ٢٠٢١/٦/٢٨).
- بەیانی ژمارە (٤٥) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبێل بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٠٤٧٦ لە ٢٠٢٠/٧/٢٦ ).
- بەیانی ژمارە ( ٥١ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە گۆڕینی گوندی (بەگی) بۆ (دانای حاجی صالح) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٤٠٣١ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠ ).
- بەیانی ژمارە ( ٥٣ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە فراوانکردنی هەڕەمی (گوندی خلیلکان)  بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٧٤٢٦ لە ٢٠٢٠/١١/٢ ).
- بەیانی ژمارە ( ٥٤ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە فراوانکردنی هەڕەمی (گوندی هەژیرکی)  بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٧٤٥٨ لە ٢٠٢٠/١١/٢ ).
- بەیانی ژمارە (٥٥) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە فراوانکردنی هەڕەمی (گوندی تەرەماری سەروو)  بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٧٤٦٣ لە ٢٠٢٠/١١/٢ ).

- بەیانی ژمارە ( ٤٧ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە گۆڕینی گوندی ( کانی مردووان ) بۆ ( کانی مەردان ) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١١٠٧٦ لە ٢٠٢٠/٨/١٢ ).
- بەیانی ژمارە ( ٥٦ ) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە فراوانکردنی هەرەمی (گوندی فقی جنە) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٢٠٠٣٣ لە ٢٠٢٠/١٢/٢ ).
- بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هێنانەکایەی گوندی (بەردینە) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٢٣٩١ لە ٢٠٢١/١/٢٦).
- بەیانی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هێنانەکایەی گوندی (ئاوایی شێخ نوری) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٢٦٧١ لە ٢٠٢١/١/٢٨ ).
- بەیانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هێنانەکایەی گوندی (کەلێکی) بۆ (ئالیخان) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٣٦٢٦ لە ٢٠٢١/٢/٩ ).
- بەیانی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە فراوانکردنی هەرەمی گوندی کانیلان بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٤٣١٨ لە ٢٠٢١/٢/١٧ ).

**٤- دەرچوواندنی ئەم بەیانامانەی خوارەوە کە تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

- (٥) بەیان لە ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا).
- (١٩) بەیان لە ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا).

## سێیەم: کاراکردنی سیستەمی سکاڵا ئۆنڵاین

وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (١٤٢١٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ لینکی تایبەت بە سکاڵای ئۆنڵاین لە پێگەی ئەلیکترۆنی وەزارەت کارا کرد بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیان و ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەران بتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکە سکاڵایان بنێرین بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان. وەزارەتی ناوخۆ هەر بە نووسراوی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بڕیاریدا بە دانانی هێڵی گەرم بە مەبەستی گەیاندنی سکاڵا و گازندەی هاووڵاتیان و تا ئێستا زیاتر لە (٦٨١) سکاڵا وەرگیراوە و کاری لەسەر کراوە.

## چوارەم: لەسەر ئاستی کارگێڕی

**یەکەم:**

وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداری پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی بەپێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٣٤٩٧) لە ٢٠١٩/٨/٧ لیژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئێستا ئەم لیژنەیە کاردەکەن بۆ زیاتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداری.

**دووەم: هێنانەکایەی فەرمانگەکان**

- دروستکردنی بنکەی کارتی نیشتمانی لە ناحیەی (بالیسان) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٩١٢٩ لە ٢٠٢٠/٧/٧).
- دروستکردنی بنکەی نشینگەی زاخۆ بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٩٨٥٨ لە ٢٠٢١/٥/١٨).
- دروستکردنی هۆبەی ئەرشیف لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٠٥٨٩ لە ٢٠٢١/٥/٢٦).
- دروستکردنی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە قەزای چەمچەماڵ بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٥٥٢٠ لە ٢٠٢٠/١٠/٤).
- دروستکردنی بنکەی بەرگری شارشتانی (خاڵخالان) لە قەزای چەمچەماڵ بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٩٩٧٧ لە ٢٠٢٠/١٢/١).
- دروستکردنی بنکەی پۆلیسی مەرزی سەیرانبەن لە پارێزگای سلێمانی بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٨٩٦٢ لە ٢٠٢٠/١١/١٨).
- دروستکردنی (سەنتەری چاودێری کامیرا) لە پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ٢٠٦٢١ لە ٢٠٢٠/١٢/١٠ ).
- دروستکردنی (هۆبەی کامیراکان) لە بەشی نەهێشتنی تاوان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان فەرمانی وەزارەت ژمارە ( ١٨٩٦١ لە ٢٠٢٠/١١/١٨).
- دروستکردنی بەشی بەرگری شارستانی (قەزای چەمچەماڵ) لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی پارێزگای سلێمانی و بەستنەوەی ئەم ( ٩ ) بنکەیەی خوارەوە بەم بەشە: (چەمچەماڵ، ئاغجەلەر، تەکیەی

جەباری، تەکیەی کاکەمەند، شۆرش، سەنگاو، قادر کەرەم، شوان، خاڵخالان) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٥٥١٩ لە ٢٠٢٠/١٠/٤).

- دروستکردنی بنکەی (بەرگری شارستانی شەرەفونا) لە قەزای ئاکرێ بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٢١٣٨٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٢١).
- دروستکردنی بنکەی ئاگر کوژێنەوە لە ناحیەی دارە شەکران لە پارێزگای هەولێر فەرمانی وەزارەت ژمارە (٧٩٦٥ لە ٢٠٢١/٤/١٨).
- دروستکردنی بنکەی هاتووچۆ لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی/ لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم.
- دروستکردنی (بەشی پۆلیسی کاروباری ئاوارە و پەنابەران)ی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس (٥٤٣٦ لە ٢٠٢١/٣/١).
- دروستکردنی هەردوو نووسینگەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە پارێزگای هەولێر بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١١٩٦٢ لە ٢٠٢١/٦/١٥).
- دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی لە (گوندی دۆرێ) لە ناحیەی گۆڕەتوو لە قەزای مێرگەسۆر لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٠٨١٤ لە ٢٠٢١/٥/٣٠).
- دروستکردنی یەکەی یەکسانی جێندەری بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٧٧٢٢ لە ٢٠٢٠/١١/٣).
- دروستکردنی (بەشی ئەفسەرانی ژێر فەرمان- قسم الضباط تحت الامر) لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بەفەرمانی وەزارەت ژمارە (١١٩٦٠ لە ٢٠٢١/٦/٩).

## پێنجەم: لەسەر ئاستی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان

پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلوجیای زانیاری ئەم خوڵانەی خوارەوەی ئەنجامداوە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەری وەزارەتی ناوخۆ.

## ئەو خول و سمینارانەی کە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دراون لە (٧/٢٥ تا ٢٠٢٠/١٢/٢٥)

| ناوی خول | ژ. بەشداربوو | ماوەی خول | شوێنی ئەنجامدانی خول | لایەنی جێبەجێکار |
|---|---|---|---|---|
| Call Managment | ٦ | ١-٢٠٢٠/١١/٣ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| Call Managment | ٦ | ٨-٢٠٢٠/١١/١٠ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |

## ئەو خول و سیمینارانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامدراون لە (٧/٢٥ تا ٢٠٢٠/١٢/٢٥)

| ناوی خول | ژ. بەشدار بووان | ماوەی خول | شوێنی ئەنجامدانی خول | لایەنی جێبەجێکار |
|---|---|---|---|---|
| کاریگەرییە دەروونییەکانی دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا | ١ | ٢٠٢٠/٩/١٣ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| بەڕێوەبردنی تیم | ١ | ١٤- ١٦/ ٢٠٢٠/٩ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| چارەسەرکردنی ئاریشە و بڕیاردان | ١ | ٢٠-٢٠٢٠/٩/٢٢ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | ١ | ٢٧-٢٠٢٠/٩/٢٨ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و قەیرانەکان | ١ | ٢٩-٢٠٢٠/٩/٣٠ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی | ١ | ١ - ٢٠٢٠/١١/٣ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ڕەوشتەکانی کارکردن لە کەرتی گشتی | ١ | ٤-٢٠٢٠/١١/٥ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| کارگێڕی گشتی | ١ | ٨ تا ٢٠٢٠/١١/١٠ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| هونەری پەیوەندی کردنی کاریگەر | ١ | ١٠-٢٠٢٠/١١/١٢ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| سیمیناری هونەرەکانی سەرکردایەتی کردن | ١ | ٢٠٢٠/١١/١١ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| پەیوەندییە کارگێڕییەکان بە زمانی ئینگلیزی | ١ | ١٥ تا ٢٠٢٠/١٧ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ووردبینی (تدقیق) لە کەرتی گشتی | ١ | ١٨-٢٠٢٠/١١/١٩ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| بنەما سەرەتاییەکانی کۆمپیوتەر | ١ | ٢٢-٢٠٢٠/١١/٢٤ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| کارگێڕی ئەلیکترۆنی | ١ | ١١/٢٩ تا ١٢/١ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |

## ئەو خول و سیمینارانەی کە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دراوە لە ساڵی (٢٠٢١)

| ناوی خول | ژ. ب | ماوەی خول | شوێنی ئەنجامدانی خول | لایەنی جێبەجێکار |
|---|---|---|---|---|
| سەرەتای کۆمپیوتەر | ٦ | ١٨-٢٠٢١/٠١/٢٠ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| هۆشیارکردنەوە بۆ یەکسانی جێندەری | ١٤ | ٢٦-٢٠٢١/٠١/٢٨ | دیوانی وەزارەت | ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان و ڕێکخراوی UNDP |
| سەرەتایی کۆمپیوتەر | ١٠ | ١-٢٠٢١/٠٢/٣ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| ناساندنی سیستەمی بەرگری شارستانی سویدی | ١٤ | ٢٠٢١/٢/٣ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| سەرەتای- کۆمپیوتەر | ٨ | ١٥-٢٠٢١/٠٢/١٧ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| سەرەتای- کۆمپیوتەر | ١٢ | ٦-٢٠٢١/٦/٧ | دیوانی وەزارەت | پەیمانگای پەرەپێدان |
| ڕێکارەکانی پشکنین و ڕزگار کردن و دەستنیشانکردن و پاراستن و دادپەروەری بۆ مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان | ٢٤ | ٦- ٢٠٢١/٦/١٠ | دیوانی وەزارەت | ڕێکخراوی سید |
| ڕێکارەکانی پشکنین و ڕزگار کردن و دەستنیشانکردن و پاراستن و دادپەروەری بۆ مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان | ٢٤ | ١٣-٢٠٢١/٦/١٧ | دیوانی وەزارەت | ڕێکخراوی سید |
| ۆرکشۆپی بەشی مۆڵەت | ٥ | ٢٠٢١/٦/١٧/١٣ | دیوانی وەزارەت | کۆمپانیای مۆڵباوەر |
| ۆرکشۆپی بەشی تۆمار | ٥ | ٢٠٢١/٦/٢٤/٢٠ | دیوانی وەزارەت | کۆمپانیای مۆڵباوەر |

## ئەو خول و سیمینارانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ - ئەنجامدراون لە ساڵی (٢٠٢١)

| ژ | ناوی خول | ژ.ب | ماوەی خول | شوێنی ئەنجامدانی خول | لایەنی جێبەجێکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پشکنینی دۆکیۆمێنت و تەکنیکەکانی چاوپێکەوتن | ٧ | ٤ تا ٢٠٢١/٤/١٥ | نشینگەی سلێمانی | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ |
| ٢ | Transportation planning سیمینار | ٢ | ٢٠٢١/٤/٤ | بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ٥/ سلێمانی | شارەوانی گەشت و گوزار |
| ٣ | ڕاهێنانی ڕاگەیاندن | ١ | ٢٥ تا ٢٠٢١/٤/٢٦ | فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون | ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی |
| ٤ | چارەسەرکردنی ئاریشەو بڕیاردان | ١ | ١٧-٢٠٢١/٥/٢٠ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ٥ | کارگێڕی گشتی | ١ | ١٧-٢٠٢١/٥/٢٠ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ٦ | کارگێڕی ئەلیکترۆنی | ١ | ٢٣-٢٠٢١/٥/٢٦ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ٧ | بەڕێوەبردنی تیم | ١ | ٢٤-٢٠٢١/٥/٢٧ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ٨ | چۆنیەتی و شێوازی دروستکردن و ناردنی هەواڵ بە شێوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی | ١ | ٢٠٢١/٦/١ | هۆڵی کیپا | ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیاو زانیاری |
| ٩ | چۆنیەتی و شێوازی دروستکردن و ناردنی هەواڵ بە شێوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی | ١ | ٢٠٢١/٦/٢ | هۆڵی کیپا | ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیاو زانیاری |
| ١٠ | بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی کۆمپیوتەر | ١ | ٦-٢٠٢١/٦/٩ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ١١ | پەیوەندییە کارگێڕییەکان بە زمانی ئینگلیزی | ١ | ٧-٢٠٢١/٦/١٠ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ١٢ | گرێبەستە گشتییەکان | ١ | ١٣-٢٠٢١/٦/١٦ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان |
| ١٣ | دەستنیشانکردن و سکرینینگ و ئیحالەکردنی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بە قاچاغبردنی کۆچبەران لە عێراق | ٧ | ١٤-٢٠٢١/٦/١٥ | هوتێل ڤان ڕۆیاڵ | ڕێکخراوی کۆچ |
| ١٤ | ڕاهێنانی بەڕێوەبردنی ناسنامە | ٢ | ١٤-٢٠٢١/٦/١٦ | بەغدا | ڕێکخراوی کۆچ |
| ١٥ | بەڕێوەبردنی مەترسییەکان و قەیرانەکان | ١ | ٢٠-٢٠٢١/٦/٢٣ | پەیمانگای ئەنستیتۆی کوردستان | |

## شەشەم: لەسەر ئاستی پڕۆژەکانی تایبەت بە ژێرخانی دام و دەزگاکانی وەزارەت

### أ - پڕۆژەکانی دیوانی وەزارەت :

| ژ | ناوی پڕۆژە | شوێنی پڕۆژە | گوژمەی پڕۆژە (دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروست کردنی بارەگای لیوای یەکی پۆلیسی پاسەوانی | هەولێر/ کەرتی ٤ سێبیران/ نزیك بازگەی کانی قرژاله | ١٧،٩٥٥،٦٩٨،١٤٤ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ٢ | پاراستنی دام و دەزگاکانی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان | شەقڵاوە | ١،٠٨٣،٣١٣،٠٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٣ | بینای بەرگری شارستانی شەقڵاوە | بارزان | ٨٥٣،١٠٦،٠٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٤ | بینای بەرگری شارستانی بارزان | مەزنێ | ٧٥٦،٨٢٢،٠٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٥ | بینای بەرگری شارستانی مەزنێ | کۆیە | ٩٧٣،٣٨٠،٥٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٦ | بینای بەرگری شارستانی کۆیە | چۆمان | ٩٦٤،٨٩١،٠٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٧ | بینای بەرگری شارستانی چۆمان | نزارکێ/دهۆك | ٨٩٢،٢٢٧،٣٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی نەبوونی پارە |
| ٨ | بینای بەرگری شارستانی نزارکێ | هەڵەبجە | ٩٥٦،٠٠٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە |
| ٩ | بینای بەرگری شارستانی هەڵەبجە | هەولێر -کۆلێژی پۆلیس | ٨١٩،٠١٨،٥٠٠ | پڕۆژەکە وەستاوە بەهۆی - گۆڕانکاری (لە ئەنجومەنی وەزیران) |
| ١٠ | بینای مەلەوانگەی کۆلیژی پۆلیسی هەولێر | هەولێر | ٥٧٢،٠٠٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١١ | دروستکردنی بەشی ئالیات لە هاتووچۆی هەولێر | هەولێر/و.ناوخۆ | ٢٤٦،٦٥٢،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٢ | نهۆمی دووەم (المؤتمرات+گراج) | شەقڵاوە | ٣٨٣،٣٠٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٣ | بینای هاتووچۆی شەقڵاوە | شەقڵاوە | ٣٠٩،٢٨٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٤ | بینای هاتووچۆی قوشتەپە | هەولێر - ڕێگای پیرمام | ٤٤٥،٦٦٥،٠٠٠ | پڕۆژەکە سپاردنی بۆ کراوە |
| ١٥ | بینای پرۆتۆکۆل | هەولێر | ١٦٩،٤٢٥،٠٠٠ | پڕۆژەکە سپاردنی بۆ کراوە |
| ١٦ | هێما و بۆیەی هاتووچۆ بۆ شەقامەکانی ناوەوەی شەقامی ٣٠م هەولێر | بینای وەزارەت | ٦٥،١٠٦،٣٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٧ | نۆژەنکردنەوەی چەند ژوورێك لە وەزارەت | هەولێر-قوشتەپە | ٤٢،٩٩٩،٤١٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٨ | نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی - ناحیەی قوشتەپە | هەولێر-کەسنەزان | ٣٣١،٥٦٢،٥٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ١٩ | کڕین و دانان و چەسپاندنی بەردی کۆنکرێتی بۆ شورە و پەرژینی چاکسازی گەورانی هەولێر | هەولێر | ٨٣،٥١٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ٢٠ | دروستکردنی هۆڵی چاوەڕوانی هاووڵاتیان لە ب.ڕەگەزنامەی هەولێر | کۆیە | ٦٨٩،٧٤٠،٠٠٠ | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| | کۆی گشتی: | | **٢٨،٥٩٣،٦٩٦،٦٥٤** | |

ب ـ ئەو پرۆژانەی لە کاتی دامەزراندنی کابینەی نوێ حکومەت ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بۆ هەموو پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی):

## پرۆژە بەردەوامەکانی بودجەی وەبەرهێنان بۆ تەرخانکراوی ٢٠٢١ - وەزارەتی ناوخۆ

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | تەرخانی ٢٠٢١ (ملیۆن دینار) | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فراوانکردنی شەقامی دوو سایدی سلێمانی - تاسڵوجە بەشی یەکەم | سلێمانی | ٥٣١,٣ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢ | نۆژەنکردنەوەی باڵاخانەی کتێبخانەی گشتی لە هەولێر | هەولێر | ٢٢٣ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣ | جوانکاری شەقامی مەلیک محمود بەشی سێ قۆناغی دووەم | سلێمانی | ١,٢٥٦ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٤ | راکێشانی هێڵی ئاو لە تەنکی شێرکوژ بۆ گەڕەکانی شاری سلێمانی (کانی سپیکە، هەواری شار، توی مەلیک، هەواری تازە، کوردسات، ئازادی). | سلێمانی | ٢,٣٣٢ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٥ | دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر + بنکەی بەرگری شارستانی خانقاه | هەولێر | ١٥١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٦ | دروستکردنی شەقامەکانی پانکی گەشت و گوزاری ڕەواندوز | هەولێر | ١٦٣ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٧ | کۆڕنیشی چەمی قلیسان لە سلێمانی | سلێمانی | ٤٥١,٩ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٨ | لێدانی شەش بیری قوڵ لە قەزای سەیدسادق | سلێمانی | ٦٢ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٩ | دروستکردنی بینای بەرگری و فریاکەوتن لە چەمچەماڵ | سلێمانی | ٨١٦ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٠ | دروستکردنی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە شەقڵاوە | هەولێر | ٣٢٠ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١١ | دروستکردنی بینای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە هەولێر | هەولێر | ٨٤١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٢ | مەلەوانگەی ئۆلۆمپی داخراو لە بەختیاری | سلێمانی | ٣,٠٠٠ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٣ | نەخشەدانان و دیزاین و سەرپەرشتیکردن و دروستکردنی - باڵاخانەی دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەولێر. | هەولێر | ٣,٢٧٩ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٤ | دروستکردنی دوو هۆڵی پرسە لە شەقڵاوە | هەولێر | ١٣٨ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٥ | دروستکردنی مۆنۆمێنتی تایبەت بە ئەنفالی بارزانییەکان لە ناحیەی بارزان (شەهیدان) | هەولێر | ٢,٢٨٦ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٦ | دروستکردنی بینایەی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لە هەولێر (ئەنجومەن) | هەولێر | ٥,٥٧٣ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٧ | ئاڤاکرنا هولا وەرزشی یا داخراو ل دهۆکێ | دهۆک | ٤٩٩ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٨ | دروستکردنی بینای دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ | سلێمانی | ٢٢٨ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ١٩ | دروستکردنی بینای بەرگری شارستانی و بنکەی ئاگرکوژانەوەی قەرەداغ | سلێمانی | ٦٢ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٠ | پرۆژەی بینای کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندام بووەکانی سەنگەسەر لەسلێمانی | سلێمانی | ١,٨٣٨ | بودجەی وەبەرهێنان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | دروستکردنی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ | سلێمانی | ١,٩٠١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٢ | ئاڤاکرنا کۆمەڵگەها کارگێڕی ل ناحیا بامرنێ | دهۆک | ٨٩١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٣ | ئاڤاکرنا خانیێ قائیمقامێ قەزا ئاکرێ | دهۆک | ٢٨٧ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٤ | ئاڤاکرنا خانیێ قائیمقامێ قەزا بەردەڕەش | دهۆک | ٢٦٧ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٥ | ئاڤاکرنا قاتێ دوویێ لسەر ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرییا ناحیا باتیفا | دهۆک | ١٣٠ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٦ | ئاڤاکرنا قاتێ دوویێ لسەر ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرییا ناحیا سەرسنگ | دهۆک | ٦٣ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٧ | ئاڤاکرنا قاتێ دوویێ ل سەر ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرییا ناحیا دینارتە | دهۆک | ٤٥١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٨ | ئاڤاکرنا قاتێ دوویێ ل سەر ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرییا ناحیا بجێل | دهۆک | ٤٤٤ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٢٩ | ئاڤاکرنا قاتێ دوویێ لسەر ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرییا ناحیا گردەسین | دهۆک | ٤٤٠ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٠ | نویژەنکرنا بنگەهێ پولیسێن گوڵان / ئاکرێ | دهۆک | ٨٩ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣١ | نویژەنکرنا خانیێ مێڤانداریا زاویتە | دهۆک | ٦٨ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٢ | ئاڤاکرنا خانیێ ڕێڤەبەرێ ناحیا دارەتوو | دهۆک | ٢٣٢ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٤ | ئاڤاهیێ فەرمانگەها ناسناما ل سێمێلێ | دهۆک | ١٩٨ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٥ | دروستکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆی رووباری هەشکەرۆ | دهۆک | ٨,٠٠٠ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٦ | دروستکردنی بینایەی ناحیەی کەلەکچی لە بەردەڕەش | دهۆک | ١,١٢١ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٧ | دروستکردنی بینایەک لەناو بارەگای فەوجی سێی لیوای پاراستنی سلێمانی | سلێمانی | ٧٨ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٨ | دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی خەلیفان | هەولێر | ٣٦ | بودجەی وەبەرهێنان |
| ٣٩ | قیرتاوکردنی شەقامی تایبەت بە فەرمانگەکانی پرۆتۆکۆل (تایبەت) | هەولێر | ١٩٦ | بودجەی تایبەت |
| ٤٠ | قیرتاوکردنی شەقامی سەرەکی هەولێر - مەخمور لە ( ٦٠م) کۆن تاکو ( ٦٠م ) نوێ (تایبەت) | هەولێر | ٢٦٤ | بودجەی تایبەت |
| ٤١ | ڕاکێشانی هێڵی K.V٣٣ لە وێستگەی شاوێس بۆ نەخۆشخانەی لە دایکبوونی منداڵان لە ڕێگای هەولێر - پیرمام (تایبەت) | هەولێر | ٩٨٤ | بودجەی تایبەت |
| ٤٢ | چەند بڕگەیەکی پێویست بۆ باڵەخانەی ب.گ.پۆلیسی هەرێم (تایبەت) | هەولێر | ٢٧٦ | بودجەی تایبەت |
| ٤٣ | کاری جوانکاری شەقامی کوران - مەخمور (تایبەت) | هەولێر | ١٧٥ | بودجەی تایبەت |
| ٤٤ | چارەسەرکردنی بارزۆری بۆ ٢٩ شوێن (بەحرکە/ تەیراوە بەرامبەر گەرماوی سیروان/ تەیراوە کۆڵانی ماڵی پارێزگار/ گەڕەکی بەختیاری/ گەڕەکی کوێستان/ گوندی گرد جوتیار/ گەڕەکی نوسەران) (تایبەت) | هەولێر | ٥٦٦ | بودجەی تایبەت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | چارەسەرکردنی بارزۆری کۆمەڵگەی (مام عیزەت/ شاوەیس گەڕەکی ئاسایشی کۆن/ شاوەیس تەنیشت قەبرستانی شێخ ابراهیم/ کۆمەڵگەی پیرزین/ شاوەیس مزگەوتی گەورە/ شاوەیس تەنیشت قوتابخانەی/ (تایبەت) | هەولێر | ٣١٨ | بودجەی تایبەت |
| ٤٦ | چارەسەرکردنی بارزۆری / (٣) محاویلەی گەڕەکی مامزاوە (١٠) شوێنی ناوشاری هەولێر و ناو دەوروبەر/ (١٥) شوێنی ناوشاری هەولێر و ناو دەوروبەر/ (٥١) لە گەڕەکی ئازادی بەرامبەر (تایبەت) | هەولێر | ٥٨٤ | بودجەی تایبەت |
| ٤٧ | دابینکردنی کەل و پەلی کارەبایی بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سۆران/ سۆران (تایبەت) | هەولێر | ٢٥٠ | بودجەی تایبەت |
| ٤٨ | چارەسەرکردنی بارزۆری (قەسیر ڕۆستەم/ باخچەی ساوایانی هێڤی/ حی عسکری تەنیشت راهبات/ گەڕەکی کارێز نزیك نەورۆز تیلیکۆم/ نزیك مەکتەب شەقڵاوە/ گەڕەکی هەولێری نوێ/ کارێز کەنیسەی (تایبەت) | هەولێر | ٢٨٢ | بودجەی تایبەت |
| ٤٩ | چارەسەرکردنی بارزۆری (١١) شوێن لە قەزای خەبات (تایبەت) | هەولێر | ٣١٥ | بودجەی تایبەت |
| ٥٠ | چارەسەرکردنی بارزۆری (٤٠) محاویلە لە سنووری ب.دابەشکردنی کارەبای هەولێر/ ٢ بۆ ناو شاری هەولێر (تایبەت) | هەولێر | ٦٩٢ | بودجەی تایبەت |
| ٥١ | گەیاندنی کارەبا بۆ فەرماندەی پێشمەرگە لە مخمور و چەند خاڵێکی سەربازی لە سەنگەرەکانی ئەو سنورە (٢٠١٥/٦/١) (تایبەت) | هەولێر | ١٨٣ | بودجەی تایبەت |
| ٥٢ | دروستکردنی ڕێڕەو و یاری وەرزشی، دەبلیوسی و کاری کشتوکالی لە ئاکوا پارك. (تایبەت) | هەولێر | ٨٨ | بودجەی تایبەت |
| ٥٣ | چاککردنەوەی ڕێگای خەلیفان - سۆران (تایبەت) | هەولێر | ٣١ | بودجەی تایبەت |
| ٥٤ | دروستکردنی شەقام و دانانی کربستۆن و دروست کردنی دیواری پاڵپشت لە بەستۆرە صلاح الدین. (تایبەت) | هەولێر | ١١٦ | بودجەی تایبەت |
| ٥٥ | خزمەتگوزاری گەڕەکی دیانەی کۆن قۆناغی دووەم لە سۆران (تایبەت) | هەولێر | ٢٤٠ | بودجەی تایبەت |
| ٥٦ | دروستکردنی ڕێگای سەرەکی گوندی بێداروون سەر بە ناحیەی گۆڕەتوو بەدرێژی ٩٫٠١٣ کم (تایبەت) | هەولێر | ٣١٨ | بودجەی تایبەت |
| ٥٧ | گەیاندنی کارەبا بۆ گوندەکانی دۆڵی مەلەکان لە قەزای سۆران (تایبەت) | هەولێر | ١٠٨ | بودجەی تایبەت |
| ٥٨ | کردنەوەی شەقامە ناوخۆکان لەگەڵ درێژکردنەوەی تۆڕی ئاو بۆ ناو سەنتەری ناحیەی دارەشەکران قەزای خەبات (تایبەت) | هەولێر | ٤٣ | بودجەی تایبەت |
| ٥٩ | گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکێکی نوێ لە گردجوتیار و گواستراوەکانی کورانی عەنکاوە (تایبەت) | هەولێر | ٥٧ | بودجەی تایبەت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦٠ | نزیك كردنەوەی هێلی پ ن بۆ چەند بیرێك لە گوندی دوو سەری ژێری + فراوان كردنی تۆری كارەبا بۆ گوندی سرناج كبیر ٢٧/٣/٢٠١٤ (تایبەت) | هەولێر | ٢٩٧ | بودجەی تایبەت |
| ٦١ | گواستنەوەی گۆرەر و دانان و هەڵگرتنەوەی لە بازگەی دارەشەكران + بەربیان ٢٠١٥/١٠/١ (تایبەت) | هەولێر | ٣٠ | بودجەی تایبەت |
| ٦٢ | تۆڕی کارەبا و چارەسەرکردنی فراوانکردنی بارزۆری بۆ چەند ماڵێك لە گوندی دۆمە ادریس قەراج + گوندی خرابەدراوو/ (تایبەت) ٢٠١٤/٣/٣٠ | هەولێر | ٢٣٠ | بودجەی تایبەت |
| ٦٣ | تێکەڵەرێژکردنی چەند کۆڵانێك لە گەڕەکی دیلمان و زانیلری لە قەزای سۆران (تایبەت) | هەولێر | ٧٢ | بودجەی تایبەت |
| ٦٤ | گەیاندی کارەبا و دانانی چوار گۆرەری ١٠٠ کی ڤی بۆ چوار بیری ئاوی میری لە شارۆچکەی بەحرکە (٢٠١٤/٢/٢١ (تایبەت) | هەولێر | ٩٨ | بودجەی تایبەت |
| ٦٥ | تێکەڵەرێژ کردنی دوو کۆڵان لە گەڕەکی خواکورك لە قەزای سۆران (تایبەت) | هەولێر | ٨٩ | بودجەی تایبەت |
| ٦٦ | دروستکردنی دوو یارێگای شەش یاریزانی لە کاوانیان و بێخال سەر بە قەزای شەقڵاوە و ڕەواندوز (تایبەت) | هەولێر | ٤٠ | بودجەی تایبەت |
| ٦٧ | فراوانکردنی شەقامی دوو سایدی سلێمانی/ تاسڵوجە بەشی یەکەم | سلێمانی | ٥٣١,٣ | بودجەی وەبەرهێنان |

- **بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر:**

پرۆژە بەردەوامەکان:

| ژ | ناوی پرۆژە | لایەنی جێبەجێکار | تێچووی گشتی (بە دینار) | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دانانی تۆڕی چاودێری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان | کۆمپانیای سیگنل تیل | ٥٨٣,٨٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٢ | دانانی کامێرای چاودێری لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك | کۆمپانیای TNET FIBER | ٢,٨٦٦,٨٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٣ | خزمەتگوزاری سیستەمی سەرپێچی هاتووچۆ PDA بە هۆی نامەی SMS | کومپانیای ICT | ١٣٣,٧٢٥,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٤ | پاککردنەوەی بینای نوێ ب. هاتووچۆی هەولێر | کۆمپانیای فریا | ١٠٢,٨٤٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٥ | چاککردنەوەی پرۆژەی دانانی سیستەم و تۆڕی زانیاری لە ب.هاتووچۆی هەولێر | کومپانیای ICT | ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٦ | ڕێکخستنی هاتووچۆ و بۆیەکردن بۆ ب.گشتی ئاسایشی هەولێر، ب.ڕەگەزنامەو کاروباری شارستانی هەولێر/ ب. لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم | ئەندازەی هاتووچۆ | ٩,٧٦٥,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٧ | ڕێکخستنی هاتووچۆ بە کڕین و دانان و چەسپاندنی تاسەی پلاستیکی بۆ کەمکردنەوەی خێرایی بۆ شەقامەکانی شارۆچکەی پیرمام | ئەندازەی هاتووچۆ | ١٠,٥٦٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٨ | دروستکردنی پردی پەڕینەوە بۆ بەردەم کۆلیژی دەرمانسازی و دروستکردنی پردی پەڕینەوە بۆ بەردەم قوتابخانەی ئەحمەدی خانی | ئەندازەی هاتووچۆ | ١٦٧,١٥٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ٩ | ڕێکخستنی هاتووچۆ بۆ مەبەستی بۆیەکردن و هێلکاری شەقام و دانانی هێماکانی هاتووچۆ بۆ شارۆچکەی مەلائۆمەر | ئەندازەی هاتووچۆ | ٦٩,٣٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ١٠ | ڕێکخستنی هاتووچۆ بە دانانی هێمای ڕێنمایی تایبەت بە هێڵی گەرمی هاتووچۆ ١٨٨ بۆ شەقامەکانی ناو شاری هەولێر و هێمای قەپان بۆ قەزای خەبات | ئەندازەی هاتووچۆ | ١٠,٤٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ١١ | چەسپاندنی فسفۆڕی شوشەیی و لێدانی و چەسپاندنی لەزگە بۆیەی سرمۆپلاستیك بۆ ناوشاری هەولێر | ئەندازەی هاتووچۆ | ٧,٧٠٠,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ١٢ | ڕێکخستنی چوارڕیان و ئەو یەکتر بڕانەی کە داخراون بۆ مەبەستی هەڵگرتن و چاککردنەوەی بەرزە هێمای نیشاندەر و کاری شارستانی بۆ ڕێکخستنەوەی هاتووچۆ لە چوارڕیانەکان لە شاری هەولێر | ئەندازەی هاتووچۆ | ١٢٧,٩٣٨,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |
| ١٣ | ڕێکخستنی هاتووچۆ بە بۆیەکردن و هێلکاری شەقام و بۆیەکردنی کربیستۆن و دانانی فسفۆڕی پلاستیکی دیلانیتەر بۆ شەقامەکانی سەنتەری شار دەوروبەری قەڵات و بازنەی شەقامی ٣٠ م بەرەو ژوور و شەقامەکانی دەوروبەری پارکی شانەدەر | ئەندازەی هاتووچۆ | ٢٣٧,٤٨٦,٠٠٠ | وەزارەتی ناوخۆ |

# وەزارەتی دارایی و ئابووری

## ڕێنماییەکان:

ئەو ڕێنماییە داراییانەی کە لە وەزارەتمان دەرچووە لە **بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و لێکۆڵینەوە** لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/١) تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٢) ژمارەیان (٤٣) ڕێنماییە، هەروەها (٣٠) گشتاندنیش دەرچووە لەگەڵ زیاتر لە هەزار نووسراو (وەڵامی نووسراوی وەزارەتەکان و ڕەزامەندی خەرجکردن و نوێکردنەوەی خەرجکردن کە پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە).

## بەشی ڕاوێژکاری و سەرپەرشتی ئەندازیاری و هونەری لە دیوانی وەزارەت:

بە مەبەستی زیادکرنی داهات و جموجۆڵی بازرگانی و خزمەتگوزاری باشتر، چەندین پرۆژەی جیاجیامان ئەنجامداوە لە هەر شەش بەڕێوەبەرایەتییەکانمان (بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل، حاجی ئۆمەران، باشماخ، پەروێزخان، سەرزێری، پێشابوور) بەم شێوەی خوارەوە:

١- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٢٣) بیست و سێ پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خلیل بە بڕی **(٢,٠٩١,٢٢٣,١٧٠)** تەنیا دوو ملیار و نەوەت و یەك ملیۆن و دوو سەد و بیست و سێ هەزار و سەد و حەفتا دینار.

٢- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٤) چوار پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بە بڕی **(٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠)** تەنیا دوو سەد ملیۆن دینار.

٣- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٤) چوار پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ بە بڕی **(١٠٠,٠٠٠,٠٠٠)** تەنیا سەد ملیۆن دینار.

٤- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٤) چوار پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان بە بڕی **(٣٥٣,٢٦٩,٠٨١)** تەنیا سێ سەد و پەنجا و سێ ملیۆن و دووسەد و شێست و نۆ هەزار و هەشتا و یەک دینار.

٥- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٤) چوار پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی پێشابوور بە بڕی **(٤٩٣,٣٧٥,٠٠٠)** تەنیا چوار سەد و نەوەت سێ ملیۆن و سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار.

٦- ئەنجامدان و جێبەجێکردنی (٥) پێنج پرۆژەی جیاجیا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی سەرزێری بە بڕی **(١٠٠,٠٨٢,٥٠٠)** تەنیا سەد ملیۆن و هەشتا و دوو هەزار و پێنج سەد دینار.

**تێبینی:** ئەم بڕە پارەیە تەنیا خەرجی پێشینەکان دەگرێتەوە کە بەپێی کاری ئەنجامدراو بۆیان خەرجکراوە.

٧-لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاووڵاتیان هەڵساوین بە نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی چەندین فەرمانگە و بینایەی جۆراوجۆری سەر بە وەزارەتمان بە بڕی **(١,٠٠٠,٩٥٨,٠٠٠)** تەنیا یەك ملیار و نۆ سەد و پەنجا و هەشت هەزار دینار.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان:

١- گەڕانەوەی بڕی **(٢,٩١١,٧٠٥,٦٩٠)** دوو ملیار و نۆسەد و یازدە ملیۆن و حەفت سەد و پێنج هەزار و شەش سەد و نەوەد دینار لە قەرزی ئاسانکاری.

٢- هەماهەنگی کراوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی جێبەجێکردن و تۆماری خانووبەرەی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بە مەبەستی فرۆشتنی موڵکە ڕەهن کراوەکان بۆ گێڕانەوەی قەرزی ماوە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆڕییەکان:

١- لەدوای هەوڵدانمان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانەی وەک پێشینەی (خانووبەرە، کشتوکاڵی، پیشەسازی، نیشتەجێکردن، گەشتوگوزار) کە لای هاووڵاتیان ماوە توانرا لە ماوەی (٢٠١٩/٧/١ تاکو ٢٠٢١/٦/١) ئەم بڕە پارەیە بگەڕێندرێتەوە کە بڕەکەی بریتییە لە **(١٧٩,٧٢٧,٥١٧,٣٩٩)** سەد و حەفتا و نۆ ملیار و حەوت سەد و بیست و حەوت ملیۆن و پێنج سەدو حەڤدە هەزار و سێ سەد و نەوەد نۆ دینار.

٢- دەرچوونی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٠٢٠) لە (٢٠١٨/١٢/٢٧) کە تایبەتە بە جوتیاران کە سەرجەم ئەو قەرزەی لەسەریانە بگەڕێننەوە لە سوودی دواکەوتن دەبەخشرێن.

٣- دەرچوونی ڕێنمایی ژمارە (١٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/٢١) بە لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) دوای چەند جارێک لە درێژکردنەوەی بەردەوامە تاکو (٢٠٢١/٦/٢٠).

٤- دوای هەوڵدان و بەدواداچوون لە وەزارەتمان توانرا ڕەزامەندی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (١٦٢٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٢) بەدەست بێنین بۆ درێژکردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی پشکەکان بۆ (پێشینەی کشتوکاڵ – پێشینەی پیشەسازی).

➢ **پارەی قستە وەرگیراوەکانی سەر بە بانکە پسپۆڕییەکان لە (٢٠١٩/٧/١) تاکو (٢٠٢١/٥/٣١):**

| ژ | ڕێکەوت | پارەی وەرگیراو |
|---|---|---|
| ١ | لە ٢٠١٩/٧/١ تاکو ٢٠١٩/١٢/٣١ | ٦٩,٥٨٥,٣٥٧,٤٥٠ |
| ٢ | لە ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٠/١٢/٣١ | ٧٤,٨٤٥,٠٤٩,٣٤٩ |
| ٣ | لە ٢٠٢١/١/١ تاکو ٢٠٢١/٥/٣١ | ٣٥,٢٩٧,١١٠,٦٠٠ |
| | **کۆی گشتی** | **١٧٩,٧٢٧,٥١٧,٣٩٩** |

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی:

١- زیادکردنی داهاتی مانگانە بە ڕێژەی (٢٥%) لە کۆمپانیا ئەهلییەکان کەوا کاردەکەن لە خاڵە سنوورییەکان و لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/١) پەیڕەو دەکرێت.

٢- چالاککردنی دەزگای چاودێری بە هەماهەنگی لەگەڵ ب٠گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەبارەت بەو کۆمپانیایانەی کە نیازی خۆدزینەوەیان هەیە لە خۆ تۆمارکردن و پێدانی ڕسوماتی دڵنیایی کە چەندین ساڵە بەبێ مۆڵەت کاردەکەن. بۆ ئەم مەبەستە ب٠گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی (مذكرة تفاهم)ی لەگەڵ ب٠گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی ئەنجامداوە بۆ بنبڕکردنی حاڵەتەکانی نەمانی قۆرخکاری و زیادکردنی داهاتی ناوخۆ و ئەنجامدانی کارەکان لەسەر بنەمای ڕێسا و ڕێنماییەکانی دڵنیایی.

٣- کردنەوەی خولێکی دڵنیایی بۆ کۆمپانیای گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی کۆمپانیای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/١٣ تاکو ٢٠٢١/٦/١٧) و ڕەنگدانەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر کاروباری ڕۆژانەمان و سوودگەیاندن بە فەرمانبەران. ئەم خولە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا بە هەماهەنگی لەگەڵ (ئەکادیمیای عەرەبی – ئوردنی)٠

٤- هەمووارکردن و بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پوول بە ژمارە (٧١) ساڵی (٢٠١٢) – لە بری یاسای ڕەسمی پوولی ژمارە (٣) لە ساڵی (١٩٩٣) کەوا ئێستا لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە٠

٥- هەمووارکردن و بەرکارکردنی یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) (قانون تنظيم أعمال التأمين) کە ئێستا لە ئەنجوومەنی شورا کارەکانی تەواوکراوە و نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ناوەندی ڕاوێژکاری یاسایی و ستراتیژی.

٦- هەمووارکردنی پڕۆژە یاسای (التعديل الاول لقانون وزارة المالية والاقتصاد الاقليم كوردستان/العراق ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) مادەی (١٥) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری گۆڕینی ناوی (کۆمپانیای گشتی التأمين) بۆ (ب٠گشتی کۆمپانیاکانی دڵنیایی) و، لکاندنی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) بەم بەڕێوەبەرایەتییە کە لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندکراوە.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی - خانەنشینی:

١- هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنشینان بە ناونیشانی **(شارەزا)** کە ژمارەیان (٤٩٤) خانەنشینە. هەروەک لە مادە (١٦)ی یاسای چاکسازی هاتووە لەسەر بنەمای یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەمووارکراو کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی بڕی **(٤١٠,٦٣٧,٢٠٠)** دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت و، جیاکردنەوەی دۆسیەی (٢٢) خانەنشین بە پلەی شارەزا کە بەڵگەنامەی پێویستیان هەیە یاخود بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

٢- گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشینانی دادوەران لە ئەنجومەنی دادوەری بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینیان لەگەڵ ئەندامانی داواکاری گشتی بە ڕێژەی **(%٧٠)** لە مووچە و دەرماڵەکانیان کە ژمارەیان **(١١٣)** خانەنشینە بەمەش مانگانە بڕی **(٩٢,٤٨٣,٠٠٠)** دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

٣- هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی **(٣٠٤)** خانەنشین بە پلەی **(ب٠گشتی)** مانگانە بڕی **(١٨٤,١٩٢,٦٥٠)** دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت هەروەها کارکردن لەسەر مادە **(٧)** لە یاسای چاکسازی بەردەوامە و داوای دۆسیەی خانەنشینی ئەو پلە تایبەت و پلە باڵایانە کراوە کە یاسای چاکسازی دەیانگرێتەوە. هەروەها جیاکردنەوەی دۆسیەی **(٤٤٧)** خانەنشین کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون کە بەڵگەنامەی پێویستیان هەیە یاخود بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

٤- هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی **(١٧٧)** خانەنشین بە پلەی ڕاوێژکار کە بڕی **(١٣٧,٨٠١,٠٠)** بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە. هەروەها جیاکردنەوەی **(١٥٤)** دۆسیەی خانەنشینی بە پلەی ڕاوێژکار کە بەڵگەنامەی پێویستیان نیە و بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

٥- هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی **(٣٢)** خانەنشین بە پلەی وەزیر کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی بڕی **(٥٣,٣٠٢,٦٠٠)** دینار مانگانە بۆ خەزینەی حکومەت. هەروەها جیاکردنەوەی **(١٥٠)** دۆسیەی خانەنشینی بە پلەی وەزیر کە بەڵگەنامەی پێویستیان نیە و بە بڕیاری تایبەت خانەنشینکراون.

٦- هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی **(٦٧)** خانەنشین بە پلەی بریکاری وەزیر و گەڕاندنەوەی **(٧٨,٢٨٤,٠٠٠)** دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت. هەروەها جیاکردنەوەی **(٨١)** دۆسیەی خانەنشینی بە پلەی بریکاری وەزیر کە بەڵگەنامەی پێویستیان نیە و بە بڕیاری تایبەت خانەنشین کراون.

٧- سەبارەت بە خانەنشینانی بە پلەی **(وەزیر، بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکار، ب.گشتی)** ئەوانەی بە فعلی پۆستیان نەبووە هەروەک لە مادە (٩) لە یاسای چاکسازی هاتووە بە لیستێک کە پێکهاتووە لە **(١١٦٩)** خانەنشین ڕەوانەی لیژنەی چاکسازی کراوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەر دۆسیەکانیان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێک لە ناوبراوان کاتی خۆی ڕاژەیان هەبووە بەڵام

ڕاژەکانیان بۆ هەژمارنەکراوە لەبەر ئەوەی پێویستیان پێ نەبووە بەتایبەت ئەوانەی ڕاژەی پێشمەرگایەتیان هەیە. بۆیە لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە کە ئەم خانەنشینانە جیا بکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی هیچ ڕاژەیەکیان نیە کە ئەمەش کارکردن تێیدا بەردەوامە و تاکو ئێستا دوو کۆبوونەوە لەلایەن لیژنەی پێکهێنراو ئەنجامدراوە و تێدا فۆڕمێک پەسەند کراوە بۆ ئەوەی لەلایەن گشت خانەنشینانی پلە تایبەت پڕبکرێتەوە تا لەو ڕێگەیەوە زانیاری تەواومان دەست بکەوێت و بتوانین پۆلێنیان بکەین.

٨- سەبارەت بە خانەنشینانی نایاسایی بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوانەی بە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی خۆیان خانەنشین کراون لیژنە لە گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی پێکهاتووە و لە کارەکانیان بەردەوامن.

٩- کارکردن لەسەر مادەی **(حەوتەم)** لە یاسای چاکسازی بەردەوامەو بۆ ئەوانەی کە لەدوای دەرچوونی یاسای چاکسازی خانەنشین دەکرێن.

١٠- لە مادەی **(هەشتەم)** لە یاسای چاکسازی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکە ژمێریاریانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و وەزارەتی دارایی و ئابووری مووچەی خانەنشین خەرج دەکەن بە تایبەت لە وەزارەتی پێشمەرگە و خانەنشینی یەکەی **(٧٠ و ٨٠)** پەیکەرێکی ڕێکخستنی نوێمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین ئامادە کردووە.

١١- سەبارەت بە دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی دوای دەرچوونی پەیڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن کردووە بە ژمارە (٤٦٧٢) لە (٢٠٢١/٦/٩) بۆ هەمووارکردنەوەی پەیڕەوی نوێی (سندوقی خانەنشینی) و دوای دیراسەکردن و کۆبوونەوەمان لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی وەزارەتمان پێمان باش بوو بکرێتە بەڕێوەبەرایەتییەک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی. لە ئێستادا پێشنیارمان وایە پەیکەرەکە بچوکتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی بارگرانی کەمتربێت لەسەر حکومەت و وەزارەتمان.

١٢- لە دوای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین هەموارکردنەوەی مووچەی خانەنشینی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و قائیمقام و ناونیشانی شارەزا، بڕی **(٩٧٦,٣٧٤,٤٥٠)** نۆسەد و حەفتاو شەش ملیۆن و سێ سەد و حەفتاو چوار هەزار و چوار سەد و پەنجا دینار گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم. هەروەها کارکردن لە ڕاگرتنی دوو مووچەدا بەردەوامە و لیستی ناوی **(٨٩٤٧)** خانەنشین کە ناویان لە لیستی دوو مووچەدا هاتووە مووچەکانیان ڕاگیراوە کە نزیکەی **(٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)** شەش ملیار دینار گوژمەی پارە دەکات؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناو ئەم لیستە هەندێک لە خانەنشینان مەرج نییە دوو مووچە بن بەڵکو **(سەرکار یان ڕاسپێردراو)ن** بۆیە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی

خانەنشینی کراوە بۆ یەکلایی کردنەوەو ڕاگرتنی مووچەکانیان دوای یەکلایی بوونەوە مووچەکانیان ڕادەگیرێت ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کەوا بڕی گوژمەی گەڕاوە بۆ خەزێنەی هەرێم چەندە.

١٣- لیستی **(ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی، قائیمقام، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا، شارەزا، دادوەر)** هەمووارکراو.

| پلەی خانەنشینی | ژمارەی خانەنشینان | مووچەی کۆن | مووچەی نوێ | جیاوازی مووچە |
|---|---|---|---|---|
| شارەزا | ٤٩٦ | ٨٥٦,٦٠٣,٢٠٠ | ٤٤٥,٤٦٥,٠٠٠ | ٤١١,١٣٨,٢٠٠ |
| دادوەر | ١١٣ | ٥٤٨,٨٥٥,٠٠٠ | ٤٥٦,٣٧٢,٠٠٠ | ٩٢,٤٨٣,٠٠٠ |
| بەڕێوەبەری گشتی | ٣٠٩ | ٧٦٥,١٥٨,٦٥٠ | ٥٦١,٧٩٣,٠٠٠ | ٢٠٣,٣٦٥,٦٥٠ |
| ڕاوێژکار | ١٧٧ | ٥٣٠,٩٥١,٠٠٠ | ٣٩٣,١٥٠,٠٠٠ | ١٣٧,٨٠١,٠٠٠ |
| بریکاری وەزارەت | ٦٧ | ٣٠٦,١٩٢,٦٠٠ | ٢٢٧,٩٠٨,٠٠٠ | ٧٨,٢٨٤,٦٠٠ |
| وەزیر | ٣٢ | ١٢٧,١٦٩,٦٠٠ | ٧٣,٨٦٧,٠٠٠ | ٥٣,٣٠٢,٦٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **١,١٩٤** | **٣,١٣٤,٩٢٩,٤٥٠** | **٢,١٥٨,٥٥٥,٠٠٠** | **٩٧٦,٣٧٤,٤٥٠** |

١٤- ژمارەی دۆسیەی ئەو خانەنشینانەی کە بەبڕیاری تایبەت خانەنشینکراون یاخود بەڵگەنامەی پێویستیان نییە.

| ناونیشانی خانەنشینان | ژمارەی خانەنشینان | مووچەی خانەنشینان |
|---|---|---|
| ڕاوێژکار | ١٥٤ خانەنشین | ٣٠٨,٦٦٦,٧٥٠ |
| بەڕێوەبەری گشتی | ٤٤٧ خانەنشین | ٨٥٣,٢٤٢,٠٠٠ |
| شارەزا | ٢٢ خانەنشین | ٢٠,٥١٠,٠٠٠ |
| بریکاری وەزیر | ٨١ خانەنشین | ٣٨٨,٦٧٨,٢٠٠ |
| وەزیر | ١٥٠ خانەنشین | ٨٧٦,٢٦٥,٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | **٨٥٤ خانەنشین** | **٢,٤٤٧,٣٦١,٩٥٠** |

١٥- لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٣) تاکو (٢٠٢١/٦/١) خانەنشینکردنی نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار فەرمانبەر.

١٦- پێداچوونەوەو هەمووارکردنەوەی تەواوی دۆسیەی پلە تایبەتەکان جگە لە دۆسیەی ئەندام پەرلەمانان کە ئەوانیش لە ژێر کاردان.

١٧- ڕەوانەکردنی لیستی ئەو پلە تایبەتانەی کەوا خزمەتیان نیە یان لە (١٥) ساڵ کەمترە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەریان.

١٨- تەواوکردنی سیستەمی زانیاری خانەنشینی ئەلیکترۆنی کردن و دانانی کەلوپەلی ماوە لە ئێستادا لە تەندەردایە لە وەزارەتمان.

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری:

١- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لێخۆشبوون لە باجی زەوی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە نووسراومان ژمارە (٢٧٤٨) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤).

٢- هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (١٥/٣) لە گرێبەستی نێوان کۆمپانیای ماس و حکومەتی هەرێم کە تایبەتە بە بەخشینی کۆمپانیا لە باج بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٧٤٦) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤).

٣- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٨٨) لە (٢٠٠١/١٠/١٤)ی ئیدارەی پێشووی سلێمانی کە تایبەت بوو بە بەخشینی پڕۆژە گەشت و گوزارییەکان بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە باج بە نووسراومان ژمارە (٢٧٤٦) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤).

٤- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٧٥٤٧) لە (٢٠٠٨/٧/٩)ی ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەتە بە بەخشینی موەلیدە ئەهلییەکان بە نووسراوی ژمارە (٢٧٤٧) لە (٢٠٢٠/٨/٢٤).

٥- لیستی تایبەت بە کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە نووسراومان ژمارە (٢٧٥٢) لە ٢٠٢٠/٨/٢٤) ئاڕاستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان کراوە بۆ وردبینی کردن و دۆزینەوەی زانیاری و ملکەچ کردنیان بۆ باج.

٦- هەمووارکردنەوەی پەیڕەوی تیانووس گرتنی بازرگانی (نظام مسك السجلات التجارية لأغراض ضريبة الدخل) بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت ژمارە (١) ساڵی (٢٠١٩).

٧- ڕێکخستنەوەی باجی خاڵە سنوورییەکان کە بۆتە هۆکاری زیادبوونی بەرچاوی داهاتی باج لە خاڵە سنوورییەکان بەنووسراومان ژمارە (١٢٦٣) لە (٢٠١٩/٢/٢٦).

٨- ئەنجامدانی ڕووماڵی مەیدانی (مسح) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت بۆ تۆمارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی لە باج هەڵاتوون و ناویان تۆمارنەکراوە بەنووسراومان ژمارە (٧٠٨٣) لە (٢٠١٩/١٠/١٦).

٩- دانانی پەیڕەوی ئەنجومەنی پیشە (مجلس المهنة التدقيق والحسابات) بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کاری ژمێریاری یاسایی بەنووسراومان ژمارە (٢٣٩٠) لە (٢٠٢٠/٦/١٥).

١٠- گۆڕینی ڕێکاری وەرگرتنی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی کەسی بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین و زیادکردنی داهات بەپێی خشتەی خەمڵاندنی ساڵی (٢٠٢٠).

١١- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی دهۆک/٢ و تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی (قەزای دەشتی هەولێر، قەزای شەقڵاوە، قەزای پشدەر، قەزای سیمێل) بەنووسراوی ژمارە (٢٠٠٠) لە (٢٠٢٠/٤/٢٨).

١٢- وەرگرتنی باجی گرێبەستە بانەوانییەکان (المساطحة) کە لە ڕابردوو وەرنەدەگیرا بەپێی نووسراوی ژمارە (٧٠٩٠) لە (٢٠١٩/١٠/١٦).

١٣- کردنەوەی دیوانی باجی خانووبەرە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی خاوەن موڵک کرێچی.

١٤- ئاراستەکردنی (٤٩٣٦) نووسراوی ئاگادارکردنەوە (گەف / انذار) بۆ قەرزدارانی باج.

١٥- ئامادەکردنی ئاماری تایبەت بە زێدەڕۆییەکان لەسەر موڵکی گشتی و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٣٢٦) لە (٢٠٢٠/١/٢٠).

١٦- بە ئەلیکترۆنیکردنی پاکانە لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان بە نووسراومان ژمارە (٤) لە (٢٠٢٠/١/٦).

١٧- وەرگرتنی باجی کەڵەکەبووی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم کە بڕی (١٧٤) ملیار دینار بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٧٤٩) لە (٢٠٢٠/٨/٢٨).

١٨- وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکانی تایبەت بە دانانی ئامێری سۆنار لە دەروازەکان بەپێی نووسراومان ژمارە (٧٧٦٠) لە (٢٠١٩/١١/١٤).

١٩- بڕیاری پێداچوونەوەی سەرجەم کۆمپانیاکانی بواری بەکرێدانی ئۆتۆمۆبێل و ئامێرەکان بەپێی نووسراومان ژمارە (٢٤١١) لە (٢٠٢٠/٧/٢٦).

٢٠- وەرگرتنی باجی کۆمپانیاکانی بەشدار لە پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەک بە نووسراومان ژمارە (٧٧٥٨) لە (٢٠٢٠/١١/١٤).

٢١- بەهۆی خۆدزینەوە لە باج (٢٤٥٠) باجدەر دراونەتە دادگا وە ڕۆژانە ژمارەیان زیاد دەکات.

٢٢- ژمارەیەک کۆمپانیا بە تاوانی ساختەکاری دراونەتە دادگا.

٢٣- بەشێک لەو کۆمپانیایانەی بەپێی مادەی (٥٩) لە یاسای باجی دەرامەت ساڵی (١٩٨٢) هەموارکراو دراونەتە دادگا لەسەر داوای خۆیان بە (تسوية الصلحية) کێشەکانیان چارەسەرکراوە کە بەپێی هەمان مادە بڕی باجەکە و دوو هێندی باجەکەیان لێوەرگیراوە.

٢٤- دەستکردن بە ئەنجامدانی پرۆسەی خەمڵاندنی گشتی لە سنووری شاری سلێمانی و هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان کە بەپێی یاسای باجی خانووبەرە پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت و سەرجەم خانوو و باڵەخانەکان و دوکان و ... هتد تۆماردەکرێن و دەخەملێندرێن کە دەبێتە بنەمای کۆکردنەوەی باجی خانووبەرە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو.

٢٥- ئەنجامدانی پرۆسەی خەمڵاندنی گشتی زەوی لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە ئەنجام دەدرێت.

٢٦- چالاککردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی و پشکنین کە ڕۆژانە سەردانی مەیدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکرێت بۆ مەبەستی ڕێگریکردنی خۆدزینەوە لە باج و کەمکردنەوەی گەندەڵی.

٢٧- وەرگرتنی باجی مبیعات بەرێژەی (١٠%) لەو شوێنانەی لە چوار ئەستێرە بەرەو سەرەوەن.

٢٨- وەرگرتنی باجی ڕاستەوخۆ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بەرێژەی (١٥%) لە کۆی پارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێت.

٢٩- وەرگرتنی باجی هەناردە و هاوردە لە بەرهەمە نەوتییەکان.

٣٠- بەدواداچوونی ئەو کۆمپانیا و باجدەرانەی سەرچاوەی داهاتیان شاردۆتەوە و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان.

٣١- پەسەندکردنی زیاتر لە (٦١٥١) بریکارنامەی تایبەت و گشتی سەرەتاکانی کۆمپانیا بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

٣٢- بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازی و ڕێکخستنەوانەی لە باج کراوە بۆتە کۆی زیادبوونی بەرچاوی داهات بەم شێوەیەی خوارەوە:

**- داهات تاکو کۆتایی مانگی ئایاری (٢٠٢١).**

| ژ | پارێزگا | داهات | % |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١٥٥,٥١٢,٥٧٥,٧٤٥ | %٥٢ |
| ٢ | سلێمانی | ٧٣,١٦٥,٤٣٧,٣٠٢ | %٢٤ |
| ٣ | دهۆک | ٧٣,٢٨٦,٣٩٩,٠٠٠ | %٢٤ |
| | **کۆی گشتی** | **٣٠١,٩٦٤,٤١٢,٠٤٧** | **%١٠٠** |

## بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێرکاری:

**کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە ٢٠٢١/١/١ تا ٢٠٢١/٠٦/٢٠:**

١- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/١٠/١٦ ڕەزامەندی لەسەر (٢٢٤) پڕۆژە بۆ پارێزگاکانی حکومەتی هەرێم دراوە بە دوو قوناغ بۆیان پارەیان بۆ دابین بکرێت:

**أ-** ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنی داراییان لە ٨٥٪ بەرەو سەرەوەیە ژمارەیان (١٤٨) پڕۆژەیە.

**ب-** ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێکردنی داراییان لە ٧٥٪ بەرەو سەرەوەیە ژمارەیان (٧٦) پڕۆژەیە.

٢- وەڵامدانەوەی (٤٥٥٦) نووسراوی دەرکردە کە لەلایەن وەزارەتەکان ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتییەکەمان کراوە بە مەبەستی خەرجی و تەمویل و نووسراوە جۆراوجۆرەکان.

٣- - وردبینکردن و خەرجکردن و تەمویلکردنی (٥) مووچەی تایبەت بە مانگی (٥,٤,٣,٢,١) ساڵی ٢٠٢١ی گشت چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێم.

٤- دابینکردنی بڕی (١٧٣,٢٢٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ پڕۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و پڕۆژەی وەزارەتەکان پارێزگاکانی هەرێم.

٥- - دابینکردنی بڕی (٧,١٦٥,٠٩٣,٠٠٠) ملیار د.ع بۆ پڕۆژەکانی بودجەی گەشەپێدانی پاریزگاکانی هەولێر.

٦- - دابینکردنی بڕی (١٣٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع بە مەبەستی دابینکردنی کرێی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٧- تەرخانکردنی بڕی (٢,٧٨٥,٤٢٧ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی چاککردنەوەی ڕێگاوبەنەکانی هەرێمی کوردستان.

٨- - تەرخانکردنی بڕی (٥٤٠,٢٠٠,٠٠٠) ملیۆن د.ع بە مەبەستی ڕماڵینی بەفر لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٩- خەرجکردنی شایستەکانی کۆمپانیاکانی پاککردنەوەی شار و شارۆچکەکانی کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتەکەمان دەکرێت.

١٠-خەرج کردنی پارەی خۆراکی بەندکراوەکان و نەخۆشخانەکان و سوتەمەنی بۆ مزگەوتەکان و فەرمانگەکان.

١١- تەرخانکردنی بڕی (٢,٢٥٣,١٦٤,٠٠٠) ملیار د.ع بە مەبەستی مەوداکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە جۆری (شەب و کلۆر و پۆلیمەر) بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان و دابینکردنی ئاوێکی پاك بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

١٢- تەرخانکردنی بڕی (**٦,١٢٦,٩٥٨,٠٠٠**) ملیار د.ع بە مەبەستی سازدانەوەو دابینکردنی کەلوپەل بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان.

| ناوەڕۆك | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ب.گ.تەندروستییەکان | ٢,٢٨٣,٤٨٨,٠٠٠ | ٩٧٧,٧٩١,٠٠٠ | ٢,٨٦٥,٦٧٩,٠٠٠ | ٦,١٢٦,٩٥٨,٠٠٠ |

١٣- تەرخانکردن و خەرجکردنی بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیار د.ع مانگانە تایبەت بە رووبەرووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

| ناوەڕۆك | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ب.گ.تەندروستییەکان | ١,٠٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٦٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١,٢٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |

١٤- - خەرجکردنی بڕی (**٣٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠**) ملیار د.ع بۆ مەبەستی کڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی له سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

| ناوەڕۆك | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ب.گ.تەندروستییەکان | ١٣,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٩,٤٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٣,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | **٣٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠** |

١٥- - تەرخانکردنی بڕی (**٢٣٧,٤٨٩,٠٠٠**) ملیۆن د.ع وەك قوناغی سێیەم بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی ڕانیە.

١٦- - تەرخانکردنی بڕی (**٤٤,٣٠٧,٥٠٠٠**) ملیۆن د.ع وەك قوناغی سێیەم و کۆتایی بۆ مەبەستی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی.

١٧- جگە لەم بڕە پارانەی سەرەوە ڕەزامەندی دراوە لەسەر خەرجکردنی ئەو نووسراوانەی کە پێویست بوونە بۆ فەرمانگەکانی تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان.

١٨- خەرجکردنی بڕی (**٤٧٤,٠٠٠,٠٠٠**) ملیۆن د.ع وەك بەخشینی ناوەندەکانی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان.

١٩- - تەرخانکردنی بڕی (**٢,٣٤٤,٦٢٣,٠٠٠**) ملیار د.ع بۆ مەبەستی پرۆژەی بە سیستەم کردنی کۆکردنەوەی کرێی ئاو.

٢٠- خەرجکردنی نزیکەی (**٤,٥٠٦,٧٥٢,٠٠٠**) ملیار د.ع تایبەت بە شایستەکانی کۆمپانیاکانی جیبەجێکردنی پرۆژەی گواستنەوە و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر و ئاودانی پارك و باخچەکان و دوورگە ناوەندییەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و قەزای سۆران.

٢١- - خەرجکردنی کرێی وانەبێژی بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

٢٢- خەرجکردنی بڕی (**١٩٤,٢٥٠,٠٠٠**) ملیۆن د.ع بۆ مەبەستی کڕینی ماسك و جێل و معقم بۆ قوتابخانەکانی هەرێم.

٢٣-ئامادەکردن و وردبین کردنی تەرازووی پێداچوونەوەی گشت یەکە ژمێریارییەکانی حکومەتی هەرێم تایبەت بە بودجەی بەکارخستن و بودجەی وەبەرهێنان بۆ مانگەکانی (١,٢,٣,٤,٥) کە زیاتر لە (١١٠٠) هەزار و سەد یەکەی ژمیریاری لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی یەکخستنی ژمێرکاری حکومەتی هەرێم و گەڕاندنەوەی گشت داهاتەکان و کەمکردنەوەی خەرجی و کۆنترۆڵ کردنی سیولەی نەختینەو هەروەها ڕوونکردنەوەی ژمێریارەتی بۆ یەکەکانی کەرتی حکومی کە بەشێوەی مەڵبەندی و نامەڵبەندی تمویل دەکرێن و، چاودێری ناوخۆ لەسەر دەستکاری کردنی موڵکی گشتی پەرەپێدەدات و پێداویستییەکانی

سەرکەوتنیان بۆ فەراهەم دەکات و سەرپەرشتی دەکات، چاودێری خەرجی ڕابردوو خەرجی دواتریش دەکات، لە سەرپێچییە داراییانەش دەکۆڵێتەوە کە جێبەجێکردنیان بە وەزاتەکە دەسپێرێت.

٢٤-ئامادەبوونی ئەندامی وەزارتی دارایی ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری لە رۆژی کردنەوەو شیکردنەوەی تەندەری گشت پرۆژەکانی وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکانی  حکومەتی هەرێم.

٢٥- کەمکردنەوەی خەرجی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تایبەت بە خەرجی بەکارخستن کە  لەلایەن لیژنەی وردبینی کەمکراوەتەوە کە ژمارەی نووسراوەکان (٦٥١) کە بڕی داواکراو بە بڕی **(٩١,٢٠٥,٤٥١,٢٧١)** ملیار د.ع بڕی خەرج کراو **(٨٥,٧٢٩,٩٩٤,٥٢٥)** ملیار د.ع بڕی کەمکراو **(٥,٤٧٥,٤٥٦,٧٤٦)** ملیار دینار .

٢٦-جەختکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بە مەبەستی ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ تایبەت بە ڕێکخستنەوەو گەڕانەوەی سەرجەم داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت سەردانی وەزارەتەکان کرا بۆ داڕشتنی میکانیزمی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و، دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١) تایبەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمیرکاری .

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە:

**پوختەیەک لە کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئامادەکردنی بودجە لە ڕێکەوتی  (٢٠٢٠/٧/١ تاکو ٢٠٢١/٦/٣٠):**

١- لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٥ دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ ئامادەکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١.

٢- لیژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەت پێکهێنرا کە بەڕێوەبەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەندام بوو لە لیژنەی گفتوگۆی خەملێنراوی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی حکومەت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی وەزارەتەکان بۆ ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی/ ٢٠٢١ .

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ:

١- جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بە ئەلیکترۆنی کردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگی لە (ئیبراهیم خەلیل، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر).

٢- دانان و بەستنی سیستەمی ئەلیکترۆنی لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی (سیستەمی هاتوو و دەرچوو، میلاکات، سیستەمی بە ئەلیکترۆنی کردنی دۆسیەی فەرمانبەران لەسەر هارد و سی دی).

٣- چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکانی هاوردەی هەرێم کراون لە ڕێگەی لیژنەیەکی باڵای هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ.

٤- چالاککردنی لیژنەی هاوبەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە لە دەروازە سنوورییەکان دروست دەبن.

٥- هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبێل بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر ئاسانکاری لەخۆ دەگرێت بۆ هاووڵاتیان و بازرگان و ئەو ئاستەنگانەی کە پێشتر تێبینی لەسەر بوو.

٦- هەمووارکردنی ڕێنمایی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٦)و، دەرچوونی ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢٠).

٧- پێداچوونەوە بە هەندێ بڕگە و بابەتی ناو پێناسەی گومرگی لەگەڵ زیادکردنی چەند بڕگەیەک کە پێشتر نەبوون کە بریتییە لە (٤٤٣) بڕگە لەگەڵ دەستەی گشتی گومرگەکانی حکومەتی عێراق.

٨- هەماهەنگی و بەشداریمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی سەبارەت بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ برەودان بە بەرهەمی کارگەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لیژنەی هاوبەشەوە کە پێکهێنراوە.

٩- هەماهەنگی و بەشداریمان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو پرۆژانەی کە لە چوارچێوەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت لەگەڵ لێخۆشبوونی مەوادی سەرەتایی کە دێت بۆ ئەو کارگانە لە ڕێگەی لیژنەکانی هاوبەشی هەردوو لا.

١٠- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی تایبەت بە لێخۆشبوونی گومرگییەکان بەپێی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (١٩٩٨).

١١- هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٦)ی تایبەت بە (مەڕ و ماڵات) بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ڕێکخستنەوەی بە ڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٢١).

# وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

## لە ئاستی چاکسازیدا:

**هێڵی گشتی یەکەم:** کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | سەبارەت بە ئەم خاڵە کە لە سێ قوناغ پێکهاتووە (کۆکردنەوەی زانیاری و، وردبینی و نووسراوی فەرمی) کاری زۆری بۆ کراوە بەتایبەت لە بابەتی چاکسازی لە مووچەخۆر بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت و لە ئێستادا لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە. | **٩٥%**<br>تەنها وردبینی کۆتایی ماوە بۆ ب.نەوت و کانزاکانی، هەولێر، سلێمانی، گەرمیان |

**هێڵی گشتی پێنجەم:** بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگر دەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | **١- دڵنیابوون لە تێچووی کۆمپانیا نەوتییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری پێویست سەبارەت بە - تێچووی ڕاستەقینە.**<br>**٢- دەرخستن و زانینی قازانجی ڕاستەقینەی کۆمپانیا نەوتییەکان.**<br>**٣- شەفافییەتی زیاتر لە فرۆشتنی نەوت.**<br>ئەم پرۆژەیە پێویستی بە چوار ساڵ هەیە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ دەستبەکارکردن کراوەو قۆناغی باشی بڕیوە کە تێچووی بەکاربردنی کۆمپانیاکان کەمکراوەتەوە بەدواداچون کراوە بۆ بابەتی "كلفة المستردة ". | **٧٥%**<br>و بڕی ٥٣٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار گەڕێندراوەتەوە بۆ حکومەت لە پرۆسەی ووردبینی پێش خەرج کردن و لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی PIMS |

**هێڵی گشتی شەشەم:** کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بەپێی یاسای پەیوەندیدار.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | تایبەت بەم هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی حکومەت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پابەند دەبێت بەدانی سەرجەم زانیارییە داراییە پێویستەکانی پەیوەست بە مۆڵەتەکان و گرێبەستەکان بە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان (KOTO)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان مادەی (١٥)، بڕگەی سێیەم بەدیهاتنی شەفافییەت لەبواری نەوتدا. | |

## لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

**هێڵی گشتی دووەم:** کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێکخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جێگرەوە بۆ وەبەرهێنانی کارەبا لەڕێگەی چەند جۆرێکی کانزا کە بە قەبارەیەکی ئابووری لە هەرێم هەیە وەك خەڵووزی ئەسفەلتی. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ماوەی دوو ساڵ هەیە کە لە مانگی حەوتی ٢٠٢٠ دەست بە کارکردن کراوە. بۆ زیادبوونی بەرهەمی کارەبا لە ڕێی دروستکردنی وێستگەی کاربا کە بە خەڵوزی ئەسفەلتی کار دەکات. لە ئێستادا لە قۆناغی هێنانەوەی خەڵوز دایە. | **٢٠%**<br>پرۆژەی گەڕان (Exploration)<br>بە دوای خەڵوزی بەردینی (ئەسفەلتاین) ئەنجام دراوە لەبەر نەسەقامگیری ناوچەکە و ڤایرۆسی کۆرۆنا |
| ٢ | **زیادکردنی ئاستی بەرهەمهینانی کارەبا**<br>١. زیادکردنی بەرهەمی (غاز) لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ هاووڵاتیان و پێدانی خزمەتگوزاری پێویست.<br>٢. زیادکردنی بەرهەمی غازی شل (LPG) بۆ بازاڕی ناوخۆ بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخی غاز لە بازاڕەکان بۆ هاووڵاتیان و هەروەها سەربەخۆیی ئابووری و پشت بەستن تەنها بە بەرهەمی ناوخۆ.<br>٣. دروستکردنی هەلی کار لە کێڵگە غازییەکان و هەروەها لە وێستگەکانی کارەبا.<br>٤. نەهێشتنی (مۆنۆپۆڵکردن) لەلایەن هەر بازرگانێك کە لە دەرەوەی هەرێم غازی (شل) هاوردە دەکات.<br>**ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی سەرەتاییدایە لەبەر چەند هۆیەك:**<br>- بەهۆی قەیرانی دارایی.<br>- ڤایروسی کۆرۆنا. | **٣٠%**<br>ئەنجامدراوە و پێشبینی ورد ئەوەیە کە لە ماوەی دووساڵی تردا ١٠٠% تەواو دەبێت و نزیکەی (١٠٠٠) هەلی کار دروست دەکەین. |

**هێڵی گشتی دەیەم:** ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی. کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ریسایکل و چارەسەریی زبڵ و خاشاک وکەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | • **پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتووری ژینگە پارێزی:**<br>بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەجۆر و کوالێتی بەرهەم هێنانی بەنزین و گازئۆیل و گازی شل بکەین. چونکە ئەم سوتەمەنییانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر هەریەك لەم بەرهەمانە بەتایبەتی بەنزین بەکوالێتی بەرز دروست نەکرێت، دەبیتە هۆی پیسبوونی ژینگە.<br>لەبەر ئەوەی کوالێتی خەراپ دەبێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە بەهۆی دروستبوونی مادەی مەترسیدار.<br>سەرەڕای بوونی بەنزینی نادروست کە کوالێتیان خراپە لە پاڵاوگەکان، بیرە نەوتییەکانیش و بەرهەمهینانی نەوتی خاو ئەوانیش دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، بەتایبەتی دەبنە هۆی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی ئاو و هەوای ناوچەکان، سەرەڕای ئەو گاز و مەوادانەی کە لەبەکارهێنانی کارکردنی یەکەکانیان دەردەچێت ئەگەر چارەسەری گونجاویان بۆ نەکرێت زیانی زۆر کوشندە دەبێت بۆ مرۆڤایەتی بۆ چەندین نەوەی داهاتوو هەروەها زیانی لەسەر زیندەوەریش بەهەمان شێوە هەیە.<br>ئەم پرۆسەیە تەواو بووە ڕاپۆرتی بۆ ئامادەکراوە دەتوانین بڵێین کە ئامانجەکەی خۆی بەدیهێناوەو لیژنەیەك لە وەزارەتمان هەیە کە بەردەوام چاودێری و بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە دەکات تا زیاتر بەرەو پێشەوەچوون بە خۆیەوە ببینێت. | ١٠٠%<br><br>ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بۆ زیاتر باشکردنی کوالێتی بەرهەمە نەوتییەکان |
| ٢ | • **وەزارەت پلانی ساڵانەیان هەیە بۆ چەندین ئامانجی جیاواز بۆ پاراستنی ژینگە بەبەردەوامی:**<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە ڕێکارەکانی پاراستنی ئەو کارمەندە بیانی یان ناوخۆیانەی لە کۆمپانیاکان کاردەکەن.<br>- کەمکردنەوە یان نەهێشتنی مەترسییەکانی تەندروستی و سەلامەتی.<br>- پاراستنی کەلوپەلەکان کە لەلایەن کۆمپانیاکان بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی داهات.<br>- لەکاتی هەبوونی ڕووداوی نەخوازراو بۆ دیاریکردن و پاراستنی مافەکانی کەسی بەرکەوتوو بە ڕووداوی نەخوازراوە. | ١٠٠%<br>ئەم پرۆسەیە بەردەوامە |

| | | |
|---|---|---|
| | - وەرگرتنەوەی زەوی بلۆکە بەکارهاتووەکان کە لەلایەن کۆمپانیاکان بەکارهاتووە دوای جێهێشتنی کۆمپانیاکان بە هەر هۆکارێک بێت.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە گەڕاندنەوەی ژینگەی زەویەکە بۆ دۆخی جارانی.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەجێهێشتنی زەویەکە بە سەلامەتترین شێوە.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان.<br>- دیاریکردنی گشت مەترسییەکان لەسەر ژینگە و خاک و ئاو و هەوا، بەر لە دەستپێکردنی پرۆژەکە.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە رێکارەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکان.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەو پلان و رێکارانەی لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردبوو دوای دەستپێکردنی پرۆژەکە.<br>- سەردانکردنی ئەو شوێنەی کە لە راپۆرتەکە باسکراوە بۆ دڵنیابوون.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەو رێکارانەی لەکاتی رووداوە لەناکاوەکان دیانگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان.<br>- پابەندکردن بە لێکۆڵینەوە و دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو رووداوەی کە روودەدات بۆ رێگەگرتن لە دووبارە روودانی.<br>- دیاریکردن و دەرخستنی رێژەی زیانەکان.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتی کارمەندان و هاووڵاتیان.<br>- دیاریکردنی گشت مەترسییەکان لەسەر ژینگە و خاک و ئاو و هەوا.<br>- پابەندکردنی کۆمپانیاکان بە رێکارەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەرپێکهاتەکانی ژینگە.<br>٢- کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە لەڕێگەی تاقیگە زانستییەکانەوە پاراستنی ژینگە لەڕێی زیادکردنی ئاستی کواڵیتی بەرهەمە نەوتییەکان لەڕێی زیادکردنی ژمارەی پشکنینەکان بۆ ڕوونی بزوێنەر، بەنزین و گازوایل.<br>ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی یەکەمدایە بەهۆی قەیرانی دارایی و هەروەها ڤایروسی کوروناوە. | |

## لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

**هێڵی گشتی شەشەم:** هەوڵدەدەین هەرچی زووترە، دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی ١١١ و ١١٢ی دەستوری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت و گاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت. هەروەها هەوڵدەدەین دەستەی گشتی چاودێری داهاتەکانی فیدراڵی وەک لە مادەی ١٠٦ی دەستوردا هاتووە دابمەزرێت.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | حکومەت هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە گفتوگۆکردن بە ئامانجی ئەوەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا بگاتە ڕێککەوتن. | ٨٥% |

## لە ئاستی ئابووری و داراییدا:

کاردەکەین بۆ ئەوەی ئابووری هەرێم فرەچەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | بەمەستی گەشەپێدان بە ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان پێدانی دوو مۆلەت بۆ وەبەرهێنان لە خەلوزی بەردینی (ئەسفەڵتاین) کە لە ٢٠١٩ دەستی پێکردووە لە دوا قۆناغی گەڕان دایە (Exploration). | ٢٠%<br>بەرەوپێش چووە لەبەر ناسەقامگیری ئاسایشی ناوچەکە و ڤایروسی کۆرۆنا |

# وەزارەتی تەندروستی

## یەکەم: لە ئاستی چاکسازی

**هێڵی گشتی یەکەم:** کاردەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە مووچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ناردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

| ز | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ تیمی ڕاوێژکاری تەندروستی نێودەڵەتی (ئێنرا) بە مەبەستی ریفۆرمی سەرتاسەری لە سیستەمی تەندروستی لە کوردستان | دەستی پێ کردووە |
| ٢ | دەچوواندنی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتمەندییەکانی. دەچوواندنی ڕێنمایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان سەبارەت بە یاسای مافی نەخۆش. گشتاندنمان ژمارە ١٣٢١١ لە ٢٠٢٠/١١/١٥. | ١٠٠٪ |
| ٣ | ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای بیمەی تەندروستی. | ٨٠٪ |
| ٤ | ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کەرتی گشتی و تایبەت. | ٧٠٪ |
| ٥ | ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەخۆشخانە تایبەتەکان. | ٧٠٪ |
| ٦ | ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی پزیشکان. | ٨٠٪ |
| ٧ | ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای ئەنجومەنی پزیشکی. | ٧٠٪ |
| ٨ | هەموارکردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی بەجۆرێك کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و ئەو خزمەتگوزاری تەندروستی بگونجێت. نووسراوی وەزارەتمان ٤٥٢٧ لە ٢٠٢٠/٤/٥. | ٩٠٪ |
| ٩ | ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمانبەران و کاراکردنی سیستەمی پەنجەمۆر (لەکاتی ئێستادا دەوام بە تەناوب دەکرێت بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. | ٨٠٪ |
| ١٠ | پێداچوونەوە بە لیستی فەرمانبەران و دەچوواندنی فەرمانی خانەنیشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی گەیشتوونە تەمەنی خانەنیشینی. گشتاندنمان٦٧٨٩ لە ٢٠٢٠/٧/١. | ١٠٠٪ |

**هێڵی گشتی دووەم:** کار دەکەین بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و هەروەها خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان و ڕێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا. بەکردەوە هەوڵدەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاووڵاتیاندا، لە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەدەین.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | بە ئۆنلاین کردنی دابەشکردنی پزیشکان و دەچوواندنی ڕێنمایی یەکگرتوو بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەربە وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و شەفافیەت و دادپەروەری زیاتر لە دابەش کردنی پزیشکان بەسەر قەزا و ناحیەکان. گشتاندنمان ژمارە ٣٥٦ لە ٢٠٢٠/١/٢٣ | ١٠٠٪ |
| ٢ | دەچوواندنی ڕێنمایی گشتی بۆ پێشکەشکردنی پزیشکان بۆ پسپۆڕییەکان و بەشەکانی پەیوەست بە نیشتەجێی دێرینی و هەوڵدان بۆ بەئۆنلاین کردنی پێشکەشکردن. گشتاندنمان ژمارە ٩٨٠٤ لە ٢٠٢٠/٩/١٥ | ٧٠٪ |
| ٣ | ئامادەکردنی پۆرتاڵی خۆ تۆمارکردنی پێشوەختە بەشێوەی ئۆنلاین تایبەت بە وەرگرتنی ڤاکسین بەمەبەستی کار ئاسانی کردن بۆ هاووڵاتیان و وەرگرتنی ڤاکسین | ١٠٠٪ |
| ٤ | ئامادەکردنی پۆرتاڵی تایبەت بەمەبەستی پشکنینی کۆرۆنا و وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان بەشێوەی ئۆنلاین | ١٠٠٪ |

**ڕێگری لەبەکارهێنانی پێگەی کارگێڕی بۆ بازرگانی:**

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | گشت ئەو پزیشک و فەرمانبەرانەی کە لەکۆمپانیاکانی بواری دەرمان و تاقیگە کاریان دەکرد ڕاژەکانیان گواسترایەوە لە بەڕێوەبەرایەتی جۆری دەرمان و کوالێتی کۆنترۆڵ. نابێت هیچ فەرمانبەرێکی (KMCA) کاربکات لە کەرتی تایبەت لە بواری دەرمان یاخود پشکی هەبێت. بە پێی نووسراوی ژمارە ١٠٢٤/٦/١ لە ٢٠٢٠/٣/٢ | ١٠٠٪ |

**هێڵی گشتی چوارەم:** ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس، بەپێی پێویستی دەبێت و ڕێگە لە بە هەدەردانی سامان و خراپ بەکارهێنان و بەلاڕێدابردنێک لەم بوارانەدا دەگرین.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئیفاد و سەفەری لەساڵی ٢٠٢٠ بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەمکراوەتەوە، بەشێکی بەهۆی پەتای کۆڤید بەڵام ئەوە کاری نەکردۆتە سەر ڕاهێنان و خولەکان کە بەردەوام بەشێوازی ئۆنلاین ئەنجامدەدرێن. (ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی – ٢٠٢٠). شاندنەکردنی پزیشکی و کارمەندی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی کوالێتی کۆنترۆڵ بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بەپێی نووسراوی ژمارە ٤٠٦٠/٦/١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٢ | ٩٠٪ |
| ٢ | ڕاگرتنی قەرەبووکردنەوەی ئەو نەخۆشانەی کە بەبێ ئاگاداری سندوقی کۆمەک سەردانی نەخۆشخانە تایبەتەکان یا دەرەوەی وڵاتیان دەکرد. ئامانجی سندوقی کۆمەک ئەوەیە کە نەخۆشانی شێرپەنجە لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سەنتەر و نەخۆشخانەکانی سەر بە سندوقی کۆمەک چارەسەر وەربگرن و ئەگەر پێویستیان بە دەرەوەی وڵات بوو ئەوا لەڕێگەی لیژنەی پزیشکی پسپۆڕی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن. | ٩٠٪ |

**هێڵی گشتی پێنجەم:** بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگرەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵک و ماڵی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانیکردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
| --- | --- | --- |
| ١ | - پێداچوونەوە بەسەنتەر و نەخۆشخانە تایبەتەکان و دەچوواندنی چەندین نووسراو و فەرمان بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و ڕێگری کردنی لە گەندەڵی و قۆرەخکردن.<br>- دانانی لیژنەی پسپۆڕی تایبەت بۆ پێداچوونەوە بەکەمکردنەوەی نرخی ئەو نەشتەرگەرییانەی کە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان ئەنجامدەدێرن بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە.<br>- فەرمانی وەزاریمان ٢٣٥ لە ٢٠٢٠/١/١٢ تایبەت بە نەخۆشخانە و کۆمەڵگە تایبەتەکان.<br>- فەرمانی وەزاریمان ١٠١٣ لە ٢٠٢٠/٢/١٧ تایبەت بەشوێنی کارکردنی نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان.<br>- فەرمانی وەزاریمان ٦٨٥ لە ٢٠٢٠/٢/٢ تایبەت بە شێوازی کارکردن لە سەنتەری دروستکردنی پەلی دەستکرد.<br>- فەرمانی وەزارەتمان ژمارە ٩٩٢ لە ٢٠٢٠/٢/١٦ تایبەت بە کارکردن لە سەنتەر بۆ کردنەوەی کلینیکی نەشتەرگەری ڕۆژانە.<br>- فەرمانی وەزاریمان ژمارە ١٣٠٣ لە ٢٠٢٠/٣/١ تایبەت بە دیاری کردنی شێوەی کارکدن لە سەنتەرکانی جوانکاری و چاندنی قژ. | ١٠٠٪ |
| ٢ | (٢٣٣٧) شوێن سەردان کراون کە (٦٢٢) شوێن داخراون و (١٤٤٠) بەڵێننامەش لە شوێنە سەرپێچیکارەکان وەرگیراوە. | ١٠٠٪ |

**هێڵی گشتی حەوتەم:** بەپێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەرپێچییەک دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراک و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین.

| ز | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
| --- | --- | --- |
| ١ | بەستاندەرکردنی شێوازی کۆگاکردنی بابەتە پزیشکیەکان لە فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی. نووسراوی ب. کوالێتی کۆنترۆڵ ژمارە: ٤٠٥٢/٦/١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٢. | ١٠٠٪ |
| ٢ | یەکخستنەوەی نرخی دەرمان بەپێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ٢٠/٦/١ لە ٢٠٢٠/١/٤. | ٨٠٪ |
| ٣ | پێداچوونەوەی تۆماری کۆمپانیاکانی دەرمان بەپێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٨/٦/١ لە ٢٠٢١/١/٤. | ١٠٠٪ |
| ٤ | دامەزراندنی کۆگای ناوەندی نیشتیمانی تایبەت بە دەرمان بەپێی نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٩/٦/١ لە ٢٠٢١/١/٤. | ٨٠٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | پێداچوونەوە و داڕشتنەوە نرخی پشکنین و تۆمارکردن و مۆڵەت وەرگرتن و ڕێگەپێدان و ڕسومات. نووسراوی ب.گ.کوالێتی - کۆنترۆڵ ٤٠٧/٩/١ لە ٢٠٢١/١/٢٧. | ٩٠٪ |
| ٦ | دەرماڵەی هاندانی دەرمانساز و پزیشکی ددان لە بەرامبەر کارنەکردنیان لە کەرتی دەرمان. نووسراوی ب.کوالێتی کۆنترۆڵ ١٢٦٣/١٢/١ لە ٢٠٢١/٣/٢٨. | ٩٠٪ |
| ٧ | کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بەڕێژەی ٢٥٪ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ هاوکاری هاووڵاتی لەم بارودۆخەدا. | ١٠٠٪ |
| ٨ | هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراك بە ڕێگای زانستی و ڕێنمایی. نووسراوەکە لەژێر چاپە. | ٥٠٪ |
| ٩ | هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و ڕاگرتنی چالاکی گشت ئەو کۆمپانیایانەی کە پابەند نەبوونە بەو ڕێنماییە کە ژمارەیان (٣٣) کۆمپانیا بوون. | ٩٠٪ |
| ١٠ | دەچوواندنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، ژمارە ی ٢٠٢٠. | ٩٠٪ |
| ١١ | هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کارتی تایبەت. | ٨٠٪ |

## دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

**هێڵی گشتی یەکەم:** کاردەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاووڵاتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بەپێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێکخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەک.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | بەخۆڕایی کردنی پشکنینی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی کۆرۆنا و گومانلێکراوان لە تاقیگەکانی کەرتی گشتی (حکومی) و لە تاقیگەکان و نەخۆشخانەکانی ڕێگەپێدراوی کەرتی تایبەت (ئەهلی) نرخەکان بەڕێژەیەکی زۆر کەمکرایەوە. فەرمانی وەزاریمان ژمارە ٢٣٣٥ لە ٢٠٢١/٣/٣١. | ١٠٠٪ |
| ٢ | سازدانەوەی ئامێرە پزیشکییە گەورەکان و ئامێرە هەستیارەکان بەبڕی ٢٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ ئامێرەکانی C.T scan, MRI, Linac, Cath lab. هتد.. | بەردەوامە |
| ٣ | یەکخستنەوەی سازدانەوەی ئامێرە گەورەکان. | ١٠٠٪ |
| ٤ | دابینکردنی ئامێری پزیشکی بە بڕی ٨,٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ئامێر دابینکراوە کە ٣,٨٥٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیار و هەشت و پەنجا ملیۆن دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا بووە. | ٩٠٪ |
| ٥ | کۆی گشتی نزیکەی ٣١,٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ سازدانەوەو دابینکردنی ئامێری پزیشکی | ١٠٠٪ |
| ٦ | دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختی لە ئامێدی/ دهۆک ٤٣,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار. | ١٠٪ |
| ٧ | پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی کۆرۆنا بەهاوکاری وڵاتی ئەڵمانیا لە سلێمانی. | ٨٥٪ |
| ٨ | دەستپێکردنەوەی پرۆژەی بنکە تەندروستی پیران - بارزان. | ٣٠٪ دەستپێکراوە |
| ٩ | دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە ئاکرێ. | %٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | دروستکردنی نەخۆشخانەی لالاف بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان لە هەولێر و دهۆک. | ١٠٠٪ |
| ١١ | دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لەنەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی دهۆک. | ٥٪ |
| ١٢ | دروستکردنی نۆرینگەی دەرەکی لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی هەولێر. | ١٠٠٪ |
| ١٣ | فراوانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە دهۆک. | ٩٠٪ |
| ١٤ | کردنەوەی تاقیگەی خۆراک لە دەڤەری ڕاپەڕین. | ١٠٠٪ |
| ١٥ | زیاتر لە ٤٠ ملیار دینار بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی شێرپەنجە و دابینکردن و سازدانەوەی ئامێرەکانی شێرپەنجە خەرجکراوە بە پاڵپشتی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە. | ١٠٠٪ |
| ١٦ | لە ساڵێکدا زیاتر لە ٩١ هەزار بوتڵی خوێن وەرگیراوە و دراوە بە نەخۆش لە هەرێمی کوردستان. | ١٠٠٪ |
| ١٧ | دروستکردنی پرۆژەی هۆڵی نەشتەرگەری بۆ توشبووانی شێرپەنجە / سلێمانی. | ١٠٠٪ |
| ١٨ | پرۆژەی سەنتەری  شێرپەنجەی مەمك / ڕاپەڕین. | ٣٠٪ |
| ١٩ | دەستبەکار بوونی پرۆژەی دابینکردنی ئامێری لێزەری شێرپەنجە / سلێمانی. | ٥٪ |
| ٢٠ | دەستبەکار بوونی پرۆژەی چاندنی مۆخ / هەولێر، کۆی گشتی پرۆژە بەردەوامەکانی سندوقی کۆمەک ٣٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار. | ٧٠٪ |
| ٢١ | گەیشتنی دوو ئامێری لیناک بۆ شاری هەولێر بۆ چارەسەری تیشکی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە و ئەنجامدانی گرێبەستی دابینکردنی ئامێری لیناکی نوێ بۆ سلێمانی. | ١٠٠٪ |
| ٢٢ | دابین کردنی ئامێری ئیکمۆ ECMO. | لەقۆناغی تەندەرینگە |
| ٢٣ | تەواوکردنی نەخۆشخانەی چارەسەری کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە. | ١٠٠٪ |
| ٢٤ | چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە بە بڕی (٦,١٤٩,٠٦٥,٠٠٠) دینار بۆ مەبەستی نەشتەرگەری و چارەسەری جگە لە دەرمان. | ١٠٠٪ |
| ٢٥ | نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی ڕزگاری لە هەولێر و ئازادی لە دهۆك و بانکی خوێن لە هەولێر بە گوژمەی (١,٣٩٣,٦٦١,٠٠٠) دینار. | ٩٠٪ |
| ٢٦ | زیاتر لە ٤٨٠ هەزار پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ ژمارە ١٢٢ی کۆرۆنا کراوە و زیاتر لە ١٧ هەزار گومانلێکراوی کۆرۆنا لە ڕێگای هێڵی ١٢٢ دەستنیشانکراوە. | ١٠٠٪ |
| ٢٧ | دابینکردنی دەرمان بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٢٩,٦٦٢,١٥٧,٠٠٠) دینار. | ١٠٠٪ |
| ٢٨ | دابینکردنی پێداویستی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٦١٧,٥٩٥,٠٠٠) دینار. | ١٠٠٪ |
| ٢٩ | خەرجکردنی بڕی (٢٤,٨٩٠,١٦٢,١٠٠) دینار لەسەر بودجەی تەرخانکراوی کۆرۆنا و خەرجکردنی نزیکەی بڕی (٢٤,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی تەرخانکراوی ئاسایی (کە مانگانە بڕی (٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) شەش ملیار دیناری مانگانە هەبوو لە وەزارەت وە ٦٠٪-٧٠٪ ئەو بودجەیە بۆ کۆرۆنا خەرجکراوە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بوارەکانی خۆپارێزی و بەرەنگابوونەوە و زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ. | ١٠٠٪ |
| ٣٠ | بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری لەنێو خەڵکی بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ بلاوکراوەمان چاپکردووە، هەروەها ئەنجامدانی ٨١٧ سمینار وە ٥٨٥٢ سەردانی ماڵان کراوە. | ٩٠٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | کەرەنتینکردنی ئەوانەی کەوا لە ئێران و چین و هەندێ وڵاتی ئەوروپا دەگەڕانەوە بۆ ماوەی ١٤ رۆژ لە ٧٠ هوتێلی تایبەتمەندکراو, (٢١,٨٧١) هاووڵاتی کەرەنتین کراوە تاکو ئێستا. | ١٠٠٪ |
| ٣٢ | چالاککردنی سیستەمی هێڵی گەرمی (١٢٢) و کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە هێڵی گەرمی کۆرۆنا ئەوەش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری هاووڵاتیان و رێنیشاندانیان. دابینکردنی ٢٥٦ هێڵی تەلەفۆنی بۆ ئەوەی هێڵی گەرمی ١٢٢ بەردەوام کراوبێت و زیاتر لە ٤٨٠،٠٠٠ تەلەفۆن وەرگیراوە لە هاووڵاتیان. | ١٠٠٪ |
| ٣٣ | داشبۆردی زانیاری لەسەر پەتای کۆڤید-١٩ لەهەرێمی کوردستان دانرا لەلایەن فەرمانگەی میدیا وزانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی. | ١٠٠٪ |
| ٣٤ | ئامادەکردنی (١٨٦) تیمی وەلامدانەوەی خێرا. | ٩٠٪ |
| ٣٥ | دانانی (Online Network) بەناوی ((Emergency Response Cell لەگەڵ رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و ستافی پەیوەندیدار بۆ بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری و هەواڵی نوێ لەگەڵ رێنمایی و پێشنیاری (WHO) کە رۆژانە دەگۆڕیت بەپێی باری بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە و لێکەوتەکانی. | ١٠٠٪ |
| ٣٦ | (٤٠) شوێن لە نەخۆشخانەکان جیاکرانەوە و ئامادەکران بۆ وەرگرتنی حالەتی کۆرۆناو لەکاتی پێویست سەرجەم نەخۆشخانەکان تایبەت دەکەین بەچارەسەری کۆرۆنا جگەلە نەخۆشخانە و سەنتەرە پسپۆڕییەکانی چارەسەری شێرپەنجە، تالاسیمیا، گورچیلەی دەستکرد ونەخۆشخانەکانی دڵ. | ١٠٠٪ |
| ٣٦ | ئامێرەکانی (RT-PCR) دابینکران لە کاتی ئێستادا ٢٦ تاقیگە پشکینین لە کەرتی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیانی گومان لێکراو ئەنجام دەدەن. هەتا ئێستا (٤٦١,٧٣٨) پشکنین ئەنجام دراوە کە لە ١٠.٢٪ پۆزێتف درەچووە. | ١٠٠٪ |
| ٣٨ | (١٥٩) ئامێری هەناسەی دەستکرد تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشیەکانی کۆرۆنا لە ئێستا لەکارن و (٧٢) پلان دانراوە بۆ ئەم مەبەستە و زیاتر لە (٨٥) ڤینتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کڕاون.<br>دابین کردنی ئامرازەکانی خۆپاراێزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان بەتایبەتی ئەو نەخۆشخانانەی کەوا بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ نەخۆشی گومان لێکراو و ڕاهێنانی تەواو لەسەر خۆپارێزی لە پەتای کۆڤید-١٩. | ١٠٠٪ |
| ٣٩ | ڕۆژانە زیاتر لە ٥ هەزار تێست بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆنا ئەنجام دەدرێت. | ١٠٠٪ |
| ٤٠ | زیاتر لە ٣٤٠٠ بوتڵی پلازما وەرگیراوە بۆ پێدانی بە تووشبووانی کۆرۆنا و لەنێوان پارێزگاکان و ئاڵوگۆڕ کراوە ( ٢٠٠٠ هەولێر، ٩٤٦ سلێمانی، ٢٥٠ دهۆك، ٢٥٠ گەرمیان). هەر بووتڵێکی پلازما بڕی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دینار خەرجی پێوستە. | ١٠٠٪ |
| ٤١ | دەچووواندی زیاتر لە (٣٠٠) نووسراو و فەرمان و گشتاندن و بەیان و ڕاگەیاندراو کە تایبەتن بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ. | ١٠٠٪ |
| ٤٢ | کرانەوەی بەردەوامی بەڕێوەبەرایەتی کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی KMCA بۆ ئاسانکاری هێنان و بردنی دەرمان و پێداویستی و ئامێری پزیشکی. | ١٠٠٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٣ | دامەزراندنی تیمی بەڕێوەبردنی ڕووداو لەگەڵ سەنتەری کارکردنی حاڵەتی کتوپڕ بۆ مەبەستی پلان دانان، جێبەجێکردن و چاودێریکردنی چالاکییەکان لەسەر ئاستی هەرێم، کار ئاسانی کردن لە پەیوەندیکردن و هەماهەنگی کردن لە نێو وەزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، هاوکارەکانی تر و بەخشەرەکان بۆ هاوکاریکردن لە دابینکردنی سەرچاوەی جۆر بە جۆر. | ١٠٠٪ |
| ٤٤ | چەندین تیم پێکهێندران لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان بۆ ئەم مەبەستە کە بریتین لە:<br>• تیمەکانی تەندروستی لە خاڵەکانی پشکنین و خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان (٦٣).<br>• تیمەکانی تەندروستی لە شوێنەکانی کەرەنتین کردن (٨٥). | ١٠٠٪ |
| ٤٥ | دروستکردنی تیڤی سپۆت و رادیۆ سپۆت و بڵاوکردنەوەیان لە راگەیاند و میدیا جیاوازەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. | ١٠٠٪ |
| ٤٦ | ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت و ورد سەبارەت بە چەند پیشەیەکی جیاواز وەکو شوفێری تەکسی و سەرتاشخانە و دیلیڤەری و ... هتد. | ١٠٠٪ |
| ٤٧ | پەرەپێدانی توانای کارمەندانی تەندروستی لە بواری خۆپارێزی و چارەسەری کە کۆی ٢٩٣٧ کارمەندی تەندروستی ڕاهێنراون لە ١٣٠ خولی ڕاهێناندا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕاهێنانێک بۆ ٢٥ ڕاهێنەران (TOT) لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەنجامدرا لەم بوارەدا. | ١٠٠٪ |

**هێڵی گشتی یانزدەیەم:** لەسەر شێوازێکی دادپەروانە و هاوسەنگ کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | بۆ گرینگیدان بە تەندروستی هاووڵاتیان لە قەزاو ناحیەکان، پزیشکی پسپۆڕ لە بوارە جیاکان پەیوەستکراون کە ٣ ساڵ خزمەت قەزا و ناحیەکان بکەن کە پێشتر تەنها پزیشکی پلەبەند و گشتی خزمەتی تەندروستییان لە قەزاو ناحیەکان پێشکەش دەکرد بەڵام لەکاتی ئێستادا میلاکی پزیشکی پسپۆڕ لە قەزاو ناحیەکان پەرەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی لەکاتی پێویستی بە پزیشکی پسپۆڕ پێویست نەکات بێتە سەنتەری شارەکان. | ٨٠٪ |

**هێڵی گشتی چواردەیەم:** بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیان، لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕۆتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاووڵاتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێتەوە.

| ژ | چی کراو | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | پتەوکردنی بەئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دەرمان، کە لەکاتی ئێستادا هەموو کۆمپانیاکانی دەرمان بۆ کوالێتی کۆنترۆڵ لەڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە داواکاری پێشکەش دەکەن. | ١٠٠٪ |
| ٢ | پێشنیاری بە ئەلیکترۆنی کردنی خۆراکی هاوردە و بەستنەوە لەگەڵ سنوورەکان هاوشێوە سیستەمی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ دەرمان. | ٠٪ |
| ٣ | پەرە پێدانی هێڵی گەرمی کۆرۆنا ١٢٢ و دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هێڵی گەرم کە لەڕێگەی ئۆنلاینەوە داواکاریەکان تۆمار دەکرێن و بەدواداچوون بۆ کەیسەکان دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە دەتوانرێت لەیەک کاتدا زیاتر لە ٢٠٠ تەلەفۆن وەربگرێت. | ٨٠٪ |
| ٤ | بەسیستەم کردن و ئۆنلاین کردنی داواکاری پزیشکان بۆ گواستنەوە و تەنسیب کە ئەوەش پرۆسەکەی دابەشکردنی پزیشکان بەسەر شار و شارۆچکەکانی ئاسانتر کردووە و دادپەروەری زیاتری بەدیهێناوە لە دابەشکردن. | ٨٠٪ |

## سێیەم: لە ئاستی ئابووری و داراییدا

| ژ | چی کراوە | ئاستی جێبەجێکردن (%) |
|---|---|---|
| ١ | خەرجییەکان بەڕێژەی سەدا ٢٠٪ کەمی کردووەو، ڕێکاری پێویست ئەنجامدراوە بۆ ڕێگری کردن لە بەهەدردانی پارە ئەوەش لە ڕێگەی هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ خۆبەخشان و خێرخوازان و ڕێکخراوەکان. | ٧٥٪ |
| ٢ | داهاتی وەزارەت بەڕێژەی ٥٠٪ زیادی کردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ئەوەش بەهۆی پتەوکردنی ڕێکارەکان و پێبژارکردنی سەرپێچیەکان لە کەرتی تەندروستی. | ٨٠٪ |
| ٣ | ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەری کۆرۆنایان بۆکراوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و پارەی زیاتر لە بڕی دیاریکراوی وەزارەتمان لە نەخۆش وەرگیراوە لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە پارەکە وەرگیراوەتەوە و دراوەتەوە بە نەخۆشەکان. | ٥٠٪ |

# وەزارەتی پەروەردە

## تەوەری یەکەم: لە ئاستی چاکسازیدا

**١- یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠):**

أ- بەگوێرەی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠)، پەیڕەوی جێبەجێکردنی (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان / عێراق)، بەشی سێیەم لە مادەی ٣ نەهێشتنی سودمەند بوون زیاتر لە جارێک لە بودجەی گشتی لەو لیستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە دراوە بە ئێمە و، ئەو فەرمانبەرانەی کە لە لیستی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاتوون مووچەکانیان ڕاگیراوە.

ب- ئاماژە بە بەشی دووەم لە ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و زیندانیکراو و ڕاگیراوانی سیاسی، مادەی دووەم ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە لە ڕێنمایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٠ی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، لە مادەی (٤٧) خاڵی پێنجەم " لەسەر هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکانە، (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ منداڵانی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان بکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت".

ج - پاش پێداچوونەوە و وردبینیکردن لە کۆی گشتی دۆسیەیەکانی سەر بە میلاکی وەزارەتمان تایبەت بە مامۆستایان و فەرمانبەران کراوە کە ژمارەیان (١٦٢،٦١٣)ـە، (١٣٣٠) هەزار و سێ سەد و سی حاڵەت دەستنیشانکرا، بەپێی یاسای چاکسازی هەموو سەرپێچی و زیادەیەک کە لە پلە و سەرمووچەی زیادە دەستنیشان کراون ڕێکاریان بەرامبەر دەگیرێت و کارکردن تیایاندا تەواوبووە بەمەبەستی گەڕانەوەی کۆی بڕە پارەکان بۆ گەنجینەی حکومەت، دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە کۆی ئەو (١٣٣٠) حاڵەتە (١١١١) هەزار و سەد و یانزە حاڵەت دەستنیشانکران کە بڕگە و مادەکانی یاسای چاکسازی دەیانگرێتەوە، واتە (٢١٥) دوو سەد و پانزە حاڵەت بێ کێشە بوون، بەمجۆرە:

- **لە کۆی (١١١١) حاڵەت، (٧٤) حاڵەت مووچەکانیان زیادی کردووە، بڕی ئەو پارەیەی مانگانە لە کۆی گشتی دەخرێتە سەر مووچەکانیان بریتییە لە (٤،١٧١،٢٣٠) چوار ملیۆن و سەد و حەفتا هەزار و دوو سەد و سی دینار، بۆ یەک ساڵ بڕی پارەکە دەکاتە (٥٠ ,٠٥٤ ,٧٦٠) پەنجا ملیۆن و پەنجا و چوار هەزار و حەوت سەد و شەست دینار.**

- **لە کۆی (١١١١) حاڵەتەکە، (١٠٤١) حاڵەت مووچەکانیان کەم دەکرێتەوە، بڕی ئەو پارەیەی مانگانە لە کۆی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت بریتییە لە (١٣٢ ,٠٥٦ ,٢٣٧) سەد و سی و دوو**

**ملیۆن و پەنجا و شەش هەزار و دوو سەد و سی و حەوت دینار، بۆ یەک ساڵ پارەی گەڕاوە دەکاتە (١,٥٨٠, ٩١١, ١٦٤) یەک ملیار و پێنج سەد و هەشتا ملیۆن و نۆ سەد و یانزە هەزار و سەد و شەست و چوار دینار.**

**٢ - بەسەرکردنەوە و چاودێری وردی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان:**

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەرتی تایبەت لە پەروەردەدا و پاراستنی مافی هاووڵاتیان لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن بە کوالێتیەکی بەرز و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان نرخی خوێندن و جۆری خزمەتی پێشکەشکراو، هەموو ئەو دامودەزگا پەروەردەییانەی کەرتی تایبەت کە خاوەن مۆڵەتن و لە کاردان لەڕێگەی لیژنەیەکی باڵاوە بەسەر دەکرێنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و هەڵدەسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، بەڕێوەچوونی کارەکانیان بەراورد دەکرێن بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و کەموکوڕی و سەرپێچی. لە ئێستادا لە کۆی (٤٨١) باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی لیژنە باڵاکانمان سەردانی (٥٩) باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومیان کردووە لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە)، لە کۆی ئەو سەردانانە (٣٥٤) سەرپێچیان تۆمار کردووە، بەڵێننامە لە سەرجەم ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە وەرگیراوە بۆ چاککردنی کەموکورتییەکان لەماوەیەکی کەمدا، بە ڕاپۆرتیش سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەکانمان ئاگادار کردۆتەوە لەو سەرپێچیانە بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان.

| | | |
|---|---|---|
| **هەولێر** | ١٨ سەردان | ٦٩ سەرپێچی |
| **سلێمانی** | ٣٧ سەردان | ٢٥٦ سەرپێچی |
| **دهۆک** | ٤ سەردان | ٢٩ سەرپێچی |
| **کۆی گشتی** | **٥٩ سەردان** | **٣٥٤ سەرپێچی** |

**٣- قەدەغەکردنی زیادکردنی کرێی خوێندن:**

لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی کەرتی تایبەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) و (٢٠٢٠-٢٠٢١) و داشکاندنی نرخی خوێندن لە هەردوو ساڵەکەدا بە ڕێژەی ١٠٪ و ڕێژەی ١٥٪ و ڕێژەی ٢٥٪.

**٤- بەرنامەی ڕێکخستنەوەی میلاکات:**

ا- ڕاگرتنی گواستنەوەی نێوان پەروەردەی قەزاکان.

ب- ناردنە دەرەوەی ئەو مامۆستایانەی خزمەتی دەرەوەی شاریان نییە.

**٥- هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان:**

بە مەبەستی باشترکردنی کوالێتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێڕی و زانستی قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ گرنگی زیاتر بە پڕۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکانداوە کە ئەم پڕۆژەیە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (بریتیش کاونسڵ) جێبەجێی دەکات و گشتاندنی پێکراوە بۆ پەروەردەی پارێزگاکان، قوتابخانە حکومییەکان لەلایەن سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئامانجە تایبەتەکانی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە ڕێکخستنی میلاك لەلایەن سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر، دانانی میکانیزمێکی کاریگەر بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی نێوان قوتابخانەکان لە ڕێگەی سەرپەرشتیارەوە، گرنگیدان بە باشترکردنی کوالێتی پەروەردە و فێرکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە نێوان دەستەی کارگێڕی قوتابخانە و سەرپەرشتیار، هەروەها دانانی کوالێتی پەرەپێدانی قوتابخانە بە مەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی کاری قوتابخانە.

**٦- سزادانی سەرپێچیکاران لە بواری خوێندنی ناحکومی:**

بەمەبەستی چاکسازی لە بواری خوێندنی ناحکومیدا پاش بەدواداچوونی دەستنیشانکردنی سەرپێچییەکانی باخچە و قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان و پابەندنەبوونیان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتمان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بە بڕی (٣٨٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد و هەشتا ملیۆن دینار سزای ئەو باخچەو قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییانەمان داوە کە سەرپێچیان کردووە.

| جۆری دامەزراوە | ژمارە | بڕی سزا |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | ٩ | ٩٠ ملیۆن دینار |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | ٧ | ٧٠ ملیۆن دینار |
| ق. ئامادەیی و کۆمەڵگە | ٤ | ٥٠ ملیۆن دینار |
| پەیمانگە | ٩ | ١٧٠ ملیۆن دینار |
| **کۆی گشتی** | **٢٩** | **٣٨٠ ملیۆن دینار** |

**٧- چاکسازی لەبواری فێرکردنی پیشەیی:**

أ- وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی داوە بە (٣٣١) سێ سەد و سی و یەک پەیمانگەی پیشەیی بەمەبەستی برەودان بە توانای پیشەیی هاووڵاتیان بە گشتی و گەنجان بەتایبەتی، لەم بوارەدا لە ٢٠١٩/٧/١٥ەوە هەتا ٢٠٢١/١/٢٠ بڕی (٧٢,٠٠٠,٠٠٠) حەفتا و دوو ملیۆن دینار سزای ئەو پەیمانگە پیشەییانەمان کردووە کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی وەزارەتمانیان کردووە.

ب- دانانی بەرنامەیەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی کۆمەڵگە پیشەییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت (p.p.p).

### ٨- لیژنەکانی لێکۆڵینەوە:

بەردەوام لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی وەزارەت و پەروەردەی گشتی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان لەکاردان، چەندین بەڕێوەبەر و مامۆستاو فەرمانبەری کەمتەرخەم سزا دراون پاش یەکلابوونەوەی ئەنجامی دۆسیەیەکانی لێکۆڵینەوە.

### ٩- گرێبەستەکانی سابیس:

ئەنجامدانەوەی گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ قوتابخانەکانی سابیس کە بەراورد بە گرێبەستەکەی پێشتر (١٨,٩٠٠,٠٠٠) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلار لەماوەی (٤) چوار ساڵدا کەمدەکرێتەوە.

## تەوەری دووەم: لەسەر ئاستی پرۆژە یاسا و ڕێنمایی و ڕێبەر

١- دەچوواندنی ڕێنمایی نوێی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٠) لە ٢٠٢٠/٧/٢٣، لە وەقائعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

٢- دەچوواندنی ڕێنمایی ژمارە ١ و ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە پەیمانگە و سەنتەر و خوێندنی پیشەیی لە کوردستاندا.

## تەوەری سێیەم: کەمکردنەوەی ڕۆتین و دابەزاندنی دەسەڵاتەکان

١- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان نوێ کراوەتەوە جگە لەو بابەتانەی سروشتیان وایە پشت بەدەسەڵاتی ناوەندێتی دەبەسترێت، دەسەڵاتی تەواو دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان.

٢- سازدانی کۆبوونەوە لەنێوان بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان لە هەڵەبجە بەمەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی یەکەم.

## تەوەری چوارەم: پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن

گرنگترین ئەو بابەتانەی سەربارکران یان گۆڕانکاریان تێداکراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) (کوردی پۆلی ١٢، فەلسەفە و دەرونزانی پۆلی ١٠ و ١١ ی ئامادەیی، کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی (١ تا ٩ ی بنەڕەتی)، بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ ) ئامادەیە بۆ خوێندن.

## تەوەری پێنجەم: گرنگیدان بە کوالێتی

### ١- بەرکارکردنی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان:

مەبەستی باشترکردنی کوالێتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێڕی و زانستی قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ و گرنگی زیاتر بە پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکانداوە، وەک لە خاڵی پێنجەم لە تەوەری ئاستی چاکسازیدا ڕوونکراوەتەوە.

### ٢- دەرفەتی خوێندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی:

#### ا- سودمەندبووانی خوێندن لە پەیمانگەی گەشەپێدانی وەزارەت:

لە ئێستادا (١١٠٩) هەزار و سەد و نۆ مامۆستا لە خوێندندان بەمەبەستی تەواوکردنی چوار کۆرسی خوێندن بۆ ئەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەییان بەرزبکرێتەوە و دەرماڵەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بیانگرێتەوە.

#### ب- سودمەندبووانی بەکالۆریۆس لە زانکۆکانی کوردستان:

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاست و توانای مامۆستایانی وەزارەتمان هەتا ئێستا (٥٠٠) پێنج سەد مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە خوێندنی زانکۆییدان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

#### ج- دەرفەتی خوێندنی باڵا:

١- هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی دەچوواندنی پەیرەوی مۆڵەتی خوێندن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە درێژەدان بە خوێندن بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەرجەم وەزارەتەکان.

٢- لە ٢٠١٩/٧/١٥ تاکو ٢٠٢١/١/٢٠ توانیومانە مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی (دبلۆمی باڵا - ماستەر - دکتۆرا) ببەخشینە مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتمان لەچوارچێوەی ڕێنماییە بەرکارەکاندا، بەمجۆرە:

| ماستەر | دکتۆرا | دبلۆمی باڵا |
|---|---|---|
| ٩١٦ | ٢٥٢ | ٢٣٣ |

هەروەها بەپێی جۆرەکانی مۆڵەت بەمجۆرە دابەشکراون:

| جۆری مۆڵەت | ژمارە |
|---|---|
| زانکۆکانی هەرێم و عێراق | ١,٣٥٣ |
| زەماله | ١٠١ |
| نفقة خاصە | ٧٦ |

٣- کوالێتی (دڵنیایی جۆری) پانتاییەکی فراوانی پێدراوە لە پرۆژە یاسای پەروەردە و فێربوون.

## تەوەری شەشەم: پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن (بە ئەلیکترۆنیکردن) و میدیای پەروەردە و فێرکردن

### ١- بە دیجیتاڵکردن:

#### ا- دامەزراندن و بەکارخستنی سیستەمی e-Parwarda:

سیستەمێکی ئەلیکترۆنییە کە پێکهاتووە لە بەشەکانی زانیاری (فەرمانبەران و مامۆستایان، قوتابخانە، قوتابی و نمرەکانیان، کۆگا، مووچە، دەرکردە و وەرگرتە)، هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی حکومەت بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی کاروباری حکومەت (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیان، وەزارەتی پەروەردە دەستپێشخەر بووە لەم بوارەدا و بەردەوامە لە بەئەلیکترۆنی کردنی کاروباری وەزارەت. پرۆژەی بەستنەوەی قوتابخانەکان بە سیستەمی ئەلیکترۆنی (E-parwarda) ئەو پرۆژەیە کە وەزارەتی پەروەردە ئامانجیەتی تیایدا گشت قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان هەروەها قوتابخانەکانی ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەرانی سوری ببەستێتەوە بە سیستەمی E-parwarda. ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی وەزارەت و پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان و قوتابخانەکان جێبەجێ دەکرێت:

| ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|
| ٦٧١٠ | ١٦١,١٠٩ | ١,٧٦٧,٠٥٣ |

#### ب- پۆستی ئەلیکترۆنی:

لە ئێستادا تەواوی نووسراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەگاتە وەزارەت و پشت بە پۆستەی دەستی نابەسترێت، هەروەها لە پەروەردەی قەزاکانەوە نووسراوەکان بە ئەلیکترۆنی دەنێردرێن بۆ پەروەردە گشتییەکان، لەسەر ئاستی پەروەردە و قوتابخانەکانیش لە ئەمساڵدا لە پەروەردەی ڕەواندوز بەشێوەی تێست پۆستی ئەلیکترۆنی لەنێوان قوتابخانەکان و پەروەردەی قەزادا چۆتە بواری جێبەجێکردن لە ئایندەدا سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێم هەمان پلانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**ج- پلاتفۆڕمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی Ewane:**

پلاتفۆڕمێکی تایبەتە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دامەزرا بەمەبەستی دانەبڕانی قوتابیان لەپرۆسەی خوێندن، لەم پلاتفۆڕمەدا سەرجەم قوتابیان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان کۆدی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕی تایبەت بە خۆیان بۆ دروستکراوە، لەم پلاتفۆڕمەدا سەرجەم وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ داخڵکراوە بە زمانەکانی (کوردی- سۆرانی- بادینی، عەرەبی ، ئینگلیزی ، سریانی ، تورکمانی) بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی ، پیشەیی، خوێندنی ئیسلامی، پەیمانگەکان). بەشێکی تری ئەم پلاتفۆڕمە تایبەتە بە چاتکردن لەنێوان قوتابیان و مامۆستایان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابیان و ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان لەلایەن مامۆستایانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن ئەکاونت دروستکراوە، قوتابی دەتوانێت نامە بەشێوازی (نوسین، دەنگ، ڤیدیۆ) بۆ مامۆستاکانی بنێرێت، لەهەمان کاتدا ئەپلیکەیشنی ئۆفلاینیش هەیە کە دەتوانرێت قوتابیان بەبێ ئەنتەرنێت بینەری وانەکان بن.

**د- هەورەفێرگە:**

هەورەفێرگە، پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە کە لەلایەن چەند کەسێکی خۆبەخشی هەرێمی کوردستان دیزاینکراوە و دواتر بێ هیچ تێچوویەك ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە کراوە. هەورەفێرگە وەك پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاین یارمەتیدەری مامۆستایان و قوتابیانی هەرێمی کوردستان دەدات تا بتوانن بە کەمترین کات و ئاسانترین شێوە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بەردەست بێت و سوودی لێوەربگرن و قوتابیان دەتوانن جگە لە فێربوونی وانەکان پەرتووکی ئەلیکترۆنی هەروەها ڤیدیۆ بۆ هەر بەشێك لە هەر بابەتێك یاخوود وانەیەك بەکاربهێنن ، هەڵسەنگاندنیش بۆ خۆیان ئەنجام بدەن بۆ هەر بابەتێك کە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم بابەتە فێربوون. ئەم ئەپڵیکێشنە بۆ هەر سێ سیستەمی (IOS و Android و Windows) فەراهەمکراوە، هەروەها وانەی پیادەکاری بۆ مامۆستایان لەخۆدەگرێت.

**٢- میدیای پەروەردەیی و بڵاوکراوە:**

**ا- کەناڵی ئاسمانی پەروەردەیی:**

لەمانگی ٥ ی ٢٠٢٠ کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەییمان کرد بە کەناڵێکی ئاسمانی، بۆ ئەم پرۆژەیە ڕێکخراوی یونسێف تێچووەکەی گرتە ئەستۆ کە بڕی (٢٣٠,٠٠٠$) دوو سەد و سی هەزار دۆلار بوو، هەروەها بۆ ساڵی ئایندەش ڕێکخراوی ناوبراو بەڵێنی داوە بۆمان نوێ بکاتەوە و حکومەت مانگانە بودجەی تەشغیلی بۆ دابینکردووە.

### ب- کەناڵی لۆکاڵی پەروەردەیی دهۆک:

ئەم کەناڵە لۆکاڵییە پەروەردەییە تایبەتە بە شێوەزاری بادینی کە سەرجەم بابەت و وانەکان بەشێوەی ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە وەک پاڵپشتێک بۆ خوێندنی دوورەدەست (Distance - learning)، بەهەمان شێوە ڕێکخراوی یونسێف خەرجییەکانی گرتۆتە ئەستۆ و حکومەت مانگانە بودجەی تەشغیلیی بۆ دابینکردووە.

### ج- ڕادیۆی پەروەردەیی:

ئەم ڕادیۆیە پەروەردەییە، هۆشیاری پەروەردەیی و بابەتی جۆراوجۆر لەبواری پەروەردە و دەروونناسی و گەشەپێدان بڵاودەکاتەوە لە چوارچێوەی بەرنامە و بابەتی زانستی و پەروەردەیی، بەهەمان شێوە ڕێکخراوی یونسێف خەرجییەکانی گرتۆتە ئەستۆ، لەدوو مانگی داهاتوودا ئەم ڕادیۆیە دەست بە پەخش دەکات.

### د- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی هەولێر:

ئەم کەناڵە لۆکاڵییە پەروەردەییە کە بە هەماهەنگی ڕێکخراوی یونسکۆ دادەمەزرێت و لە چەند مانگی داهاتوو دەست بە پەخش دەکات. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم کەناڵە پاڵپشتە بۆ خوێندنی دوورە دەست (Distance – learning) و هەروەها تەواوکردنی بەشە وانەی ئاستەکانی تر بە زاراوەی سۆرانی چونکە یەك تەلەفزیۆن ناتوانێت گشت بابەتەکان پەخش بکات، هەر لەم کەناڵەدا زیاتر گرنگی بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت و زیاتر بابەتی زمانی ئینگلیزی پەخش دەکرێت کە ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ قوتابیان و مامۆستایان.

### هـ- پلاتفۆڕمی (Oznoz):

وەزارەتی پەروەردە وەك هەنگاوێکی تری خوێندنی دوورە دەست (Distance-Learning) بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف، لەگەڵ دەزگای (Oznoz) نێودەوڵەتی ڕێکەوتنێکی ئەنجامداوە بە مەبەستی وەرگێڕان و دۆبلاژکردنی گشت بابەتەکانی ئەم دەزگایە کە پێکهاتووە لە ئەفلام کارتۆنی پەروەردەیی بۆ زاراوەکانی بادینی و سۆرانی، تا ئێستا توانراوە نزیکەی (٥٠) ئەڵقەی ئەفلام کارتۆنی (١٠٠١ شەوە) وەربگێڕدرێتە سەر هەردوو زاراوەی سۆرانی و بادینی، لەگەڵ چەندین زنجیرەی بە سوودی تر کە لە پرۆسەدایە و دەتوانرێت گشت بابەتەکان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی پەروەردەیی پەخش بکرێت.

مەبەست لەم بەرهەمانە فێرکردن و ئاشناکردنی منداڵانی هەرێمی کوردستانە بە کارامەییەکانی ژیان لە ڕێگەی بابەتی تەرفیهی، هەر لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە بە نیازین ڕێکەوتن ئەنجام بدەین کە بابەتی ترمان بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئامادە بکەن بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە زمانی ئینگلیزی، هەروەها دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەو پرۆژەی کە لە بواری زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابخانەکان هەمانە. قوتابیان و منداڵانی هەرێمی کوردستان جگە لە سەیرکردنی ئەم بابەتانە لە ڕێگەی کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەتوانن گشت بابەتەکان لە ڕێگەی ئەم لینکەی خوارەوە سەیر بکە کە کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە بۆ سەر زاراوەکانی بادینی و سۆرانی و ئەکاونت بە شێوەیەکی خۆڕایی دروستبکەن.

**تێبینی:**

لەم لینکەی خوارەوە لەکاتی ئێستا تەنها ١٨ ڤیدیۆ دانراوە، لە چەند هەفتەی داهاتوو گشت ڤیدیۆکانی تر دادەنرێت.

https://video.oznoz.com/iraq?language=Sorani




**و- پێشنیارکردن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی بۆ دەچوواندنی گۆڤارێکی پەروەردەیی بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە زانستیەکان:**

بەمەبەستی برەودان بە ئاستی هەڵگرانی بروانامە باڵاکان و بۆ هەڵسەنگاندنی ئاست و توانایان هەروەها بۆ بەرەوپێشچوونی بواری توێژینەوەی زانستی ئەم هەنگاوەمان ناوە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ز - وەزارەت پەیجی فەرمی لە فەیسبووک و ئینستاگرام و ماڵپەڕی فەرمی وەزارەت و کەناڵی ڤایبەری وەزارەت و کەناڵی تایبەتی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە تێلیگرام و پەیجی فەرمی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە فەیسبووک هەیە و بەشێوەیەکی گشتی لە بەکارهێنانی (New media) کار بەشێوەیەکی کارا دەکرێت.

### ی- ژووری ئەلیکترۆنی:

بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە هاووڵاتی و پەروەردەکاران و بەخێوکار و کەسوکاری قوتابیان و کەمکردنەوە بەربەستەکان لەنێوان وەزارەت و خەڵکدا، وەزارەت ژوورێکی تایبەتی بەچەند هێڵێکی گەرمی دامەزراندووە، کە بەردەوام لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە خزمەت خەڵکدا بێت، ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیار و ڕایەکانیان وەربگیرێت و بەدواداچوونیان بۆ بکات بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکورییەکان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕازیکردنی هاووڵاتیان، بەمەش سیستەمی چاودێریکردن توندوتۆڵتر دەبێت و متمانەی خەڵکیش بە وەزارەت و حکومەت تۆکمەتر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە (١٤٦٦) هەزار و چوار سەد و شەست و شەش سکاڵا و پێشنیارمان بەدەست گەیشتووە و وەڵامی سەرجەمیان دراونەتەوە و مانگانەش ڕاپۆرت دەدرێت بە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەمجۆرە:

| جۆر | لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢١/٦/١٦ |
|---|---|
| سکاڵا | ١١١٨ |
| پێشنیار | ٧٠٤ |
| **کۆی گشتی** | **١٨٢٢** |

## تەوەری حەوتەم: مامۆستایانی (گرێبەست و وانەبێژان) و (مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا)

### ا- مامۆستایانی گرێبەست:

پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاردرا بەهەمیشەیی کردنی ٥٠٨٨ مامۆستای گرێبەست، دوای تەواوکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکان.

### ب- مامۆستایانی وانەبێژ:

سەرەڕای نەبوونی دەوام، جەنابی سەرۆک وەزیران بڕیاریدا بە خەرجکردنی شایستە داراییەکانیان بۆ مانگەکانی (٣ -٤ -٥ ی ٢٠٢٠) وێڕای ڕاگرتنی دەوام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە. هەروەها مانگەکانی (١٠و١١و٢٠٢٠/١٢) بەشێوەی پارەیەکی بڕاوە (مقطوعة) بۆ هەر مامۆستایەکی وانەبێژی دانەمەزراو بەپێی بڕوانامەکانیان بەمجۆرەیە:

| **دبلۆم** | ٢٥٠,٠٠٠ دینار |
|---|---|
| **بەکالۆریۆس و باڵاتر** | ٣٠٠,٠٠٠ دینار |

### ج- مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا:

پێشتر ڕێکخراوەکان پارەیان بۆ دابیندەکردن، بەڵام ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) تا ئێستاش بڕیویانە، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ و سەرجەم شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکانی ئاوارە سوورییەکانی خەرجکردووە بۆ مانگەکانی (١٠-١١-١٢ی ٢٠١٩) و مانگەکانی (١ و ٢ ی ٢٠٢٠) و مانگەکانی (١٠ ی ٢٠٢٠ هەتا ٦ ی ٢٠٢١).

## تەوەری هەشتەم: هەلی کار

بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان لە کوڕان و کچانی دەرچووی زانکۆکان، وەزارەتەکەمان ڕێنمایی پێویستی دەرکردووە بۆ دامودەزگاکانی پەروەردە لە کەرتی تایبەتدا کە نابێت ڕێژەی مامۆستایانی کەرتی گشتی (ئەوانەی میلاکی وەزارەتن) لەلایەن (٢٠%)ی میلاکیان ڕەت بکات، بەمەش هەلی زیاتر بۆ گەنجانی بێکار دەڕەخسێت. هەروەها فەرمانێکی وەزاریمان دەکردووە بۆ ئەوەی سەرجەم باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان پابەندبن بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەت تایبەت بەدانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێویست بەجۆرێک بۆ هەر (١٥٠) قوتابییەک ڕێنماییکارێک دابنرێت، بەپێی بەدواداچوونمان لەم بوارەدا هەلی کار بۆ سێ هەزار و دوو سەد و نەوەد و نۆ (٣٢٩٩) لە هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا و ماستەر و بەکالۆریۆس و دبلۆم و خوار ئەمان) لە مامۆستا و فەرمانبەر و ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە تێکڕایان دانمەزراون لەساڵی خوێندنی ڕابردووی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) ڕەخساوە. بەهۆی ئەو دوو بڕیارەمانەوە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) لە کۆتایی ساڵی خوێندن ئاماری نوێمان دەست دەکەوێت.

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر:**

| ژ | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی + فەرمانبەران بە بڕوانامەی دیکە | دبلۆم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵان | ٠ | ١ | ٦١ | ١٣ | ٠ | ٧٥ |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | ١ | ٠ | ٣٤٩ | ١٠٩ | ١٢ | ٤٧١ |
| ٣ | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | ٥ | ٥٧ | ٢٩٩ | ١٧٠ | ٣٢ | ٥٦٣ |
| ٤ | پەیمانگە | ٠ | ٠ | ٩٢ | ١٢٣ | ٠ | ٢١٥ |
| | **کۆی گشتی** | **٦** | **٥٨** | **٨٠١** | **٤١٥** | **٤٤** | **١٣٢٤** |

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی:**

| ژ | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵان | ٢ | ١٩٥ | ١٩ | ٧٨ | ٢٦ | ٣٢٠ |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | ١٦ | ٥٢٧ | ٤٦ | ٥٥ | ٩٨ | ٧٤٢ |
| ٣ | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | ٢ | ٤١ | ٦ | ٦ | ٠ | ٥٦ |
| ٤ | پەیمانگە | ١٣ | ١٢٠ | ١٤ | ٢٤ | ٣٣ | ٢٠٥ |
| | **کۆی گشتی** | **٣٣** | **٨٨٣** | **٨٥** | **١٦٣** | **١٥٧** | **١٣٢٣** |

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک**

| ژ | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵان | ٠ | ٠ | ٥٩ | ٤ | ١٢ | ٢١ | ٩٦ |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | ١ | ٣ | ١٢٢ | ٣ | ١٣ | ٧ | ١٤٩ |
| ٣ | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | ٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ١ | ٣ | ١٤ |
| ٤ | پەیمانگە | ١ | ١٤ | ١٣٧ | ٨ | ٢٩ | ١٨ | ٢٠٧ |
| | **کۆی گشتی** | **٢** | **١٧** | **٣٢٨** | **١٥** | **٥٥** | **٤٩** | **٤٦٦** |

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە:**

| ژ | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵان | ٠ | ٠ | ٦ | ٢ | ٥ | ١ | ١٤ |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | ٠ | ١ | ٩ | ١ | ٠ | ١ | ١٢ |
| ٣ | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤ | پەیمانگە | ٠ | ٠ | ٣ | ٠ | ١ | ١ | ٥ |
| | **کۆی گشتی** | **٠** | **١** | **١٨** | **٣** | **٦** | **٣** | **٣١** |

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:**

| ز | ناوی شوێن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵان | ٠ | ٠ | ٣٥ | ٥ | ١٠ | ٤ | ٥٤ |
| ٢ | قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی | ٠ | ٤ | ٥٣ | ٦ | ٣ | ٥ | ٧١ |
| ٣ | کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچە و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی) | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤ | پەیمانگە | ٠ | ٤ | ٢١ | ١ | ١ | ٣ | ٣٠ |
| | **کۆی گشتی** | **٠** | **٨** | **١٠٩** | **١٢** | **١٤** | **١٢** | **١٥٥** |

## تەوەری نۆیەم: چارەسەرکردنی وازهێنان لە خوێندن و گەڕانەوە بۆ فێربوون (Back to learning):

لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف، هەڵمەتی گەڕانەوەی بۆ قوتابخانەی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر وەك پرۆژەیەکی ئەزموونی (pilot) دەستپێکرد. ئامانج لە پرۆژەکە دەستنیشانکردن و دواتر گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاون یاخود هەر نەچوونەتە بەر خوێندن. سەرەتا دەستکرا بە دانانی داتابەیسێك بەناونیشانی (www.backtolearning.com) بە هەرسێ زمانی کوردی (سۆرانی و بادینی)، عەرەبی و ئینگلیزی بۆ ئەوەی ستافی مەیدانی لە کاتی گەڕان بەدوای منداڵان بتوانن زانیارییەکان ڕاستەوخۆ داخلی نێو ئەم داتابەیسە بکەن. لە هەنگاوی دووەمیشدا - دەستکرا  بە ڕاهێنانی تیمی مەیدانی لەلایەن ستافی ڕێکخراوی یونسێف.

وەك پلانێکی کورت خایەن بە مەبەستی تێستکردنی ئەم پرۆژەیە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو بڕیاریاندا کە ( ١٠٠٠) منداڵ بە گوێرەی بودجە و سەرچاوەی مرۆیی بەردەست لە سەنتەر و دەوروبەری شاری هەولێر بگەڕێندرێتەوە قوتابخانە، لە کۆتاییدا پرۆژەکە کە بە سەرکەوتووی ئەنجامدراو توانرا (١٠٠٣) هەزار و سێ منداڵ بگەڕێندرێتەوە بۆ قوتابخانە:

| ز | شوێن | ژ.منداڵی گەڕاوە |
|---|---|---|
| ١ | بنەسڵاوە | ٢٣٤ |
| ٢ | خەبات | ٢٢١ |
| ٣ | قوشتەپە | ٢١٣ |
| ٤ | دارەتوو | ٢١١ |
| ٥ | بەحرکە | ١٢٤ |
| | **کۆی گشتی** | ١٠٠٣ |

لەم ساڵی خوێندنەدا (٢٠٢٠-٢٠٢١) دووبارە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوانی یونسێف، یونسکۆ، ئینتەرسۆرس، دەزگای خێرخوازی بارزانی و ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کەمپینی (گەڕانەوە بۆ فێربوون) لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك لە ٢٠٢٠/١٠/٢٥ ڕاگەیاند. لەم پڕۆژەیەدا کە دوو مانگی خایاند توانرا زیاتر لە (٨٤٠٢) قوتابی بگەڕێندرێتەوە بە خوێندن و ناویان لە قوتابخانەکان تۆمار بکرێت و دواتر هەژماریان لە پلاتفۆرمی فێربوونی فەرمی وەزارەتی پەروەردە (Ewane) بۆ دروستبکرێت. هەروەها زیاتر لە (٢٠٧٦٥) کەسیش دەستنیشان بکرێت کە لە دەرەوەی قوتابخانەن بۆ ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو ئەوانەی کە دەستنیشانکراون بنە تیشکۆی (ترکیزی) وەزارەت و هەوڵبدرێت بگەڕێێندرێنەوە بەرخوێندن. پڕۆژەکە بۆ ئەمساڵی خوێندن ناونرا گەڕانەوە بۆ فێربوون نەك گەڕانەوە بۆ قوتابخانە چونکە لای وەزارەتی پەروەردە و هەروەها زۆربەی ڕێکخراوە جیهانییەکان قوتابخانە ئامرازە و خوێندن و فێربوون ئامانجە (هدف).

| ژ | پارێزگا | ژمارەی ئەو منداڵانەی بڕیارە بگەڕێنەوە بەر خوێندن | ژمارەی ئەو منداڵانەی دەستنیشانکراون کە لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندندان | ژمارەی ئەو منداڵانەی لە خوێندنی فەرمی (قوتابخانەکان) وەرگیراون | ژمارەی ئەو منداڵانەی لە خوێندنی نافەرمی (سەنتەرەکان) وەرگیراون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣٣٦٠ | ٥٦٦٣ | ٢٣٣٨ | ٠ |
| ٢ | دهۆك | ٦٣٦٠ | ٧٣٨٧ | ٣٣٢٢ | ١٢ |
| ٣ | سلێمانی | ٣٣٦٠ | ٤٨٣٤ | ٢٥٢٦ | ٤٠ |
| ٤ | کەرکوك | ٢٥٢٠ | ٢٨٨١ | ١٦٢ | ٢ |
| | **سەرجەم** | **١٥٦٠٠** | **٢٠٧٦٥** | **٨٣٤٨** | **٥٤** |

## تەوەری دەیەم: خولەکانی ڕاهێنان

لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢٠/٢/١٥ وەزارەتی پەروەردە دەستیکرد بە ئەنجامدانی (٩٦) خولی مەشق و ڕاهێنانی جیاجیا بۆ (١٦٧٥٨) مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و فەرمانبەر لە بواری ڕێگاکانی وانە وتنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان بە مەبەستی باشتر کردنی تواناکانیان، بەڵام لەگەڵ هاتنی کۆرۆنا خولەکان ڕاوەستێندران پلانمان هەیە لەبواری ڕاهێنان بە ئۆنلاین.

## تەوەری یانزەهەم: دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی باخچە و قوتابخانەکان

لە ١٥ی ٧ی ٢٠١٩ ەوە چەندین بینای قوتابخانە و باخچەی منداڵان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دروستکراون و نۆژەنکراونەتەوە، سەرچاوەی تەمویلی ئەو پڕۆژانە هەندێکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و هەندێکی دیکەیان لەلایەن ڕێکخراوەکان و کەسانی خێرخواز و وەبەرهێنەران بووە، بەمجۆرە:

**" ئاماری دروستکردنی باخچەکانی منداڵان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢١/٦/١٦"**

| ژ | شوێن | ژ.باخچەی دروستکراو | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| ١ | هەولێر | ١ | ١ | - | - | - |
| ٢ | سلێمانی | ٣ | - | - | ٣ | - |
| ٣ | دهۆک | - | - | - | - | - |
| ٤ | هەڵەبجە | - | - | - | - | - |
| ٥ | گەرمیان | ١ | - | - | - | ١ |
| | **کۆ** | **٥** | **١** | **-** | **٣** | **١** |

**" ئاماری دروستکردنی قوتابخانەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢١/٦/١٦ "**

| ژ | شوێن | ژ.قوتابخانەی دروستکراو | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| ١ | هەولێر | ١٦ | ٦ | ٢ | ٢ | ٦ |
| ٢ | سلێمانی | ٧ | ٢ | - | ٤ | ١ |
| ٣ | دهۆک | ٧ | ٣ | ٣ | - | ١ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٤ | ٢ | - | - | ٢ |
| ٥ | گەرمیان | ٤ | ٤ | - | - | - |
| | **کۆی گشتی** | **٣٨** | **١٧** | **٥** | **٦** | **١٠** |

**ئاماری نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەشێوەی گشتگیر و بەشی (جزئی) لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢١/٦/١٦ "**

| ژ | شوێن | ژ.قوتابخانەی نۆژەنکراو | | لایەنی دابینکەری بودجە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | گشتگیر | بەشی (جزئی) | حکومەتی هەرێم | ڕێکخراوەکان | وەبەرهێنەر | خێرخواز |
| ١ | هەولێر | ٧ | ٣٤ | ٧ | ١١ | - | ٢٣ |
| ٢ | سلێمانی | ١١ | ١٩٦ | ١٨٧ | ٦ | - | ١٤ |
| ٣ | دهۆک | ٧٣ | ١٢١ | ٧٦ | ١٠٤ | - | ١٤ |
| ٤ | هەڵەبجە | - | - | - | - | - | - |
| ٥ | گەرمیان | ٢ | ٣ | ١ | ١ | - | ٣ |
| | **کۆ** | **٩٣** | **٣٥٤** | **٢٧١** | **١٢٢** | **-** | **٥٤** |
| | **کۆی گشتی** | **٤٤٧** | | | | | |

هەروەها وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی فیدراڵ بەنیازن (١٠٠٠) هەزار باڵەخانەی قوتابخانە لەچوارچێوەی یاداشتی عێراقی چینی دروستبكەن لەسەرجەم پارێزگاكانی عێراقدا، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراوی فەرمی داوای پشكی پارێزگاكانی هەرێممان كردووە كە (١٥٠) سەد و پەنجا باڵەخانەی قوتابخانە دروست بكرێت لەسەرجەم پارێزگاكانی كوردستان.

## تەوەری دوانزەهەم: دابینكردنی پێداویستی قوتابخانەكان لە كابینەی نۆیەمدا

١- كڕینی (٦٥,٠٠٠) شەست و پێنج هەزار مێز (رەحلە) لە قۆناغی تەندەریندایە لە پارێزگاكان.

٢- تەرخانكردنی بڕی (١,٥٥٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سەد و پەنجا ملیۆن دینار لە پێداویستی قوتابخانەكان لە قۆناغی تەندەریندایە.

٣- خەرجكردنی (٦,٠٠٠,٠٠٠$) شەش ملیۆن دۆلار بۆ دابینكردنی نەوت بۆ قوتابخانەكان.

٤- خەرجكردنی بڕی (٦٠,٠٦٠,٠٠٠)، شەست ملیۆن و شەست هەزار دینار، بۆ قوتابیانی شەنگال، بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیكردنەوە گشتییەكانی قوتابیانی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی، بۆ خولی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠).

٥- خەرجكردنی (٥٤٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد و چل ملیۆن دینار بۆ پێداویستی خۆپارێزی قوتابخانەكان.

٦- خەرجكردنی (٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد و شەست ملیۆن دینار بۆ پەروەردەی كەركوك.

٧- لەلایەن بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیران بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیار دینار بۆ قوتابخانەكان دابینكرا بەمەبەستی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن.

٨- بودجەی تاقیكردنەوەكانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠).

| ژ | بابەت | بڕی پارەی خەرجكراو |
|---|---|---|
| ١ | خەرجی ئامادەسازی (لیژنەی باڵا + كۆنترۆڵەكان)+خەرجی تاقیكردنەوەی بەرایی | ٦٨٣,٧٥٨,٢٦٠ |
| ٢ | خەرجی پێداویستییەكان | ٣٨٦,٧٠٠,٠٠٠ |
| ٣ | خەرجی بەڕێوەبردنی ئەزموونە گشتییەكان (چاودێرانی هۆڵ) | ٣,٩١٠,٥٥٤,٥٠٠ |
| | **كۆی گشتی بە دینار** | **٤,٩٦٣,٠١٢,٧٦٠** |

٩- ڕێكخراوەكان و كونسوڵخانەكان و كۆمپانیاكان هاوكاری وەزارەتی پەروەردەیان كردووە لە سەردەمی كۆرۆنادا بە بەخشینی ماسك و مەوادی پاكژكردنەوە و ئامێری گەرمی پێو بەمجۆرە:

أ- (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار ماسكیان بەخشیە وەزارەتی پەروەردە، ئێمەش دابەشی سەر قوتابخانەكانمان كرد بە مەبەستی پەیڕەوكردنی ڕێكارە خۆپارێزییەكان.

ب- (٤٥٦٥) چوار هەزار و پێنج سەد و شەست و پێنج ئامێری گەرمی پێو.

ج- (٣٦٥,٠٠٠) سێ سەد و شەست و پێنج هەزار دەستکێش (دەستەوانە).

د- (١٦,٣٠٠) شانزە هەزار و سێ سەد سابون.

١٠- کۆمپانیای کار (٩٠٠٠) نۆ هەزار مێزی دابینکرد و دابەشی سەر قوتابخانەکان کرا.

١١- وەزیری پەروەردە (٢٣) سپلێتی بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان دابین کرد.

١٢- کۆمپانیای خۆشناو (١١٠) موبەڕیدەی چوار تەن و نیوی بۆ قوتابخانەکان دابین کرد.

١٣- کۆمپانیای خۆشناو (٤) چوار سمارت بۆردی بۆ قوتابخانەکان دابین کردن.

١٤- (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار ماسک لەلایەن پەیمانگەی ڕووناکی ناحکومی دابین کرا.

١٥- قوتابخانە ناحکومییەکان چەندین قوتابخانەیان نۆژەن کردۆتەوە و پێداویستیان بۆ دابین کردوون.

# وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن

١- **پڕۆژەکان کە تەواوبوون:** لە خشتەی یەکەم ڕوونکراوەتەوە.

٢- **پڕۆژەکان کە چوونەتە بواری جێبەجێکردن لە ساڵی دووەمی کابینەی نۆیەم:** لە خشتەی دووەم ڕوونکراوەتەوە.

٣- **ئەو پڕۆژانەی کە لە ئێستادا لە قۆناغی ئەنجامدانن:** لە خشتەی سێیەم ڕوونکراوەتەوە.

**٤- ڕێکار و چالاکییەکان کە تەواو بوونە:**

أ- وەرگرتنی بڕوانامەی ISO لە بەڕێوەبردنی کار بۆ دیوانی وەزارەت .

ب- جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی وەزارەت لە هەرێمدا کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی (٤٢،٦٦٩،٠٠٠) ملیۆن دینار مانگانە کە چاکسازی مووچەی ٣٤٦ فەرمانبەر بووە .

**٥- ئەو چالاکییانەی کاری تێدا دەکرێ:**

أ- پڕۆژە یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان (وەک یاسایەکی نوێ ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە) .

ب- کاراکردنی ماستەرپلانی ڕێگاوبانی هەرێمی کوردستان (ئامێرەکان کارا کراونەتەوە و بەرنامەکانی کاریان تێدا دەکرێت).

ج- دانانی پەیڕەوی سندوقی پاڵپشتی ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی بودجە بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان لە سەرتاسەری هەرێمدا.

## یەکەم : ئەو پرۆژانەی کە لە ٢٠٢٠/٧/١ تا ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٠ لە ســاڵی دووەمی کابینەی نۆیەم تەواوبوون یان ئەنجام دراون

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **هەولێر** | | | | | |
| ١ | ١٨-١١-٠٠٠٢ | دروستکردنی ڕێگای (هەولێر-گۆپاڵ) Lot ٢ (٣ &بە درێژی (٣٨) کم. | هەولێر | خەبات | ٢٠٣,٣٣٨ | ک.هێمن گروپ | وەبەرهێنان |
| ٢ | ٥٠٥٤ | قیـرتـاوکـردنـی شــەقـامـی ســەرەکـی لە (کەورگـۆســـک) بە دریـژی (٥٠٠)م لەگەڵ شەقامێکی ناوەخۆیی بە درێژی (٤٠٠)م. | هەولێر | خەبات | ٥٢ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٣ | ٧٠٧٦ | تێکەڵە ڕێژکردن و قیرتاوکردنی گۆڕەپانێک لە نەخۆشخانەی ئیماراتی تایبەت بە کۆرۆنا | هەولێر | ناوەندی هەولێر | ١٥ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٤ | ١٠-١١-٠٠٠٨ | دروسـتکردنی ڕێگاو تونێلی (سـەلاحەددین-کۆڕێ) بە درێژی (٨,٨٢٢)کم (٦,٣٧٢ کم ڕێگا + ٢,٤٥٠ کم تونێل). | هەولێر | شەقڵاوە | ١٨٩,٨٠٥ | ILCIك . | وەبەرهێنان |
| ٥ | ٧٠٧٩ | چـاککردنەوەو قیرتـاوکردنی ڕێگـای گونـدی (مورتکەی گەورە) بە درێژی (١,١)کم | هەولێر | دەشتی هەولێر | ١٠٩ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٦ | | چاککردنـەوەو قیرتـاوکردنی ڕێگـای بازگـەی ئەشکەفتە -گۆڕەتوو بەدرێژی ١٠کم لەناحیەی گۆڕەتوو قەزای مێرگەسۆر | هەولێر | مێرگەسۆر | ٤٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٧ | | چـاککردنـەوەو قیرتـاوکردنی ڕێگـای پێش وێســـتگەی کێشـــی خەبات بەدرێژی ٥٠٠ و ڕێگای نێوان (خەبات - صفەیە- گوێر) | هەولێر | خەبات | ٦٤ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٨ | | چاککردنەوە پردی ئاسنی جۆری ینوفیرسال بەدرێژی (٧٧,٥م) لە ڕێگای (سۆران - ڕەواندوز - چۆمان). | هەولێر | سۆران | ٢٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٩ | | چاککردنەوەی پردی خەلان بەدریژی (٩٣,٥م) لەسەر ڕێگای (سپیلك - خەلان -ڕێزان). | هەولێر | سۆران | ١٩ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٠ | | چـاککردنـەوەی پردی ئـاســـنی بـەرســـیرین بەدرێژی (٣٧م) وپردی ئاسنی حافیز بەدرێژی (٣٤م) لەقەزای ڕەواندوز. | هەولێر | ڕەواندز | ٢٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١١ | | چاککردنەوەی پردی ئاسـنی مەزنێ بەدرێژی (٣٧م) لەناحیە مەزنێ/ قەزای مێرگەسور. | هەولێر | مێرگەسۆر | ١٦ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٢ | | چاککردنەوەی خێرا بۆچەند شوێنکی جیاجیا لە ڕێگای ســـەرەکی (مورتکە-بیســـتانە - دێگەڵە) ٤٠کم | هەولێر | | ٦٢ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٣ | | تێکـەڵـەڕێژ کردنی و قیرتـاوکردنی گونـدی ســـپـیـنـداره بـەدریـژی (٢٠٠م) لـە قـەزای مێرگەسور. | هەولێر | مێرگەسۆر | ٢٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٤ | | دروســتکردن و تێکەڵەڕێژ کردنی ڕێگـای بارەگای هێزی پاراســتنی ژینگەی گۆرەشـێر ١,٣کم لە ناحیەی سەلاحەدین. | هەولێر | شەقڵاوە | ٢٦ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **١٥** | | دروست کردنی ئاوبرێکی صندوقی ٢*٢ سێ چاوە لە گوندی ڕکاوە. | هەولێر | شەقڵاوە | ٢٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **١٦** | | دانانی دیوار بەسەبەتەی ئاسنی گابیۆن لە گوندی پیرەسال. | هەولێر | مێرگەسۆر | ٦٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **١٧** | | دانانی گابیۆن وەك دیواری پاڵپشت لە ڕێگای گەلی ئەشکەوتە. | هەولێر | مێرگەسۆر | ٣٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **١٨** | | تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای شێخ مەمودیان - زینەتیر. | هەولێر | شەقڵاوە | ٢٤ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **١٩** | | دروست کردنی ئاوبەری لوولەیی لە گوندی کانی سور. | هەولێر | کۆیە | ٦ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **٢٠** | | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی مورتکەی گەورە. | هەولێر | دەشتی هەولێر | ١٠٩ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **٢١** | | دیواری پاڵپشت لەسەر ڕێگای هاملتۆن - سمیلان. | هەولێر | چۆمان | ٣٥ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| **٢٢** | | دروست کردنی ئاوبارەی لوولەیی لە گوندی ناسراغا. | هەولێر | کۆیە | ٤ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٣** | | چاککردنەوەی ڕێگای (کۆیە - ئاشتی) قۆناغی دووەم. | هەولێر | کۆیە | ٢٦٧ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٤** | | چاککردنەوەی ڕێگای (کۆیە - ئاشتی) قۆناغی یەکەم. | هەولێر | کۆیە | ٢٧٦ | نیڤرۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٥** | | چاککردنەوەی ڕێگای (داوداوا - کەلکەسماق). | هەولێر | کۆیە | ٢٦٧ | نیڤرۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٦** | | چاککردنەوەی ڕێگای (هیزۆپ - سکتان). | هەولێر | کۆیە | ٢٦٧ | نیڤرۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٧** | | دروستکردنی پردێك لەسەر ڕێگای سماقوڵی. | هەولێر | کۆیە | ١٤٢ | راستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| **٢٨** | ١٩-١١-٠٠٥٧ | پڕۆژەی ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکانی ١٤٤ شوقەی نیشتەجێ لە سۆران ( قۆناغی یەکەم -ئاو و ئاوەڕۆ). | هەولێر | سۆران | ٣١٠ | خالی زێرین | وەبەرهێنان |
| **کۆی بەشی هەولێر/ ملیار** | | | | | **٣٩٥,٤٥٣** | | |

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **سلێمانی** | | | | | |
| ١ | | چاککردنەوەی پردی قەڵا تۆپزان. | سلێمانی | گەرمیان | ٤٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢ | | چاککردنەوەی قیری ڕێگای وارماوا-دەربەندیخان. | سلێمانی | دەربەندیخان | ٧٣٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٣ | | کۆنکریت کردنی ڕێگای گوندی مڕانە. | سلێمانی | شارباژێڕ | ٨٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٤ | | چاککردنەوەی قیری ڕێگای امام عباس-علیاوا | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٤١ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٥ | | چاکسازی ڕێگای قیری کانی شەیتان-ئاغجەلەر | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٣١٢ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٦ | | چاککردنەوەی گاردرێلی ڕێگای تانجەرۆ - عەربەت - سید صادق | سلێمانی | سیدصادق | ٤٥ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٧ | | دروست کردنی دیواری گابیۆن و ئاوبارە بۆ ڕێگای گوندی تەنگی سەر | سلێمانی | قەرەداغ | ٤٩ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٨ | | دروست کردنی قەسیس بۆ ڕێگای گوندی باڵاجۆ | سلێمانی | بازیان | ٢٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٩ | | چاککردن و پاککردنەوەی dring pipe بۆ یەك لای تونێلی پێشرەو. | سلێمانی | سلێمانی | ٧ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٠ | | دانانی گاردرێل بۆ لوفەکانی تابین لەسەر ڕێگای دوکان - تاسلۆجە. | سلێمانی | دوکان | ٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١١ | | چاککردنەوەی دیواری کەسارەی بەڕێوەبەرایەتیمان. | سلێمانی | سلێمانی | ١١ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٢ | | چاککردنەوەی ڕێگای قیری ماوەت -ئاوەکورتێ – شاناخسێ. | سلێمانی | ماوەت | ٩٣٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٣ | | چاککردنەوەی قیری ڕێگای دوکان - کانی وەتمان/ قۆناغی دووەم. | سلێمانی | دوکان | ٩٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٤ | | چاککردنی ڕێگای قیری دوکان - کانی وەتمان قۆناغی ٣. | سلێمانی | دوکان | ٩٣٠ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٥ | | دانانی گاردرێل بۆ ڕێگایەك لە گەڕەکی وەراوەر لە شارۆچکەی تەوێڵە. | سلێمانی | قەزای ن. هەڵەبجە | ٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٦ | | چاککردنەوەی گاردرێلی ڕێگای بانی مەقان - تاسلۆجە قۆناغی دووەم. | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٣٨ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٧ | | چاککردنەوەی چاڵ و چۆڵیەکانی عەربەت – وارماوا. | سلێمانی | سیدصادق | ٩٩٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٨ | | چاککردنەوەی گاردرێلی ڕێگای بانی مەقان - تاسلۆجە قۆناغی یەکەم. | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٣٢ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ١٩ | | چاککردنەوەی ڕێگای قیری سلێمانی - عەربەت سایدی ڕۆشتن لەسلێمانیەوە بۆ عەربەت/ قۆناغی یەکەم. | سلێمانی | سلێمانی | ٦,٠٠٠ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٢٠ | | چاککردنی ڕێگای قیری وارماوا-دەربەندیخان. | سلێمانی | دەربەندیخان | ٧٥٩ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٢١ | | پرۆژەی چاککردنی خێرای پردی قەرەگۆل لەسەر ڕێگای گشتی دەربەندیخان – سلێمانی. | سلێمانی | دەربەندیخان | ٢٢ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٢٢ | | کڕینی دوو هەزار پۆستی گاردرێل جۆری (١٠٠*١٥٠*١٨٠٠ملم). | سلێمانی | سلێمانی | ٩٢ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۲۳ | | دروست کردنی ئاوبارەی صندوقی دوو چاوی (۳*۲,۵م) وە چاککردنەوەی ڕێگا بۆ گوندی یەخی ماڵی. | سلێمانی | سیدصادق | ۲۷۱ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۲٤ | | قیرتاوکردنی ڕێگای تانجەرۆ - قەرەداغ. | سلێمانی | قەرەداغ | ۷۵ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۲٥ | | ڕاکێشانی بۆری پۆلی ئەسیلینو دروست کردنی مەنهۆڵێك لە ئەزمەر/ تونێلی پێشرەو | سلێمانی | سلێمانی | ۱۸ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۲٦ | | چاککردن و دروست کردنی بەشێك لەڕێگای گۆپتەپە -قەرەناو قۆناغی یەکەم. | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۲,۷٦۹ | کۆمپانیای ئاژوان | وەبەرهێنان |
| ۲۷ | | چاککردنەوەی ڕێگای تاسلوجە-تەکیە-چەمچەماڵ. | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٤,٦۳٦ | کۆمپانیای ساکۆ | وەبەرهێنان |
| ۲۸ | | چاککردنەوەی گاردرێڵ بۆ ڕێگای تاسلوجە-دوکان. | سلێمانی | دوکان | ۲۳ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۲۹ | | چاککردنەوەی قیری ڕێگای چوارتا - زەڵان. | سلێمانی | چوارتا | ٦۹ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳۰ | | دانانی گاردرێل بۆ لۆفەکان و پاراستنی تاوەرەکانی گڵە زەردە وە بەشێك لەڕێگای ڕانیە چوارقورنە. | سلێمانی | ڕانیە | ۳۹ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۳۱ | | ڕێگای قیری بازگەی سیتەك -چوارتا قۆناغی۲. | سلێمانی | چوارتا | ۹۸ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳۲ | | چاککردنەوەی ڕێگای ئاوایی شێخ مصطفى - قەڵاقایمز. | سلێمانی | قەرەداغ | ۱۰۳ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۳۳ | | دروست کردنی ئاوبارەی صندوقی بۆ ڕێگای گوندی قاینەجە. | سلێمانی | سیدصادق | ۳٤ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۳٤ | | چاککردنەوەی قیری ڕێگای سید صادق- هەڵەبجەی تازە- وارماوا. | سلێمانی | سیدصادق | ۷۹ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ۳٥ | | نۆژەنکردنەوەی هۆڵی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی سلێمانی. | سلێمانی | | ۲ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳٦ | | پێداویستی ژووری دەرخستەی بەڕێوەبەرایەتیمان. | سلێمانی | | ۱ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳۷ | | پێداویستی ژووری ئەندازیارانی بەڕێوەبەرایەتیمان. | سلێمانی | | ٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳۸ | | چاککردنی ڕێگای قیری دوکان - کانی وەتمان قۆناغی ۳. | سلێمانی | دوکان | ۹۳۰ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ۳۹ | | دانانی گاردریل بۆ ڕێگای گڵەزەردە لە ناحیەی تانجەرۆ. | سلێمانی | تانجەرۆ | ۳۹ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٤۰ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ئەڵا قوڵی . | سلێمانی | سلێمانی | ۲۰ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۱ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (هەنجیرەی بازیان) . | سلێمانی | بازیان | ٦.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۲ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (باڵچوغ - کانی پان) | سلێمانی | سلێمانی | ۹ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۳ | | گاوانی | سلێمانی | سلێمانی | ۹ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤٤ | | تێکەڵە ڕێکردنی ڕێگای گوندی ( کەڵەشێرە ) / قۆناغی یەکەم . | سلێمانی | سورداش | ۲۱ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤٥ | | تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (شێخ اولا) | سلێمانی | سلێمانی | ۱٤ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤٦ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (میرەیی حەوزەوار) | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۱٥.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۷ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( ژاڵەی ڕەبات ). | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۹.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۸ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( ژاڵەی ڕەبات ). | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۲۰ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٤۹ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( قایتەوەنی بچوك) . | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۱۰ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥۰ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( توتەقەل) . | سلێمانی | چەمچەماڵ | ۱۷.٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥۱ | | چاککردنی سێ شوێنی پرد لە سەروا میراو | سلێمانی | ماوەت | ۱۲ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٢ | | چاککردنی ڕێگاکی گوندی ( مەرۆی - پێشوان). | سلێمانی | ماوەت | ٧.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٣ | | چاککردنی ڕێگای ناو گوندی شیوەقوڵ . | سلێمانی | قەرەداغ | ٧.٨ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٤ | | چارخ . | سلێمانی | پێنجوێن | ٨.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٥ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( وینە ). | سلێمانی | پێنجوێن | ٨ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٦ | | چاککردنی ڕێگای سەرەکی گوندی ( زیبە ). | سلێمانی | شاربازێڕ | ١٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٧ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( زاخی ) . | سلێمانی | شاربازێڕ | ١٤.٨ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٨ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( قازی ئاوا ) | سلێمانی | شاربازێڕ | ١١.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٥٩ | | چاککردن ونۆژەنکردنەوەی ڕێگای گوندی (توتکان) . | سلێمانی | شاربازێڕ | ٨.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٠ | | چاککردنی ڕێگای سەرەکی گوندی (مێشولان). | سلێمانی | شاربازێڕ | ٧.٣ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦١ | | چاککردنی ڕێگای ناو گوندی (کانی خان ) . | سلێمانی | دوکان | ١٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٢ | | چاککردنی ڕێگای ڕەزوو باخەکانی گوندی (کلکە سماق) . | سلێمانی | دوکان | ١١.٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٣ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (دڕۆزنەی گەورە). | سلێمانی | گەرمیان | ٣٠.٨ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٤ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (گۆمەیی). | سلێمانی | گەرمیان | ٢١ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٥ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (هەزار کانی). | سلێمانی | گەرمیان | ٨٥ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٦٦ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (رەمەزان شەشە ) | سلێمانی | گەرمیان | ٢٩.٦ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٧ | | چاککردنی تێکەڵەی ڕێگای(هەرەسی ڕێگای چرچەقەڵا- زەردەلیکاو – قەلا- گوڵم کەوە- تەپەگەروس- تیلەکۆی قەلەندەر- براوەگەل لە دەربندیخان- سەنگاو . | سلێمانی | گەرمیان | ٢٥ | ڕاستەوخۆ | ئاسایی |
| ٦٨ | ٢٠-١١-٠٠٠٥ | چاککردنەوەی بەشێک لە ڕێگای گوندی(خان رؤوف ئاغا) کە لە ئێستادا زۆر تێک چووە . | سلێمانی | هەڵەبجە | ٤١ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | وەبەرهێنان |
| ٦٩ | ٢٠-١١-٠٠٠٦ | چاککردنی پێویست و بە پەلەی ڕێگای گوندی باوەکر. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٧٧ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | وەبەرهێنان |
| ٧٠ | ٢٠-١١-٠٠٠٨ | چاککردنی ڕێگای (گوڵپ - باخەکۆن) بەدرێژی ٤,٦٠کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٤٨ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | وەبەرهێنان |
| ٧١ | ٢٠-١١-٠٠٠٩ | چاککردنی ڕێگای ( هەڵەبجە- خەریان- خار گێلان) بەدرێژی ١٤,٣٠٠کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٣٢ | ڕاستەوخۆ | وەبەرهێنان |
| ٧٢ | ٢٠-١١-٠٠١١ | دروستکردنی جۆگەی لاتەنیشت (ساقیە) بۆ ڕێگای ( تەوێڵە- سەیرانگای ئاوێسەر) بە درێژی ٢ کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ١٨٢ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | وەبەرهێنان |
| ٧٣ | ٢٠-١١-٠٠١٣ | دروستکردنی دیواری ڕاگری تلەوەریٚ بە درێژی ٤٠ م . | سلێمانی | هەڵەبجە | ٢٩ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | وەبەرهێنان |
| ٧٤ | ١٣-١١-٠٠٨٨ | چاککردنی ڕێگای مەرزی شوشمێ بەدرێژی ١,٦ کم . | ڕاپەڕین | ڕانیە | ١٤٣٠٦ | شارستێن | وەبەرهێنان |
| ٧٥ | ١٣-١١-٠٠٨٤ | چاککردنی ڕێگای گوندی ئیمامی زامن بەدرێژی ١,٥ کم . | ڕاپەڕین | ڕانیە | ١٠٣٠٠ | خاکی عفرین | وەبەرهێنان |
| ٧٦ | ١٩-١١-٠٠٤٧ | دروستکردنی سایدی دوهەمی ڕێگای دەربەندی ڕانیە - ژاراوە (قۆناغی یەکەم) ٥کم. | سلێمانی | دوکان | ١٣٢٩ | شارستێن | وەبەرهێنان |
| ٧٧ | ١٩-١١-٠٠٥٠ | دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای حاجیاوا - سەروچاوە قۆناغی یەکەم /٤کم. | ڕاپەڕین | ڕانیە | ٥٧٤ | ئامانج | وەبەرهێنان |
| ٧٨ | ١٩-١١-٠٠٥١ | نۆژەنکردنەوەی ڕێگای قیری (دوکان-چوار قورنە). | سلێمانی | سیتەک | ٧٣١ | ئۆڤیلیا | وەبەرهێنان |
| ٧٩ | ١٩-١١-٠٠٤٥ | نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای دوو سایدی (ڕانیە -دەربەندی ڕانیە). | سلێمانی | سیتەک | ٣٣٦ | اعمار رۆکان | وەبەرهێنان |
| **کۆی بەشی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەرین/ ملیار** | | | | | **٤٨,٩٠٩** | | |

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گۆژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | | | | | | | |
| ١ | | سەخبێرکرنا ڕێکا (سێمێل -ئالوکا). | دهۆک | سێمێل | ٧٣ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢ | | سەخبێرکرنا ڕێکا (مەهت - پیربوب) هاتن ٧ کم | دهۆک | شێخان | ١٣١ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٣ | | سەخبێرکرنا ڕێکا (پیربوب-چرە)چون ٥کم. | دهۆک | شێخان | ١٣٠ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٤ | | سەخبێرکرنا ڕێکا (سێمێل -ئالوکا) هاتن وچون ٧,٥کم. | دهۆک | سێمێل | ٢٢٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٥ | | سەخبێرکرنا قەنتەر ودیوارێ پاڵپشت لسەر ڕێکا گوندێ کەویلان. | دهۆک | بەردەڕەش | ١٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٦ | | سەخبێرکرنا ڕێك وگورەپانا ویستگەها باچیکا. | دهۆک | زاخۆ | ٣٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٧ | | سەخبێرکرنا قەنتەر لسەر ڕێکا گوندێ نیرکزین ل ئاکرێ. | دهۆک | بەردەڕەش | ٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٨ | | سەخبیرکرنا جادا سەرکی بەدریك-الوکا هاتن وچوون. | دهۆک | سێمێل | ٩٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٩ | | سەخبیرکرنا ڕێکا چرە-روڤیا -مهت ٢٤,٩ کم. | دهۆک | شێخان | ٨٩ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٠ | | سەخبیرکرنا ڕێکا سەرەکی روڤیا- بەردەڕەش- کەلەك ٤٥ کم. | دهۆک | بەردەڕەش | ٩٣ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١١ | | سەخبیرکرنا ڕێکا کورکا - سەردەریا . | دهۆک | بەردەڕەش | ٥٥ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٢ | | سەخبیرکرنا ریکا بابلو-دوریانا نورالدین ئافا . | دهۆک | دهۆک | ٨٥ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٣ | | کرینا قیری شل. | دهۆک | دهۆک | ٩٩ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٤ | | سەخبیرکرنا ڕێکا گوندێ (گربدو کەڤن) ٠,٣٥ کم. | دهۆک | بەردەڕەش | ٨١ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٥ | | چێکرنا (تحویلە) تەنشت پارچا هەرفتی ژ ڕێکا گوندێ بوتیا ٢٠٠م. | دهۆک | ئامێدی | ٢٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٦ | | سەخبێرکرنا قەسیسا گوندێ دوکەرێ. | دهۆک | زاخۆ | ١٤ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٧ | | سەخبێرکرنا قەسیسا گوندێ کابیرکێ (٣*٢). | دهۆک | دهۆک | ٧ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٨ | | سەخبێرکرنا پرا باخرنیفا. | دهۆک | دهۆک | ١٣ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ١٩ | | سەخبێرکرنا دیوارێ گوندێ بەرجی. | دهۆک | ئامێدی | ٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢٠ | | سەخبێرکرنا پرا ناڤدارا. | دهۆک | دهۆک | ٢٨ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢١ | | سەخبێرکرنا قەسیسا کانی کولان. | دهۆک | سێمێل | ٢٤ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢٢ | | سەخبیرکرنا ڕێکا بەدریك - الوکا بدرێژاهیا ٢٢,٥ کم. | دهۆک | سێمێل | ١١٩ | ڕاستەوخۆ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢٣ | ٠٠٣-١١-١٩ | دروستکردنی ڕێگای روفیا - گۆپاڵ بە درێژی ٢٢کم. | دهۆک | بەردەڕەش | ١٠٧,٠٦٢ | کاڤین گروب | وەبەرهێنان |
| **کۆی بەشی دهۆک/ ملیار** | | | | | **١٠٨,٥٢٦** | | |
| **کۆی گشتی/ ملیار** | | | | | **٥٥٢,٩٦٧** | | |

## دووەم : ئەو پرۆژانەی کە لە ١ / ٧ / ٢٠٢٠ تا ڕێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠٢١ چونەتە بواری جێبەجێکردنەوە

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | ڕێژەی جێبەجێکردن % | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **هەولێر** | | | | | | |
| ١ | ٠٠٠١-١١-٢١ | دروستکردنی ڕێگای گوندی (باشوری خواروو) بەدرێژی (٢,٧)کم. | هەولێر | شەقڵاوە | ٢٦٠ | ڕاستەوخۆ | ٠ | وەبەرهێنان |
| ٢ | | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی ئەسحابە لەك. | هەولێر | خەبات | ١٢٨.٤ | ڕاستەوخۆ | ٧٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٣ | | چاککردنەوەی ڕێگای گەلی ئەشکەوتە. | هەولێر | مێرگەسۆر | ٤٧.٠ | ڕاستەوخۆ | ٨٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٤ | | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی وێستگەی کێشی خەلیفان. | هەولێر | سۆران | ١٦.٦ | ڕاستەوخۆ | ٥٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٥ | | دیواری پاڵپشت لەسەر ڕێگای سۆران -چۆمان لە ناحیەی گەلالە. | هەولێر | چۆمان | ٣٧.٠ | ڕاستەوخۆ | ٩٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٦ | | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی وێستگەی کێش (٣٤+٢٠٠) (٣٥+٥٠٠) لە سۆران – چۆمان. | هەولێر | چۆمان | ١٠٠.٠ | ڕاستەوخۆ | ٧٥ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٧ | | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی (هەولێر- خەبات ) سایدەی هاتنەوە. | هەولێر | خەبات | ٩٧.٥ | ڕاستەوخۆ | ٤٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٨ | | چاککردنەوەی کارگەی قیری ئەممان . | هەولێر | | ٦٧.٥ | ڕاستەوخۆ | ٣ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٩ | ٠٠١١-١١-١٩ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای ( کۆیە -کلکەسماق ). | هەولێر | کۆیە | ١٠,٧٣٨.٢ | سەرسیر | ٧٧ | وەبەرهێنان |
| | | **کۆی بەشی هەولێر/ ملیار** | | | **١١,٤٩٢** | | | |

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گۆژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | ڕێژەی جێبەجێکردن % | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | | | | | | | | |
| ١ | | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی صابوراوا. | سلێمانی | دوکان | ٩٥ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | ئاسایی |
| ٢ | | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی چالاخ. | سلێمانی | دوکان | ٥٩ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | ئاسایی |
| ٣ | | تەواوکردنی قیرتاوکردنی ڕێگای کانی شەیتان - ئاغجەلەر قۆناغی ١ | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٩٨ | ڕاستەوخۆ | ٨٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٤ | | تەواوکردنی قیرتاوکردنی ڕێگای کانی شەیتان - ئاغجەلەر قۆناغی٢ | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٩٨ | ڕاستەوخۆ | ٨٥ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٥ | | تەواوکردنی قیرتاوکردنی ڕێگای کانی شەیتان - ئاغجەلەر قۆناغی٣ | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٢٤٦ | ڕاستەوخۆ | ٢٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٦ | | چاککردنەوەی ڕێگای دەربەندیخان - باوەخۆشین. | سلێمانی | دەربەندیخان | ٤٩٨ | ڕاستەوخۆ | ٧٨ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٧ | | تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای گوندی دێلێژە -باسەرە | سلێمانی | قەرەداغ | ٢٠٨ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٨ | | تەواوکاری چاککردنەوەی قیری ڕێگای تانجەرۆ - قەرەداغ. | سلێمانی | قەرەداغ | ٧٥ | ڕاستەوخۆ | ٩٠ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٩ | | چاککردنی ڕێگای گوندی کانی وەتمان قۆناغی ١. | سلێمانی | دوکان | ٨٩ | ڕاستەوخۆ | ٩٥ | ئاسایی |
| ١٠ | | چاککردنی ڕێگای گوندەکانی (قەفار - تۆبزاوا). | سلێمانی | چەمچەماڵ | ٢٧ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١١ | | چاککردنی ڕێگای سەرەکی گوندی ( زەیت عمر ). | سلێمانی | قەرەداغ | ١٢ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٢ | | ڕێگای نێوان گوندی ( بەلەکجاڕ - بەڵخەی سەروو ). | سلێمانی | قەرەداغ | ١٧ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٣ | | دروستکردنی ڕێگا بۆ گۆڕستانی گوندی (تەکیە). | سلێمانی | قەرەداغ | ١٨ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٤ | | چاککردنی ڕێگای ڕەزوو باخەکانی گوندی ( گێڵدەرە ). | سلێمانی | سید صادق | ٨ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | ئاسایی |
| ١٥ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( مەمەند ئاوا - کانی ماران ). | سلێمانی | پێنجوێن | ١٥ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٦ | | لێدانی ڕێگایەکی نوێ بۆ گوندی (جۆمەرەسی ) | سلێمانی | پێنجوێن | ١١ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٧ | | چاککردن ونۆژەنکردنەوەی ڕێگای گوندی ( توتکان ). | سلێمانی | شاربازێڕ | ٩ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | ئاسایی |
| ١٨ | | چاککردنی ڕێگای سەرەکی گوندی ( مێشولان ). | سلێمانی | شاربازێڕ | ٧ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ١٩ | | دروست کردن و چاککردنی ڕێگای گوندەکانی ( قەیماسە - دۆڵە توو - سوێرەڵە - شێراوێژە - هەرمیلە - هەوڵۆ - مامە خەلان ). | سلێمانی | شاربازێڕ | ٢٠ | ڕاستەوخۆ | ٥ | ئاسایی |
| ٢٠ | | چاککردنی ڕێگای گوندی ( شێخ زەینەڵ ). | سلێمانی | دوکان | ١٣ | ڕاستەوخۆ | ١٠ | ئاسایی |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | | چاککردنی ڕێگای گوندی (کریم باسام – ئاوباریک). | سلێمانی | گەرمیان | ٤٧ | ڕاستەوخۆ | ٥ | داهاتی وێستگەی کێش |
| ٢٢ | | ڕامالینی بەفر وباری لەناکاو بۆ زستانی(٢٠٢٠-٢٠٢١)بۆ سنووری ئیدارەی گەرمیان. | سلێمانی | گەرمیان | ٤٥ | ڕاستەوخۆ | ١١ | ئاسایی |
| ٢٣ | ٢٠-١١-٠٠٤ | چاککردنەوەی ڕێگای پردی زەڵم - سیدصادق / قۆناغی یەکەم لە گوندەکانی (تەپەڕێزینە - گوڵەخانە - قەدەفەری) بەدرێژی ٤،٥کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٢٦٦ | ڕاستەوخۆ | ٩٩ | وەبەرهێنان |
| ٢٤ | ٢٠-١١-٠٠٧ | چاککردنی ڕێگای (عەبابەیلێ - شنروێ) بە درێژی ٤٠ م. | سلێمانی | هەڵەبجە | ١٣١ | کۆمپانیای دەڵەمەڕ | ٩٩ | وەبەرهێنان |
| ٢٥ | ٢٠-١١-٠٠١٠ | قیرتاوکردنی ڕێگای ( بەردەبەل - بانی بنۆك ) بە درێژی ٤،٣کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٣٧٦ | کۆمپانیای هێڤین | ٩٨ | وەبەرهێنان |
| ٢٦ | ٢٠-١١-٠٠١٢ | تێکەڵەڕێژکردنی ڕێگای گوندی ڕیشێن بە درێژی ٧،٨٥ کم. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٢٨٦ | ڕاستەوخۆ | ٥٠ | وەبەرهێنان |
| ٢٧ | ٢١-١١-٠٠٣ | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندەکانی (هەلۆنە- نۆلچکە- لۆتەر) لە سنووری ناحیەی بنگرد/ قەزای دوکان. | سلێمانی | ڕاپەڕین | ٥٢٥ | | ٠ | وەبەرهێنان |
| ٢٨ | ٢١-١١-٠٠٢ | دروستکردنی پردی تووەقووت لەگەڵ شەقامەکان. | سلێمانی | هەڵەبجە | ٨،٤٥٠ | | ٠ | وەبەرهێنان |
| ٢٩ | ١٣-١١-٠٠٨٧ | چاککردنی پردی (دەربەندی ڕانیە-بنگرد) ٢٠٠م. | ڕاپەڕین | ڕاپەڕین | ١٠،٣٠٠ | کۆمپانیای ئامانج | ٣٨ | وەبەرهێنان |
| **کۆی بەشی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەڕین / ملیار** | | | | | **٢،٠٤٧** | | | |

| ژ. | کۆدی پرۆژە | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | بەڵێندەر | ڕێژەی جێبەجێکردن % | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دهۆک** | | | | | | | | |
| ١ | ١٩-١١-٠٠١٦ | درووستکردنی دوو ( U -Turn over pass) لە سەر ڕێگای (دهۆک-زاخۆ) ل سیمیلی | دهۆک | سمیل | ٥،٥٢٩ | سیزار | ٢ | وەبەرهێنان |
| **کۆی بەشی دهۆک/ ملیار** | | | **٥،٥٢٩** | | | | | |
| **کۆی گشتی/ ملیار** | | | **٣٩،٠٦٨** | | | | | |

# وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

## پێشەکی

لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ کە پەتای کۆرۆنا و تەنگژە ئابوورییەکان لەگەڵ عێراق، دۆخێکی ناهەمواری دروستکردبوو، لەم ساڵدا توانیمان بەسەر بەشێك لەم دۆخانە زاڵ بین و ئاستی پڕۆژە و خزمەتگوزاریی وەزارەتمان بەرەو پێش ببەین.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پاش پلاندارێژییەکی تۆکمە، توانیمان ئاستی خزمەتگوزارییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرەو پێش ببەین. هەروەها بە هەوڵی بەردەوام بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە هاووڵاتیان بەپاڵپشتیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تواندرا ڕێژەیەك لە داهاتی وەزارەتەکەمان بەکار بهێنین کە هۆکارێکی دیکە بوون بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بە هاووڵاتیانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان.

### ▪ سێکتەرە سەرەکییەکانی وەزارەتی شارەوانی:

- **سێکتەری شارەوانی**
  - بواری خۆڵ و خاشاك.
  - بواری شەقام و ڕێگەوبان.
  - بواری ڕووبەری سەوزایی و پارکەکان.
  - بواری نەخشەدانانی ئاوەدانی.
  - بواری بەڕێوەبردنی زەوی و زار.
  - بواری مۆڵەتی بینا.
- **سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ.**
- **سێکتەری گەشتوگوزار.**
- **سێکتەری شوێنەوار.**

## یەکەم/ پڕۆژە بەردەوامەکان کە تەواوبوون یان کاریان تێدا دەکرێت (ئاستی خزمەتگوزاری):

### ١) پڕۆژە تەواوبووەکان:

١- ئەنجامدانی (١٠) پڕۆژە لە سێکتەرەکانی شارەوانی و ئاو بە گوژمەی (٥٨,٠٤١,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا و هەشت ملیار و چل و یەك ملیۆن دینار.

٢- تەواوکردنی پڕۆژەی شەقامی ١٢٠ م خێرای نێوان ڕێگای سەرەکی هەولێر و موسڵ تا ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکووک بە گوژمەی (٨٨,٣٨٦,٢٧٥) هەشتا و هەشت ملیۆن و سێ سەد و هەشتا و شەش هەزار و دووسەد و حەفتا و پێنج دۆلار.

٣- تەواوکردنی بەشی یەکەم لە قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی ١٥٠ م خێرای نێوان ڕێگای سەرەکی هەولێر- بەحرکە تا ڕێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە بە گوژمەی (١٤٠,٤٥١,٣٢٥) سەد و چل ملیۆن و چوارسەد و پەنجا و یەك هەزار و سێ سەد و بیست و پێنج دۆلار.

### ٢) پڕۆژە بەردەوامەکان کە ئێستا کاریان تێدا دەکرێت:

١- دروستکردنی ئەندەرپاسی فەرماندە و مزگەوتی ئیمام حمزە و قوتابخانەی سەفین لەسەر شەقامی بارزان و تەواوکردنی شەقامی کەمەربەند و پڕۆژەی شەقامی خزمەتگوزاری بارزان بە گوژمەی (٦٨,٩٠١,٠٠٠,٠٠٠) شەست و هەشت ملیار و نۆسەد و یەك ملیۆن دینار. بە ڕێژەی٩٣٪.

٢- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی بارزان و ٥١ گوندی دەوروبەری بە گوژمەی (١٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و سی ملیار دینار بەڕێژەی ٧٦٪.

٣- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی ئاکرێ بە گوژمەی (٩٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نەوەد ملیار دینار بە ڕیژەی ٦٠٪.

٤- (٣٢) گرێبەستی تایبەت بە کۆکردنەوە و گواستنەوە و خاوێنکردن لە شار و شارۆچکە و گوندەکان لە سنووری شارەوانییەکان بە گوژمەی مانگانە (١١,٠٢٤,٥٥٣,٠٠٠) یازدە ملیار و بیست و چوار ملیۆن و پێنج سەد و پەنجا و سێ هەزار دینار.

٥- جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەشێك لە شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی وەکو قۆناغی یەکەم بە گوژمەی (٤٠٠, ٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) چوار سەد ملیار دینار. بە ڕێژەی ٢٠٪.

٦- پڕۆژەی ئاوی دەربەند- ڕانیە- چوارقوڕنە بە گوژمەی (٢٥،٠٩٩،٣٠٧) بیست و پێنج ملیۆن و نەوەد و نۆ هەزار و سێ سەت و حەوت دۆلار. بە ڕێژەی ٩٠٪.

٧- پڕۆژەی ئاوی پیرمام و دەروبەری بە گوژمەی (١٤,٤٦٠,٠٠٠) چواردە ملیۆن و چوار سەد و شەست هەزار دۆلار. بە ڕێژەی ٣١٪.

٨- پڕۆژەی ئاوی ئامێدی بە گوژمەی (٩٦,٤٥٦,٢١٠) نەوەد و شەش ملیۆن و چوار سەد و پەنجا و شەش هەزار و دوو سەد و دە دۆلار. بە ڕێژەی ٩٨٪.

٩- کڕینی مەوادی پاککەرەوە بۆ پڕۆژەکانی ئاو بە گوژمەی (٥,٨٦٩,٥٤٠,٤٨٩) پێنج ملیار و هەشت سەد و شەست و نۆ ملیۆن و پێنج سەد و چل هەزار و چوارسەد و هەشتا و نۆ دینار. بە ڕێژەی ٩٨٪.

١٠- دابەشکردنی ئاو بە پڕۆسەی تەنکەرین بە گوژمەی (٤,٢٠٠,٠٥٩,٨١٥) چوار ملیار و دوو سەد ملیۆن و پەنجا و نۆ هەزار و هەشت سەد و پازدە دینار. بە ڕێژەی ١٠٪.

١١- جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە کەسنەزان و دەوروبەری بە گوژمەی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دۆلار بە ڕێژەی ٦٠٪.

١٢- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی هەولێر (٤) و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی قورسی سلێمانی بە گوژمەی (١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و دوو سەد ملیۆن دۆلار بە ڕێژەی ٧٪ بەشێوەی قەرز.

١٣- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی دەربەندیخان بە گوژمەی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دۆلار بە ڕێژەی ٦٠٪.

### ٣) ئەو پڕۆژانەی کە تەرخانیان بۆ کراوە بەڵام دەستبەکار نەبوون:

١- تەرخانکردنی بڕی (٤,٦٢٥,٧٢٥,٦٢٠) چوار ملیار و شەش سەد و بیست و پێنج ملیۆن و حەفت سەد و بیست و پێنج هەزار و شەش سەد و بیست دینار بۆ جێبەجێکردنی ١١ پڕۆژەی بچووک و مامناوەند لە سێکتەری شارەوانی/ سلێمانی.

٢- تەرخانکردنی بڕی (٢,١٢٠,٨٠٩,٥٠٠) دوو ملیار و سەد و بیست ملیۆن و هەشت سەد و نۆ هەزار و پێنج سەد دینار بۆ جێبەجێکردنی (٢٥) پڕۆژەی بچووک و مامناوەند لە سێکتەری شارەوانی/ هەولێر.

٣- تەرخانکردنی بڕی (١٥٥,٣٩٤,٦٠٠) سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن و سێ سەد و نەوەد و چوار هەزار و شەش سەد دینار بۆ جێبەجێکردنی (١٨) پڕۆژەی بچووک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر.

٤- تەرخانکردنی بڕی (٧٨٦,٦٧١,٤٠٠) حەوت سەد و هەشتا و شەش ملیۆن و شەش سەد و حەفتا و یەك هەزار و چوار سەد دینار بۆ جێبەجێکردنی (٥) پڕۆژەی بچووک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی.

٥- تەرخانکردنی بڕی (٢٣٠,٧٥٤,٠٠٠) دوو سەد و سی ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا و چوار هەزار دینار بۆ جێبەجێکردنی (١٨) پڕۆژەی بچووک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆك.

٦- تەرخانکردنی بڕی (٨٥,٧٢٥,٠٠٠) هەشتا و پێنج ملیۆن و حەوت سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بۆ جێبەجێکردنی (٤) پڕۆژەی بچووک لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی زاخۆ.

٧- تەرخانکردنی بڕی (٨٦٦,٠٠٠,٠٠٠) هەشت سەد و شەست و شەش ملیۆن دینار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی ناحییەی پێباز.

٨- تەرخانکردنی بڕی (٤,٥٢٧,٤٥٤,٥٠٠) چوار ملیار و پێنج سەد و بیست و حەوت ملیۆن و چوارسەد و پەنجا و چوار هەزار و پێنج سەد دینار بۆ بەڕێوەبردن و چاکسازی پارك و باخچە و بلوارەکان لە پارێزگای سلێمانی.

٩- تەواوکردنی قۆناغەکانی دیزاین بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی قورس لە شاری هەولێر/ قۆناغی یەکەم بە بڕی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دۆلار، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کۆمپانیای ڕاوێژکار لە ڕێگای ئاژانسی هەماهەنگی نێودەوڵەتی ژاپۆنی (جایکا) جێبەجێ دەکرێت.

١٠- دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی لەلای ئەنجومەنی وەزیران تاوەکوو شەقامی (٦٠م) کۆن نزیك سایلۆ بە گوژمەی تەرخانکراوی (٢,٥١٤,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیار و پێنج سەد و چواردە ملیۆن دینار.

١١- تەرخانکردنی بڕی (٣,١٨٤,٧٣٧,٩١٩) سێ ملیار و سەد و هەشتا و چوار ملیۆن و حەوت سەد و سی و حەوت هەزار و نۆ سەد و نۆزدە دینار بۆ بەکرێ گرتنی تەنکەر بۆ ئاودانی پارك و باخچە و بلوارەکان لە پارێزگای هەولێر.

١٢- پڕۆژەی کۆکردنەوە و گواستنەوە و داپۆشینی خاشاك بۆ زۆنی (دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، ماوەت، عەربەت) کە سپاردراوە بە کۆمپانیا بە گوژمەی مانگانەی (٣٠٥,٩٢٢,٠٦٠) سێ سەد و پێنج ملیۆن و نۆ سەد و بیست و دوو هەزار و شەست دینار. بەڵام تا ئێستا گرێبەست واژوو نەکراوە.

١٣- پڕۆژەی کۆکردنەوە و گواستنەوە و داپۆشینی خاشاك بۆ زۆنی (شارەزوور) کە سپاردراوە بە کۆمپانیا بە گوژمەی مانگانەی (٥٣٨,٢٨٠,٥٥٥) پێنج سەد و سی و هەشت ملیۆن و دوو سەد و هەشتا هەزار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج دینار. بەڵام تا ئێستا گرێبەست واژوو نەکراوە.

١٤- تەرخانکردنی بڕی (١١,٥٦٦,٣٧٩,٧١٦) یازدە ملیار و پێنج سەد و شەست و شەش ملیۆن و سێ سەد و حەفتا و نۆ هەزار و حەوت سەد و شازدە دینار بۆ جێبەجێکردنی ١٥٥ پڕۆژە و پێداویستی لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ.

## دووەم/ پرۆژە پێشنیازکراوەکان کە چوونەتــە بواری جێبەجێکردن یان تەواوبوونە (ئاستی خزمەتگوزاری):

### ١) پرۆژە پێشنیازکراوەکان کە تەواوبوون:

جێبەجێکردن و تەواوکردنی ٢٠٢ پرۆژە بە گوژمەی (٨,٨٥٨,٤٥٠,٤٦٥) هەشت ملیار و هەشت سەد و پەنجا و هەشت ملیۆن و چوار سەد و پەنجا هەزار و چوار سەد و شەست و پێنج دینار لە سێکتەری شارەوانییەکان و لەسەر داهاتی فەرمانگەکان.

### ٢) پرۆژە پێشنیازکراوەکان کە ئێستا کاریان تێدا دەکرێت:

١- پرۆژەی دیزاینکردنی دروستکردنی بەشی دووەم لە قۆناغی یەکەمی شەقامی ١٥٠ مەتریی خێرای نێوان ڕێگای سەرەکی هەولێر بەحرکە تا ڕێگای سەرەکی هەولێر گۆپاڵ.

١- پرۆژەی کۆکردنەوە و گواستنەوە و داپۆشینی خاشاك لە سنووری (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لە سەرۆکایەتی شارەوانی دهۆك کە ئێستا لە قۆناغی شیکردنەوەدایە.

٢- ئامادەکردنی (٨٧) پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە سێکتەرەکانی شارەوانی، ئاو و ئاوەڕۆ، گەشتوگوزار و شوێنەوار، هەروەها ناردنیان بۆ وەزارەتی پلاندانان.

٣- ئامادەکردنی تەندەر و (TOR) بۆ پرۆژەی وێستگەی چارەسەری خاشاکی هەولێر.

| خشتەی پوختەی گوژمەی پرۆژەکان | | |
|---|---|---|
| ژ | دۆخی پرۆژە | گوژمەی گشتی پرۆژەکان (دینار) |
| ١ | کۆی گشتی گوژمەی پرۆژەکانی کە تەواو کراون. | ٣٣٢,٦٤٦,١٢٠,٠٠٠ |
| ٢ | کۆی گشتی گوژمەی پرۆژەکانی کە بەردەوامن. | ٢,٧٥٠,٤١٨,٥١١,٨٠٤ |
| ٣ | کۆی گشتی گوژمەی پرۆژەکانی کە دەستبەکارنەبوون | ٤٩٠,٧٩٤,٠٨٣,٦٣٥ |
| | **کۆی گشتی هەموو پرۆژەکان** | **٣,٢٤١,٢١٢,٥٩٥,٤٣٩** |

## سێیەم: ڕێکار و چالاکییەکان کە تەواوبوون یان کاریان تێدادەکرێت:

### ١) ڕێکار و چالاکییەکانی - تەواوکراون:

- **ئاستی چاکسازی:**

- سازدانی کۆنفرانسی ڕێکخستنەوەی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

- گێڕانەوەی بڕی زیاتر لە (حەوت ملیار دینار) لە چوارچێوەی چاکسازی لە تەندەرەکانی کۆکردنەوەی خاشاک.
- دەرکردنی ڕێنمایی و بڕیاری تایبەت بە سیستەمی (مۆڵەتی پلانسازی).
- ئامادەکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پاراستن و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.
- ئامادەکردنی ستراتیژیەتی پەرەپیدانی پارکی سامی عەبدولڕەحمان.
- دەرکردنی ڕێکار و ڕێنمایی تایبەت بە (ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی).
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە چارەسەرکردنی شەقامە تێکەڵاوەکان.
- دەرکردنی ڕێکاری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی هەیکەل و باڵەخانە تەواونەکراوەکان.
- پێناسەکردنی زاراوەکانی بواری مۆڵەتی بینا بۆ نەهێشتنی هەڵە تێگەیشتن و هەڵە بەکارهێنانی زاراوەکان.
- کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ڕێنماییەکانی مۆڵەتی بینا لە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە چوارچێوەی بڵاوکراوەیەکدا.
- دابەزاندنی دەسەڵات لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە بە مەبەستی نەهێشتنی ڕۆتین و پەیڕەوکردنی - زیاتری لامەرکەزییەت.
- یەکلاکردنەوەی چەندین دۆسیە لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی کەسانی کەمتەرخەم.
- یەکلاکردنەوەی چارەنووسی چەندین سکاڵای تۆمارکراو لە دادگاکان لە سەر فەرمانگەکانی وەزارەتمان و بەکۆتاییهاتنی لە بەرژەوەندیی وەزارەت.
- کارکردن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی یەکانگیر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ژمێریاری.
- پەرەپێدانی توانای مرۆیی کارمەندانی وەزارەتمان بە بەشداری پێکردنیان لە خول و وۆرکشۆپەکان بە ئەنجامدانی ٢٣ خول و سیمینار لە بوارەکانی (مۆڵەتی بینا، فێرکاری بەرنامەکانی مایکرۆسۆفت ئۆفیس، ڕێنمایی گرێبەستەکان، ISO، توانا مرۆییەکان، ڕێنمایی ژمێریاری، کارگێڕیی ئەلیکترۆنی، بەهێزکردنی توانای تەکنیکی، یاسایی، ئەندازیاری، ئۆتۆکاد، ڕێبەری گەشتیاری، سیڤڵ D٣ و Power BI- Primavera) بۆ گشت سێکتەرەکانی وەزارەت.
- بەدیجیتاڵکردنی زیاتر لە یەک ملیۆن لاپەڕە لە دۆکۆمێنتەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کە تایبەتن بە دۆسیەی پرۆژەکانی بانەوانی.

- **ئاستی خزمەتگوزاری:**

- دابینکردن و تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی پیشەسازی و پڕۆژە حکومییەکان.
- هەڵوەشاندنەوەی چەندین پڕۆژەی بانەوانی و وەبەرهێنان کە تاوەکوو ئێستا دەستبەکارنەبوون و گێڕانەوەی زەوییەکان بۆ بەکارهێنانەوەی لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی.
- خێراکردنی پڕۆسەی بەتاپۆکردنی بەشێکی زۆر لەو زەویانەی کە بەشێوەی کارت دابەشکراون یان قەرەبوو کراونەتەوە.
- ڕووپێوی شوێنەواری ناحیەی سکتان بە گوژمەی (٦,٥٠٠,٠٠٠) شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
- ئەنجامدانی هەڵکۆڵین بۆ چوار پێگەی شوێنەواری لە ڕێڕەوی شەقامی ١٠٠ مەتریی سلێمانی.
- گواستنەوە و ڕزگارکردنی شوێنەوار (إنقاذ الآثار) لە شارۆچکەی شاوێس لە پارێزگای هەولێر.
- نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی قشڵەی کۆیە بە بڕی (٣,٥٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.
- گواستنەوە و ڕزگارکردنی شوێنەوار (إنقاذ الآثار) لە ناوچەی شوێنەواریی دەربەندی ڕانیە لە ئیدارەی ڕاپەڕین و ناحیەی فایدە لە پارێزگای دهۆك.
- ڕووپێوکردنی ئاسمانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درۆن) بۆ (١٢) گوندی ناو ماستەرپلانی شاری هەولێر و ئامادەکردنی نەخشەی کەرتی بۆیان.
- دروستکردنی باڵەخانەی کارگێڕی و نۆژەنکردنەوەی کارگەی جیاکردنەوەی خاشاکی کواشێ لە شاری دهۆک و پلانی پەرەپێدانی شارۆچکەکانی (قوشتەپە، باسرمە، کەورگۆسك) هەروەها درێژکردنەوەی شەقامی هەولێر-کەرکووکی کۆن بە درێژایی ١٧٠٠م تا کەمپی ئاوارەکان بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG).

**٢) ڕێکار و چالاکی کە ئێستا کاریان لەسەر دەکرێت:**

- **ئاستی چاکسازی**

- ڕەشنووسی هەمواری یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) ئامادەکراوە و نێردراوە بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم.
- ڕەشنووسی یاسای پاراستنی ئاو و ئاوەڕۆ کە لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستانە.
- هەمواری یاسای بەخاوەنکردنی خانووە زێدەڕۆکان.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای تایبەت بە گەشتوگوزار کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی ڕووپێوی شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان کە دەبێتە ناوەندێك بۆ داتا و زانیاری لە کەرتی گەشتوگوزار.
- پێداچوونەوە بە ڕسووماتی بنکە گەشتیارییەکان.
- پێداچوونەوە بە ڕسووماتی هەڵگرتنی خۆڵ و خاشاك لە شوێنە بازرگانی و نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان.
- کارکردن لەسەر دروستکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ پرۆسەی پشکنینی بنکە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان.
- ئامادەکردنی پڕۆژەی هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو.
- ئامادەکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاووڵاتیان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان.
- بەگەڕخستنی سیستەمی بەڕێوەبردنی جۆری بەپێی ستانداردی (ISO).
- بەگەڕخستنی پڕۆژەی (GIS) لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر.
- بەگەڕخستنی پڕۆژەی (DMS) بە مەبەستی بەئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم مامەڵەکان و قۆناغێکی ڕاگوزارییە لە حکومەتی کاغەزەوە بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی.
- کارکردن لەسەر دانانی پرۆگرامێکی نوێی ئۆنلاین بۆ بەڕێوەبردن و بەدواداچوونی سکاڵا و داواکاری و پرسیاری هاووڵاتیان لە ڕێگەی سیستەمێکی ئۆنلاین.
- کارکردن لەسەر دانانی پرۆگرامێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی بانەوانی لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر.
- کارکردن لەگەڵ تیمێکی ڕاوێژکاری بیانی لەسەر پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کۆکردنەوەی خاشاک.
- کارکردن لەگەڵ ڕاوێژکارانی هۆڵەندی لە بواری ڕێکخستنی سیستەمی کۆکردنەوەی خاشاک لە ڕێگەی ڕێکخراوی (VNG) هۆڵەندی.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی جیاکردنەوەی خاشاک لە سەرچاوەوە لە شاری دهۆک بە پاڵپشتی و لە ڕێگەی ڕێکخراوی (VNG) هۆڵەندی.

- چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پڕۆژە نیشتەجێیانەی کە کێشەی یاسایی و جۆراوجۆریان هەیە و تا ئێستا چارەسەر نەکراون.
- کارکردن لەسەر بڕیاری وەرگرتنەوەی خزمەتگوزاری لە پڕۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان.
- کارکردنی بەردەوام لەسەر بڕیاری تاپۆکردنی پڕۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان.
- دروستکردنی پرۆگرامی تایبەت بە سودمەندبوون لە زەوی کە جگە لە نەهێشتنی ڕۆتینێکی زۆر لەو بوارەدا، ڕێگری دەکرێت لە گەندەڵی بە ڕێژەی (١٠٠٪) لەو بوارەدا.

- **ئاستی خزمەتگوزاری:**

- ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی پشتێنەی سەوز بە دەوری شاری هەولێردا.
- کردنەوەی فەرمانگەی خزمەتگوزاری هەشتی حەسارۆك لە شاری هەولێر بۆ پێدانی مۆڵەتی بینا و ڕاسپاردنی شارەوانی هەولێر و پارێزگای هەولێر لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە.
- کارکردن لەسەر پڕۆژەی پێداچوونەوە بە ماستەرپلانی شاری هەولێر لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی.
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی پیشەسازیی تیمار لە شاری هەولێر بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتەکە.
- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆپۆزەڵی پڕۆژەی ماستەرپلانی ڕێڕەوی پایسکل لە شاری هەولێر.
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوەی سنووری ناوەندی شاری هەولێر (سیتی سەنتەر).
- کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوەی سنووری ناوەندی شاری سلێمانی (بەردەرکی سەرا).
- کارکردنی بەردەوام لەسەر ئامادەکردنی پڕۆژەی کۆدی بیناسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- بەردەوامیدان بە هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەکانی بانەوانی و وەبەرهێنان بۆ ئەو پڕۆژانەی کە بە پێی یاسا پێویستە هەڵبوەشێنەوە.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دانانی سیستەمی گڵۆپی هەستیار بۆ پارکەکانی ئۆتۆمبێل.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هۆکارەکانی شکانی بۆرییەکانی گواستنەوەی ئاو.

## پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- واژووکردنی ڕێککەوتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا (VNG).
- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەشداربووان لە خولەکانی پێشوازی و خزمەتگوزاری لە هۆتێل و چێشتخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ئیتالی فۆکسیڤ و کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێم.
- دۆزینەوەی سەدان هەلی کار بۆ گەنجان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی (ئۆدینەی ئیتاڵی، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنس).
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (UNHABITAT) بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە بەتایبەتی لە بوارەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی و خۆڵ و خاشاک و بەڕێوەبردنی ئاو.
- بەردەوامی پەیوەندییەکان و کارکردن لەگەڵ جایکای ژاپۆنی و کۆیکای کۆری و (GIZ)ی ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئاژانسی (USAID/IGPA)ی ئەمەریکی.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتاڵی بە مەبەستی ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان لە سێکتەری گەشتوگوزار.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی (ILO)ی نێودەوڵەتی، بە مەبەستی پەرەپێدانی گەشتوگوزار و دۆزینەوەی هەلی کار.

# وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## دەروازەیەک:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنیدا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرەچاوکردنی کواڵێتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆکان و خزمەتکردن بەخوازیارانی خوێندنی باڵا و پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بەمامۆستایان و قوتابیان/ خوێندکاران و فەرمانبەران و فێرخوازانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك کار و پرۆژە و چالاکی لە بوارە جیاجیاکان جێبەجێکردووە، لە گرنگترین کارەکانی وەزارەت بریتین لەمانەی خوارەوە:

## بواری دارایی:

بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران، بەرەچاوکردنی دۆخی دارایی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندی گشتی، لە چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزارەت لەگەڵ سەرۆک زانکۆ حکومییەکان لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم و، لەبەر ڕۆشنایی نەخشە ڕێگە و پلانی چوار ساڵی کارکردنی وەزارەت، لە بواری داراییدا، وەزارەت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) چەند بڕیارێکیدا.

- ❖ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) و، بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ بوو بەتایبەت دەرهاویشتەکانی ڤایرۆسی کۆرنا، لە بواری داراییدا وەزارەت ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

١) بەردەوامیدان بەکەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەڕێژەی (٤٥%) لە سەرجەم زانکۆ حکومییەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا).

٢) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستانیش لەپێناو مانەوەی ڕوحییەتی کێبڕکێی زانستی لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان و، بە لەبەرچاوگرتنی باوردۆخی هاووڵاتیان وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەڕێژەی (١٠ بۆ ٢٠ %) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، ئەویش بەپێی ئەنجامەکانی ڕێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاگەیەنراوە بەم شێوەی خوارەوە:

- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی B، بەڕێژەی (١٠%) کرێی خوێندن کەم دەکرێتەوە.
- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی C، بەڕێژەی (١٥%) کرێی خوێندن کەم دەکرێتەوە.
- ئەو زانکۆیانەی دەکەونە گروپی D، بەڕێژەی (٢٠%) کرێی خوێندن کەم دەکرێتەوە.
- سەرجەم پەیمانگە تایبەتەکان و کۆلیژە زانکۆییەکان بەڕێژەی (٢٠%) کرێی خوێندنیان کەم دەکرێتەوە.

## خوێندنی بەرایی:

کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕێژەی دەرچووانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە بوو لە کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەمەش بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) ژمارەی ئەوانەی داواکاریان پێشکەش کرد، گەیشتە (٥٤٣٩٦) دەرچوی پۆلی دوانزەی ئامادەیی، جگە لەوەش (٥٣٠٢) دەرچوی ساڵانی ڕابردوو داواکارییان پێشکەشکرد. لەئەنجامدا (٤٧١٧٦) دەرچوو کە دەکاتە ڕێژەی (%٨٧) لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیران، ئەوەش بەم شێوەیە بوو:

١) ڕێژەی وەرگیراوان لە خوێندنی گشتی گەیشتە (٦٥ %).

٢) ڕێژەی وەرگیراوان لە خوێندن بەسیستمی پاراڵێل گەیشتە (١٨ %).

٣) ڕێژەی وەرگیراوان لە خوێندنی ئێواران بریتی بوو لە (%١٧).

٤) لە کۆی (٥٣٠٢) پێشکەشکاری ساڵانی ڕابردوو، کە داواکارییان پێشکەش کردبوو (٢٣١٨)یان وەرگیران.

٥) هەروەها (٧١١٨) دەرچو بەهۆی هەڵە پڕکردنەوە و هەڵنەبژاردنی شوێنی گونجاو لەگەڵ نمرەکانیان لە قۆناغی یەکەمدا وەرنەگیراوان کە ڕێژەکەیان گەیشتە (%١٣)، بەڵام بەهۆی ئەوەی (٨١١٩) کورسی بەتاڵ ماوبووە، بۆیە ئەوانیش وەرگێران.

بەمەش کۆی وەرگیراوان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) گەیشتە (٤٩٤٩٦) دەرچوو، بۆیە ڕێژەی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان. هاوشێوەی ساڵی ڕابردو بووە (%١٠٠).

بەشێکی تر لە دەچووان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە ڕێگە و میکانیزی جیاوازتر وەردەگیران، کە بریتین لە: (سیستمی پۆلیتەکنیک، خوێندنگە نێودەوڵەتییەکان، یەکەمی پەیمانگەکان، دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان). بەم پێیەش ژمارەی وەرگیراوان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) گەیشتە سەرووی (٥٠) پەنجا هەزار پێشکەشکار.

## کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە کارئاسانی دەکات بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنگە کوردییەکان دەخوێنن.

- بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە ڕێگەی نووسینگەی کەرکوکەوە ژمارەیەك لە دەرچووان داواکارییان پێشکەشکرد، لە ئەنجامدا ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر وەرگرتنی (١١٥٢) خوێندکار بەهەمان پێوەر و کۆنمرەی وەرگیراوی خوێندکارانی هەرێم.

## خوێندنی تایبەت:

خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کۆڵەگەیەکی گرنگن لەپرۆسەی پێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان و بنیادنانی توانا مرۆییەکان، هەربۆیە بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و فێربوون لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان بە کوالێتی بەرزی خوێندن بۆ گەیشتنیان بە خەون و خولیاکانیان، بەشێوەیەک یارمەتیدەر بێت بۆ تۆخکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی. هاوتەریب لەگەڵ خوێندن لە زانکۆ حکومییەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ساڵانە پلانی تایبەتی خۆی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنێ، لەو پلانەشدا بەوردی ڕەچاوی کوالێتی و چۆنیەتی خوێندن دەکرێ.

بۆ ئەو مەبەستە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەرچاوکردنی کۆمەڵێک پێوەری تایبەت بەنمرەی پێشکەشکار و توانای ستافی زانستی زانکۆ و تاقیگەکان ژمارەی کورسییەکانی هەر بەشێکی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دیاردەکات.


لەو چوارچێوەیەدا و، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، سەرباری ڕەخساندنی ژمارەیەکی زۆری کورسی خوێندن بۆ خوازیاران، بەڵام لە هیچ یەکێک لەو دوو ساڵەدا پلانی وەرگرتن بەتەواوەتی پڕ نەکراوەتەوە، ئەم خشتەیەی خوارەوە وردەکاری پلانی وەرگرتن و پێشکەشکاران و ژمارەی وەرگیراوان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) پیشان دەدات.

**خشتەی (١-٦) ژمارەی وەرگیراوان**

**بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پیشان دەدات**

| ساڵی خوێندن | ئاستی خوێندن | پلانی وەرگرتن | ژمارەی پێشکەشکاران | ژمارەی وەرگیراوان | کورسی بەتاڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٠-٢٠٢١ | بەکالۆریۆس | ٢٠،٩٥٣ | ١٣،٢٢٧ | ٦،٨٩٣ | ١٤،٠٦٠ |
| | دبلۆم | ٩،٣٠٥ | ٩،١٩٦ | ٤،٨٦٠ | ٤،٤٤٥ |
| کۆی گشتی | | **٣٠٢٥٨** | **٢٢٤٢٣** | **١١٧٥٣** | **١٨٥٠٥** |

**شێوەی (١-٢) پلانی وەرگرتن و ژمارەی پێشکەشکاران و ژمارەی وەرگیراوان و کورسی بەتاڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) (٢٠٢٠-٢٠٢١) پیشان دەدات**



## ڕێزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان:

ڕیزبەندی نیشتیمانی یەکێکی دیکەیە لە پرۆژە زانستییە گرنگ و پڕ بایەخەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە بریتیە لە ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان زانکۆکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێوەری زانستی و ئەکادیمی، لەو چوارچێوەیەدا و بۆ (جاری چوارەم)، لە مەراسیمێکدا ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩) بەدروشمی (ڕیزبەندی نیشتیمانی، شاڕێی کرانەوە و متمانە و دڵنیایی) ڕاگەیێندرا، کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو:

- **زانکۆ حکومییەکان:** ئەو زانکۆیانەی کە دەکەونە گرووپی (B) و لەنێو گرووپی (B) دا بە شێوازی ڕاندۆم ڕێکخراون:

- **گرووپی B** (زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی سۆران، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی کوردستان/ هەولێر، زانکۆی دهۆک، زانکۆی کۆیە، زانکۆی هەولێری پزیشکی).
- **گرووپی C** ( زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، زانکۆی چەرمۆ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک، زانکۆی گەرمیان، زانکۆی زاخۆ).
- **گرووپی D** ( زانکۆی هەڵەبجە).

- **زانکۆ تایبەتەکان:** ئەو زانکۆیانەی کە دەکەونە گرووپی (B) و لەنێو گرووپی (B)دا بەشێوازی ڕاندۆم ڕێکخراون:

- **گرووپی B** (زانکۆی ئەمەریکی لە عیراق - سلێمانی، زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی، زانکۆی جیهان/ هەولێر، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا، زانکۆی نەورۆز).
- **گرووپی C** (زانکۆی جیهان- سلێمانی، زانکۆی جیهان- دهۆک، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، زانکۆی نۆلّج).
- **گرووپی D** (زانکۆی کاسۆلیک - زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی - زانکۆی بەیان).

لە ئێستادا گۆڕانکاری پێوەرەکانی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان کراوە، بەشێوەیەک کاریگەری هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کوالێتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، بڕیاری ئەوەش دراوە، کە ئەمساڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بەشێوەی گروپ نابێت بەڵکو یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆکان دیاری دەکرێت.

## پەیوەندی نێودەوڵەتی:

بەئامانجی فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە ئەکادیمی و زانستییەکانی وەزارەت و زانکۆ و دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وڵاتانی جیهان،

لەگەڵ زۆربەی نوێنەرایەتی و کونسولگەری وڵاتان لە هەرێمی کوردستان دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدرا، کە چەندین ئەنجامی گرنگ بەدەستهاتوون:

١) لە ساڵی (٢٠٢٠) وڵاتی کۆریای باشور (٨) کورسی بۆ خویندنی ماستەر و (٣) کورسی بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەشی هەرێمی کوردستان کرد.

٢) لە ساڵی (٢٠٢١) هەریەک لە وڵاتانی (کۆماری چینی میللی و هیند) سکۆلەرشیپی خوێندنیان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە، لە وەزارەت کاری پێویستیان لە سەر کراوە.

٣) ڕێکخراوی جی ئای زێت GIZ: لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە دەستکراوە بە ووتوێژی سەرەتایی بۆ هاوکاریکردنی ناوەندەکانی پەرەپێدان بۆ کار لە ڕێگەی پشتگیری دارایی چالاکییەکانیان و کردنەوەی کۆرسی پێویست بۆ ئەم سێنتەرانە. هەروەها ئەم ڕێکخراوە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دروستکردوە، کە تێدا گەرەنتیدەدات بە بازاڕی کاری هەرێم و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە سەر بەرنامەی خوێندن و پێشکەشکردنی شارەزایی بەر لە دەستکردنیان بە کار لە بازاڕی کار، نوێنەرێکی وەزارەتیش بۆتە ئەندامی ئەم لیژنەیە.

٤) ئاڵوگۆڕی مامۆستایان و خوێندکاران و توێژەران لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتان درێژەی هەیە. بەتایبەتیش بەشداری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ستافی وەزارەت لە کۆنگرەی ( Education world forum) لە وڵاتی بەریتانیا و ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ وەزیرانی خوێندنی باڵای وڵاتان.

## پەیوەندی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم و ناوەند:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی لە پەیوەندی بەردەوامدان، بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی متمانە پێدان بە زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش لیژنەی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایەن پێکهێنران و هەنگاوەکان لە ڕێگەی لیژنەی جیاجیای تایبەتمەندەوە دەستپێکردوە.

لەو چوارچێوەیەشدا شاندی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بەردەوام لە کۆبونەوە و پەیوەندیدان. لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵای عێراق و ڕێکخراوی یونسکۆ هەبووە.

لە ئەنجامی پەیوەندییەکان و کاری بەردەوامی لیژنەکان لە هەریەک لە زانکۆکانی (ڕاپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان، سۆران، زاخۆ) لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی حکومەتی عێراق توانرا زانکۆکانی کوردستان (کوردستان، هەولێر، ڕاپەرین، سۆران، زاخۆ، هەڵەبجە و گەرمیان) دانپێدانانی بەمەرج لەلایەن حکومەتی

عێراقەوە بەدەست بهێنن. هاوکات هەردوو زانکۆی پۆلیتەکنیکی (سلێمانی و هەولێر) توانرا دانپیانانی تەواوەتیان بۆ بەدەست بهێنین، ئەوەش دەسکەوتێکی زانستی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و دەرچووانی ئەو زانکۆیانە، کە لێرە بەدواوە دەتوانن لە هەر زانکۆیەکی جیهان بخوازن دەتوانن درێژە بەخوێندنی باڵا بدەن.

## خوێندن لە سەردەمی کۆرۆنا:

لەگەڵ دەستپێکردنی کۆرسی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پرۆسەی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان هاوشێوەی زۆربەی زۆری زانکۆکانی جیهان ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی تازە بووە، کە ئەوەش بریتیبوو لە داخستنی دەرگای زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ڕێگرکردن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی ڕێکارە خۆپارێزییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کەوتنەخۆ و، دڵنیایدایە هەموو قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان و کەسوکاریان کە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەفیڕۆ ناچێت، بۆ ئەو مەبەستە و، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان، چەند هەنگاوێکی جێبەجێکرد:-

١) **پێکهێنانی ژووری عەمەلیات لە وەزارەت:** لە بواری تەندروستی و خۆپارێزی ئەنجومەنی وەزارەت بە سەرۆکایەتی وەزیری خوێندنی باڵا و ڕاوێژکاری وەزیر ژووری عەمەلیاتی سەرەکی لەسەر ئاستی وەزارەت ڕاگەیاند و، هەڵمەتی خۆپاراستنی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستپێکرد و، تیمە زانستییەکانی زانکۆکانیش بۆ هۆشیاری تەندروستی، ڕاوێژی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە خرانە ئامادەباشییەوە، هاوکات ئەنجومەنی وەزارەت لە چەند کۆبونەوەیەکی جیادا ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

- دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەموو شارەکان لیژنەی هاوبەشیان لە کۆلیژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و زانستە تەندروستییەکان و زانستە بنچینەییە پەیوەندارەکان پێکهێناو، خرانە خزمەتی کەرتی تەندروستی.
- کردنەوەی تاقیگەی زانستی تایبەت بە (ڤایرۆسی کۆرۆنا)، لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی و زانکۆکانی سۆران و گەرمیان، کە بەشێکی تاقیگەکان تایبەتن بە پشکنین و دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئامێر و تەکنۆلۆجیا و پێداویستییەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیان بۆ دەستەبەرکراوە بە تایبەت ئامێری (ڕیەڵ تایم)، ئەوەش بووە یارمەتیدەری دامەزراوەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە، لە ئێستاشدا ڕۆژانە و بەبەردەوامی لە خزمەتی تەندروستی هەرێمەکەماندایە. هەروەها بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی گشتی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە دابینکراوە.

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەکارهێنانی سیستمی(GIS) ی بۆ نەخۆشی کۆرۆنا ڕاگەیاند، پرۆژەکە بریتییە لە داخڵکردنی زانیاری و داتای ئەو نەخۆشانەی کە تووشی پەتای کۆرۆنا دەبن لە سەرتاسەری کوردستان، دواتر لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە داتاکان بە شێوەیەکی زانستی بەردەست دەبن بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و یارمەتیدەری وەزارەتی تەندروستی و دەزگا بەرپرسەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە سەر بنەمای زانستی بڕیاری - دروستبدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە و ڕێگرتن لە بڵاوبونەوە و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان.
- ئەو تیمانەی لە ئاستی شارەکان پێکهاتن هاوکارن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و پلانی چارەسەر و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ڕاوێژ و ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی وەزارەتی تەندروستی.
- ئامادەکردنی مادەی (VTM)کە بەکاردەهێرنێت بۆ پرۆسێسکردنی نموونەکان و دەستیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆنا، لە هەریەک لە زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، چەرمو و گەرمیان).

٢) **دەستپێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی (پاڵپشتیکار) لە زانکۆکانی کوردستان:** هاوکات لە بواری خوێندن و پەرەپێدانی زانستیدا، هەر لەگەڵ داخستنی دەرگای زانکۆ و پەیمانگەکان ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبونەوەکانی ژمارە (سێیەم-چوارەم-پێنجەم-شەشەم)ی ساڵی (٢٠١٩)دا بەسوود وەرگرتن لە ئەزمونی سەرکەوتوویی وڵاتان بڕیاریدا: بە تەواوکردنی ئەو بەشە کەمەی پرۆگرامی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) کە نەخوێندرا بوو، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٢) خوێندنی ئەلیکترۆنی بەشێوازی (پاڵپشتکاری) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان دەست پێبکات. لەهەمانکاتدا هەموو پرۆسەکانی تر بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەستپێکرد وەک خوێندنی قوتابییان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا)، هەروەها پرۆسە ئەکادیمییەکانی تر (کۆنفرانس و سیمینار و سیمپۆزیەم و گفتوگۆی تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا و نازناوی زانستی و پێداگۆجی و ...هتد).

هەر لە چوارچێوەی سەربەخۆیی زانستی و ئەکادیمی دەسەڵات درایە زانکۆکان بۆ ئەوەی سەربەست بن لە بەکارهێنانی هەر جۆرە پلاتفۆرم و ئەپلیکەیشنێک، کە لەگەڵ تایبەتمەندێتی زانکۆکانیاندا دەگونجێت بۆ جێبەجێکردنی سیستمی (پاڵپشتکاری)، بۆ ئەو مەبەستە (دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری) و (فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچون) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاسپێردران بۆ بەدواداچونی بەردەوام بەمەبەستی دڵنیابوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، لەو چوارچێوەیەشدا بە ڕاپۆرتی ڕۆژانە لەلایەن زانکۆکانەوە ئاگاداری تەواوی پرۆسەکە دەکرانەوە.

٣) **کۆتاییهاتنی پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) :**لە کۆبوونەوەی ژمارە (٨)ی نائاسایی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی، کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٢٦) بەشـێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو، ئەم بڕیارانەی خوارەوە لەبارەی پرۆسەی خوێندن دران:

- **بۆ ئەو زانکۆیانەی کە پەیڕەوی بۆڵۆنیا پرۆسێس دەکەن بڕیار درا:**

١. ئەژمارکردنی هەموو ئەو کریدیتانەی کە خوێندراوە و تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دراوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

٢. ئەو کریدیتانەی کە نەخوێندراوە، دابەشکرا بەسەر سمێستەرەکانی داهاتوو لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) و لە سمێستەرەکانی ساڵانی داهاتوو خوێندران، چونکە بە گوێرەی سیستمی بۆڵۆنیا ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە ڕێگەپێدراوە بەپێی بنەماکانی کۆکردنەوەی کریدیت دەبێت.

- **سیستەمی ساڵانەو سیستەمی کۆرسات: بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:**

١. هەموو بەشـەکان (زانسـتییەکان و مرۆڤایەتییەکان) ئەنجامی تێرمی یەکەمیان بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی دەرچوون یان دەرنەچوونی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

٢. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە ئەنجامەکانی تێرمی یەکەم دەرنەچوون، یان تاقیکردنەوەیان نەکردوە، زانکۆکان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی زانستی، یاخود هەر میکانیزمێکی تری گونجاو هەڵسەنگاندن ئەنجام ئەدەن، بەبێ ئەوەی خوێندکاران بگەڕێنەوە نێوکامپەسی زانکۆکان.

٣. سەبارەت بە توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغە کۆتاییەکان، نمرەکان لە نێوان مامۆستای سەرپەرشتیار و یەک مامۆستای تری هاوپسپۆڕ دابەشکرا تا هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکە ئەنجامبدەن.

٤. سەبارەت بە قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی کۆلیژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان، ئەوان ڕەوانەی ناو نەخۆشخانەکان کران.

بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێکار و بڕیارە خۆپارێزیانە و تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرکەوتووانە بڕیاری کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)یدا.

- **دەستپێکردن لە ساڵی نوێی خوێندن:** بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبوونەوەی ژمارە (٩) ی ئاسایی خۆی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٢٩) بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجـامـدا. لە کۆبونەوەکەدا پلان و بەرنـامەی وەزارەت بۆ سـاڵی نوێی خوێنـدن و

بەرەوپێشبردنی ڕەوتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و، کواڵێتی خوێندن و، ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی پێشنیازێکی پەسند کرد و بەرزیکردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی بڕیاردان، ناوەڕۆکی پڕۆژەکە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:-

- خوێندنی ساڵی نوێی ئەکادیمی لە (٩/١) دەستپێدەکات و پێویستە ساڵی ئەکادیمی لە (٦/٣٠) کۆتای پێدێت.
- لە نێوان (٩/٢٠) تاکو (١٠/٤) پڕۆسەی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، بەشێوەیەک زانکۆکان سەرپشکن و دەسەڵاتیان پێدەدرێت لە نێوان ئەم دو ڕێکەوتە ڕۆژێک بۆ دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) دەستنیشان بکەن.
- سیستەمی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بریتییە لەخوێندنی ئاوێتە واتە (blended learning).
- خوێندنی وانە پراکتیکییەکان و تاقیکردنەوەی کۆرسەکان و کۆتای ساڵ و کرداری ناو نەخۆشخانەو تاقیگەکان و وانە تیۆرییە سەرەکییەکان لە ناو کامپەس دەخوێنرێت، بەو واتایەی زۆربەی خوێندنی ساڵی نوێ لە ناو کەمپەس دەبێت.
- ماوەی نێوان (١/٩) تاکو (٤/١٠) ئەو ماوەیە بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بەکاردەهێنرێت و یاخود ڕێکخستنەوەی ساڵنامەی زانکۆ و قەرەبوکردنەوەی وانە فەوتاوەکان.
- هیچ کۆرسێکی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکان نابێت لە (١٥) هەفتە کەمتر بێت.
- بەهۆی بارودۆخی تەندروستی و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لەنێوان زانکۆکانی هەرێم سیستمی میوانداری دەکرێتەوە، ئەویش لەنێوان بەش و سیستەمی هاوشێوەدا دەبێت.
- بۆ خوێندنی ئاوێتە، هەر زانکۆیەک ئەو پلاتفۆرمە ستانداردانەی خوێندن بەکاردەهێنێت کە یونسکۆ ڕاسپاردەی دەکات.
- لە (١١/١٠/٢٠٢٠) پڕۆسەی خوێندنی خوێندنی باڵا/ ماستەرو دکتۆرا دەستپێدەکات.

دوای پەسندکردنی کۆی ئەم پێشنیازانە و چەندین پێشنیازی دیکەی پەیوەست بە پڕۆسەی ساڵی نوێی خوێندن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارەکان چوونە بواری جێبەجێکردنەوە، خۆشبەختانە وەزارەت و زانکۆکان توانیانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) زاڵبن بەسەر ئاستەنگەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و، سەرکەوتووانە پلانی خوێندن جێبەجێ بکەن.

## کۆنفرانسی زانستی:

هاوشـان لەگەڵ بەڕێوەچوونی کارە زانسـتی و کارگێڕی و داراییەکان، وەزارەت و زانکۆکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین کۆنفرانس و کۆڕی زانستی و ئەکادیمیان ڕێکخستووە:

**ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١):** لەم ساڵەی خوێندنیشدا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆکاندا دەیان کۆنفرانس و دیبەیت و سیمپۆزیزم و دیداری زانستی و ئەکادیمی جیاجیا لە گشت بوارە جیاجیاکان بەشێوەی ئۆنلاین و ئاوێتە و ناوکەمپس بەڕێوەچوون، بۆ نمونە:-

- بەناونیشانی بەرەو خوێندن و سیستەمێکی وەرگرتنی هاوچەرخ و لە پێناو (ڕیفۆرمی خوێندنی پیشەیی وەزی گەنجان ئاوێتەی بازاڕی کاری کوردستان دەکات) و (سیستمی وەرگرتنی هاوچەرخ زامنی پەرەپێدانی توانای داهێنانە)، یەکەمین دیداری هاوبەشی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەچوو.
- لەسەر ئاستی زانکۆکانیش ئەم چالاکیە زانستیانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەڕێوەچوون:

**خشتەی (٣) کار و چالاکییە زانستییەکان لەسەر ئاستی زانکۆکان (٢٠٢٠-٢٠٢١)**

| زانکۆ | کۆنفرانس | | سیمپۆزیۆم | ۆرکشۆپ | سمینار | خولی جۆراوجۆر | نێودەوڵەتی | ڕێککەوتنامە | | توێژینەوەی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێودەوڵەتی | ناوخۆیی | | | | | | ناوخۆیی | دکتۆرا | ماستەر | زانستی |
| سەڵاحەددین | ٠ | ١ | ١ | ١٠ | ٦٥٣ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢٥ | ٣٥ | ٢٤٧ |
| هەولێری پزیشکی | ٠ | ١ | ١ | ٢٨ | ١٠٩ | ٤ | ٢ | ٠ | ٥٤ | ٣٨ | ٨٥ |
| ڕاپەڕین | ١ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠ |
| دهۆک | ٦ | ٠ | ٦ | ٥٤ | ٩٣٩ | ٢٤ | ٢٩ | ٦ | ٨١ | ٥٣ | ٣١٨ |
| سۆران | ٢ | ٠ | ٠ | ٢٢ | ١٢٩ | ١١ | ٠ | ٠ | ٢٧ | ١١ | ١١٥ |
| هەڵەبجە | ٠ | ٠ | ٢ | ٥٣ | ١١٧ | ١٤ | ٣ | ٤ | ٥ | ٢٣ | ٤٨ |
| زاخۆ | ٢ | ٠ | ٠ | ١٠ | ٤٦٠ | ٢٠ | ١٣ | ١٣ | ١٧ | ٢٢ | ١٦٢ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ١ | ٢١ | ٣٢٣ | ٤ | | ٢ | | | ٨٥ |
| پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٣ | ١ | ١ | ٥٤ | ٢٣٥٦ | ١٠ | ٣ | ٥ | ٠ | ٤ | ٢٢٠ |
| پۆلیتەکنیکی دهۆک | ١ | ٠ | ١ | ٢٤ | ٤٢٣ | ٤ | ٣ | ٤ | ٤٢ | ١٢٥ | ٢٣ |
| سلێمانی | | | | | | | | | | | |
| پۆلیتەکنیکی سلێمانی | | | | | | | | | | | |
| چەرموو | | | | | | | | | | | |

# وەزارەتی پلاندانان


## یەکەم: لە ئاستی چاکسازی

وەزارەتمان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و تیمی پسپۆڕانی کۆری کاردەکات لەسەر پڕۆژەی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە دەستپێکراوە. لە ئێستادا دیزاینی پڕۆژەکە تەواو بووەو ئامێر و سێرڤەرەکان لە فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری حکومەت دانراون و پرۆسەی ڕاهێنان بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی کۆری بە تیمی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنییە دەستی پێکردووە.

| ژ | پارێزگا | ژ. پرۆژەی وەزارەتەکان | تەرخانکراوی 2021 (وەزارەتەکان) | ژ. پرۆژەی پارێزگاکان | تەرخانکراوی 2021 (پارێزگاکان) | کۆی گشتی (بە پێی پارێزگا) | موجودات ثابتە | قەرزی بەڵێندەران | کۆی گشتی بە پێی یاسای بودجەی حکومەتی عراقی فیدراڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | 776 | 849,004 | 750 | 177,292 | 1,026,296 | | | |
| 2 | دهۆك | 503 | 575,564 | 434 | 123,444 | 699,008 | | | |
| 3 | سلێمانی | 533 | 665,341 | 534 | 135,636 | 800,977 | | | |
| 4 | | 112 | 89,221 | 80 | 10,668 | 99,889 | 50,000 | 120,000 | |
| 5 | ڕاپەڕین | 104 | 142,638 | 224 | 35,052 | 177,690 | | | |
| 6 | | 148 | 175,631 | 45 | 25,908 | 201,539 | | | |
| 7 | هەرێم | 69 | 95,985 | 0 | 0 | 95,985 | | | |
| کۆی گشتی | | 2245 | 2,593,384 | 2067 | 508,000 | 3,101,384 | 50,000 | 120,000 | 3,271,384 |

## دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزاری

وەزارەتمان ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢١ی هەرێمی کوردستانی ئامادە کردووە و نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسەندکردنی، کە بەپێی بڕی شایستەی هەرێم لە بودجەی عێراقی فیدڕاڵ داوامان لە وەزارەتەکان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد کە پڕۆژەکانی خۆیان پێشکەشی وەزارەتەکەمان بکەن بە مەبەستی دانانی تەرخانکراوی پێویست لەسەر بودجەی عێراق بەپێی خشتەی خوارەوە:




لە ساڵی دووەمی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕی (٣٤٩) ملیار دینار لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان و وەبەرهێنانی وەزارەتەکان تەرخانکرا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ستراتیجی کە وەزارەتەکەمان سەرپەرشتی لیست و تەرخانی پڕۆژەکانی کردووە. ئەم بڕە پارەیە بە شێوەی نەختینە بەپێی خشتەی خوارەوە خەرجدەکرێت:

| ژ | پارێزگا | کۆی گشتی ڕەزامەندی دراو | ژ. پڕۆژەی پارێزگاکان | کۆی گشتی تەرخانکراوی پارێزگاکان | ژ. پڕۆژەی وەزارەتەکان | بڕی تەرخانکراو بۆ وەزارەتەکان تا ئێستا | کۆی گشتی ڕەزامەنی خەرجکردن تا ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١٢٨،٣٥٢ | ١٣١ | ٢٨،٣٥٢ | ٣٤ | ٣٠،٦١٠ | ٥٨،٩٦٢ |
| ٢ | دهۆك | ٧٧،٠٠٠ | ١٠٤ | ٣٢،٠٠٠ | ١٦ | ٣٢،٩٨٤ | ٦٤،٩٨٤ |
| ٣ | هەڵەبجە | ٣٠،٠٠٠ | ٣١ | ٢٢،٤٨٧ | ١١ | ٨،٠٦٣ | ٣٠،٥٥٠ |
| ٤ | سلێمانی | ٧٨،٤٧٥ | ٢٦ | ٢٤،٣١٨ | ١٥ | ٢٢،٤٥٤ | ٤٦،٧٧٢ |
| ٥ | ڕاپەڕین | ٢٠،٨٧٥ | ٠ | ٠ | ٥ | ١٣،٧٠٤ | ١٣،٧٠٤ |
| ٦ | گەرمیان | ١٥،٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٦ | ٢،٥٠١ | ٢،٥٠١ |
| | **کۆی گشتی** | **٣٤٩،٧٠٢** | ٢٩٢ | **١٠٧،١٥٧** | ٨٧ | **١١٠،٣١٦** | **٢١٧،٤٧٣** |

## پڕۆژە ستراتیجییەکان بریتین لە:

- ڕێگای کەلار – دەربەندیخان.
- ڕێگای کەلار – کفری.

- ڕێگای هەولێر – ڕۆڤیا.
- ڕێگای ڕۆڤیا – گوپال.
- ڕێگای دوکان -چوارقوڕنە.
- ٣ سایلۆ لە (کەلار، قوشتەپە، بەردەرەش).
- بەنداوەکان ١٣ دانە (خۆرنەوازان، دێوانە، ئاقوبان، نازەنین، بانوی ئاقوبان، خەنس، چەمرگە، جەلی).

## چالاکییەکان لە بواری گرێبەستە گشتییەکان:

بۆ زیاتر پەرەپێدانی ڕێنمایی و سیستەمی گرێبەستە گشتییەکان، وەزارەتەکەمان کاردەکات بۆ ئامادەکردن و داڕشتنی بەڵگەنامەی پەرەپێدانی ستاندارد بۆ گرێبەستەکان. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا کار لەسەر هەریەک لەم بەڵگەنامە ستانداردانەی گرێبەستەکان کردووە:

- بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ پرۆژەکانی کەهرۆمیکانیک.
- بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ پرۆژەکانی تسليم مفتاح (Turnkey).
- بەڵگەنامەی ستانداردی گرێبەستکردن بۆ دیزاینکردن و دروستکردن.

## چالاکییەکان لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی:

- خولەکانی ڕاهێنانی ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (کیپا- KIPA) کە لە مانگی ٨ی ٢٠٢٠ تاکو ئێستا ئەنجامدراون کە بریتیبوون لە (٤٧) خولی جۆراوجۆر لە بوارەکانی (کارگێڕی، بودجە، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپیوتەر، گرێبەستە گشتییەکان و هتد) کە (٨٥٩) فەرمانبەری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون. جگە لەم خولانەی سەرەوە دەزگای میدیا و زانیاری ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی کیپا خولێکی دوو ڕۆژی لەسەر (داڕشتنی هەواڵ و پلانی میدیایی) بۆ بەڕێوەبەرانی ڕاگەیاندنی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت پێشکەشکرد و هەروەها خولێکی دوو ڕۆژی لەسەر (Information Update) بۆ دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجامدرا.

## کارکردن بۆ ئەنجامدانی چەندین ڕووپێو و وۆرکشۆپ:

وەزارەتەکەمان لە ڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێم کاردەکات بۆ ئەنجامدانی چەندین ڕووپێوی گرنگ وەک:

- ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان (I-WISHII).
- ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان (IHSESIII).
- ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان.
- وۆرکشۆپی تایبەت بە پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان.

## چالاكییەكان لە بواری پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری:

وەزارەتەكەمان هەڵساوە بە پێدانی (٢٥٤) نووسراوی تایبەتمەندی بۆ كۆمپانیاكانی ناوخۆ و دەروازە سنوورییەكان و لایەنە حكومییەكان و هەروەها كاری پشكنینیان بۆ زیاتر لە (١٩٠) خۆراك ئەنجامداوە، و بە بەردەوامی سەردانكردن و بەدواداچوون و چاودێریكردنی بازاڕیان كردووە وەک (تازەكردنەوەی مۆڵەتی زێرینگری و وەرشەی زێڕ، دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگری، پشكنینی خشڵی هاوردە، پشكنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ، پشكنینی دوكانی وەرشە و زێڕینگری، كێش كردنی تەرازوو، سەردانی لیژنەی چاودێری بازاڕ، تاقیكردنەوەی زێڕینگەران و خاوەن وەرشەكان، داخستنی دوكانی زێڕینگری بە هۆی نەبوونی مۆڵەت، ئاگاداركردنەوەی ئەو زێڕینگرانەی مۆڵەتیان نوێ نەكردووتەوە).

## سێیەم: لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقی فیدراڵ

### - ئەنجامدانی سەرژمێری لە عێراق:

وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێم چالاكانە بەشداریكردووە لە كۆبوونەوەكانی دەستەی باڵای سەرژمێری، كە باس لەو هەنگاوانە كران كە تاكو ئێستا وەكو ئامادەكاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری هاوێژراون لە بوارەكانی تەكنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری جوگرافی، گەیاندن، پرسیارنامەكانی هەردوو قۆناغی گەمارۆسازی و ژمارەدانان و سەرژمێری و تازەكردنەوەی یەكەكانی كارگێڕی. هەروەها هۆكارەكانی دواخستنی سەرژمێری بۆ ساڵی داهاتوو و تەرخان نەكردنی پشكی هەرێمی كوردستان لە بودجەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان و دابین نەكردنی وێنەی ئاسمانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان كە بە كۆڵەكەی ئامادەكارییەكانی سەرژمێری دانیشتوان هەژماردەكرێت تاوتوێكران.

### - سندوقی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی (SFD):

پرۆژەیەكە بۆ گەشەپێدانی گوندەكان و ناوچەكانی دەوروبەری شارەكان كە نیشاندەرەكان دوای دەستنیشانكردنی هەژارترین گوند و ناوچە لەڕێگای وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی فیدراڵ بۆ پارێزگاكانی عێراق و بە هەماهەنگی وەزارەتەكەمان بۆ پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ڕێگای بانكی نێودەوڵەتی كۆمەكیان دەكرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بچووک لەو ناوچانە. لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم پرۆژەیە جگە لە چەند پارێزگایەكی عێراق، لە هەرێمی كوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک و ساڵی ٢٠٢٠ لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەندێک پرۆژە ئەنجامداوە و، ساڵانی داهاتووش ئەم بەرنامەیە لە سنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێ دەكرێت.

## چوارەم: لەسەر ئاستی ئازادی و دیموكراسی و پێكەوە ژیان

وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێم و چەندین ڕێكخراو و سەنتەرەكانی ئافرەتان و وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی بەردەوامە لەسەر جێبەجێكردنی چەندین پرۆژەی تایبەت بۆ ئافرەتانی هەرێم، ئاوارە و پەنابەر، بۆ بەرزكردنەوەی توانای ئافرەتان و هەروەها كاركردن لەسەر پرۆژەی سیستەمی چاودێری كاركردنی منداڵان، یەكسانی جێندەر و پاراستنی خێزان لە توندوتیژی كۆمەڵایەتی و كاركردن لە ڕێزگرتن لە مافی ئازادی و دیموكراسی و هاوسەنگكردنی ژیان بە گشتی.

## پێنجەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

وەزارەتی پلاندانان بەردەوامبووە لە کاری هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاریکردنی تەکنیکی و ڕاوێژکاری بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و ئەنجامدانی پرۆگرامی پێویست بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەک: (UNDP, USAID, UNESCO, CECVI, GIZ, BMZ, GMAC, IOM, ETTC, VNG, RDPPII, UNFPA, AICS, BFZ)

## شەشەم: لە ئاستی ئابووری و داراییدا

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت:**

- وەزارەتەکەمان بەردەوامبووە لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کە دواتر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەندکراوە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکرایەتەوە.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.
- کارکردن لەسەر ئامادەکردنی لیستی پرۆژە گونجاوەکانی هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆرمی ئابووری ٢٠٢١-٢٠٢٣:**

وەزارەتەکەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەردەوامە لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆرمی ئابووری ٢٠٢١-٢٠٢٣ ی هەرێمی کوردستان.

- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان بە پاڵپشتی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی، ڕەشنووسی یەکەمی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستانی ئامادەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ۆرکشۆپمان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکخست بۆ زیاتر گفتگۆکردن و دەوڵەمەندکردنی کۆڵەکەکانی پێکهاتەکەی ڕەشنووسەکە.

## چالاکییەکان لە بواری ئامادە کردن و هەماهەنگی کردنی پلانەکانی گەشەپێدان:

- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی چاککردنی ژینگەی کار و بەهەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم و دابینکردنی هەلی کاری زیاتر و دڵنیایی پیشەیی، ڕاپۆرتەکە بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواوبووە.
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک دەربارەی ڕۆڵی کەرتی گەشتیاری لە پەرەپێدانی بەردەوام و ڕەهەندی ئابووری، توێژینەوەکە بە ڕێژەی ١٠٠٪ - تەواوبووە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کەرتە ئابوورییەکان، ڕاپۆرتەکە بە ڕێژەی ١٠٠٪ تەواوبووە.

- بەردەوامبوون لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری و ئاسایشی خۆراک، کارەکانی ئەم راپۆرتە بە ڕێژەی **٨٠٪** - تەواوبووە.
- ئامادەکردن و کارکردن لەسەر ڕاپۆرتێک دەربارەی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و هاوتاکردنی ئیمتیازاتەکانی لەگەڵ کەرتی گشتی، راپۆرتەکە بە ڕێژەی **٢٥٪** - تەواوبووە.
- ئامادەکردن و کارکردن لەسەر توێژینەوەیەک دەربارەی ڕۆڵی کشتوکاڵ لە پەرەپێدانی ئابووری، ڕێژەی ١٠٪ی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری پەروەردەیی، کە بە ڕێژەی **١٠٪**ی کارەکانی جێبەجێکراوە.

# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

## لە ئاستی چاکسازیدا:

**یەکەم: کارکردن بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی**

ئەو پرۆژە و ڕێکار و چالاکییەیانەی لە قۆناغی بەردەوامی و جێبەجێکردندان:

- لە ئەنجامی بەردەوامبوون لە وردبینی کردنی دۆسیەی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەرهێنانی ناوی ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتانەی کە کۆچی دوای دەکەن یاخود کۆچی دەرەوەی وڵات دەکەن یان شایستە نین بووە هۆی گەڕانەوەی نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار لە مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ گەنجینەی حکومەت ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی (٢٧٤٠) - دۆسیەی کەمئەندامی.

- بەردەوامی لە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران دەستنیشانکردنی پلە و سەرمووچەی زیادە، وردبینی کردنی (٤٨٤٠) دۆسیە لە کۆی گشتی (٥٩٧٠) دۆسیە، لە ئێستادا لیژنەی باڵای وردبینی کردنی دۆسیەکان لە وەزارەت سەرقاڵی وردبینیکردنی دۆسیەکانی دەرەوی دیوانی وەزارەتن بە شێوەی وەرگرتنی سامپڵی هەڕەمەکی بۆ دڵنیا بوون لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی وردبینی.

- بەردەوامی لیژنەکانی پشکنینی دەستەبەری کومەڵایەتی کە (١٨) لیژنەن (حەوت لە سلێمانی و شەش لە هەولێر و پێنج لە دهۆك).

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شایستەو کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ بەندییەکان لە ڕێگای (٦) شەش بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران و ژنان و منداڵان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) کە زیاتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار بەندی لە خۆ دەگرێت.

- کارکردنی لیژنە تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی بەخێوکەر لە دیوانی وەزارەت بە پێداچونەوە بە دۆسیەی سودمەندانی مۆڵەتی بەخێوکەر تا وەکو ئێستا زیاتر لە (١٥٠) مۆڵەت فەرمانی هەڵوەشانەوەی بۆ کراوە.

| ز | وردەکاری | ژمارە | جیاوازی مووچە |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی فەرمانبەری خاوەن پێداویستی تایبەت | ١٣٢٤٩ | |
| ٢ | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری دوو جار دووبارە | ٦٤٨ | ٣٢،٤٠٠،٠٠٠ |
| ٣ | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری سێ جار دووبارە | ١٧ | ٣،٤٠٠،٠٠٠ |
| ٤ | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری چوار جار دووبارە | ١ | ٣٠٠،٠٠٠ |

- هەمواری ڕەشنووسی ستراتیژی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

- ئامادەکردنی ڕێنمایی (تۆڕی پاراستنی خێزان لەسەر بنەمای هەژاری) کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

پارێزگاکان، دەستەی ئامار، نوێنەرانی پەرلەمان، هەروەها ڕاسپاردەی تەکنیکی و پاڵپشتی دارایی (UNDP) و (UNICEF) و (UNHCR) و (WFP) بانکی نێودەوڵەتی و (Cash Working Group for Iraq) ئامادەکراوە.

**دووەم: کارکردن بۆ نەهیشتنی ڕۆتین و خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان**

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی گواستنەوە بۆ شارەکانی تری هەرێم.

- بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوی یونسێف داتا سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دروست کرا کە ئێستا لە قۆناغی ئەزموونییە دواتر لە سەرجەم شارەکانی تر کاری پێ دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە دیوانی وەزارەت.

- قۆناغی یەکەمی دروستکردنی داتابەیس بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وەزارەت.

- قۆناغی کۆتایی لە دروستکردنی داتابەیس بۆ ڕاییکردنی کاروباری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە چاکسازییەکانی (هەولێر- دهۆك- سلێمانی) لەلایەن ڕێکخراوی تۆڕی دادپەروەی لە عێراق.

- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری ئەلێکترۆنی و کورتەنامە بۆ سودمەندانی قەرزی بچووك لە ڕێگای مۆبایلەوە.

- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری چەسپاندنی خاڵی (GPS) بۆ شوێنی پرۆژەکانی قەرزی بچووك.

## لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

- **کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت**

- ئامادەکردنی یاسای کار تایبەت بە مافی کرێکاران پێداچوونەوەی لەلایەن ئەنجومەنی شورا و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ناردن و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان.

- هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨ی مۆڵەتی پێدانی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کەرتی تایبەت.

- دەرکردنی ڕەشنووسی لێك تێگەیشتن بۆ بەکارخستنی کرێکاری بیانی.

- **زامنکردن مافە یاساییەکانی  فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی تایبەت:**

- قۆناغی کۆتایی لە داڕشتنی ڕەشنووس یاسای دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی ناردنی بۆ ئەنجومەنی شورا.

- **دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیدان بە خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان:**

- کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) و ئامادەکردنی پەیکەری گونجاو بۆ ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) لەگەڵ دەستنیشانکردنی باڵەخانەی کۆنی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر ڕێگای کەرکوك بۆ ناوەندی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- دەستپێکردن بە دروستکردنی ناسنامە بۆ خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان.

- دەرکردنی ڕێنمایی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.

- ئامادەکردنی فۆڕمی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای سندوقی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- دەرکردنی ڕێنمایی دەستنیشانکردنی ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاسپێردراو.

- هەمووارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٨ ی تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم.

- ڕێنمایی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان.

- ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرەکانی منداڵی بیرکۆڵ لە هەرێمی کوردستان.

- هەموارکردنەوەی یاداشتی لێك تێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی هیوای نابیستان و ڕووناکی بۆ نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و هەردوو پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان.

- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت.

- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندامان بە مەبەستی سودمەندبوونی کەسانی شایستە.

- دروستکردنی لیژنە بۆ نووسینی پرۆپۆزەڵ و دەرخستە بۆ دروست کردنی سەنتەری شیاندنەوەی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر بەپێی مادەی حەوتی یاسای بەرەنگاربونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

- **گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن:**

- ئامادەکردنی پلانی ٢ ساڵە بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك و بە گەنج و لاوان بەپێی ئەو داهاتەی کە مانگانە دەگەڕێتەوە سەر هەژمارە بانکییەکانمان کە مانگانە خەملێندراوە بە یەك ملیار دینار.

- پلانی ستراتیجی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی وەزارەت.

- بەردەوامی لە تۆمارکردنی بێکاران و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لە بەڕێوەبەراتییەکانی کار لە پارێزگا و قەزاکان، تۆمارکردنی (٣٤٨٢) بێکار و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ (٦٩٠) بێکار.

- پێدانی مۆڵەتی کار تۆمارکردنی (٣٦٨٨) کرێکاری بیانی کە بە ڕێگەی وەزارەت هاتوون بۆ کوردستان.

- بەردەوامی خولە جیاوازەکانی ڕاهێنانی پیشەیی: ئەنجامدانی (٩) خول بۆ (١٣٢٩) کەس.

- بەردەوامی چالاکییەکانی هێڵی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران (٥٥٠٠): وەرگرتنی (٢٢٠١) پەیوەندی تایبەت بە پرسیارکردن دەربارەی یاسا و ڕێنمایی پەیوەست بە کرێکاران و وەرگرتنی زانیاری پەیوەست و سکاڵا.

- بەردەوامی لە گەڕانەوەی پارەی سودمەندانی قەرزی بچووك بە بڕی (٤٦,٠٢٥,٩٣٣,٠٠٠) ملیار دینار لە کۆی گشتی قەرزی دابەشکراو بە بڕی (٧٦,٨٨٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار لە لایەن (٥) بنکەی سەرەکی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان) و هەشت بنکەی لاوەکی لە قەزاکانی (سۆران، کۆیە، مێرگەسۆر، ڕانیە، چەمچەماڵ، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی) بە مەبەستی دووبارە دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك.

# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

## یەکەم: لەئاستی چاکسازیدا

- پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکەمان: لەکۆی گشتی ٧٠٣٩ دۆسیەی فەرمانبەران، وردبینی ٥٨٦٩ دۆسیەکراوە. دەرکەوت ٧٩١ فەرمانبەر پلەی زیادەو ٥٨٣ فەرمانبەر سەرە مووچەی زیادەی پێدراوە. بەو چاکسازییانە بڕی ١٧١٢٥٠٠٠٠ سەدو حەفتاو یەك ملیۆن و دوسەدو پەنجا هەزار دینار بۆ گەنجینەی حکومەت دەگەڕێتەوە.
- ڕێکخستنەوەی پێدانی ژمارەی سپاردنی پەرتووک، بەجۆرێك کە کارئاسانی بۆ نووسەران و چاپکردنی بەرهەمەکانیان بکات. هەروەها بڕیاردراوە کە بێجگە لە پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین ژمارەی سپاردن بدرێ.
- ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کەناڵەکانی میدیای بیستراو و بینراو و کۆمپانیاکانی ڕێکلام کە گۆرانیو ئاوازی فۆلکۆر و هونەرمەندانی کوردستان بۆ مەبەستی ڕێکلامی بازرگانی بەکارنەهێنن، بەپێچەوانەی ئەوەوە، بەپێی یاسای مافی دانەر و هاوسێکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕێکاری یاساییان لەدژ دەگیرێتەبەر.
- ئاگادارکردنەوەو سزادانی ئەو کەناڵە میدیایانەی کە هانی توندوتیژی و توندڕەوییان دەداو دژی دابونەریت و ئادابی کوردەواری بەرنامەیان پەخش دەکرد.
- پڕۆژەی (ڕێبەری کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان) لەلایەن لیژنەیەکی وەزارەتەکەمانەوە ئامادەکراوە، ئەم پڕۆژەیە کاری میدیایی ڕێکخستۆتەوەو ڕێنماییەکانی تایبەت بە (مۆڵەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ڕێکلامی بازرگانی، میدیای ئەلیکترۆنی و فریکۆنسیی سپەیس)ی لەخۆگرتووە.

## دووەم: لەئاستی خزمەتگوزاریدا

- **خزمەتگوزاری پەرتووکخانە گشتییەکان:**

٩٢ پەرتووکخانەی گشتی لە هەرێمی کوردستان هەیەو (٨٥٨٩٥١) هەشت سەدو پەنجاو هەشت هەزارو نۆسەدو پەنجاو یەك پەرتووکی هەمەجۆریان تێدایە، بەگشتی لەو ماوەیەدا (٢٤٦٥٧) بیستو چوار هەزارو شەش سەدو پەنجاو حەوت خوێنەر سەردانی ئەو کتێبخانانەیان کردووەو سوودمەند بوون لە خوێندنەوەی سەرچاوەکان.

هەر لەرێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرتووکخانە گشتییەکانەوە، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (٢٦٦٥) دوو هەزار و شەش سەد و شەست و پێنج ژمارەی سپاردن دراوە بە نووسەران بۆ چاپکردنی پەرتووکەکانیان.

- **هەڵمەتی هۆشیاریو خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

سەرباری ڕاگرتنی کارو چالاکییەکانی وەزارەتەکەمان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لەلایەن دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانمانەوە، چەندین چالاکی بەشێوازی ئەلیکترۆنیو ئۆنلاین

لەرێی میدیاکان و سۆشیال میدیاوە بۆ بەرەنگاری و هاندانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجام دراوە، هونەرمەندان لەرێی گرتەی ڤیدیۆیی‌و تابلۆ و پۆستەرەوە داوایان لە هاووڵاتیان کرد خۆیان لەو ڤایرۆسە بپارێزن .

- **کورتەو پوختەی پڕۆژەو چالاکییەکان:**

سەرباری قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا، لە ماوەی ساڵی دووەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چەندین پڕۆژەو چالاکی جۆراوجۆریان لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و میدیایی و وەرزش و لاواندا ئەنجامداوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەگشتی **(١٨٤٨)** چالاکی هەمەجۆر لەم بوارانەدا ئەنجام دراوە.

- **لە خوارەوە پوختەی پڕۆژە و چالاکییەکانی وەزارەتمان بەزمانی ژمارە دەخەینەڕوو:**

| | |
|---|---|
| - موزیك: | ٣٤ |
| شانۆ: | ٢٤ |
| - پێشانگای فۆتوگرافی : | ٥٧ |
| - سینەما: | ٩ |
| - کردنەوەی هۆڵ: | ١ |
| - کولتوور: | ٦١ |
| - وەرزش: | ٣٢٦ |
| - خولو ۆرك شۆپ: | ١٩٤ |
| - کۆنفرانسو سیمینار: | ٢٤١ |
| - رێزلێنان: | ٥٢ |
| - دیدارو پەیوەندی: | ٢٣٤ |
| - یادو پەیام: | ١٢٧ |
| - چاپکردنی کتێب: | ٢٥ |
| - هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ خۆپاراستن لە کۆرۆنا: | ١٠ |
| - چاکسازی: | ٢٩١ |
| - پرۆژەکان: | ٥ |
| - چالاکی جۆراو جۆری دیکە: | ١٥٧ |
| - **کۆی گشتی:** | **١٨٤٨** |

# وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بەشی دووەم مادەی(٢) کە پێکهاتووە لە پێنج بڕگە بۆ ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی کراو و گیراوانی سیاسی.

بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٢)ی یاساکە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئەم هەنگاوانەی ناوە:

**بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم: یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.**

١- دەرچوونی پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠، پەیڕەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان.

٢- دەرچوونی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٣- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان- ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.

٤- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو.

٥- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

٦- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥.

٧- دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

٨- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی پلە بەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و گفتوگۆی بەردەوام بە مەبەستی دەرچوواندنی.

٩- دەرکردنی ڕێکاری پێویست بۆ لیژنەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

١٠- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ تۆماری نوێی تاقانەی جینۆساید بە فەرمانی وەزاری (١٣٤٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢.

١١- پێکهێنانی لیژنە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٣١٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٣١.

١٢- هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (١٣,٢٨٢) بەخێوکەر، بە فەرمانی وەزارەت ژمارە(٤٨) لە ٢٠٢١/١/٦، کە مانگانە بڕی (٩٩٦,١٥٠,٠٠٠) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.

**بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی دووەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان).

١- پێکهێنان و نوێکردنەوەی لیژنەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و (١٠) ئەندام ، بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٤٠٣) لە ٢٠٢١/٦/٦.

٢- پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٣٣،٣١،٣٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢، بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٣- پێکهێنانی لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٢٥٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٨، بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەیەکانی تاقانەکانی جینۆساید.

٤- پێکهێنانی لیژنەی ناڕازیبوون (سکاڵا) بە فەرمانی وەزارەت (١٥٠٩) لە ڕێکەوتی٢٠٢٠/٩/١٣، بۆ بڕیاردان لە دۆسیەکانی ناڕازیبوون (سکاڵا).

٥- پێکهێنانی لیژنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٥٠٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٣، بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و ئامادەکردنیان بۆ لیژنەکانی تەندروستی.

٦- گەڕانەوەی دۆسیەکانی تۆماری نوێی شەهیدان، بۆ ئەوەی جارێکی تر وردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکاندا بکرێت لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەمووارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان) بە فەرمانی وەزارەتمان ژمارە (١٥٠٢) لە ٢٠٢٠/٩/١٣.

٧- دروستکردنی فۆرمی زانیاری بۆ وردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

٨- سەردانی مەیدانی لیژنەی وەزارەت بۆ لیژنە لاوەکییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کارەکانیان.

**بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی سێیەم:** پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سودمەندبوون.

١- بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم مادەی (٥) لە پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ و پاڵپشت بە بڕیاری لیژنەی باڵای چاکسازی ژمارە (٢٩٣٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٦ ، بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی نوێنەرێکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٢٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢ بۆ پاکتاوی دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، پاشان بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢٠/٨/١٣ گۆڕانکاری لە لیژنەکەدا کرا، دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر و بارودۆخی تەندروستی زۆری کارەکانیانەوە نەیانتوانی کارەکانی لیژنەکە ڕاپەڕێنن لەبەر ئەوە بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١١٥) لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢ لیژنەیەکی نوێ پێکهێنرا و بە کۆنووسێک سەرجەم لیستی ناوەکانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسییان پێدرا بۆ پاکتاوی دۆسیەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٢- بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠، هەڵپەساردنی تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، ئەنجومەنی دادوەری بە نووسراوی ژمارە (١١٧١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣١ تۆماری نوێی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ڕاگرت.

٣- بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٤٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠ ، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەتمان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٤- ناردنی لیستی ناوی (٩٨٤) زیندانی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢١/٣/١٧، بۆ ئەوەی لە ڕێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاڕاستەی

لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ بکرێت بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نیە، تا لە دوای تەواوبوونی ماوەی (١٠) ساڵی مینحەکەیان، مینحەی مانگانەیان بۆ ببەسترێتەوە.

٥- بەستنەوەی منحەی (٦٣٩) زیندانی سیاسی بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٨١) لە ٤/٥/٢٠٢١ .

**بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی چوارەم:** لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی ، بە پێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان ڕاسپێردراوە کاری پێویست ئەنجامبدات لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی ٢٠٢٠، بۆ میراتگرانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەرچوواندوە.

**بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی پێنجەم:** ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکان لەناو هەرێمدا. دەستنیشانکردنی مەرجەکانی - شایستەبوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە مادەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

١- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئابووری دەرچوواندنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.

٢- بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (٤٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠ ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزارییەکان و بانکی زانیاری لە دیوانی وەزارەتمان کە بەردەوام زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو ئامادەبکەن لەبارەی کەس و کاری شەهیدان، بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن، تاکو لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگی بکرێت و پلانی ساڵانەی پێویست بۆ خەرجییەکانی خزمەتگوزاری دابڕێژرێت.

٣- دانانی سێرڤەر و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەیەکەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی زانیارییەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بەمەبەستی ڕێکخستن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی خوێندن.

**دەرئەنجامی پێداچوونەوە بە دۆسیەکان:**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر**

| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینیکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| زیندانی سیاسی | ٢٣,٧٦٩ | ١٠,٢٩ | ٧٦٠ | ٢٦٩ | ٠ |
| بەرکەوتەی کیمیاوی | ٩,٢٠٢ | ٢٠٣ | ٥٠ | ١٨٧ | ٤ |
| تاقانەکانی جینۆساید | ٣٦١ | ٣٦١ | ٢٩٥ | ١٤ | ٥٢ |
| سکاڵا | ١٠٤١ | ١٠٤١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| فەرمانبەران | ١,٣٥٩ | ١,٣٥٩ | ١,١٥٥ | ٢٠٤ | ٠ |

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی**

| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینیکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدی سەنگەر | ١٢,٩٤٠ | ١,١٠٠ | ٨٣٢ | ١٦٦ | ١٠٢ |
| شەهیدی هاووڵاتی | ٨,٣٧٣ | ١,٦٠٣ | ٩٦٠ | ٥٥٣ | ٩٠ |
| شەهیدی جینۆساید | ٣,٠٢٦ | ٩٠٠ | ٤٠٠ | ٤٩٠ | ١٠ |

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆک**

| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینیکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدی سەنگەر | ١٧,٦٩٥ | ٨٧٣ | ٥٩٤ | ٢٦٧ | ١٢ |
| شەهیدی هاووڵاتی | ٨,٧٦٢ | ٤,٨٢٠ | ٣,٣٠٧ | ١,٢٠٩ | ٣٠٤ |
| شەهیدی جینۆساید | ٧,٨٢٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

**لیژنەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**

| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینیکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| شەهیدی سەنگەر | ٦,٤١٥ | ٩٣٨ | ٣١٤ | ٥٨٥ | ٣٩ |
| شەهیدی هاووڵاتی | ٣,٩٠٨ | ٤٦٢ | ٣٠٢ | ١٦٠ | ٠ |
| شەهیدی جینۆساید | ٧٧٨ | ٦٠ | ٥٢ | ٥ | ٣ |

لە ڕێکەوتی ١٠ / ٣ / ٢٠٢١ شاندی وەزارەت بە سەرپەرشتی بەڕێز بریکار و بە یاوەری بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، سەردانی (ب.گ) دهۆکیان کردو لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی و لیژنەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کۆبوونەوە و ڕێنمایی و ڕێکاری پێویستیان تاوتوێ کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی پێداچوونەوە و وردبینیکردنی دۆسیەکان بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای دادپەروەری.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- تاپۆکردنی ژمارەیەك زەوی و خانوو و شوقەی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و پڕۆسەکەش بەردەوامە لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٢- خەرجکردنی بەردەوامی پارەی کرێی خوێندنی کچ و کوڕ و هاوسەری شەهید (کە هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) و زیندانیانی سیاسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی)

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر:**

١- بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی خوێندنی کوڕ و کچی شەهید و هاوسەری شەهید (ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) و زیندانیانی سیاسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکان) بە سپۆنسەری وەزارەتەکەمان بەم شێوەی لای خوارەوە:

- هەلی خوێندن ڕەخسێنراوە بۆ ( ٢٠٢١ ) قوتابی و خوێندکاری کچ و کوڕی شەهیدان لە سنووری (ب.گ. شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر) لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بە تێچووی (٤,٧١٣,٧١٤,٧١٠) دینار و هەروەها بڕی (٦٨٨,٥٠٠,٠٠٠)دینار وەك دەرماڵەی هاتوچۆ و بڕی (٣٣٨,٤٤٥,٠٠٠) دینار بۆ دەرماڵەی نیشتەجێبوونیان، کە تەنها بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بریتیە لە (٥,٧٤٠,٦٥٩,٧١٠) تەنها بۆ سنووری پارێزگای هەولێر لەسەر بودجەی وەزارەتەکەمان.
- لە ساڵی (٢٠٢١) یشدا لە سەر ئەرکی وەزارەتمان (١٠٣٣) خوێندکاری کچ و کوڕی شەهیدان و (هاوسەری شەهید ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) بەردەوامیان داوە بە خوێندنیان لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان بە بڕی (٢,٢٠٠,٥٥١,٤٣٠) دینار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی:**

١- بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی بۆ خوێندنی کچ و کوڕی شەهیدان و هاوسەری شەهید (ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) بۆ ( ٨٩٨ ) خوێندکار و قوتابی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بە بڕی (٢١,٦٢٤,٢٢١,٠٥٠) دینار.

٢- بەردەوامیدان بە سپۆنسەری کردنی خوێندنی (٦١٧) خوێندکاری کوڕ و کچی شەهیدانی سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بە بڕی (١,٧١٧,٢٧٩,١٨٠) دینار لە قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان.

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك:**

لە ئەستۆگرتنی کرێی خوێندنی (١٠٠٤) خوێندکار و قوتابی لە کوڕان و کچانی شەهیدان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان بە بڕی (٣,٦١٧,٤٣٦,٥٠٠) دینار بۆ ساڵی (٢٠٢٠)، بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی خوێندنی (٩٧١) خوێندکاری کوڕ و کچی شەهیدان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بە بڕی (٣,٠٧٣,٢٠٣,٩٥٠) دینار. لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك لەسەر بودجەی وەزارەتمان.

- **بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوك:**

بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی بۆ (٧٩) خوێندکاری کچ و کوڕی شەهیدان لە کەرکوك بە بڕی (١٦١,٧٨٧,٠٠٠) دینار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠) و هەروەها سپۆنسەری (٣٩) خوێندکار و قوتابی کچ و کوڕی شەهیدان و زیندانیانی ساسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوك بە بڕی (٨٥,٠١٨٥,٤٥٠) دینار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان:**

١- لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان وەزارەتمان خزمەتگوزاری خوێندنی ڕەخساندوە بۆ (٩١) خوێندکار و قوتابی لە کچ و کوڕی شەهیدان و هاوسەری شەهید (ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠) بە بڕی تێچووی (٩٨,٤٢٢,٥٠٠) دینار لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆی حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان لەگەڵ دەرماڵەی هاتوچۆیان بە بڕی (٣٨,٧٠٠,٠٠٠) دینار و دەرماڵەی نێشتەجێبوون بە بڕی (٤,٩٥٠,٠٠٠) دینار.

٢- بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) وەزارەتەکەمان سپۆنسەری خوێندنی (٧٦) خوێندکار و قوتابی کوڕ و کچی شەهیدی کردووە لە سنووری (ب.گ) کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان و نووسینگەی خانەقین بە بڕی (١٢٠,٣١٢,٥٠٠) دینار.

٣- خزمەتگوزاری خوێندن بۆ زیندانیانی سیاسی کوردستان (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر.

٤- بەردەوامیدان بە پاڵپشتی دارایی بۆ خوێندنی (٣٢٢) قوتابی و خوێندکار بە بڕی (٨٤٨,٩١٤,٥٠٠) دینار لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان.

٥- دابینکردنی هەلی خوێندنی بەردەوام بۆ (٢١٥) قوتابی و خوێندکاری زیندانی سیاسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی بە بڕی (٧٠٧,١١٦,٢٠٠) دینار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١).

٦- دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بەردەوام بۆ خوێندنی (٢٠٨) قوتابی و خوێندکاری زیندانیکراو و گیراوی سیاسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك بە بڕی (٧٥٩,٥٠٨,٠٠٠) دینار و بە دواداچوونی کێشە و گرفتەکانیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانە سیاسییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتمان.

**تێبینی:**

ئاماری قوتابیان و خوێندکارانی سنووری هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەڵەبجە و گەرمیان لەگەڵ ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی هەژمارکراون بۆ زانین.

١- دابەشکردنی دیاری و هاوکاری مادی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (کۆڕەك تیلیکۆم) بە سەر ژمارەیەك لە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك .

٢- ئەنجامدانی سەدان مامەڵەی گۆڕینی وارس و تۆمارکردنی میراتگر (وارس) و وەرگرتنی بەڵێننامە و راستکردنەوەی ناو و گواستنەوەی مووچە و پشتگیری کردنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دهۆك و سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی هەڵەبجە، گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بە وەزارەتەکەمان.

٣- دابەشکردنی دیاری و هاوکاری مادی بەسەر (١٠٨) خانەوادەی وارسی شەهیدانی شەری داعش لە سنووری ب.گ.هەولێر و هەر خێزانێك بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) دینار بە سپۆنسەری (PLUS٢٠١٠) بە هەماهەنگی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- دابینکردنی بڕی (٩٨٠) پاکێج خۆراکی جەژنانە لەلایەن چەند خێرخوازێکەوە بە هەماهەنگی بەڕێز پارێزگای هەولێر بۆ (٩٨٠)خانەوادەی شایستەی شەهیدانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارووباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر.

٥- دابینکردنی (١٠٥) ئایپاد وەك دیاری بۆ کوڕ و کچی شەهیدانی کوردستان لەلایەن بەڕێز پارێزگاری هەولێرەوە بۆ منداڵانی شەهیدانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر.

٦- خەرج کردنی قەرزی کرێی خوێندن بۆ (١٠٩١) خوێندکاری کچ و کوڕی شەهید لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانییەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ -٢٠١٩) .

٧- دوابەدوای فەرمانی وەزاری وەزارەتمان بە ژمارە (٣٣٢) لەرێکەوتی ٣/٦/ ٢٠٢١ تایبەت بەخەرجکردنی مینحەی (٦٣٩) زیندانیکراو و ڕاگیراوی سیاسی وەك قۆناغی یەکەم ناوەکان لە سۆشیال میدیاکانی وەزارەتەوە ڕاگەیەندراو پرۆسەکەش بەردەوامە لەژێر ڕۆشنایی یاسای چاکسازی و پەیڕەو و ڕێنماییەکاندا.

٨- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆ خەرجکردنی بڕی (١٩) ملیار و نیو بۆ قەرزی کرێی خوێندنی کچ و کوڕی شەهیدان و هاوسەری شەهید (ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێتەوە) و زیندانی سیاسی (خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی) بۆ ساڵانی خوێندنی (٢٠١٦ - ٢٠١٧) و (٢٠١٧- ٢٠١٨) و (٢٠١٨ - ٢٠١٩) .

٩- وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی لە پاش نووسراومان ژمارە (٤٦٧) لە (٢٠٢١/٢/١٥) بۆ دروستکردنی گۆڕستانی تایبەت بۆ ڕوفاتی (١٧١) ئەنفالکراو لە زێدی خۆیان بە بڕی (١٧٥,٦١٥,٥٠٠) دینار.

١٠- لەپاش نووسراوی وەزارەتمان بە ژمارە (٤٦٧) لە (٢٠٢١/٢/١٥) وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆ چاککردنی گۆڕستانی ئەنفالکراوان کە ژمارەیان (٨٤٠) ڕوفاتی ئەنفالکراوانی تێدایە، بەبڕی (١٠٢,١١٠,٠٠٠) دینار.

١١- وەرگرتنی ڕەزامەندی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوان لە چەمچەماڵ / بانی مەقان بە بڕی (١٨٦,١٣٥,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی وەزارەتمان.

١٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بۆ لێدانی بیرێکی ئیرتیوازی بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوان لە چەمچەماڵ / بانی مەقان، بە بڕی (٩٤,٩٧٥,٠٠٠) دینار. کە کۆی گشتی ئەو پارانە بۆ ئەو پڕۆژانە دەکاتە (٥٥٨,٨٣٥,٥٠٠) دینار لەسەر بودجەی وەزارەتمان.

### خزمەتگوزاری خوێندن بۆ زیندانیانی سیاسی ( خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی ) تەنها بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان

| ژ | سنووری کار و چالاکی | ژمارەی خوێندکار | پارەی کرێی خوێندن | دەرماڵەی هاتوچۆ | دەرماڵەی نیشتەجێ بون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەولێر | ٤٧٢ | ١,٠٦٣,١٩٢,٠٠٠ | ١٥٦,١٥٠,٠٠٠ | ٥٤,٤٥٠,٠٠٠ | ١,٢٧٣,٧٩٢ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی/ سلێمانی | ٣٥٥ | ١,٠٧٦,١٦٢,٠٠٠ | ١٤١,٣٠٠,٠٠٠ | ٣٠,١٥٠,٠٠٠ | ١,٢٤٧,٦١٢,٢٥٠ |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی/دهۆك | ٣٢٧ | ٩٢٩,٩٥٨,٥٠٠ | ١٣٤,١٠٠,٠٠٠ | ٤٠,٩٩٥,٠٠٠ | ١,١٠٥,٠٥٣,٥٠٠ |

**تێبینی :**

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی لە وەزارەتمان چاودێری و وردبینی پرۆسەی خوێندنیان دەکات.
- خوێندکاران و قوتابیانی سنووری هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەڵەبجە و گەرمیان لەگەڵ ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی هەژمارکراون.

# وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

## یەکەم : پرۆژە ستراتیژییەکان

- بەردەوامی لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران لە هەرێمی کوردستان بە دروستکردنی سێ کارگەی گەورە لە هەولێر ٪ ٧٥ ی کارەکانی تەواو بووە، لە سلێمانی بەردی بناغەی دانراوە و دەستکراوە بە دروستکردنی، لەدهۆك بەم نزیکانە بەردی بناغەی دادەنرێت بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار تۆن گەنم لە ساڵێکدا وەردەگرنەوە بۆ دروستکردنی ئاردی سپی و هەموو ئەو خۆراکانەی لە گەنم بەرهەم دەهێنرێت و، لە ئێستادا ئامادەیی وەرگرتنی گەنمی جوتیارانن.
- واژۆکردنی گرێبەستی دیارکردنی نرخی کڕینەوەی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو کۆمپانیای خۆشناو و قەیوان (هەولێر و سلێمانی) ، لە دەرەوەی پرۆسەی وەرگرتنی گەنم لەلایەن عێراق، لەسایلۆکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو گرێبەستەی کە ئەنجامدراوە.
- بە هەوڵ و پێداگیری وەزارەتەکەمان، وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بڕیاریدا بە وەرگرتنی بڕی (٣٧٥٠٠٠) سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار تەن گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سایلۆکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ بەفەرمانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (٥٧).
- دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی کارگەی شەکری چەوەندەری (بیتوێن) بە هاوبەشی کەرتی تایبەت لەلایەن کۆمپانیای (ئابورلاند) کە هێزی دەستی کار بۆ (٨٠٠٠) کەس دابیندەکات و ڕۆژانە توانای وەرگرتنی (٥٠٠٠) تەنی هەیە، کە داواکراوە لەسەر ڕووبەری (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دۆنم زەوی بەرهەمی چەوەندرە دابچێنن .
- بڕیاری دروستکردنی نۆ (٩) بەنداوی گەورە و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان بە سیستەمی (پی پی پی) بۆ یەکەمین جار، دوای بڵاوکردنەوەی بانگهێشتنامەی فەرمی بۆ کۆمپانیاکان، خۆشبەختانە نزیکەی (٦٠) کۆمپانیای نێودەوڵەتی داخوازی پێشکەش کردووە و لیژنەیەکی باڵای هەماهەنگی و هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆ پێکهێنراوە، لە ئێستا وەزارەت خەریکی ناردنی ڕێنماییەکان و وەرگرتنی پرۆپۆزەلی کۆمپانیاکانی خوازیارە بۆ بونیادنانی پرۆژەی بەنداوەکان و پرۆژەکانی ئاودێری .
- کردنەوەی گەنجینەی ساردکەرەوە بەرهەمی پەتاتەی پیشەسازی لەلایەن کۆمپانیای (هەولێر- بەیروت) بۆ وەرگرتنی بەرهەمی پەتاتەی پیشەسازی لە جوتیاران بە توانای (١٠٠٠٠) دە هەزار تەن و، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (١٢٠٠) کەس .

- ئامادەکردن و ناردنی پلانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ساڵانی ۲۰۲۰-۲۰۳۰ بۆ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان لەبواری کشتوکاڵیداو برەودان بە پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.
- بڕیاردرا بە چۆنیەتی خەرجکردنی پارەی (۲%)ی بنەتۆی گەنمی جوتیاران بۆ مەبەستی پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و لەبواری بنەتۆ و زیادکردن و بەرهەمهێنانی گەنم بەهەر سێ پلەکان و گرنگیدانی زیاتر بە ڕێنمایی کشتوکاڵی لە قۆناغەکانی چاندن تاوەکو بەبازاڕکردن و دابینکردنی دەرمان و قڕکەری کیمیایی و پەین و گرنگیدانی زیاتر بە تاقیگە و بواری توێژینەوەی گەنم بەخۆڕایی لەسەر پارەی بنەتۆی ساڵی ۲۰۱۸.
- ئامادەکردن و ناردنی لیستی ئەو پڕۆژانەی کە ڕێژەی ئەنجامدراوی کارەکانیان لە سەرووی ۸۵٪ بۆ وەزارەتی پلاندانان بەمەبەستی تمویل کردنی پڕۆژەکان و دووبارە دەست بەکارکردنەوەی پڕۆژەکان بۆ ئەم مەبەستەش لیستێك بۆ (۳۲) پڕۆژە بە بڕی (۳۱۷۳۶۰۰۰۰۰) سی و یەك ملیار و حەوت سەد و سی و شەش ملیۆن دینار ئاڕاستەی وەزارەتی پلاندانان کرا.
- کردنەوەی عەلوەی هاوچەرخی هەولێر بەشێوازێکی زۆر مۆدێرن کە یەکێکە لە پڕۆژە هەر گرنگەکانی کەرتی کشتوکاڵ بە کوالێتی باش و شارستانی دروستدەکرێت بۆ هاندان و بەردەستکردنی بەرهەکانی جوتیاران لەسەر ڕووبەری (۳۰۰) دۆنم زەوی ئەم پڕۆژەیە لەڕێگەی کۆمپانیای خۆماڵی بە هەماهەنگی حکومەتی فەرەنسی و هۆڵەندی بونیاد دەنرێت کە تیایدا سەدان خانووی شوشەیی و پلاستیکی و سەنتەرێکی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت کە مۆڵەتی تەندروستی دەبەخشێ بە بەروبوومە کشتوکاڵییە خۆماڵییەکانی جوتیاران.
- جێبەجێکردنی پڕۆژەی دانانی ستیکەر و بارکۆد و لۆگۆی تایبەت لەسەر بەرهەمی مریشکی ناوخۆی ۱۰ سەربڕینخانەکانی هەرێمی کوردستان، کە مۆڵەتی فەرمی بەرهەمهێنانیان وەرگرتووە لەڕێگەی کۆمپانیای (باکەش) و بە چاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم پڕۆژەیە لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێ بەمەبەستی پارێزگاری لەبەرهەمی خۆماڵی سەربڕینخانەکانی کوردستان و ناسینەوە و جیاکردنەوەی لەبەرهەمی هاوردەکراوی لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستان .
- بەردەوامی پڕۆژەی متەکاملی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە پارێزگای سلێمانی بەووزەی بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن و نیو لە ڕۆژێکدا کە پێویستی پارێزگاکە دابین دەکات لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە .
- ئامادەکردنی نەخشەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

- تەرخانکردنی بڕی دوو ملیار و دوو سەد و هەشتا و دوو ملیۆن و لەسەر داواکاری وەزارەتمان لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی چارەسەرکردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان.
- دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی جوتیار بۆ بەرهەمهێنانی پەتاتەی پیشەسازی و چپس و فینگەر لە ناحیەی روقیا لەپارێزگای دهۆک، بە هاوبەشی کەرتی تایبەت و گشتی و حکومەتی هۆلەندی، ئەم پرۆژەیە دەرفەتی کاری ڕلستەوخۆ بۆ (٥٠٠٠) کەس لە نێو کارگە دەرەخسێنێ و ساڵانە (١٠٠) سەد هەزارتۆن پەتاتە لە جوتیاران وەردەگیرێت بەو هۆیەوە دەرفەتی زیاتری بازاڕسازی و پێشخستنی تەکنیکی ڕێگەکانی چاندن بۆ بەرهەمی ناوخۆی جوتیاران دەرەخسێت.
- پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی تاقیگەی کشتوکاڵی بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە پێ پرۆپۆزڵ و ڕەزامەندی لە سەر دراوە.

## دووەم: پرۆژەکانی بواری پەلەوەری و سامانی ئاژەڵ و کشتوکاڵی

| ژ | جۆری پرۆژە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەلەوەر | ١٥ | ١١٤ | ١٣ | ٣٣ | ٢ |
| ٢ | ماسی | - | ٥ | ١ | ٥ | ٨ |
| ٣ | قارچک | - | ١ | - | - | - |
| ٤ | هەڵێنەری جوجک | - | ٢ | - | ٩ | - |
| ٥ | قەڵەوکردنی گۆلک | ٣ | ٣ | - | ١ | - |
| ٦ | کارگەی شیر | - | - | - | - | ١ |
| ٧ | بناری چیاکان | - | ٢٢ | - | - | - |
| ٨ | مریشکی دایکانە بۆ هێلکەی تروکاندن | ١ | ٢ | - | - | - |
| ٩ | مانگای شیر | - | ١ | - | ٤ | - |
| ١٠ | کارگەی ئالیك | ١ | ١ | - | - | - |
| ١١ | کارگەی شیرەمەنی | - | - | - | - | - |
| ١٢ | باخی زەیتوون | - | - | - | - | - |
| ١٣ | قەڵەوکردنی مەڕ | - | - | - | ١ | ١ |
| ١٤ | سەربڕخانەی پەلەوەر | - | - | - | - | - |
| ١٥ | هێلکەی خواردن | - | - | - | - | ٢ |

- پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەی هێلکەی خواردن بە وزەی ٢٣,٤٦١,١٠٠ هێلکە ترووکاندن/ ساڵ و ٨,١٠٠,٠٠٠ هێلکە تروووکاندن/ ساڵ لە پارێزگای هەولێر.
- پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەیەکی هێلکەی خواردن بە وزەی ٥,٢٢٠,٠٠٠ هیلکە تروووکاندن/ ساڵ و لەخەلەکان، کە هەردوو ئەو پرۆژەیە سەر بە پارێزگای سلێمانی بەتوانای بەرهەمهێنانی ٣٧ملیۆن هێلکەلەساڵێکدا.

- پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژەیەکی ستراتیجی متکامل گاوداری بۆبەرهەمهێنانی شیر و گۆشت لە یاران بەگی.
- پرۆژەیەکی ستراتیژی لە هەولێر بۆ بەرهەمهێنانی مریشکی فرێش بەسیستەمی ڤاکیۆم.
- پرۆژەی هێلکەی خواردن بە وزەی ٥٠٠ هەزار هێلکە لەیەك رۆژدا لە پارێزگای هەڵەبجە.
- پرۆژەی بەرهەمهێنانی ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار پەنجە ماسی لە پارێزگای دهۆك.
- پرۆژە یاسا و رێنمایی ئامادەکراوی بواری سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ تایبەت بە دروست کردنی کوشتارگەی ئاژەڵی .
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ تایبەت بە ڕێکخستنی سەربڕینی ئاژەڵ .
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ تایبەت بە کارگەکانی بەرهەمهێنانی قیمەی گوشت .
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ تایبەت بە کارگەکانی بەرهەمهێنانی پارچەکانی مریشك.
- هەموارکردنی رێنمایی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە پرۆژەکانی ماسی و بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی کوردستان ژمارە ٢٦٥.
- هەموارکردنی رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٠ تایبەت بە هاوردەو هەناردەی بەرووبوومی ئاژەڵی .
- هەموارکردنی رێنمایی ژمارە (٥) سالی ٢٠١١ تایبەت بە مامەڵە کردن بە دەرمان و ڤاکسینی ڤێتێنرنەری.
- دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی ڕاوە ماسی لە وەرزی زاوزێ.
- دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی ماسی کارپ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٣ تاوەکو ٢٠٢١/٤/١.
- دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی ماسی سەلمون لە ٢٠٢١/٣/١٥ تاوەکو ٢٠٢١/٦/١٥.
- بەمەبەستی پاراستنی سامانی ئاژەڵ لەنەخۆشی و پەتاکان تەرخانکردنی (٤٣٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ ڕشاندنی هۆڵەکانی ئاژەڵ و دەرزی لێدانی ئاژەڵ.
- بەمەبەستی پاراستنی سامانی پەلەوەر لە نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە تەرخانکردنی (٩٩,٨٠٠) ملیۆن دینار بۆ ڕشاندنی هۆڵەکانی پەلەوەر و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکە.
- هەڵمەتی کۆنترۆلکردنی نەخۆشی LSD (١٩,١٥٣) سەر ئاژەڵ کوتراوە.
- هەڵمەتی ڤاکسین کردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی PPR لە پارێزگای سلێمانی ئێستا دەستی پێکردووە و بەردەوامە بۆ ماوەی دوو مانگ لەلایەن ٣١ تیمەوە.
- هەڵمەتی ڤاکسینکردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی برۆسیللا (٣٢,٦٨٤) سەر ئاژەڵ کوتراوە.

- هەڵمەتی ڤاکسینکردنی ئاژەڵ دژی نەخۆشی FMD لە (١١٤,٤٣٧) سەر ئاژەڵ کوتراوە.
- هەڵمەتی لەناوبردنی مشەخۆری دەرەکی بۆ (٢١٩,٠٧٨) سەر ئاژەڵ ئەنجامدراوە.
- هەڵمەتی لەناوبردنی مشەخۆری ناوەکی بۆ (١,١٥٢) سەر ئاژەڵ ئەنجامدراوە.
- (١٦٦,٢٧٠) ئاژەڵی جۆراو جۆر لە بنکەکانی ڤێتێرنەری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چارەسەریان بۆ کراوە.
- (١,٨٤٣) بەدواداچوون کراوە بۆ سەرجەم پرۆژە و کۆمپانیاکان و شوێنی فرۆشتنی بەرووبوومی سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستان.

## سێیەم: گرێبەستەکان

- ئەنجامدانی گرێبەستی یاداشتی لێک تێگەیشتن لە نێوان وەزارەت، لەگەڵ (٥) کۆمپانیا بۆ بەرهەمی پەتاتەی پیشەسازی بۆ پاڵپشتی کردنی جوتیاران و خاوەن کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیسی پەتاتە و ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان .
- بەکارخستنەوە و واژۆکردنی یاداشتنامەی لە یەکگەیشتن لەگەڵ هەردوو کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزوور بۆ کڕینەوەی بەروبوومی تەماتەی جوتیارانی کوردستان، جێگەی ئاماژەیە کە ئەم کارگانە بەرهەمی تەماتەی خۆماڵی جوتیاران بەرکاردەهێنن.

## چوارەم: دابەشکردنی قڕکەر و ئەنجامدانی هەڵمەتی دژە نەخۆشی سامانی ئاژەڵ


- تەرخانکردنی بڕی (٣٣٤,٥٠٠,٠٠) سێ سەد و سی و چوار میلۆن و پێنج سەد هەزار دینار لەپێناو پارێزگاری و پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی لەسەر پارەی ٢% بنەتۆی گەنمی جوتیاران بە خۆرایی بۆ مەبەستی دابینکردنی دەرمانی قڕکەری سن و کیسەلە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ئەو جۆرە مێرولەیان تێدا بڵاوبۆتەوە.

## پێنجەم: توێژینەوە و ڕێنمایی ودابەشکردنی بنەتۆ

- ئامادەکردنی (١٠) جۆر تەرزی گەنمی ئارد و ساوەر وەکو بەرنامەی ساڵانە بەسەر جوتیاران دابەشدەکرێت. ئەم تەرزانە خۆماڵیانە لە ڕێگەی ب.گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی وەزارەتمان توێژینەوەی بۆ کراوە کە زیاتر لە تەرزی هاوردە بەرگەی کەش و هەوای کوردستان دەکرێت و لەبەرهەمێناندا بەبڕشترن.


## بەرهەم و ڕووبەری چاندراو بە گەنم بۆ وەرزی ٢٠٢٠-٢٠٢١

| پارێزگا | ژمارەی جوتیاران | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | بڕی بەرهەمی پێشبینیکراو (تەن) | بڕی بە بازاڕکراو لەلایەن حکومەتی عێراق (تەن) |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٤,٣٤٧ | ٩٤١,٢٥٠ | ٣٤٩,٤٩٣ | ١٠٩,٠٠٠ |
| دهۆک | ٥,٤٤٦ | ٩٠١,٧٢٥ | ٢٩٧,٣٩٩ | ١١١,٠٠٠ |
| سلێمانی | ٢٣,٨٢٨ | ١,١٣٦,٧٢٩ | ٥١٩,٩٩٠ | ١٠٧,٠٠٠ |
| هەڵەبجە | ٣,١٠٨ | ٦٢,٤١٦ | ٣١,٢٠٨ | ١٧,٠٠٠ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٦,٢٨٧ | ٧٩,٤٠٠ | ٤١,٦٨٤ | ٣١,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٥٣,٠١٦ | ٣,١٢١,٥٢٠ | ١,٢٣٩,٧٧٤ | ٣٧٥,٠٠٠ |




## بەرهەمی پەتاتە بۆ - ساڵی ٢٠٢٠

| پارێزگا | ژمارەی جوتیاران | بنەتۆی چێندراو (تەن) | بڕی بەرهەم (تەن) |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٩٢ | ٤,٧١٧ | ٦٣,٠٩٩ |
| دهۆک | ٣٨٢ | ٢٠,٠٠٠ | ٢٤٠,٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥٢ | ١,٤٩٤ | ١٧,٥٦٥ |
| هەڵەبجە | ١٠ | ١٢٥ | ١,٣٠٠ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٢١ | ٥٤٠ | ٦,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٦٥٧ | ٢٦,٨٧٥ | ٣٢٧,٩٦٤ |




## شەشەم: پەرەپێدانی کەرتی باخداری و دارستان و پاوان

### چالاکییەکانی باخداری

| کارو چالاکی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرهەمهێنانی نەمامی باخداری وجوانکاری | ٩٢,٥١٢ | ٩١,٦٠٥ | ٦٩,٤٢٩ | ١٠٤,٠٦٦ | ١٦٠,٦٨٤ | ٥١٨,٢٩٦ |
| دابەش کردن و فرۆشتنی نەمام بە پاڵپشت | ٢٠,٠٠٧ | ٣٣,٠٧٦ | ٥٥,٠٥٤ | ٣٢,٢٧٧ | ١٦,٠٠٩ | ١٥٦,٤٢٣ |
| پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی باخداری و قارچک | ١٠ | ٢٠ | ٨ | ١ | ١٠ | ٤٩ |

### پرۆژەی زەیتی زەیتون

| ژ | پارێزگا | بری زەیتونی گۆشراو / تەن | زەیتی بەرهەمهاتوو / تەن | ژمارەی جوتیار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١,٨٥٦,٢٠٠ | ١٢٥,٠٣٢ | **٢٠٢٠** |
| ٢ | سلێمانی | ٢٥٠,٠٠٠ | ٢٨,٧٥٠ | **٧٠٠** |
| ٣ | دهۆک | ٤٦٨ | ٧٣ | **٥٨** |
| ٤ | هەڵەبجە | ١٣١١ | ١٤٠,٥ | **٣٧** |
| ٥ | گەرمیان | ٨٨,٢٧١ | ١٠,٥١٦ | **٧٨** |
| ٦ | کۆی گشتی | ٣,٩٧١,٧٤١ | ٥٢,٧٧٩ | **٢٩٠٣** |

- واژۆ کردنی یاداشتی لێک تێگەیشتنی پرۆژەی وەرگرتنی بەرهەمی پەتاتەی خۆماڵی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لە نێوان وەزارەتمان وکارگەکانی چیپس و فینگەری پەتاتە.
- دەرچوونی ڕێنمایی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی باخی میوە .
- ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٢١ تایبەت بە هەموار کردنی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە. **(ئەم ڕینماییە هەردوو بواری باخدار و دارستان و پاوان دەگرێتەوە).**
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندنی کارگەی گوشینی زەیتون لە هەرێم و تا ئێستا لە ئەنجومەنی شورایە بۆ بڕیاردان لە سەری.

- هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچک و پرۆژەی دامەزراندنی خانووی پلاستیکی و تا ئێستا لە ئەنجومەنی شورایە بۆ بڕیاردان لە سەری.

**چالاکییەکانی دارستان**

| جۆری چالاکی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەمامی بەرهەم هاتوو | ١٤٧,٩٠٧ | ٣٤٤,٦٩٢ | ٩٨,٢٤٠ | ٥٧,١٥٠ | ٥٦,٧٢٠ | ٧٠٤,٧٥٩ |
| نەمامی دابەشکراو | ٤٤,٢١٣ | ١٣٩,٦٣٢ | ٢٤,٩٥٢ | ٦,٩٠٥ | ٧,٦٢٥ | ٢٠٠,٨٢٧ |
| نەمامی فرۆشراو (نەمام) | ٢٢,٩٨٨ | ٢٥٤,٣٩٣ | ١٧٩,٨٢٩ | - | ١٢,١٤١ | ٤٦٩,٣٥١ |
| دروستکردنی هێلی ئاگر بڕ(م٢) | ٣٥,٤٥٠ | ٤,٨٩٠,٥٤٣ | ١٨٩,٥٠٠ | ٣٣,٠٠٠ | ٤٦٢,١٠٠ | ٥,٦١٠,٥٩٣ |
| هەلپاچینی دارستان (دۆنم) | ٧٩٨ | ٥٦٢ | ٣٨٧ | ١,٩ | ٣٦,٢ | ١,٧٨٦ |
| دروستکردنی بەربەست و دیواری بەردین (م٢) | ٢٧ | ١,٠٦٣ | – | ٤٠٢ | – | ١,٤٩٢ |
| دروستکردن و چاککردنی هێلی گرادۆنی (م٢) | ١٨,١٠٠ | ٣٨١,٧٧١ | – | ٧,٩٧٠ | – | ٤٠٧,٨٤١ |
| دروستکردن و چاککردنی حەوزی ئاو (دانە) | ١,٩٩٣ | ١٨,٤٤٨ | ٥,٥٠٠ | – | ٣٤,٢٤١ | ٦٠,١٨٢ |
| غەرامە و قەرەبووی دارو درەخت (دینار) | ٩٨٠,٠٠٠ | ٦٢,٤٤٦,٠٠٠ | – | – | – | ٦٣,٤٢٦,٠٠٠ |
| بە کرێ گرتنی کرێکار بۆ نەمامگە وپرۆژەکانی دارستان لە لایەن ڕێکخراوی GIZ - (کریکار) | ١٠٠ | ٢٧٢ | ٢٥٠ | - | - | ٦٢٢ |

- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی٢٠٢١ تایبەت بە هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بەجێبەجێکردنی برگەکانی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢.
- ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە هەموار کردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دروست کردنی ڕەژوو.

## حەوتەم : پرۆژە یاسا و ڕێنمایی ئامادەکراو

- پرۆژە یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەلوەکان.
- پرۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی.
- پرۆژە یاسای پاراستنی زەوی .
- پرۆژە یاسای تەرخانکردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی.
- پرۆژە یاسای دروستکردنی خانوو لە ناو باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکان.

- پرۆژە یاسای دابینکردنی زەوی لەناو سنووری شارەوانی و دەرەوەی شارەوانی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی.
- پێکهێنانی لیژنە بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوەخۆی وەزارەت.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەتی پێدانی پرۆژەکانی ماسی.
- ڕێنمایی هەموارکردنەوەی ژمارە (٨) تایبەت بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسایی دارستان.
- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بە دامەزراندنی باخی میوە.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی ڕەژوو .
- ڕێنمایی بۆ دامەزراندن و دەستەبەرکردنی سندوقی خانەنشینی بۆ دڵنیایی دەرچووان لە کاتی دامەزراندنیان لە کەرتی تایبەت.
- ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندنی لیژنەی نیشتیمانی بۆ تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان .

## هەشتەم : پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ بە گشتی

- ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی تایبەت بە دانانی میکانیزمێکی گونجاو و پێشکەوتوو بۆ چۆنیەتی کارکردن و پشکنینی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان  لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان لە پێناو پارێزگاری لە بەرووبومە کشتوکاڵییەکان و گرنگیدانی زیاتر بە ئاسایشی خۆراک و چارەسەرکردنی کێشەکانی پشکنین بە گشتی و یەکخستنی مواسەفات و کرێی پشکنین.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی نیشتیمانی بەهەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی تری حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی هۆشیاری سەبارەت چۆنیەتی دەستگرتن بە بەکارهێنانی ئاو و کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنان و ڕووبەرووبوونەوەی دیاردەی وشکە ساڵی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان .
- بڕیاری بە هەمیشەیی کردنی (١٧١) پزیشکی فێترنەری لەسەر میلاکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە ماوەی ساڵانێکی بوو خزمەتیان دەکرد بەشێوەی کاتی لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان) ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە پێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی پزیشکانی فێترنەری.

- ئەنجامدانی قۆناغی یەکەمی ڕێزلێنان لە خزمەت و ماندوو بوونی (٢١) ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری کشتوکاڵی کە لەبواری پەرەپێدان و میدیایی کشتوکاڵیدا خزمەتیان کردووە لەسەر ئاستی گشتی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان .
- پەسندکردنی داواکاری و پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ مەبەستی وەرگرتنەوەی قستی کشتوکاڵی لە جوتیارانی سودمەندبوو بۆ ماوەی درێژخایەن بەهۆی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و بەرکەوتنی زیانەکان لەسەر جوتیارانی هەرێمی کوردستان .
- بەردەوامیدان بەدەرکردنی بڕیار و فەرمانەکانی قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەم لەدەرەوەی وڵات لەکاتی پێگەیشتنی مەوسومی بەرهەمانی جوتیارانی خۆماڵی لە پێناوی پاراستن و پاڵپشتی بەرهەمەکان و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست.
- دانانی باجی گومرگ لەسەر بەرووبوومی هاوردەی کشتوکاڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ و بەرزکردنەوەی ڕێژەی باجەکان و پاڵپشتی بەراوردی باڵا بە ساڵانی ڕابردوو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
- کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی پەتاتە بۆ زیاتر لە (٤٠) جوتیاری نمونەیی و وەبەرهێنەری پەتاتە لەڕێگەی کۆمپانیای نهار الاورد بۆ مەبەستی ئاشنابوونی زیاتر بە جۆرەکانی پەتاتەی پیشەسازی و دیاری کردنی جۆرەکانی نەخۆشی لە هەرێمی کوردستان .
- جەختکردنەوە لەسەر یەکخستنی هەردوو سەندیکای فێترنەری هەولێر و سلێمانی لە لیژنەیەکی باڵادا کە نوێنەرایەتی هەردوولا بکات و ئامادەکاری بۆ سازادنی کۆنگرەی هاوبەش و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بەپێی کاراکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٠) سالی (٢٠١١) بۆ پڕۆژە گرنگەکان و هاندەری کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و یەکخستنەوەی دەرفەت و تواناکان.
- سازدانی هەڵمەتی پشتیوانی و پارێزگاری لەبەرهەمی ناوخۆی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی کاسبکاران و جوتیاران بە هاوکاری کەناڵەکانی سۆشیال میدیای کوردستان.
- پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئەنفلۆنزای باڵندە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خۆپارێزی و دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێکاری پێویست لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای باڵندە و نەخۆشییەکان لەسەر بەرهەمی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێمی کوردستان.
- بەردەوامی لەسەر کار و چالاکییەکانی ئەنجومەنی باڵای پیشەسازی پەلەوەر بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لە دۆخی کێڵگە پەلەوەرییەکان و کەرتی دەواجن و کارگەکانی ئالیک لە هەرێمی کوردستان.
- کەمکردنەوەی نرخی کرێی کارەبا بۆ پڕۆژە کشتوکاڵیبەکان لە ١٣٠ دینار بۆ ٣٠ دینار بەهاوکاری وەزارەتی کارەبا و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامی ئەم هەماهەنگییانە بەتایبەتی لەسەر ئەم جۆرە پڕۆژانە

(خانووی پلاستیکی، کارگەی ئالیک، سەربڕین خانەکان، کارگەی قارچک، هێلکە و دەواجن، سامانی ماسی، گاوداری و شیرەمەنی، زەیتی زەیتون، دۆشاوی تەماتە، یانەی ئەسپسواری، پیشەسازی خۆراک).

- ئامادەکاری بۆ کردنەوەی بازاڕی میللی لە دهۆک، هەڵەبجە و گەرمیان بۆ جوتیاران بە مەبەستی بە بازاڕکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کێڵگەوە بۆ ناو بازاڕەکانی تایبەتمەند.
- بەردەوامی لەسەر هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی (ئێل ئێس دی) لە ئاژەڵ لە پێناوی پارێزگاری لە سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان .
- هەڵمەتی دابەشکردنی ٤٥٠,٠٠٠ چوار سەد و پەنجا هەزار پەنجە ماسی بۆ پاڵپشتی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی کردنی ماسی وەک بایەخدان و پاراستنی سامانی ماسی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و فێترنەری.
- دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەمەبەستی ئامادەکردنی سیستەمی دیاریکراو بۆ هاوبەشیکردنی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە لە هەرێمی کوردستان.
- دامەزراندنی کەرەنتینەی سنورەکان بۆ پشکنینی ئاژەڵ و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان.
- دامەزراندنی تاقیگەی پێشکەوتووی بەرهەمی کشتوکاڵی لە عەلوەکانی کوردستان و برەودان بە بەرهەمی ئۆرگانی (پارێزگای هەولێر) .
- پاڵپشتی و هاوکاری دارایی بۆ جوتیاری نمونەی هەڵەبجە فەریدون نامدار بە بری ٣٩٠٠٠$ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دابین کردنی تێچووەکانی (کرێی هاتووچۆ)ی هەناردنی بەرهەمە خۆماڵییەکانی هەنار بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا و سوید و فنلەندا، وەکو هاندانی جوتیارانی نموونەیی و بەبراند کردنی بەرهەمی خۆماڵی هەنار بۆ دەرەوەی وڵات.

## نۆیەم : سەرچاوەکانی ئاو

| ژ | فەرمانگە | کار و چالاکی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ |
|---|---|---|
| -١ | ئاودێری هەولێر | (٨) پرۆژەی ئاودێری بەردەوام کە لە ئێستادا کارەکان بەسستی ئەنجامدەدرێت لەبەر کێشەی دارایی و، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان بە شێوەی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وەرگرتنی داتای پێوانەی ڕێژەی باران بارین ٤٩١ ملم بەراورد بەساڵی پار ١٨٧ملم کەمی کردووە. |
| -٢ | ئاودێری سلێمانی | (٧) پرۆژەی ئاودێری بەردەوام کە لە ئێستادا پێویستیان بە بودجە هەیە بۆ تەواو کردنیان و، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان بەشێوەی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وەرگرتنی داتای پێوانەی ڕێژەی باران بارین ٣٩٥ ملم بەراورد بە ساڵی پار ٣٣٧ملم کەمیکردووە. |

| | | |
|---|---|---|
| -٣ | ئاودێری دهۆک | (٢١) پرۆژەی ئاودێری بەردەوام کە لە ئێستادا پێویستیان بە بودجە هەیە بۆ تەواو کردنیان، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان بەشێوەی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وەرگرتنی داتای پێوانەی ڕێژەی باران بارین بەشێوەیەکی گشتی ٧٧٣ملم بەراورد بە ساڵی پار (٥٩%) ملم کەمیکردووە. |
| -٤ | ئاودێری کۆیە | (٧) پرۆژەی ئاودێری بەردەوام کە لە ئێستادا پێویستیان بە بودجە هەیە بۆ تەواو کردنیان و، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان بەشێوەی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وەرگرتنی داتای پێوانەی ڕێژەی باران بارین بەشێوەیەکی گشتی ٢٥٥ ملم بەراورد بەساڵی پار (٤٠% - ٥٠%)ملم - کەمیکردووە. |
| -٥ | ئاودێری گەرمیان | ئامادەکردنی دەرخستەو نەخشەسازی بۆ پرۆژەکان و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان بە شێوەی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، وەرگرتنی داتای پێوانەی ڕێژەی باران بارین ٣٩٤ملم بەراورد بەساڵی پار ٤١٩ ملم کەمیکردووە. |
| -٦ | ئاوی ژێرزەوی هەولێر | چاودێری کردنی ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەشێوەی بەردەوام، پێدانی مۆڵەتی (١١٦) بیر بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. |
| -٧ | ئاوی ژێرزەوی سلێمانی | چاودێری کردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەشێوەی بەردەوام، پێدانی مۆڵەتی (١٣) بیر بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. |
| -٨ | ئاوی ژێرزەوی دهۆک | چاودێری کردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەشێوەی بەردەوام، پێدانی مۆڵەتی (٨١) بیر بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. |
| -٩ | ئاوی ژێرزەوی گەرمیان | چاودێری کردنی ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەشێوەی بەردەوام، پێدانی مۆڵەتی (١٥) بیر بۆ کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. |

## دەیەم : بەنداو و کۆگاکانی ئاو

- تەرخانکردنی نزیکەی (٣٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سی و سێ ملیار دینار لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەواوکردنی (١٢) پرۆژەی بەنداو لە هەرێم.
- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی باوەنوور ڕێژەی جێبەجێکردنی ١٢٪.
- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپان ٢٢,٥٪ تەواو بووە.
- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی دێوانە ڕێژەی تەواو بوونی ٩٢,٧٪ .
- تەرخانکردنی زیاتر لە ٢,٢٨٢,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار ملیار و دووسەد و هەشتا و دوو ملیۆن دینار بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی چارەسەرکردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان کە بەسوپاسەوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دوابەدوای نووسراوی داواکاریمان.

## یازدەهەم: پەیوەندییەکان

- ئەنجامدانی یاداشتی  لێک تێگەیشتن نامەی نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق و هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەردوو  لایەن بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیر .
- ئەنجامدانی مەراسیمی واژۆکردن و یاداشتنامەی لێک تێگەیشتن و هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ ئەنجومەنی کاروباری خانمان بۆ مەبەستی پاڵپشتی و پەرەپێدان و گەشەپێدانی تواناو شارەزاییەکانی ژنان لە بوارەکانی ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ماسی و پەلەوەرو هەنگەوانی و بوارەکانی تری کشتوکاڵی .
- ئەنجامدانی یاداشتی لێک تێگەیشتنی نێوان وڵاتی هۆلەندا و وەبەرهێنەرێکی کەرتی تایبەت بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی ستراتیژی خانووی شووشەیی بۆبەرهەمهێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی لە هەر چوار وەرزەکانی ساڵ و ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ دەرچووانی کۆلێژە کشتوکاڵییەکان و پەیمانگەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی.
- دروستکردنی لیژنەی وەرگرتنی ڕاوێژکاری و پەرەپێدانی ئەزموونەکان لەگەڵ گروپی پسپۆڕی وڵاتی هۆلەندا لەئاستێکی باڵا لە بواری کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سوودێکی زۆر باشی لەو دەرفەتە وەرگرتووە .
- بەردەوامی دیدار و پەیوەندییەکان و پێشوازی لە زۆربەی نوێنەرایەتی کۆنسولخانەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی هەماهەنگی و پەرەپێدانی زیاتری پەیوندییەکان لە بواری کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و ئاودێری.
- سەردانی کردن و وەڵامدانەوەی بانگێشتنامە فەرمییەکان بۆ وڵاتانی (تورکیا، ئێران، پۆلەندا) هەروەها ئامادەکاری بۆ سەردانی کردنی ئەم وڵاتانەی کە بانگێشت کراون بەفەرمی بۆ مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆری ئەزمونەکان و بانگێشتکردنی کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی بۆ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان سەرمایە گوزاری و بەرهەمهێنان ئەنجامبدەن.
- سەردانی شاندی وەزارەت بۆ بەغدا بەسەرپەرشتی بەڕێز وەزیر و سەردانی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و سەرچاوەکانی ئاوی عێراق و هەروەها سەردانی بەڕێز سەرۆک کۆمار و پەرلەمانی عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێری.
- سەردانی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان و سەردانی بەڕێزیان لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بۆ لای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و هەروەها دواتر سەردانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی هەرێم و واژۆکردنی یاداشتنامەی کاری هاوبەش لە نێوان هەردوو وەزارەت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێم و عێراق.

## دوازدەیەم: بڕیارە گرنگەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت

پێکهێنانی بۆردێکی باڵا و چەند لیژنەیەکی لاوەکی لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگاکان و وەزارەت بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی وشکەساڵی دوابەدوای خستنەڕووی پێشنووسی (درافت) تایبەتی وەزارەتەکەمان بە ئاماژەدان بە کاریگەری و چارەسەری و داواکاری و پێشنیارەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیارەی وشکەساڵی .

## سێزدەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار

- ٢٨٠ گرێبەستی کشتوکاڵی ڕەزامەندی لەسەر دراوە و هەروەها ١١ مامەڵەی گرێبەستی کاتی گۆڕاوە بۆ هەمیشەیی.
- لە بواری وەبەرهێنان نزیکەی ٨٠ پرۆژەی کشتوکاڵی جۆراجۆر پشتگیری کراوە و ١٥ پرۆژەش لە پرۆسەی وربینیدایە.
- **تەرخان کردن:** نزیکەی ٢٥ پرۆژەی کۆگای سارد کەرەوە ڕەزامەندی لەسەر دراوە و ٦ پرۆژەی هەباشە-غربلە - ڕەزامەندی لەسەر دراوە و هەروەها ١٥ پرۆژەی جۆراو جۆری ناکشتوکاڵی تر ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

| جۆری پرۆژە | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەڵەبجە | گەرمیان |
|---|---|---|---|---|---|
| پرۆژەی کشتوکاڵی | ٥٥ | ٩٤ | ٨٨ | ٦ | ١٠ |
| ئەمامگە | ٢ | ٣ | - | - | - |
| بناری چیاکان | - | - | ٨ | - | - |
| گرێبەستی کشتوکاڵی | ٥٥ | - | ٤٧ | ٢٦ | - |
| گۆڕینی گرێبەستی کشتوکاڵی بۆ میراتگرانی جوتیارانی کۆچکردو | ٢٠ | - | ٢٢ | ٥ | - |
| گۆڕینی  بڕیاری دابەشکردن لەسەر ناوی جوتیارانی کۆچکردو | ١٨ | - | ١٦ | ٣ | - |

## چواردەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆژینەوەو ڕێنمایی کشتوکاڵی

| | جۆری چالاکی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دابەشکردنی بنەتۆی گەنم بەسەر جوتیار | ٣٦٠ تۆن | ١٣٩٠ تۆن | ١٨٥ تۆن | ٥٠ تۆن | ١٣٠ تۆن |
| ٢ | خاوێنکردنەوەی گەنمی بنەتۆ بەنرخی پاڵپشتی کراو بۆ جوتیاران | ٧٦٠ تۆن | | ٢٠٠٠ تۆن | | |
| ٣ | ئەنجامدانی توێژینەوەی کشتوکاڵی | ٤٣ | ٨٦ | ٢٦ | ٥ | ١٦ |
| ٤ | ئەنجامدانی خول، ڕاهێنان، ڕوونکردنەوەی کێڵگەیی، سەردانی کێڵگەیی، پێشانگا، ڕۆژی کێڵگەیی، سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٧٩ | ٣٥٥ | ٤٨١ | ٢ | ٤٨ |
| ٥ | دانانی (چاندنی) پەنجە ماسی لە بەنداوی ڕانیە | | ١٢٠,٠٠٠ | | | |
| ٦ | دابەشکردنی پەنجە ماسی بەسەر جوتیاران | ٢٠٠,٠٠٠ | | | | |

## پانزدەیەم: پرۆژەی تری جۆراوجۆری بواری کشتوکاڵی

- بەرهەمهێنانی بڕی (٣٢٥) تەن گەنم لە جۆری (ئەدەنە ٩٩) لە کێڵگەکانی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی گەرمیان بەهاوکاری بەشی بەرهەمهێنان و پەسەندکردنی تۆو لە گەرمیان.
- وەرگرتنی بڕی (١٠٢٠) تەن لە گەنمی جوتیاران، ئەو جوتیارانەی کە بنەتۆیان پێدرابوو لە ساڵی ڕابردوودا، پاش ئەنجامدانی پشکنینی کێڵگەی بۆیان و پەسەندکردنی گەنمەکانیان لە گەرمیان.
- پاش پاککردنەوەو - دەرمانکردن و لە گوێنی کردنی گەنمی بەرهەمهاتووی سەرەوە بڕی (٣٠٤،٥) تەن گەنم وەکو بنەتۆو دابەشکرا بەسەر (١٧٩) جوتیاردا بەبڕی (٤٠٠٠٠) دینار بۆ هەرتەنێک لە گەرمیان.
- بڕی (١٢,٥) تەن لە وردە گەنمی بەرهەمهاتووی سەرەوە دابەشکرا بەسەر (٤) خاوەن ئاژەڵ بە بڕی (١٥٠٠٠٠) دینار بۆ هەرتەنێک .
- دانانی سیستەمی ئاودێری لە جۆری پرژاندن بۆ ڕووبەری زەوی (٢٤) دۆنم لە زەویەکانی بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی گەرمیان .
- ئەنجامدانی پشکنینی کێڵگەیی بۆ نزیکەی (١٧٥) جوتیار کە بنەتۆی گەنمیان وەرگرتبوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەرمیان.
- پشکنینی باری هاوردە کراوە بۆ نزیکەی (١١٣٧٥٢) بار لەمەرزی نێودەوڵەتی پەرویزخان و ژمارەی (١٤١٨) بار پاش پشکنین ڕەوانەی وڵاتی ئێران کراوەتەوە.
- دابەشکردنی جۆی ئالیک بەسەر (٣٠٠٠) خاوەن ئاژەڵ بەکۆی (٤٥٧٨) تەن لە سنووری گەرمیان.
- دابەشکردنی ئالیکی ماسی بەسەر (٤١) پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی بە کۆی (٤٧٧) تەن لە سنووری گەرمیان.
- دابەشکردنی بڕی (٨٥٠) سندوقی هەنگ بەسەر خاوەن هەنگەڵانەکانی سنووری گەرمیان .
- دابەشکردنی بڕی (١٨٤٥)کغم لە مێو(شمع)ی هەنگ بەسەر خاوەن هەنگەڵانەکان لە گەرمیان.
- دابەشکردنی (١٧٢٨) شریتی دەرمانی (سایمۆڤار) بەسەر خاوەن هەنگەڵانەکان لە گەرمیان.
- دابەشکردنی بڕی (٩) کۆڵەپشتی دەرمان پرژێن بەسەر (٩) خاوەن کێڵگەدا لە گەرمیان.
- دابەشکردنی قڕکەری مێروو (٨٩١) لیتر لە جۆری (ماترێکس پلەس) و (٨٢١) لیتر لە جۆری (فلاش) بەسەر خاوەن کێڵگەکانی سنووری گەرمیان.
- کردنەوەی (٤) خول بۆ فەرمانبەران و جوتیاران ، ژمارەی سودمەند (٢٧) فەرمانبەر لەگەڵ (٤٨) جوتیار لە گەرمیان.

- سازدانی (٣٢) سیمینار و کۆبوونەوە لەگوندەکان بۆ ڕوونکردنەوە و زانیاری، ژمارەی سودمەندان (١٩٢٢) کەس لە جوتیار و گەنج و خەڵکی گوندنشین لە گەرمیان.
- ئەنجامدانی (٣) ڕۆژی کێڵگەیی بۆ ژمارەی (٥٠) جوتیاری سودمەندیان لە گەرمیان.
- ئەنجامدانی (١) پیشانگای کشتوکاڵی بۆ ژمارەی (١٠٠) جوتیاری سنووری گەرمیان.
- سەردانی کێڵگەیی زیاتر لە (٨٢٦) جار ئەنجامدراوە بۆ کێڵگەی جوتیار، خاوەن پرۆژەی ماسی، خاوەن کێڵگەی مریشک و ....هتد لە گەرمیان.
- دروستکردنی باخی دایکانەی ترێ لە ڕووبەری (٦٠٠٠)م٢ بەژمارەی (٥٠٠) نەمام لە پێنج جۆری جیاوازی ترێ لە گەرمیان.
- دروستکردنی باخی دایکانەی هەنار لە جۆری (صالح خانی) لە ڕووبەری (١٥٠٠م٢) بە ژمارەی (١٠٠) نەمام لە گەرمیان.
- دروستکردنی باخی دایکانەی هەنجیر لە ڕووبەری (٣٠٠٠)م٢ بە ژمارەی (٢٥٠) نەمامی هەنجیر لە گەرمیان.
- چاندنی (١٠٠) نەمامی لیمۆی ترش لەگەڵ (١٠٠) نەمامی پرتەقاڵ لە گەرمیان.
- هەڵکەندن و ناشتنی (٢٤٥) بەچکە خورما (فصیله) لەناو ویستگەی باخی کەلار لەگەڵ (تکریب) کردنی (١٦٢) دارخورمای جۆراوجۆر لە سنووری گەرمیان.
- چاندنی (١٢٠٠) عوقلە لە قامیشی شەکر بە ڕووبەری (٢) دۆنم زەوی لە سنووری کشتوکاڵی خانەقین بەمەبەستی توێژینەوە .
- پەرچکردنی (٧٣) دۆنم باخی زەیتوون و (١٦) دۆنم باخی مزرەمەنی لە ویستگەی باخی کەلار .
- نۆژەنکردنەوەی سیستەمی ئاودێری دلۆپاندن بۆ (٢٤) دۆنم باخی ناو ویستگەی باخی کەلار .
- دروستکردنی نەمامگەیەک بە ڕووبەری (١٤٠٠) م٢ لەناو وێستگەی باخی کەلار بۆ بەرهەمهێنانی نەمام .
- بەرهەمهێنانی بڕی (٣٨١٠) کغم زەیتی زەیتون لە وێستگەی باخی کەلار .
- بەرهەمهێنانی (٩٠٧) کغم خورما لە جۆرەکانی (خضراوی، زهدي، خستاوی) لە گەرمیان.
- بەرهەمهێنانی بڕی (٩٦٤٠٠) نەمام لە هەموو جۆرەکان و چاندنی (٢٣) کگم لە تۆی نارنج لە مەرقەددا ، چاندنی (٣٠٠٠) قەڵەمی زەیتون لە مەرقەددا لە گەرمیان.
- نوێکردنەوە و پێدانی مۆڵەت بۆ (١٣) نووسینگەی کشتوکاڵی لە گەرمیان.
- پێدانی (٦) مۆڵەتی باخ ، نوێکردنەوەی (٩) مۆڵەتی باخ لە گەرمیان.

- پڕۆژەی قەڵاچۆکردنی سن و کیسەلە لەسەر گەنم بە گوژمەی (١٠,١٥٠,٠٠٠) دینار لە دهۆك.
- - دابەشکردنی (٩,٤٦٦) لیتر لە قڕکەری دژی میش و مەگەز بە گوژمەی (١٧١,٠٤٠,٠٠٠) دینار لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٤٤١) سەردان و چاوپێکەوتن لەگەڵ جوتیاران ژمارەی سودمەند (٦٧٨) ژمارەی گوند (٤١٢) لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٤) سیمینار / ژمارەی سودمەند (٩٦) جوتیار لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٦) بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە بواری کشتوکاڵ لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٢٣) دیداری تەلەفزیۆنی لەگەڵ پسپۆڕانی کشتوکاڵی لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٩)خولی ڕاهێنان لە بواری پەلەوەر و ئاژەڵداری و ڕەزگەری بە هاوکاری ڕێکخراوی NRC/ ژمارەی سودمەند (١٤٨) جوتیار/ (٢١) گوند لە سنووری دهۆك.
- ئەنجامدانی (٣) خولی راهێنانی (دورمان و فریاگوزاری سەرەتایی) بە هاوکاری ڕێکخراوی sweedo ی سویدی ژمارەی سودمەند (٣٩) جوتیار /(٦) گوند لە دهۆك.
- ئەنجامدانی (٥) خولی راهێنان لە بواری چاندنی سماق و دروستکردنی دۆشاوی هەنار بە هاوکاری ڕێکخراوی UNIDO ی نێودەوڵەتی ژمارەی سودمەند (٨٩) جوتیار /٢٢ گوند لە دهۆك.
- وەرگرتنی بەرهەمی باوەڕ پێکراوی بەڕێوەبەرایەتی توێژنەوەی کشتوکاڵی لە دهۆك لە جۆری (هەویر) لە ٢٠٢١/٦/١ تا ئێستا بەردەوامە  و زیاتر لە ١٧٠ تەن وەرگیراوەتەوە.
- پڕۆژەی کڕین و وەرگرتنی گەنمی باوەڕپێکراوی جۆری (جیهان٩٩) لە جوتیارانی پارێزگای دهۆك بە هاوکاری کۆمپانیای خۆشناو، زیاتر لە ٢٥٠ تەن وەرگیراوەتەوە و تا ئێستا بەردەوامە.

# وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

## یەکەم: دەرکردنی ڕێنمایی

پێنج ڕێنمایی لە پێناو ڕێکخستن و ڕاییکردنی کارەکانی هاووڵاتیان دەرکراوە پاڵپشت بە ناوەڕۆکی مادەی ٦ برگەی ٢ی یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠١٠ کە بریتین لە :

١- ڕێنمایی ژمارە ١ لە ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە نرخی گونجاو .

٢- ڕێنمایی ژمارە ٢ لە ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە ڕێنماییەکانی بەخشینی بەشە خۆراک و ئاردی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

٣- ڕێنمایی ژمارە ٣ لە ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە بەخشینی مۆڵەتی هەویرکاری لە هەرێمی کوردستان.

٤- ڕێنمایی ژمارە ٤ لە ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە هاوردن و هەناردن لە هەرێمی کوردستان.

٥- ڕێنمایی ژمارە ٥ لە ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە لقی کۆمپانیاکانی بەغداد .

٦- ئامادە کردنی پلانی پیشەسازی ساڵانەی وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٢١ و بەپێی دیراسەتی پێداویستییەکانی دانیشتووانی هەرێم لە بەرهەمە پیشەسازییەکان و گەشەی ئابووری هەرێم و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان.

## دووەم: پرۆژەکان

**١-** پرۆژەی دروستکردنی سایلۆی (٤٠,٠٠٠) تەن لەگەڵ (٥) کۆگا لە قەزای کەلار ئیدارەی گەرمیان بەگوژمەی (١٩,٥٩٤,٠٠٠,٠٠٠) دینار دەست پێکراوە کە لەگەڵ بنەڕەتی زێدەکی (١,٠٧٨,٢٦٣,٠٠٠) دینار گوژمەی پرۆژەکە بە گشتی دەکاتە (٢٠,٦٧٢,٢٦٣,٠٠٠) دینار، بەرەو پێشچوونی٩٥٪ .

**٢-** دروستکردنی سایلۆی (٤٠) هەزار تەن و (٤) کۆگا لە ناحیەی روڤیا - دهۆک بە گوژمەی (١٦,٧٧٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار دەست پێکراوە کە لەگەڵ بنەڕەتی زێدەکی (١,١٧٢,٧٠٠,٠٠٠) دینار گوژمەی پرۆژەکە بە گشتی دەکاتە (١٧,٩٤٨,٧٠٠,٠٠٠) دینار ، بەرەوپێشچوونی ٩٧٪ .

**٣-** پرۆژەی دروستکردنی سایلۆی (٤٠,٠٠٠) تەن لەگەڵ (١٠) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە - هەولێر بە گوژمەی (٢٠,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار دەست پێکراوە کە لەگەڵ بنەڕەتی زێدەکی (٧٧٦,٨٣٥,٠٠٠) دینار گوژمەی پرۆژەکە بەگشتی دەکاتە (٢١,٢٧٦,٨٣٥,٠٠٠)دینار، بەرەوپێشچوونی ٩٩٪ .

**٤-** خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (٣) لای ڕاست بە گوژمەی (٧,٤٩٨,٠٠٠,٠٠٠) دینار، بەرەوپێشچوونی ٧٠٪.

٥- پێدانی چیمەنتۆ بە پڕۆژەكانی دروستكردنی سایلۆكان بە نرخی گونجاو (هاووڵاتی) لەجیاتی شایستە داراییەكان بەمەبەستی بەردەوامبوون لە كارەكانیاندا.

٦- ئامادەكردنی پڕۆژەكانی وەبەرهێنانی حكومی و پێشكەشكردنی بۆ وەزارەتی پلاندانانی بۆ جێبەجێكردن لە ساڵانی ٢٠٢٠ -٢٠٢٤ (١٩ پڕۆژەی پێشنیاركراو)، بە گۆژمەی (٨٧,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

## سێیەم: هێمای بازرگانی

١- پێدانی هێمای بازرگانی بە ٣٨٤ كۆمپانیای خۆماڵی.

٢- پێدانی هێمای بازرگانی بە ٢٢٤ كۆمپانیای بیانی .

٣- داهاتی رەسمی هێمای بازرگانی ( ١,٢٧٠,٥٤٢,٦٥٠) دینار بووە.

## چوارەم: مۆڵەت و تۆماركردن

١- پێدانی (١٨١) مۆڵەتی دامەزراندنی كارگە لە هەرێم.

٢- تۆمار كردنی ١,٨٢٣ كۆمپانیای خۆماڵی.

٣- تۆمار كردنی ٣٢ كۆمپانیای بیانی.

## پێنجەم: پشكنینی تەكنیكی

١- سەردان و كەشفی ٦٠٤ كارگە.

٢- سەردانی تەكنیكی ٥٢ كارگە.

٣- ئەنجامدانی پشكنینی تاقیگەیی بۆ ٦,٤٤٨ لە بەرهەمی كارگەكان.

٤- دیراسە و خەمڵاندنی مەوادی كیمیاوی لە لایەن لیژنەی تایبەت بەپێی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ، بۆ (٥٩) كۆمپانیا كە لە (٧٠٧) جۆر مادەی كیمیاوی پێكهاتووە .

٥- سەردان و چاودێری (٧٢،٣٩٥) شوێنی بازرگانی.

## شەشەم: سزاو دەستبەسەرداگرتن

١- سزادانی (١,١٨١) شوێنی بازرگانی بە هۆی سەرپێچی.

٢- دەست بە سەرداگرتنی (٣٣١) تەن مەوادی بەسەرچوو .

# وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

## پێشەکی:

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هەروەک لە ئامانج و پلانی ستراتیجی وەزارەت هاتووە لە چوارچێوەی ئەرک و چالاکییەکانی هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی کارنامەی هێلە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، کاردەکات بۆ بەرجەستەکردن و ئەنجامدانی چاکسازی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ هاووڵاتیان کە لە ڕووی تایبەتمەندی پسپۆڕی کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری گەیاندن کە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی کەرتەکانی بواری گەیاندن بە تەل و بێ تەل و ئەنتەرنێت دەگرێتەوە، لەبواری گواستنەوەو پەرەپێدانی کەرتی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانییەوەو لە بواری پۆستە بریتیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پۆستە لە ناوەوە و دەرەوە بۆ هاووڵاتیان هەروەها پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێشبینیەکانی کەشناسی بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان بەشێوەی گشتی.

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- **نەهێشتنی ڕۆتین :**

وەزارەت چەند ڕێ و شوێنی پێویستی گرتۆتەبەر بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕۆتین کە خۆی دەبینێتەوە لە پێداچوونەوە بەبڕیار و ڕێنماییەکان بۆ ڕاییکردنی نووسراوە فەرمییەکانی ڕۆژانە و خێرایی کردن لە جێبەجێکردنی لە ڕووی کارگێڕی و تەکنیکی لەڕێگەی پۆلینکردنیان و دابەشکردنی کارەکانی ڕۆژانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی سەر بە وەزارەت بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندیان بۆ جێبەجێکردنیان، هەوڵی جدی دراوە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین لابردنی لەمپەر لەبەردەم کارەکان، مامەڵەی بەڵێندەران، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ڕاییکردنی مامەڵەکانیان و جێبەجێکردنی کارەکانیان بەکەمترین کات و، پەیڕەوکردنی سیاسەتی مێزی بەتاڵ بەپێی گشتاندنی وەزارەت ژمارە (٢١١٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨. هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری سکاڵای هاووڵاتیان بە شێوەیەکی خێرا بەپێی فەرمانی وەزارەت ژمارە ٦٢٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٨ لەگەڵ چەند گشتاندنی تایبەت بەمەبەستی نەهێشتنی ڕۆتین لەوانە گشتاندنی وەزارەت بە ژمارە (٢٩٤٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٩ بۆ پێداچوونەوە بەڕێنماییەکانی تایبەت بەو خزمەتگوزارییانەی لە فەرمانگەکان پێشکەش دەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت ڕۆتین کەم بکرێتەوە، هەروەها نووسراوی وەزارەت ژمارە (٢٩٥٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٩ بۆ پلانی پێشوەختەی بەڕێوەبەراتییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١ پێداچوونەوە بە کاروباری هۆبەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی وخۆیەتی و ڕێکخستنەوەی میلاکات لەپێناو زووتر

ئەنجامدانی کارەکان وەڵامدانەوەی ئەو نووسراوانەی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەکرێت، هەروەها بەدواداچوونی کاروباری هۆبەی هاتوو و دەرچوو بە ئەلیکترونی کراوە بە سیستەمێک کە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی ئامار و IT) لە ئێستادا بەو سیستەمە کار دەکرێت و پێدانی ڕێنمایی بۆ بەدواداچوونی ئەو نووسراوانەی لە وەزارەتمان دەرچووەو ئەو نووسراوانەی ئاڕاستەی وەزارەتمان دەکرێت، هەروەها دروست کردنی هەماهەنگی لەڕووی پەیوەندییە کارگێڕییەکانەوە لەگەڵ نووسینگەی بەڕێز وەزیر بۆ راییکردنی نووسراو و داواکارییەکان هەروەها دابینکردنی هێڵی گەرم بۆ وەرگرتنی گشت سکاڵاکان و داواکاری هاووڵاتیان و ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیاکان بۆ چارەسەرکردنیان بەپێی نووسراوی ( ٢٢ ) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣.

- **تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی:**

وەزارەتەکەمان هەنگاوی گرنگی ناوە لەڕێگەی بەدواداچوونی کاری کۆمپانیاکان بەتایبەت کومپانیاکانی بواری گەیاندن کە گرێبەست و مۆڵەتی کار کردنیان هەیە لەگەڵ وەزارەت لەڕێگەی نووسراوی فەرمی لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٥ ئاگادار کراونەتەوە بۆ پابەندبوونیان بەپێدانی شایستە داراییەکانی وەزارەت بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر. لەکۆی (٤٩) کۆمپانیا (٢١) کۆمپانیا پابەندبوون بە پێدانی شایستە داراییەکانیان (١١) کۆمپانیا دراوەنەتە دادگا (٣) کۆمپانیا مۆڵەتیان هەڵوەشاوەتەوە (١٠) کۆمپانیای تر پەڕاویان ئامادەکراوە بۆ تۆمارکردنی داوای یاسایی پابەندکردنیان بەپێدانی شایستە داراییەکانیان کە پێشتر ئەو کومپانیانە پابەند نەبوون، وەزارەت تا ئێستا لەو ڕێگەوە بڕی زیاتر لە (٣) سێ ملیار دیناری گەڕاندۆتەوە بۆ خەزینەی حکومەت. هەروەها وەزارەت لە ڕێگەی پێکهێنانی چەند لیژنەیەک هەڵساوە بە ڕێکخستنەوەی هێڵەکانی گواستنەوە لە دەروازە سنوورییەکان چارەسەرکردنی کێشەی شوفێرەکانی مەرزە سنوورییەکان لە چوارچێوەی یاسا و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی گواستنەوە بۆ زیادکردنی داهات.

- **دەربارەی کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و دادگایی کردنیان:**

١- تاوەکو ئێستا ١١ یازدە کۆمپانیا دراونەتە دادگا و دۆسیەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و، بریکارنامەی تایبەتی وەزیر دراوەتە مافپەروەر و پارێزەری تایبەت بە دۆسیەکان.

٢- ئەو کۆمپانیایانەی ئامادەن بۆ دادگا ژمارەیان ١٠ کۆمپانیایەو لە ئێستادا لەلای مافپەروەرانی وەزارەتەوە لە ئامادەکردندایە بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لەسەریان.

٣- ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی لە دوای ئاگادارکردنەوەیان پابەندی شایستە داراییەکان بوون ژمارەیان ٢١ کۆمپانیایە.

٤- (٤) داوای یاسایی بڕیاری کۆتایی پێ دەرچووە لە بەرژەوەندی وەزارەت و کۆتایی پێهاتووە.

٥- لە دوای ئەوەی لە مانگی مایسی ٢٠٢٠ ئاگاداری کۆمپانیاکان کراوەتەوە زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠٠٠ سێ ملیار دینار وەک شایستەی داراییان داوە بە حکومەت و وەزارەت.

٦- سێ کۆمپانیا بڕیای هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەرکراوە بەهۆی پابەند نەبوونیان.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لەکاتی ئێستادا هەموارکردنەوەیان بۆ دەکرێت بریتین لە ٤ کۆمپانیا، دوو لەمانە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و دووەکەی تریان کۆمپانیای بواری گەیاندنن و هێڵی ئەنتەرنێتی میری دابەش دەکەن و لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی حکومەت تەواودەبن.

- **دەربارەی چاکسازی وەزارەت:**

تاوەکو ئێستا لەکۆی دۆسیەی ٥١٢٢ فەرمانبەری سەربە وەزارەتەکەمان ٤٥٧٨ دۆسیەی وردبینی تێدا کراوە لەلایەن لیژنەکانی خوارەوە واتە لەسەرئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە داهاتویەکی نزیک لەسەر ئاستی لیژنەی باڵای وەزارەت وردبینی تێدادەکەن.

**هەموار کردنەوەی هەردوو گرێبەستی کۆمپانیای tarin وIQ Networks بۆ دابەش کردنی ئەنتەرنێتی میری بۆ داموو دزگاکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٦ واژۆ لەسەر هەمواری هەردوو گرێبەستی کۆمپانیاکە کرا بە:**

١- دابەزاندنی کرێی مانگانە کە حکومەت دەیدات بە هەردوو کۆمپانیا بەبڕی ١٦١,٠٠٠,٠٠٠ سەد و شەست و یەك ملیۆن دینار بۆ هەر مانگێک.

٢- هەردوو کۆمپانیا بوو بە یەک جۆر گرێبەست و زیادکردنی ئەو باندەی کە تارین دەیدات بە حکومەت لە ١٠ گێگابت بۆ ١٤ گێگابت لە چرکەیەکدا .

- درێژکردنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای تارین لە چوار ساڵ و نیو بۆ سێزدە ساڵ کە (ای کیو) پێشتر وابوو و گەڕانەوەی خاوەندارێتی پرۆژەکە دوای تەواوبوونی گرێبەست بۆ وەزارەت و حکومەت.

**ڕێکخستنەوە زەوییەکانی دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:**

بە فەرمانی وەزارەت ژمارە (١٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٩ کە تایبەتە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەو چارەسەرکردن لە بوونی (کۆگا، خانووی پلاستیک، شوێنی پرۆژەی تری هەمەجۆر) لەو

زەوییانەی لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر  کە ناسراوە بە (ناوچەی قەدەغەکراو) لیژنەکە لەماوەی ڕابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا سەبارەت بە دەستنیشانکردنی میکانیزمی پێویست بۆ دیارکردنی مەودا و سنووری ئەو ناوچانە و کۆکردنەوەی زانیاری وردتر لەسەر خاوەنی ئەو پرۆژە و کۆگا و زەوییانەی لەو ناوچانەیەدا هەن بە مەبەستی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی (ICAO)ی ساڵی ١٩٤٤ تایبەت بە سەلامەتی فڕۆکەوانی و گەشتیاران، پاڵپشت بە یاساکانی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراقی.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

### ١- ژینگە:

وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی نوێنەر بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دەکات وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە کاردەکات لە پێناو پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی لە پلان و ستراتیجی وەزارەت و، بەرجەستەکردنی لە بڕیار و ڕێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن و ڕێکخستنی لەرەلەرو دامەزراندنی تاوەرەکان بەپێی مەرجەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ١٤٦٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٧ .

### ٢- خزمەتگوزاری گواستنـەوە:

- باشترکردنی ڕێگەوبانەکان و سیستەمی هاتووچۆ وەزارەتمان بۆ باشترکردنی کەرتی گواستنەوەو هاتووچۆی هاووڵاتیان چەند پرۆژەی گرنگی ئامادە کردووە هەروەک (لۆگۆی تاکسی، City Bus و دروستکردنی تێرمینال):

### ٣- سەبارەت بە پرۆژەی لۆگۆی تاکسی:

لەئێستادا لە بواری جێبەجێکردندایە کە بریتییە لە بەپیشەیی کردنی کاری تاکسی  لە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەموو تەکسییەکان لۆگۆی لێ دەدرێت بەپێی ڕەنگی جیاواز و بەپێی پارێزگاکان، هەروەها داتابەیسێک دروستدەکرێت تایبەت بەهەر تەکسییەک و شوفێرەکەی کە هەموو زانیاری ئوتۆمبێلەکە و شوفێرەکە لەخۆ دەگرێت. هاوپێچ وێنەیەک لە هەموو ئەو نووسراو و گرێبەست و کۆنووسانەی تایبەتن بەو پرۆژەیە.

### ٤- سەبارەت بە پرۆژەی City Bus:

أ- وەزارەتەکەمان نەخشەو دیزاینی تایبەت بەم پرۆژەیەی ئامادەکردووە بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (FG Tecnopolo) ئیتاڵی، پرۆژەکە تایبەت بە پارێزگای هەولێرە، ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی بەرچاو لە سێکتەری گواستنەوە پێشدەخات بەتایبەت لە کەمکردنەوەی جەنجاڵی ناو شار و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیانی شاری هەولێر و پارێزگاکانی دیکە کە ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنن و بەوهۆیەوە بێنە ناو شاری هەولێر.

ب- لە پلانی وەزارەت دایە ڕێکخستنەوە بکات بۆ گشت هێڵەکانی گواستنەوە لەنێوان شارەکان و مەرزەکان بە تایبەت بارهەڵگرەکان کە کاری بارهەڵگری دەکەن لە نێوان شارو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆ زیادکردنی داهات.

### ٥- -پرۆژەی دروستکردنی تێرمیناڵی نێودەڵەتی بارهەڵگری هەولێر:

١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/١٩ بە فەرمانی ژمارە ٥٩ بە مۆڵەتی ژمارە (١٤) کۆمپانیا ڕەزامەندی دەستەی وەبەرهێنانی بەدەستهێناوە بۆ پرۆژەی تێرمیناڵی نێودەوڵەتی بارهەڵگر لە سەرزەوی ١٨٩ دۆنم لە نزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر .

٢) لە پێشووتر ئەم پرۆژەیە بە وەبەرهێنان ڕەزامەندی لەسەر دراوە ، بەڵام وەزارتەکەمان کاری لەسەر ئەوە کرد پرۆژەکە لەلایەن وەزارەت بەشێوەی هاوبەشی حکومەت و کەرتی تایبەت (p.p.p) واتە وەزارەت ڕێژەیەکی زۆر لەم پرۆژەیە وەربگرێت بۆ زیادکردنی داهات.

٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢ بە فەرمانی ژمارە (٢١٩٠) لیژنەیەکی فراوانمان پێکهێنا لەو وەزارەت و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە بە هۆی فراوانی پرۆژەکە و خەرج کردی گوژمەی ٧٠ حەفتا ملیۆن دۆلار لەسەر پرۆژەکەو، دواتر توانرا ڕەشنوسێکی گرێبەست ئامادە بکرێت و ڕێژەی ٣٥٪ دیارکرا کە بدرێت بە وەزارەت و حکومەت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات.

### ٦- خزمەتگوزاری گەیاندن (اتصالات) :

وەزارەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە هەوڵیداوە کەوا نرخی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن و ئەنتەرنێت کەم بکاتەوەو کوالێتیان بەرزبکاتەوە لە ڕێگەی نووسراو کردن بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و بەرادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووە لەو بابەتە بەپێی نووسراوی هەندێک لە کۆمپانیا گەورەکان وەڵامی ئەرێنی وەرگرتووە لەوبارەیەوە، هەروەها وەزارەت لەرێگەی ئەو گرێبەستانەی کە ئەنجامیداوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و ئەنتەرنێت بەدواداچوون دەکات لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاری گەیاندن و ئەنتەرنێت بۆ گشت هاووڵاتیان لەگشت ناوچەکان لەشار و دێهاتەکان و،

سودمەند بوونیان لەڕێگەی دابینکردنی هێڵی گەرم بۆ وەرگرتنی گشت سکاڵاکان و داواکاری هاووڵاتیان و، ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیاکان بۆ چارەسەرکردنیان بەپێی نووسراوی (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ .

بەدەستخستنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بۆ بەشداربووانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری ئەنتەرنێت و گەیاندن کە گرنگترینیان دابینکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بەخۆڕایی بۆ قوتابیان لە خوێندنی ئۆنلاین لەماوەی کەرەنتین و داخستنی دەرگاکانی قوتابخانەکان و پێدانی ئەنتەرنێت بۆ سایتی وەزارەتی پەروەردە بەبێ بەرامبەر لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت.

**٧- دابینکردنی خزمەتگوزاری فاست پێی (Fast pay) بۆ هاوبەشانی ئەنتەرنێت:**

وەزارەتەکەمان بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان سودمەندبن لە خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن بەردەوام هەوڵدەدات بۆ ئەوەی نوێترین و خێراترین تەکنۆلۆجیای جیهان پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات هەروەک لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن بە سیستمی بەتەل و بێتەل بەردەستن وەک (LTE - FTTH) کە کۆمپانیاکان مۆڵەت پێدراوەو بەپێی گرێبەستیان بەردەوام لەکاردان بۆ ئەوەی داواکاری هاووڵاتیان جێبەجێ بکات و لە ئێستادا خزمەنگوزاری (FTTH) لە زۆربەی پارێزگاکان و شارۆچکەکان بەردەستە و هەروەها سەبارەت بەو شوێنانەی کە بەهۆی جۆگرافیای شاخن ناتوانرێت ئەنتەرنێتیان پێ بگات و لە ڕێگای خزمەتگوزاری بێتەل بۆیان دابین دەکرێت و هەر گوندێک یاخود شارۆچکەیەک لە هەر شوێنێک لە هەرێمن ئەگەر خزمەتگوزارییان لە رووی ئاستدا نەبێت وەزارەتمان لە ڕێگای داواکاری بۆ وەزارەتمان و رای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەمنی داوا لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری دەکات بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجامبدەن.

یەکێک لە نموونەکان گوندی (گردجوتیار) داوای بەهێزکردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتیان کرد بە نووسراوی (٢٧٦٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٢٥) و، نووسراوی ژمارە (١٠٤) لە (٢٠٢١/١/١١) وەزارەتمان هەڵساوە بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی گوندەکە بێبەش نەبن. ئەمەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی خەڵکی گوندنشین ئەوانەی جێیان هێشتبێت بگەڕێنەوە یاخود ئەوانەی لە گوندەکانن بمێننەوە.

**٨- پرۆژەی تێست کردنی سیستەمی (G ٥):**

وەک خزمەتگوزارییەکی سەردەمییانەو، لە داواکاری چەند کۆمپانیایەک بەمەبەستی تاقیکردنەوەی سیستەمی (G ٥) نەوی پێنجەم بۆ بەرو پێش بردن و خێرا کردنی ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان و، نموونە بۆ ئەمە کۆمپانیای (فاست لینک) بە نووسراوی (١٣٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١ ئامادەییان دەربڕی بۆ ئەم سیستەمەو، وەزارەتمان ڕەزامەندی لەسەر پرۆسەی ئەم تاقیکردنەوەی بە سیستەمی ئاماژە

پێکراودا، بە چەند مەرجێک و لەسەر سیستەمی پێشکەوتووی جیهانی و، لەکاتی ئێستا دا کۆمپانیای ناوبراو ئامادەکاری دەکات وەک هەنگاوی یەکەم بۆ تاقیکردنەوەو دانانی ئامێری پێشکەوتوو و کۆمپانیای (سێڤن نێت) بە هەمان شێوە ئامادەییان دەربڕی بۆ پەیڕەو کردنی ئەو سیستەمە ئەگەر لەداهاتوودا ئەم سیستەمە جێبەجێ بکرێت دەبێتە وەرچەرخانێک بۆ خێراکردنی ئەنتەرنیت و بەشێوازێکی پێشکەوتوو کە لە ناوچەکە پەیڕەو نەکراوە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی زیادبوونی سەرچاوەی داهاتیکی زۆر چونکە پێدانی مۆڵەتی ئەم سیستەمە لەسەرەتادا بڕێکی زۆر لە کۆمپانیا وەردەگێریت و، ڕسوماتی ساڵانەی زۆر زیاترە لە سیستەمی (G ٤).

**٩- خزمەتگوزاری پۆستە :**

أ- پەیڕەوکردنی دوایین سیستەمی ئاڵوگۆڕی پۆستە لە ڕیگەی پرۆژەی پۆست کۆد کە بە هۆی قەیرانی دارایی ڕاگیراوە بەڵام بە گشتی ٦٠% پرۆژەکە لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەواوکراوە بە سێ گرێبەستی جیاواز کە وینەی گرێبەستەکان هاوپێچە.

ب- ڕێکخستنەوەی کۆمپانیەکانی بواری پۆستە لە کەرتی تایبەت بەڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەک لەلایەن وەزارەتمان بە فەرمانی ژمارە (٢٧٥٥) بۆ پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەیان لە هەرێمی کوردستان.

ج- هەوڵدان بۆ بەردەوامی بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی گرێبەست لەیەک کۆمپانیای هێڵی فرۆکەوانی عێراقی بۆ ناردنی پۆستە کە ئێستا بە هۆی بوونی بابەتی پاکتاوی دارایی کێشەی تێکەوتوەو لە هەوڵی چارەسەرکردنی داین .

د- لەلایەن وەزارەتەکەمان پرۆژەی هاوبەشی ڕێکخستنەوەی پۆستە بەنوێترین سیستەمە نێودەوڵەتی بەردەستە لەگەڵ کۆمپانیای (UNICOME)ی سعودی بەمەبەستی پەیڕەوکردنی نوێترین سیستەمی پۆستە بۆ چارەسەری گشت ئەو کەموکوڕیانەی لە سێ خاڵی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە. هاوپێچ فەرمانی لیژنەی سەرپەرشتی و بە دواداچوونی کاری پرۆژەکە لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو کە کارەکان لە قۆناغی کۆتاییدایە بە مەبەستی واژۆکردنی گرێبەستێک کە بریتییە لە هاوبەشی و بەڕێوەبردنی کاری پۆستە لە هەرێمی کوردستان.

هـ- بۆ پێداچوونەوە بە دیزاینی پولی پۆستە و چەند تابلۆیەک کە ڕەنگدانەوەی پیرۆزییەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ بگرێت لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پێکهێنراوە بۆ ئەو بابەتە.

**١٠- خزمەتگوزاری کەشناسی:**

- دەرکردنی دوو بڵاوکراوەی ساڵانەی تۆماری بوومەلەرزە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ئاڕاستەکردنی کۆپی بڵاوکراوەکە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەتی وەزیران، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن و، بەرگری شارستانی.
- دامەزراندنی (٣) وێستگەی بوومەلەرزە بە پارچەی یەدەگی ئامێرەکان لە :

١- شارۆچکەی چۆمان لە پارێزگای هەولێر.

٢- گەلی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک .

٣- شارۆچکەی کەلار لە ئیدارەی گەرمیان .

- پێدانی زانیاری پێشبینی کەش و هەوا بۆ ڕۆژانی داهاتوو بە هاووڵاتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان .
- کارکردن لە ئەنجامدانی تۆژینەوەی هاوبەش لەگەڵ زانکۆی کوردستان بۆ بابەتی گۆڕانی کەش و هەوا.
- دابینکردنی زانیاری ڕەگەزەکانی ئاو و هەوا بۆ قوتابیانی و توێژەرەکان و لایەنی سودمەند.

**١١- خزمەتگوزاری فڕۆکەخانەکان:**

أ - سەبارەت بە پرۆژەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی - ئەربیل :

| ژ. | ناوی پرۆژە | گوژمەی گشتی (بە ملیۆن دینار) | خەرجی گشتی (ملیۆن دینار) | ڕێژەی جێبەجێکردن | بەڵێندەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی بە سەوز کردنی فڕۆکەخانە | ٢٥,٧١٣,٩٩١,٦٤٤ | ١١,١٦٧,٣٤٩,٩٧٦ | ٪٤٣ | Jardin Agrodis/ Jardin Service Vegetaux |
| ٢ | پەرەپێدانی سیستەمی ئاو و فراوانکردن و چارەسەری سیستەمی ئاوی قورس | ٨,٩٤٨,٨٣٠,٨٠٠ | ٧,٧٥٠,٢٨٦,٤٠٠ | ٪٨٧ | Sources |
| ٣ | ئۆفیسی پرۆگرامی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی سیستەمی بەڕێوەبردن و کارکردن لە کارگۆی فڕۆکەخانە | ٤,٠٨٧,٩٥٠,٠٠٠ | ٣,١٠٨,٨٧٧,٢٠٠ | ٪٧٦ | Lufthansa Consulting |
| ٤ | نوێکردنەوەی وێستگە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانەی کۆن و دانانی سیستەمی چاودێری(SCADA) | ٢,٩٨٠,٨٧٩,٢٠٠ | ٢,٥٩٨,٥٦٧,٦٠٠ | ٪٨٧ | Laval |
| ٥ | نوێکردنەوە و چاککردنەوەی دەست شۆرەکانی تێرمینال و گێتەکان | ٦,٢٤٦,٨١٦,٠٠٠ | ٥,٣٦٦,٠٤٦,٠٠٠ | ٪٨٦ | Laval |
| ٦ | پرۆژەی دروست کردنی ٨ تاوەری ئاسایش | ١,٦٤٤,٩١٣,٩٦٠ | ١,٤٣٧,٥٩٤,٢٨٥ | ٪٨٧ | Open Town |
| ٧ | دروست کردنی گۆڕەپانی کارگوی کۆن | ٤٧٥,٢٠٣,٦٠٠ | ٤٦٣,٠١٨,٤٥٥ | ٪٩٧ | Kaiwani Hawler |
| ٨ | کێڵگەی سوتەمەنی فڕۆکە | ٩,٤٤١,٨٦٦,٤٠٠ | ٢,٠٥١,٥٩٩,٢٠٠ | ٪٢٢ | Ekium-Secomoc-Jc٣s |
| ٩ | گۆڕین و نوێکردنەوەی تەواوی سیستەمی چاودێری ناو تێرمینالی فڕۆکەخانە | ١٠,٤٠٤,٢٢٨,٠٠٠ | ٩,٥٦١,٣٥٨,٨٠٠ | ٪٩٢ | Inforr |
| ١٠ | نوێکردنەوەی سیستەمی مۆتۆڕۆلا و سیستەمی چاودێری ئەکسس دۆری فڕۆکەخانە | ٢,٩٢٩,٨٣٠,٠٠٠ | ٢,٠٧١,٨٥٠,٤٠٠ | ٪٧٠ | Inforr |
| ١١ | flight check | ٨٨٤,٧٩٦,٠٠٠ | ٣٧٧,٥٨٩,٦٠٠ | ٪٤٢ | Radiola |
| ١٢ | Review, assessment, and design of new flight routes | ٧٨٦,٩٦٠,٠٠٠ | ٧٨,٧١٠,٤٠٠ | ٪١٠ | CGX |
| ١٣ | Optimization of Obstacle Limitation Surface constraint | ٤٥٥,٦٥٥,٦٠٠ | ٤٥,٥٧٣,٦٠٠ | ٪١٠ | CGX |
| ١٤ | FIDS | ٢,٠٨٨,٣٨٨,٨٠٠ | ١,٨٩٣,٨٧١,٢٠٠ | ٪٩٠ | LAVAL |

تێبینی:

١- هەریەک لە پرۆژەکانی ژمارە ( ٦ ,٧ ,٩ ,١٠ , ١٤ ) کارەکانی لەڕووی ئەندازەییەوە تەواوبووە بەڵام بەهۆکاری ئەوەی ڕێژەیەک لە گوژمەیان ماوە و تاوەکو ئێستا - خەرجنەکراوە، بۆیە وەکو پرۆژەی بەردەوام هەژمارمان کردووە.

### ب- پرۆژەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

١- ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشتیاران هەرچەندە نەتوانراوە بەهۆی نەبوونی بودجە پرۆژەی گەورە جێبەجێ بکرێت بەڵام بە گوێرەی  ئەو بڕە پارەیەی  لەبەردەستدا بوو توانراوە چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمیناڵ و بەشەکانی تری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیارانەوە هەبووە بە بڕی ٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠ دۆلار کاری چاکسازی بکرێت.

٢- پرۆژەی  دروستکردنی ڕێگاکانی فڕۆکەخانە  M٣ M٤ بە گوێرەی ماستەرپلان کە بەهۆی قەیرانی دارایی پێشتر کارەکانی ڕاگیرابوو دەستبەکارکردن لە پرۆژەکە کرایەوە بەڵام بەهۆی خەرجنەکردنی تەواوی شایستە داراییەکان لەلایەن پارێزگاری سلێمانی پرۆژەکە تا ئێستا تەواو نەکراوە بڕی پارەکە کە پێویستە بۆ کۆمپانیا خەرج بکرێ (٢,٠٣٥,١٢٧,٠٠٠) ملیار دینار لە ٨٠% کارەکانی تەواو بووە.

٣- بۆ نووسینگەی کەشناسی بە بڕی (٨٥,٣٢٦,٢) دۆلار پرۆژەی کڕین و دانانی سسیتەمی (AWOS) بە هۆکاری ڕاگرتنی دەسەڵاتی خەرج کردنی ٥٠% داهاتی فڕۆکەخانە کارەکە ڕاوەستاوەو داوای ڕەزامەندی لە وەزارەت کراوە بۆ  تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە.

## سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- واژۆکردنی نامەی لەیەکگەیشتنی نێوان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی بوومەلەرزەزانی و دەزگای رووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی (USGS)  تایبەت بە پەرەپێدانی بواری جیۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان.

٢- بەستنەوەی تۆڕی وێستگەکانی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان بە سەنتەری بومەلەرزەی ئیماراتی عەربی و ئاڵوگۆڕی داتا لە نێوانمان و دابەزاندنی وێستگەکانی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی بومەلەرزەی جیهانی لە ژێر کۆدی: (D- Dohuk) (S- Sulimani) (H- Hawler)(K -Kurdistan ) .

٣- بەردوامبوون لەکارکردن لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی ژینگە و ئاو و زەوی ئیتالیا لە بواری دامەزراندنی (٥٥) وێستگەی کەشناسی لە میانەی پرۆژەی گۆڕانی کەش و هەوا بەپێی ڕێکەوتننامەی پاریس .

**لە ڕەشنووسی یاسای بودجەی ٢٠٢١ هەرێمی کوردستان ئەمانەی خوارەوەمان پێشنیار کردووە بۆ جێگیر کردنی لە یاساکە:**

**(مادەی: ١١)**

أ- پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن داوا لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت بکات باجەکانیان بدەن، لەوانە باجی فرۆشتن (٢٠٪) و پێدانی پارەی پێویست و پابەندە داراییەکان لەماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ و تۆمارکردنی داهاتی کۆتایی بۆ حسابی خەزێنەی گشتی کەمینە و لەکاتی پێنەدانەوەی مۆڵەتی کاری ئەو کۆمپانیایە هەڵوەشێتەوە .

ب- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت پابەند دەکات بەپێدانی بەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن بۆ دابەشکردنی ئەنتەرنێت بە ( ١٣ ٪ ) لەبەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن کە لەحکومەتی فیدراڵدا دیاریکراوە و بەپێی ڕووبەری جوگرافی کەمینەکە.

ت- ئەم یاسایە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە پارێزگاکەدا بە تەواوی دەستگەیشتن و کۆنترۆڵی تەواوی سیستەمی حساباتی کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت و دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی ئەلیکترۆنی حساباتی تایبەت بەبێ مەرج دەبەخشێت لەگەڵ فرۆشتنی ئەو کۆمپانیایانە بۆ دڵنیابوون لە وەگرتنی باج و دەرجە و پابەندبوونە داراییەکانیان و ڕێگە بە وەزارەت دەدات کۆمپانیا و پشکنینی لێهاتوو لە ناوخۆ و دەرەوە لە کاروباری ژمێریاری و ئەلیکترۆنیدا مسۆگەر بکات.

ث- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەرکداری بە دانوستان لەگەڵ وەزارەتی گەیاندن و دەسەڵاتی پەیوەندی و زانیاری لە حکومەتی فیدراڵ دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پشکەکەی هەرێم لە ڕێژەی (٢٠ ٪)ی دەست دەکەوێت لە باجی فرۆشتنی کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت.

ج- لەسەر وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پابەندکردنی کۆمپانیاکان و فەرمانگەکانی گواستنەوە (هێڵی دوو گیانی و کەسەکان، برا) بۆ زیادکردنی نیگاری مانگانەو ساڵانە، دوای دەستکاریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێنماییەکانی گواستنەوە.

ح- پێویستە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داوا لە کۆمپانیا و فەرمانگەکانی (پۆستە) بکات کە کرێی ساڵانە بدەن بە ڕێنمایی پۆستە پاش ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دراوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە .

خ- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێویستە کۆمپانیا و ئۆفیسەکانی فرۆکەوانی (دووگیانی کارکۆ و ڕێبوارانی گواستنەوە) بەپێی ڕێنماییەکانی ئەم وەڵامە کرێی ساڵانە بدەن پاش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ پەسەندکردن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە .

د- پێویستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەستکاری وێنەکێشانی ساڵانە بکات لە بەرامبەر پسوولەی کەشوهەوا و زانیاری کەشناسی پاش پەسەندکردنی ڕێنماییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدارەوە.

| کەمکردنەوەی خەرجی و زیاد کردنی داهات لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ڕوونکردنەوە | بڕی پێشوو | بڕی ئێستا | تێبینی |
| ١ | خزمەتگوزاری خاوێنکردنەوەی فڕۆکەخانە بەگشتی | $٩٣٨,٢٠٥ | $٦٣٨,٠٠٠ | کەم کراوەتەوە |
| ٢ | چاککردنەوەو سیانەی بەردەوام بۆ مۆلیدەکانی فڕۆکەخانە | $١٤٤,٩٥٣ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال) |
| ٣ | چاککردنەوە و سیانەی بەردەوام بۆ بەشە سەرەکییەکانی فڕۆکەخانە | $٣١٤,٠٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال) |
| ٤ | دابینکردنی ئەنتەرنێت کۆمپانیای ئاڵای نەورۆز تیلیکۆم | $١٢,٣٠٧ | $٠ | لە ٢٠٢١/١٥/٠٦ گرێبەست هەڵدەوەشێتەوە |
| ٥ | دابینکردنی ئەنتەرنێت - کۆمپانیای السرد | $٢,٨٥٠ | $٠ | لە ٢٠٢١/١٣/٧ گرێبەست هەڵدەوەشێتەوە |
| ٦ | خەرجی شوقەکانی نازستی | $٢,٢٧٥ | $٤٥٠ | کەم کراوەتەوە |
| ٧ | گرێبەستی ڕاوێژکاری مارکێتینگ (بەڕێز ئەندرۆ) | $١٢,٠٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە |
| ٨ | گرێبەستی ڕاوێژکاری یاسایی (بەڕێز تۆبیاس) | $١٢,٠٠٠ | $١١,٠٠٠ | کەم کراوەتەوە |
| ٩ | گرێبەستی ڕاوێژکاری ئۆپەرەیشن (بەڕێز ڕۆلاند) | $١٢,٠٠٠ | $٩,٥٠٠ | کەم کراوەتەوە |
| ١٠ | خەرجی بەڕێوەبردنی عارەبانەی گەشتیاران | $٥٦,٥٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای سان لوران) |
| ١١ | خزمەتگوزاری سیانەی بەردەوام بۆ توالێتەکانی ناو تێرمیناڵی فڕۆکەخانە | $٥٢,٨٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال) |
| ١٢ | خزمەتگوزاری سیانەی بەردەوام بۆ شاشەی لۆگۆی فڕۆکەخانە | $٤٢,٩٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال) |
| ١٣ | خەرجی کۆمپانیای ڕاوێژکاری یاسایی - گۆرز | $١٠,٠٠٠ | $٣,٠٠٠ | لە بڕی مانگانە بووە بە پێی کاتژمێری کارکردن ، لە مانگی (١-٢-٣-٢٠٢١) تەنها بڕی ٣،٠٠٠$ |
| ١٤ | خەرجی ڕاوێژکار (بەڕێز سالار) | $٣,١١٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە |
| ١٥ | خەرجی ڕاوێژکاری تەکنیکی (بەڕێز دارەوان) | $٣,١١٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە |
| ١٦ | خەرجی بەڕێوەبەری دابینکردن | $٣,١١٠ | $٢,٠٠٠ | کەم کراوەتەوە |
| ١٧ | خەرجی دابینکردنی کەلوپەل بۆ سەرجەم بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکانی فڕۆکەخانە | $٦,٢٠٦ | $٣,١٠٣ | فڕۆکەخانە هەڵدەستێت بە دابینکردن |
| ١٨ | خەرجی کۆمپانیای ڕاوێژکاری و سەرپەرشتیاری کۆمپانیای بیرو ڤیرتاز | $٢٤,٢٢٢ | $٠ | بڕی گرێبەست (٢١٨،٠٠٠$) بۆ ٩ مانگ و لەکاتی ئێستا ئەم گرێبەستە نوێ نەکراوەتەوە |
| ١٩ | فەرمانبەرانی گرێبەست | $٥٣,٥٠٠ | $٣٣,٠٠٠ | کەم کراوەتەوە |
| ٢٠ | خزمەتگوزاری ڕشاندن بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا | $٩٥,٠٠٠ | $٠ | گرێبەست هەڵوەشاوەتەوە (کۆمپانیای لاڤال) |
| ٢١ | دابینکردنی سووتەمەنی بۆ فڕۆکەخانە | $٧٥,٨٦٢ | $٤٤,٨٢٧ | هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای پارتیکولار ئۆیل و کەم کردنەوەی خەرجی مانگانە |
| ٢٢ | کۆمپانیای ڕاوێژکاری لوفثانسا | $٠ | $٠ | کارەکانی ڕاگیراوە |
| | **کۆی گشتی** | **$١,٨٧٦,٩١٠** | **$٧٤٤,٨٨٠** | **بەنزیکەیی ڕێژەی (٤٠٪) لە خەرجییەکان کەم کراوەتەوە** |

# وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

## یەکەم: لە بواری پێکەوەژیان و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

یەكێك لە خاڵە ئەرێنییەکان بۆ هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییە، بۆ ئەم مەبەستە کارمان کردووە کە ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی زیاتری لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان هەبێت.

- دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (Kaiciid) کە بارەگاکەی لە ڤیەننایە و بەهاوکاری چەند وڵاتێکی ئەورووپی و ڤاتیکان کارەکانی ئەنجام دەدات، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٧ لە شاری هەولێر لە زانکۆی کاسۆلیك هەڵساین بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆس، مەبەستیش لەم کۆنفرانسە هۆشیارکردنەوەی هەموو پێکهاتە ئایینییەکان بوو بۆ خۆپارێزی لەم پەتایە، بەبەشداری پیاوانی ئایینی و هەموو نوێنەرانی پێکهاتە ئایینییەکان.
- هەماهەنگییەکی پتەومان دروستکردووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یۆنامی و یونیتاد و یوئێن دی پی و بلۆمۆندی ئەمریکی و هاردلاندی ئەمریکی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لە کوردستان بوونیان هەیە، لە ڕاوێژ و گفتوگۆی بەردەوامداین، بۆ بابەتی ڕاهێنانی پیاوانی ئایینی لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی، جگە لەمانەیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری توندی، (لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن)، گوتاری ڕق و کینە، برەودان بە پێکەوەژیانی ئایینی و کەلتووری، جێندەر.
- ئەنجامدانی کۆنفراسێکی یەك ڕۆژە بەناونیشانی ئایین و باوەڕ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئایین و باوەڕ لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٧، لە شاری هەولێر، بەبەشداری سەرجەم نوێنەرانی ئایین و ئاییزاکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.
- بەردەوامبوون و گرنگیدان بە یەکخستنەوەی گوتاری ئایینی مزگەوتەکانی کوردستان لەلایەن بۆردی ئامادەکردنی وتاری هەینی لەسەرەتای کابینەی نۆیەم، کە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە لە پێشکەش کردن و دانانی وتاری میانڕەوی و قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵ کردن.
- ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی وتاربێژی هەرێمی کوردستان، کە ساڵانە کۆبوونەوە لەسەر هۆشیاری و گوتاری میانڕەوی بۆ مامۆستایانی بەرێزی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەنجام دەدرێت.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسێك لە رێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٤ لەشاری هەولێر لەسەر دیداری (ئاییني و مرۆڤ دۆستی) بەهاوکاری وەزارەتی ئەوقاف و بلۆمۆندی ئەمریکی و یوئێن دی پی.
- ئامادەکاریمان کردووە بۆ یاداشتێکی لێك تێگەیشتن لەسەر (بابەتی گەشتیاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان)، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی/ دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی

شوێنەوار لە دیوانی وەزارەت، و تەواوکردنی قوناغەکانی و بەرەوپێشچوونی گەشتیاری ئایینی کە لە نێوان وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ دەستەی گشتی گەشتوگوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار، ئێستا لە دوا قۆناغین و کارەکان لە پرۆسەدایە.

- بەچاپ گەیاندنی پەرتوکێکی فەرهەنگی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و، خستنەڕووی چەندین بەڵگەی زیندووی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لەکاتی گەیشتنی پاپای فاتیکان بەردەست بوو و پێشکەشی پاپا کرا.
- سەردانی کردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە یاوەری شاندێك بۆ وڵاتی میسری عەرەبی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی (حوار الادیان)، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئایینی پەرلەمانی میسر (د. علی جمعە) و مفتی میسر (د. شوقی علام) و وەزیری ئەوقافی میسر (د. محمد مختار جمعە) و شێخی ئەزهەر (احمد الطیب) و بانگهێشتکردنی شێخی ئەزهەر بۆ کوردستان و گرنگیدان بە پەیوەندی دێرینی نێوان مەشیەخەی ئەزهەری پیرۆز لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی سەرکردەکانی لە مێژووی پێکەوەژیانی ئایینی و پێکهاتەکان.
- سەردانیکردنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەیاوەری شاندێك و ئەنجامدانی:

- کۆبوونەوە و هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی وەقفی سوننی بەتایبەتی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازیکردن لە شێخی ئەزهەر (د. احمد الطیب) و گفتوگۆکردن دەربارەی پێکەوەژیانی ئایینی لەهەرێمی کوردستان و عێراق و بەهێزکردنی بیری لێبوردەیی و گیانی پێکەوەیی، دژایەتیکردنی بیری توندڕەوی توندوتیژی.

## دووەم: لە بواری چاکسازی

- کردنەوەی هۆبەیەك لە دیوانی وەزارەت کە ڕاستەوخۆ سەربە نووسینگەی بەڕێز وەزیرە بۆ بەدواداچوونی ئەو سکاڵا و سکاڵای ئەلیکترۆنی و پێشنیار و ڕەخنانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاڕاستەی وەزارەت دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە پردێك بۆ لەنێوان هاووڵاتیان و وەزارەتی ئەوقاف.
- پێداچوونەوە بە لیستی ناوی ئەو فەمانبەرانەی کە لە سیستمی بایۆمەتری دووجار و یان زیاتر ناویان هاتۆتەوە کە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٢) لە (٢٠٢١/١/٧) هاتووە، تاوەکو ئێستا نزیکەی (٩٥٪)ی کارەکان تەواو بووە.
- کردنەوەی خولێکی گەشەپێدانی توانای کارگێڕی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/٢٣).
- بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و شەرعی فەرمانبەرانی موڵکە وەقفییەکان، هەڵساین بە کردنەوەی خولێکی بە پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرانی موڵکە وەقفییەکان بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرە

گشتییەکانی ئەوقافی پارێزگاکان و بەڕێوەبەری ئەوقافی شارەکانی هەرێم و سەرجەم فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی موڵکە وەقفییەکان و یاساییەکان و خستنەڕووی چەندین بابەتی گرنگ لەلایەن کەسانی شارەزا لە دیوانی وەقفی سونی و ئەنجومەنی وەزیران و پسپۆڕانی شارەزا لەم بوارە.

- کردنەوەی خولێکی پەرەپێدانی تواناسازی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم بۆ مامۆستایانی ئایینی کە تایبەت بوو بە بەهێزکردنی توانای مرۆیی و زانستی سەردەم وەك کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ئینگلیزی لە زانکۆکانی (جیهان) لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر.

## سێیەم: بواری یاسایی

- ئامادەکردنی پڕۆژەی تایبەت بە کردنەوەی پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی (پێش نوێژ و وتارخوێن) بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- هەموار کردنەوەی سیستەمی متەوەلی و سەرپەرشتیاری وەقفە مولحەقەکان تایبەت لە خاڵی دارایی و گونجاندن لەگەڵ واقعی ئێستای کوردستان، ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.
- ئامادەکردنی ڕشنووسی پڕۆژە یاسای سندوقی زەکات لە هەرێمی کوردستان، ئێستا لە ئەنجومەنی شورای کوردستانە و چاوەڕێی تێبینییەکانیان دەکەین و دواتر ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ چەسپاندنی شایستەبوون (إثبات الأهلية) بۆ پێش نوێژ و وتارخوێنانی هەرێمی کوردستان.

## چوارەم: بواری موڵکە وەقفییەکان

- پێداچوونەوە بە کرێی موڵکەکانی ئەوقاف و گونجاندنی لەگەڵ بازاڕ و جەخت کردنەوە لە کرێی ساڵانە لە کات و ساتی خۆی.

## پێنجەم: بواری ڕێنمایی و هوشیاری

ئامادەکردن و دانانی ڕێنمایی نوێ بۆ مامۆستایانی ئایینی خۆبەخش ئەوانەی گۆتاری هەینی دەخوێنن.

بە فەرمی ئاگادار کردنەوەی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە دیاردەی قێزەوەن و ناشەرعییانەی کە لە پەنای ئایین ئەنجام دەدرێن دەرهەق بە کۆمەڵگا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، و بەدواداچوونیش بۆ سەرجەم بابەتەکان کرا.

قەدەغەکردنی سەرجەم بۆنە و مەراسیمە ئایینییەکان ئەوانە کە دەبنە هۆی قەرەباڵغی و کۆبوونەوە و هاووڵاتیان بەتایبەتی پرسە.

## شەشەم: بواری ئەندازە و ئاوەدانکردنەوە

- ئەنجامدانی پێشبڕکییەکی دیزاینی مزگەوت کە مۆرکێکی کوردەواری پێوە بێت، کە تێیدا چەندین ئەندزیاری تەلارسازی و کۆمپانیای پسپۆڕ لە بواری تەلارسازی بەشدارییان تێداکرد کە لە ئەنجامدا دیزانێکی نوێی بۆ دروستکردنی مزگەوت هەڵبژێردرا.
- لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵساین بە نۆژەنکردنەوەی ئارامگە و مەزاری (سوڵتان موزەفەرەددین) بۆ مەبەستی گرنگیدان بە شوێنەوارە ئایینییە مێژووییەکان.
- لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا لەسەر نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕۆژی (٢٠٢١/٥/٣) سەردانی شاری سلێمانی کرد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا شێواز و پلانی نۆژەنکردنەوەکەیدا ڕاگەیاند.

## حەوتەم: بواری پلان دانان

- پێکهێنانی بۆردێکی باڵا بۆ پرسە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتوون لە بیرمەندە ئایینیەکان و کەسانی شارەزا لەم بوارە.
- لە ڕێگەی وەبەرهێنانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و لەسەر ڕاسپاردەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا لەسەر دروستکردنی باڵەخانەیەکی مۆدێرن و ناوازە بۆ کتێبخانەی ناوەندی ئەوقافی سلێمانی.

## هەشتەم: بواری مزگەوتەکان

- ڕێزلێنان و پاداشتکردنی (١٤٧٠) هەزار و چوارسەد و حەفتا وتاربێژی مزگەوتەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
- ئامادەسازی بۆ ڕێزلێنانی زیاتر لە (١٣٠) حوجرەی فەقێیان لەسەرتاسەری هەرێم.
- ئامادەسازی بۆ ڕێزلێنانی (٩٠) بنکەی لەبەرکردن و قورئانی پیرۆز لەسەرتاسەری هەرێم.
- ڕێزلێنان و پاداشتکردنی (٤٠٠) چوارسەد مامۆستای ئایینی وتاربێژی خانەشینکراو کە هەڵدەستن بە کاری وتاربێژی بەشێوەی خۆبەخش لەگەڵ پاداشتکردنیان بەگوژمە پارەیەکی گونجاو بۆ هەریەکێکیان.
- چاپکردنی پەرتوکی تایبەت بە بۆچوونەکانی گرووپە توندڕەوەکان و وەڵامدانەوەیان و، پەرتوکەکە لە بابەتی توێژینەوەیەکی زانستییە.

# وەزارەتی کارەبا

## یەکەم: لە ئاستی چاکسازی و کارگێڕی

١- پێداچوونەوە بە ١٤,٤٧٥ دۆسیەی فەرمانبەران و پاش وردبینکردنی گشت دۆسیەکان بۆمان دەرکەوت کە ٢٣٤ فەرمانبەر بە شێوەیەکی نا یاسایی پلە و پایە و زیادکردنی مووچەی پێ دراوە.

| ب . گشتی | ژمارەی دۆسیەی پێداچوونەوی بۆی کراوە | ژمارەی ئەم فەرمانبەرانی بەدەر لە یاسا پلە و پایە و زیاد کردنی مووچەی بۆ کراوە |
|---|---|---|
| دیوان | ٤٤٦ | ٢٢ |
| هەولێر | ٤٢٧٢ | ٩٢ |
| سلێمانی | ٧٠٣١ | ٨٦ |
| دهۆک | ١٨٨٥ | ١٧ |
| گەرمیان | ٧٤٥ | ١٣ |
| کۆنترۆلی ناوەندی | ٩٦ | ٤ |
| **کۆی گشتی** | **١٤٤٧٥** | **٢٣٤** |

٢- یاسای وەزارەتی کارەبا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە و لەکاتی نووسینی ئەم راپورتە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٣- ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەران دانانی ئامێری وەرگرتنی ئامادەبوونی فەرمانبەرن بەشێوەی پەنجەمۆر یاخود ئامێری وەرگرتنی دەم و چاو (I face).

٤- - دابینکردنی پارەی پێویست بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان.

٥- ژمارەی نووسراوەکانی دیوانی وەزارەت لە ٢٠٢٠/٧/١ تاکو ٢٠٢١/٥/٣١ بەپێی خشتەی خوارەوە دەخەینەوە روو:

| ژ | بەشەکانی کارگێڕی | مانگی ٧/ ٢٠٢٠ | مانگی ٨/ ٢٠٢٠ | مانگی ٩/ ٢٠٢٠ | مانگی ١٠/ ٢٠٢٠ | مانگی ١١/ ٢٠٢٠ | مانگی ١٢/ ٢٠٢٠ | مانگی ١/ ٢٠٢١ | مانگی ٢/ ٢٠٢١ | مانگی ٣/ ٢٠٢١ | مانگی ٤/ ٢٠٢١ | مانگی ٥/ ٢٠٢١ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | میلاکات | ١٤ | ١٤ | ٦٧ | ٢٥ | ٦٧ | ٣٧ | ٧٠ | ٥٤ | ٤٧ | ٤٤ | ٤٦ | ٤٨٥ |
| ٢ | خۆیەتی | ٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ | ٦٨ | ٥٥ | ٦٣ | ١١٦ | ٦٠ | ٤٢ | ٤٨ | ٥٧ | ٧٠٩ |
| ٣ | ئەرشیف | ٣٠ | ٢٨ | ٥٩ | ٧٨ | ٧٩ | ٤٤ | ١٠٢ | ٨١ | ٧٨ | ٨٢ | ٩٨ | ٧٥٩ |
| ٤ | ئامار | ١٨ | ٢٣ | ٤٣ | ٤٣ | ٢٨ | ٢٦ | ٧٠ | ٥٩ | ٤١ | ٢٣ | ٣٥ | ٤٠٩ |
| ٥ | چاپ | ٣٢٠ | ٢٥١ | ٣٨٩ | ٣٣١ | ٣٠٣ | ٢٤٩ | ١٦٠ | ١٧٠ | ١٢٢ | ١٢٠ | ١٧٨ | ٢٥٩٣ |
| | **کۆی گشتی** | **٤٣٢** | **٣٦٦** | **٦٥٨** | **٥٤٥** | **٥٣٢** | **٤١٩** | **٥١٨** | **٤٢٤** | **٣٣٠** | **٣١٧** | **٤١٤** | **٤٩٥٥** |

## دووەم: لە بواری تەکنیکی

- **گواستەوە:**

١. خشتەی زانیاری پرۆژەکانی (هەولێر ، دهۆک ، گەرمیان) سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا/ هێڵەکان:

| ژ | ناوی پرۆژە | پارێزگا/ ئیدارەی سەربەخۆ | ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار | گوژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو) | ڕێژەی بەرەو پێشەوەچوونی پرۆژە ٪ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی دەبڵ سێرکت (Twin Tail) نێوان وێستگەی هەڵمی خەبات-زەنگەنان ١٣٢ کەیڤی | هەولێر - دهۆک | هێرۆ | $ ٧,٤٢٥,٠٠٠ | %١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |
| ٢ | گۆڕینی تەلی گەیەنەری هێڵی ١٣٢ کەیڤی نێوان وێستگەی شەقڵاوە و مەفرەقی سۆران بۆ جۆری (HTLS) وە بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی نێوان وێستگەی سۆران/١ و مەفرەقی سۆران بە درێژی ١٦کم هەروەها زیادکردنی (٢ Bay) بۆ وێستگەی سۆران. | هەولێر | هێرۆ | $ ٦,٧٠٠,٠٥٠ | %٦٨ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٣ | بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی نێوان وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای کاشێ تاکو وێستگەی زاخۆ/٢ تەلکەبەر بە درێژی ٥٠کم. | دهۆک | ستێر+شان دز | $ ٩,٦٢٠,٠٠٠ | %٧١ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٤ | بونیادنانی هێڵی ٣٣kV DC Lark نێوان وێستگەکانی کفری ٣٣kV و١٣٢kV بەدرێژی ٧,٥ کم | گەرمیان | دییەن | $ ٨٧٥,٠٠٠ | %٧٥ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٦ | گۆڕینی تەلی گەیەنەری هێڵی ١٣٢kV لە DC lark بۆ DC lark HTLS بە درێژی ٢٩ کم | گەرمیان | دییەن | لە سەر بودجەی کۆمپانیای ئەگریکۆیە بەپێی گرێبەست لەگەڵ سامانە سروشتیەکان | ٪٧٩ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٧ | بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بە هێڵی ١٣٢ کەیڤی ( DC Twin Teal OHTL) ڕۆژهەڵاتی هەولێر/ تەقتەق | هەولێر | دڵسۆز | ٤٦٠,٩٠٠,٠٠٠ دینار | %١٠٠ | لە ٢٠٢٠/٨/٢٨ پرۆژەکە تەواو بووە |
| ٨ | ڕاکیشانی دوو فیدەری ٣٣ کەیڤی دەبڵ سێرکت جۆری ( O.H.L ) و ٤*١٠٠ مەتری کێبل لە وێستگەی ڕێزان بۆ هێلی ٣٣ کەیڤی (سۆران- مێرگە سوور/ بارزان) + ڕاکێشانی فیدەری ٣٣ کەیڤی دەبل سرکت جۆری ( O.H.L ) و٢*١٠٠ مەتری کێبل لە وێستگەی ڕێزان بۆ وێستگەی (شێروان | هەولێر | شاندز | $١١,٩٦٠,٠٠٠ | %١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | مەزن) + ڕاکێشانی فیدەری ٣٣ کەیفی دەبل سێرکت جۆری ( O.H.L ) و٢*١٠٠ مەتری کێبل لە وێستگەی (کۆیە ٢ بۆ وێستگەی تەق تەق)+ راکێشانی فیدەری ٣٣ کی فی دەبل سرکت جۆری ( O.H.L ) و٢*١٠٠ مەتری کێبل لە وێستگەی (خەبات) بۆ وێستگەی (ئیفراز) | | | | | |
| ٩ | پرۆژەی بونیادنانی هێڵەکانی ١٣٢ کەیفی لە پارێزگای هەولێر:<br>١- هەولێر غازی قوشتەپە (١٧کم ) (٥٠) تاوەر- کۆمپانیای زۆزگ.<br>٢- سەنتەری هەولێر- ڕۆژئاوای هەولێر (١٨کم) - (٥٣) تاوەر - کۆمپانیای زۆزگ.<br>٣- ئازادی - ڕۆژئاوای هەولێر (٦کم ) - (١٧) تاوەر - کۆمپانیای TL.<br>٤- ڕۆژئاوای هەولێر - خەبات (٢٥ کم ) - کۆمپانیای TL.<br>٥- کەسنەزان شاویس ( ١٣کم ) - کۆمپانیای TL | هەولێر | ماس | $١٥,٤٨٠,٠٠٠ | %٩٨ | ڕێژەی ئەنجامدانی کار ٩٨٪ تەنیا بۆ چوار پرۆژەیەو، پرۆژەکە بەردەوامە |
| ١٠ | گرێدانی وێستگەی ئازادی نوێ بە هێڵی ١٣٢ کەیفی بە هێڵی نێوان وێستگەی ئازادی و وێستگەی باشور | هەولێر | دڵسۆز | ١٤٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار | %١٠٠ | لە ٢٠٢٠/٩/١٩ پرۆژەکە تەواو بووە |

٢. خشتەی زانیاری پرۆژەکانی (هەولێر، دهۆک، گەرمیان) سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا/ وێستگەی ناوەندی ١٣٢ و ٣٣ کەی ڤی :

| ژ | ناوی پرۆژە | پارێزگا/ ئیدارەی سەربەخۆ | ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار | گۆژمەی گشتی (بودجەی تەرخانکراو) | ڕێژەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بونیادنانی چوار وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS | هەولێر | زاگرۆس-دیەن | $ ٥٩,٠٥٥,٠٠٠ | %٨٦ | پرۆژەکە ماوەیەکی زۆر کێشەی LS و کێشەی ڕادەست نەکردنی زەوی هەبوو بۆیە دواکەوت دووبارە کۆمپانیا دەست بەکاربوونی نوێی بۆ کراوە. بەڵام ئێستا پرۆژەکە بەردەوامە |
| a | بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS | هەولێر | زاگرۆس-دیەن | $ ١٣,٩٩٥,٨١٢ | %٨٩ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| b | بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS | هەولێر | زاگرۆس-دیەن | $ ١٣,١٨٢,٣٣٥ | %٩٠ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| c | بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS | هەولێر | زاگرۆس-دیەن | $ ١٥,٩١٧,٧٣٨ | %٧٤ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| d | بونیادنانی وێستگەی گۆڕینی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی GIS | هەولێر | زاگرۆس-دیەن | $ ١٤,٥١٠,٣٣٥ | %٩١ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٢ | پرۆژەی بونیادنانی وێستگەی کەسنەزان تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی + بونیادنانی وێستگەی ازادی نوێ GIS تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* (١٢٥/٨٠/٥٠) ام ڤی ئەی + فراوانکردنی وێستگەی سۆران بە زیادکردنی یەک گۆڕەر (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی جیهەتی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی + بونیادنانی وێستگەی ڕووناکی تەوژمی (٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* ٣١,٥ ام ڤی ئەی + بونیادنانی وێستگەی بەحرکە تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٣* (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی | هەولێر | بێست | $ ٤٥,٩٩٥,٨٣٣ | %٨٦ | پرۆژەکە ماوەیەکی زۆر کێشەی دارایی و کێشەی زەوی هەبوو بۆیە دواکەوت دووبارە کۆمپانیا دەست بەکاربوونی نوێی بۆ کراوە. بەڵام ئێستا پرۆژەکە بەردەوامە |
| a | وێستگەی کەسنەزان (مۆنۆمێنت) بە قەبارەی ٢*(٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی | هەولێر | بێست | $ ١٠,٠٤٣,٩٧٥ | %١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |
| b | تەواوکردنی وێستگەی ڕووناکی (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٢* (٣١,٥) ام ڤی ئەی | هەولێر | بێست | $ ٤,٤١٥,٤٧٢ | %١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| c | بونیادنانی وێستگەی ئازادی نوێ (زانیاری) GIS تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٢* (١٢٥/٨٠/٥٠) ام ڤی ئەی | هەولێر | بێست | ١٤,٧٧٠,١٩١ $ | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| d | فراوانکردنی وێستگەی سۆران بە زیاد کردنی یەک گۆڕەر بە قەبارەی (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی جیهەتی (١٣٢/٣٣/١١ ) کەیڤی | هەولێر | بێست | ٤,٤٩٩,١٢٥ $ | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| e | بونیادنانی وێستگەی بەحرکە تەوژمی (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی قەبارە ٣* (٦٣/٥٠/٤٠) ام ڤی ئەی | هەولێر | بێست | ١١,٧٦١,٧٤٧ $ | ٣٢% | پڕۆژەکە بەردەوامە |
| ٣ | نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی پیرمام تەوژمی (١٣٢/١١) بە قەبارەی (٢٥) ام ڤی ئەی | هەولێر | جێبەجێ کردنی ڕلستەوخۆ | ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٤ | بەستنی پاوەر ترانسفۆرمەری ٣٣/١١ بە قەبارەی (١٦) ام ڤی ئەی بۆ وێستگەی چۆمان | هەولێر | سەرسەنگ | ٤٢٥,٠٠٠,٠٠٠دینار | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٥ | تەواوکردنی وێستگەی گردجوتیار (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٣١،٥ ام ڤی ئەی | هەولێر | مەلەك | ٣,٨١٤,٨٩٣ $ | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٦ | نۆژەنکردنەوەی وێستگەی مۆبایلی پارك (١٣٢/١١) بە قەبارەی (٢٥) ام ڤی ئەی | هەولێر | ڕۆشنا | ٣٤٨,٠٠٠,٠٠٠دینار | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٧ | تەواوکردنی وێستگەی مۆبایلی شەمامك | هەولێر | بێست | ١,٤١٢,٧٢٤ $ | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٨ | دانانی وێستگەی مۆبایلی سالح ئاغا لە ناحییەی قۆرەتوو بەتوانای ٢٥MVA-٣٣/١١kV | گەرمیان | مادۆ | ١,٢٢١,١٤٤,٢٦٧ دینار | ١٠٠% | پڕۆژەکە تەواو بووە |
| ٩ | وێستگەی شێروان مەزن (٣٣/١١) کەیڤی بە قەبارەی ٢* (١٦) ام ڤی ئەی | هەولێر | مەلەك | ٣،٥٠٣،٦٢٨ $ | ١٠٠% | پڕۆژەکە ماوەیەکی زۆر وەستا لەبەر کێشەی دارایی بۆیە دواکەوت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٦ پڕۆژەکە تەواو بوو |

### ٣. خشتەی زانیاری پرۆژەکانی (سلێمانی ، هەڵەبجە) سێکتەری گواستنەوەی وزەی کارەبا :

| ژ | ناوی پرۆژە | پارێزگا/ ئیدارەی سەربەخۆ | ناوی کۆمپانیای جێبەجێکار | (بودجەی تەرخانکراو) بە دینار | ڕێژەی بەرەو پێشوەچوونی پرۆژە ٪ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی جۆری (O.H.L. – D/C T.T) بۆ (بەستنەوەی وێستگەی ڕانیە بە هێڵی چوارقورنە-قەڵادزە)، (وێستگەی سیدصادق-وێستگەی هەڵەبجەی شەهید)، (وێستگەی پێنجوین، هێڵی هەڵەبجە/ سید صادق) kRG-MoE/ST-١١/٢/ | سلێمانی هەڵەبجە | دیەن | ٢٦,٥٢١,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ | تەواو بووە |
| ٢ | بونیادنانی هێڵی ١٣٢ کەیڤی جۆری (O.H.L. – D/C T.T) بۆ وێستگە کەلار-هێڵی باشووری سلێمانی بەرهەمهێنانی چەمچەماڵ ٥٣کم١٢/٢٠١ KRG-MoE/ST | سلێمانی ئیدارەی گەرمیان | کناڵ ایران | ٣٩,١٩٤,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ | تەواو بووە |
| ٣ | بونیادنانی وێستگەکانی گۆڕینی ١٣٢ کەیڤی کانی بەردینە (قولەرەیسی)، کانی سپیکە، تانجەرۆ، ڕانیە، هەروەها زیادکردنی چوار خانەی ١٣٢ کەیڤی. KRG-MoE/SS-٠٦A/٢٠١١ | سلێمانی | زۆزگ | ٦٥,٩١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ | تەواو بووە |
| ٤ | کڕینی برێکەر ١١ کەیڤی بۆ مۆبایلی سەید صادق | سلێمانی | ڕاستەوخۆ | ٩٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ | تەواو بووە |
| ٥ | چاکسازی گۆڕەرەکانی گۆڕینی کارەبا لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین (١٣٢/٣٣/١١) کەیڤی | سلێمانی هەڵەبجە | ڕاستەوخۆ | ٣٨,٠٨٦,٦٥٠ | ٪٢٠ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٦ | پرۆژەی دابین کردن ودانانی ٣ وێستگەی مۆبایل تەوژمی (١٣٢/١١) بە قەبارەی (٢٥) ام ڤی ئەی KV ١٣٢/١١ بۆ سلێمانی و سەید صادق و چەمچەماڵ | سلێمانی | شاندز | ٥,٠٨٢,١٨٥,٨٥٠ | ٪٥ | ٣ وێستگە پێك هاتووە:<br>١- سەید صادق بەردەوامە<br>٢-چەمچەماڵ ڕاگیراوە<br>٣-سلێمانی کاری تەرخانکردن زەوی تەواو نەبووە. بەڵام ئێستا پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٧ | فراوانکردنی وێستگەی (٣٣/١١) کەیڤی شەهید فاڕوق لە قەڵادزە | سلێمانی | ڕاستەوخۆ | ٦١,٠٢٥,٠٠٠ | ٪٩٧ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ٨ | دروست کردنی شەقامی کۆنکریتی لەبەردەم وێستگەی کارەبای قولەرەیسی (١٣٢) کەیڤی | سلێمانی | ڕاستەوخۆ | ٢٩,٣٩٦,٤٠٠ | ٪٠ | پرۆژەکە ڕەزامەندی وەرگیراوە بە زیاد کردنی بودجەکەی بەم نزیکانە دەست بەکار دەبن |
| ٩ | چارەسەرکردنی کێشەی هێڵی دوکان (١٣٢/٣٣) کەیڤی | سلێمانی | ڕاستەوخۆ | ٨,٣٧٦,٥٦٤ | ٪١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |
| ١٠ | دروستکردنی ژوور بۆ بینایەی گەنجینە + تەواو کردنی کەم و کوڕی | سلێمانی | مەولود | ٣٧,٧٥٢,٢٤٠ | ٪٣٠ | پرۆژەکە بەردەوامە (داوەتی تایبەتە) |
| ١١ | جیاکردنەوەی هێڵی (١٣٢) کەیڤی چەمچەماڵ غازی – کەلار/ کفری لە هێڵی (١٣٢) کەیڤی چەمچەماڵ غازی – تانجەرۆ و بەستنەوەی بە باسباری وێستگەی (٤٠٠) کەیڤی بازیان | سلێمانی | شاندز | ٣٠٢,٥٢٩,٣٦٠ | ٪٣٥ | پرۆژەکە بەردەوامە |
| ١٢ | دروست کردنی ژوور و وەرشە بۆ تیمەکانی چاکسازی هێڵەکان و وێسگەکان لە چوارچرا | سلێمانی | مەولود | ١٣٢,٢٠٣,٠٠٠ | ٪١٠٠ | پرۆژەکە تەواو بووە |

- **بەرهەمهێنان:**

١. سەرپەرشتی کارپێکردن و چاکسازی هەموو وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەکانی حکومی وەزارەت (هایدرۆپاوەری دوکان و دەربەندیخان) و وێستگەکانی کەرتی تایبەت (١٥٠٠ مێگاواتی کۆمبایندسایکلی هەولێر و سلێمانی و هەروەها گاز تۆربایینی خورمەلە و بازیان و دهۆک و ١٥٠ مێگاواتی باعەدرێ و ٥١ مێگاواتی تاسلوجە).

٢. تەواوکردنی وێستگەی ٣٠٠ مێگاواتی خەبات و ڕادەستکردنی بە کۆمپانیای Subnex پاش تەواوبوونی وێستگەکە بۆ کارپێکردنی بۆ ماوەی ٧ ساڵ.

٣. سەرپەرشتی دامەزراندنی پڕۆژەی وێستگەی هایدرۆپاوەری دێرەلوک لەسەر قەرزی JICA.

٤. چاککردنەوەی هەردوو یەکەی ژمارە ١ و ٢ ی وێستگەی کارۆئاوی و وێستگەی دەربەندیخان.

٥. چاککردنەوەی Software ی بەشی کۆنترۆڵ هەردوو وێستگەی دووکان و دەربەندیخان.

٦. واژۆکردنی گرێبەستی دامەزراندنی وێستگەی ١٦٥ مێگاواتی لە ناوچەی گەرمیان بەو گازە سروشتییەی گەرمیان کە بەبێ سود لە گێلگەکانی نەوت دەسوتێنرێت.

٧. وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی سێ وێستگەی ٢٥ مێگاواتی بە وزەی خۆر لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئیستا لە پرۆسەی تەندەردایە.

٨. یەکخستن و بە ستانداردکردنی گرێبەستەکانی وێستگەکانی بەرهەمهێنان کە بە قازانجی وەزارەتمان بگەڕێتەوە.

- **دابەشکردن:**

١. بەردەوامبوون لە هەڵمەتی لابردنی سەرپێچی وەک لە خشتەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت:

| مانگ | ساڵ | ژمارەی سەرپێچی | بڕی پارەی سزادان | بڕی پارەی خەملاندن | کۆی پارەی وەرگیراو بە پێی مانگ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | ٢٠٢٠ | ١٧٣ | ١٣,٨٥٠,٠٠٠ | ٧٠,٠٠٤,٨٤٠ | ٨٣,٨٥٤,٨٤٠ |
| ٨ | ٢٠٢٠ | ٣٢٨ | ٢٤,٥١٥,٠٠٠ | ٣٠,٨٣٤,٣٢٩ | ٥٥,٣٤٩,٣٢٩ |
| ٩ | ٢٠٢٠ | ٩٠ | ٠ | ٦,٧٥٣,٢٥٠ | ٦,٧٥٣,٢٥٠ |
| ١٠ | ٢٠٢٠ | ٥٩٠٢ | ١١٦,١٢٤,٢٣٠ | ٤٧٩,٩٤٥,٢٦٤ | ٥٩٦,٠٦٩,٤٩٤ |
| ١١ | ٢٠٢٠ | ٣٧٢ | ٢٤,٧١٨,٧٣٠ | ٧٢,٠٩١,٧٧١ | ٩٦,٨١٠,٥٠١ |
| ١٢ | ٢٠٢٠ | ٢٨٤ | ٢١,٣٤٥,٠٠٠ | ٦٧,٩٤٣,٥٠٨ | ٨٩,٢٨٨,٥٠٨ |
| ١ | ٢٠٢١ | ٣١٨ | ٢٦,٧٣٠,٠٠٠ | ٧٢,٩٩٩,٩٥٥ | ٩٩,٧٢٩,٩٥٥ |
| ٢ | ٢٠٢١ | ٢٦٥ | ١٩,٧١٠,٠٠٠ | ٨١,٨٤١,٣١٨ | ١٠١,٥٥١,٣١٨ |
| ٣ | ٢٠٢١ | ٣٦٧ | ٢٧,٠٥٠,٠٠٠ | ١١٥,٩٨٣,٦٧٦ | ١٤٣,٠٣٣,٦٧٦ |
| ٤ | ٢٠٢١ | ٢٧٦ | ١٧,٨٧٦,٠١١ | ٦٥,٦٢٩,٤٨١ | ٨٣,٥٠٥,٤٩٢ |
| | **کۆی ژمارە سەرپێچی** | **٨٣٧٥** | | **کۆی گشتی پارەی وەرگیراو** | **١,٣٥٥,٩٤٦,٣٦٣** |

٢. ژمارەی پێوەری زیرەکی بەستراو لە ٢٠٢٠/٧/١ تاکو ٢٠٢٠/٥/٣١

| مانگ | ساڵ | پێوەری بەستراو |
|---|---|---|
| ٧ | ٢٠٢٠ | ١٦٨٠ |
| ٨ | ٢٠٢٠ | ١٧٣٤٤ |
| ٩ | ٢٠٢٠ | ٤٥٥٩٩ |
| ١٠ | ٢٠٢٠ | ٥٢٨٠٤ |
| ١١ | ٢٠٢٠ | ٢٩٠٥١ |
| ١٢ | ٢٠٢٠ | ٢٨٢٥٤ |
| ١ | ٢٠٢١ | ٣١٤١١ |
| ٢ | ٢٠٢١ | ٦٢٣٥٤ |
| ٣ | ٢٠٢١ | ٤٦٥٨٠ |
| ٤ | ٢٠٢١ | ٥٢٧٠٢ |
| ٥ | ٢٠٢١ | ٥٣٢٤٨ |
| | کۆی پێوەری بەستراو | ٤٢١٠٢٧ |

## سێیەم: لە بواری گرێبەستی تازە:

١. لیستی ئەم گرێبەستانەی کە لەسەر داهاتکراوە:

| ژ | ناوی گرێبەست (پرۆژە) | گۆژمەی گرێبەست | جۆری گرێبەست: | جۆری بودجە | ناوی کۆمپانیا | کۆمپانیا بەشداربووەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاککردنەوەی دوو محاویلەی KV ١١/٣٣/١٣٢ بەقەبارەی (MVA٤٠/٥٠/٦٣) وە KV -١١،٥/١٣٢ ٢٥MVA لە جۆری (ABB) لە پارێزگای هەولێر | ٦٥٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار | | داهات | سەرسەنگ | |
| ٢ | دەرهێنانی ٨ فیدەر ١١ کەی ڤی لە وێستگەی ١٣٢ کەی ڤی کەسنەزان | ٤٦٠,٩٠٠,٠٠٠ دینار | | داهات | دڵسۆز | |
| ٣ | گرێدانی وێستگەی کارەبای ١٣٢ کەی ڤی کەسنەزان - تەق تەق | ١٤٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار | | داهات | دڵسۆز | ٣ کۆمپانیا |
| ٤ | دەرهێنانی ٥ فیدەری مۆبایل ی ئازادی بۆ وێستگەی ئازادی | ٢٧١,٢٢٥,٢٠٠ دینار | کار | داهات | پالۆس | ١٩ کۆمپانیا |
| ٥ | دەرهێنانی (٥) فیدەری ١١ کەی ڤی لە وێستگەی ڕووناکی نزیک شوقەکانی اسکان | ٤٥٠,٧٤٣,٢٥٠ دینار | کار | داهات | پالۆس | ١٧ کۆمپانیا |
| ٦ | دەرهێنانی (٣)فیدەر (١١)کەی ڤی ئەی لە وێستگەی گردجوتیار+١فیدەر لە وێستگەی کەسنەزان بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەرەکانی سنووری بەحرکە+٤ی خانزاد لە سنووری صلاح الدین | ٦٩٩,٢٥٦,٨٥٠ دینار | کار | داهات | پالۆس | ١٦ کۆمپانیا |
| ٧ | دەرهێنانی (٥) فیدەر لە وێستگەی مۆبایلی دارەشەکران | ٧٢٧,٦٠٧,٠٠٠ دینار | کار | داهات | پالۆس | ١٨ کۆمپانیا |
| ٨ | کێبلی ئازادی نوێ - ڕۆناکی ٣٣ کەی ڤی | ٣,٤٥٣,٢٦٥,٥٩٠ دینار | کار | داهات | شاندز | ١٠ کۆمپانیا |
| ٩ | دەرهێنانی ٨فیدەر ١١ کەی ڤی لە وێستگەی ١٣٢ کەی ڤی کەسنەزان | ١,٢٧١,٦٥٦,٥٠٠ دینار | کار | داهات | دڵسۆز | ١١ کۆمپانیا |

## ٢. ئەو پڕۆژانەی لە قۆناغی گرێبەست و بانگەواز و کردنەوەدان:

| ز | ناوی پڕۆژە | گوژمەی پڕۆژە | ناوی کۆمپانیا | ژ.فەرمانی سپاردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەرهێنانی فیدەرێک لە وێستگەی مۆبایلی باسرمە بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەری چواری باسرمە و فیدەری چواری خەلیفان | ١٦٢,٢٢١,٠٠٠ دینار | دێن | (٤٩٢٦) ٢٠٢٠/١١/١٩ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٢ | دەرهێنانی چوار فیدەر لە وێستگەی مۆبایلی بەرحوشتر + دەرهێنانی دوو فیدەر لە وێستگەی ڕۆژ ئاوا بۆ گەیاندنی بە دوو فیدەر لە وێستگەی مۆبایلی تورەق | ٢٧٣,١٦٠,٠٠٠ دینار | گرنال | (٤٩٢٤) ٢٠٢٠/١١/١١ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٣ | دەرهێنانی فیدەری ١١ کەی ڤی لە وێستگەی مۆبایلی هیوا بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری لە گەڕەکی سێبەردان + چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەری چواری بێستانە و فیدەری ١١ گرد مەلا فیدەری ٦ باغە مرە بە دەرهێنانی فیدەرێک لە ویستگەی بێستانە | ١٧٧,٠٠٠,٠٠٠ دینار | گرنال | (٥٠٢٠) ٢٠٢٠/١١/٢٣ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٤ | دابین کردنی گۆڕەر بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر/٢ ) وە پڕۆژەی (چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەرەکانی (٢٤+٢٥+٢٦) ی باکور) وە پڕۆژەی (دانانی تۆڕی کارەبا بۆ بەشێک لە گەڕەکی ڕۆشنبیری + دانانی تۆڕی کارەبا بۆ بوشێک لە گەڕەکی هەولێری نوێ ٢٠٠٠ی | ٢٩٠,٩٣٩,٥٧٠ دینار | هێرۆ | (٥٠٢٢) ٢٠٢٠/١١/٢٣ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٥ | کڕین و - دابینکردن و بەستان و ئیش پێکردنی ١٥٧سپلیت قەبارەی ٢ تەن بۆ ویستگەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی کارەبای هەولێر+ دابین کردنی کەل و پەلی یەدەگ بۆ وێستگەکانی ١٣٢ کەی ڤی لە پارێزگای هەولێر + دابین کردنی کەل و پەلی یەدەگ بۆ وێستگەکانی ٣٣ کەی ڤی لە پارێزگای هەولێر + کاری شارستانی بۆ ڕێگری لە ئاوی باران (چاککردنەوەی سەقف) بۆ وێستگەی ١٣٢ کەی ڤی لە پارێزگای هەولێر. | ٣٤٩,٧٣٨,٧٥٠ دینار | ڕۆشنا | (١٤٢) ٢٠٢١/١/٧ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٦ | کڕینی چوار سێت پاتری (١١٠VDC) بۆ وێستگەکانی نەسیج – ئاشتی – خانزاد – خەبات ٣٣ کەی ڤی + دابین کردنی (دیسکۆنێکتەر) بۆ گشت لایەنەکان و گۆڕەرەکانی وێستگەی پارک ١٣٢ کەی ڤی. | ٢٧٩,٩٩٨,٩٩٠ دینار | ڕۆشنا | (١٤١) ٢٠٢١/١/٧ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٧ | گەیاندنی کارەبا و دانانی گۆڕەر +ستوونی (پ.ب+پ.ن) لە بەشێک لەگەرەکی گەرە سوور (١٠٠٠) ی بنەسڵاوەو پڕۆژەی (دانانی تۆڕی کارەبا بۆ بەشیک لەگەڕەکی کەمئەندامان لە کەسنەزان) وە پڕۆژەی (دانانی تۆڕی کارەبا بۆ چەندماڵێک لە نزیک قوتابخانەی ئۆمەر سیناوە + دانانی تۆڕی کارەبا بەشێک لە گەڕەکی نێوان شیراتۆن و کەمئەندامان + دانانی تۆڕی کارەبا بۆ بەشێک لەگەرەکی ١١ی ئازاری سەر شەقامی ٣٠ مەتری لە کەسنەزان. | ٢٣٩,٢٦٦,٥٢٣ دینار | فاست پاوەر | (٥٥١٤) ٢٠٢٠/١٢/١٤ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |
| ٨ | چارەسەرکردنی بارزۆری فیدەری ١٢+١٣ صلاح الدین) وە پڕۆژەی (کڕینی کەل و پەل بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا صلاح الدین) وە پڕۆژەی (کڕینی کەل و پەل بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سۆران. | ٢٦١,٠٠٠,٠٠٠ دینار | پالۆس | (٥٥١٥) ٢٠٢٠/١٢/١٤ | گرێبەستی بۆ ئەنجام دراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | بەتاڵکردنی F٤ مەلائۆمەر بۆ چارەسەرکردنی فیدەرەکانی ناو شـــاوێس + دەرهێنانی فیـدەری ١١ کەی ڤی لە وێســـتگەی گردمەلا بۆ چارەسەرکردنی فیدەری ٧ ی دارەتوو + دەرهێنانی فیدەرێک لە وێستگەی ڕۆژهەڵات و درێژکردنەوەی فیدەرێک لە وێستگەی مۆبایلی حەمرین بۆ چارەسەرکردنی راکێشانی کێبڵ و دانانی ســتوون + دابینکردنی کەلوپەل بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر / ٢. | ٦٤٥,٣٥٠,٠٠٠ دینار | گولناو | | لە قۆناغی گرێبەستە |
| ١٠ | چارەسەرکردنی بارزۆری گۆڕەر ژمارە ٢٣٠٥ لەگەڕەکی بەهاری کۆن + چارەسەرکردنی بارزۆری گۆڕەر ژمارە ٣٦٥٢ لە گەڕەکی ماردین کەرتی ٥٥ ... هیتر | ٥٢٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار | گوڵناو | | لە قۆناغی نیازی سپاردن |
| ١١ | چارەسەرکردنی بارزۆری گۆڕەرەکانی ژمارە(١٦٩٠٨+١٦٤٧١) لە گەڕەکی ژین/ ناحیەی بەحرکە وە پرۆژەی چارەســەرکردنی بارزۆری+ نۆژەنکردنەوە+ فراوانکردنی تۆڕی کارەبا بە دانانی گۆڕەری نوێ لە دارەبەن هیتر .... | ٣٢٧,٥١٠,٠٠٠ دینار | هۆستان | | ڕەتکرایەوە |

## چوارەم: لە بواری دارایی و داهات

| خشتەی داهات و پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا لە ٢٠٢٠/٧/١ تاوەکو ٢٠٢١/٦/١ | | | |
|---|---|---|---|
| | مانگ | داهات | پرۆژەکانی سەر داهات |
| ساڵی ٢٠٢٠ | تەموز | ٣٩,٥٩٨,٣٧٣,٣٦٤ | ١٢,٩٧٤,٠٠٠ |
| | ئاب | ٦١,٣٩٤,٦٤٩,٥٠٧ | ٨٤,٧٨٦,٦٨٤ |
| | ئەیلول | ٤٩,٥٩٩,٥٥٩,٧٥١ | ٢,٢٣٩,٢٩٤,١٩٩ |
| | تشرینی یەکەم | ٤٧,٠٥٥,٣٨٦,٦١٢ | ٢,٢٧٢,٥٨٨,٣٥٧ |
| | تشرینی دووەم | ٣٤,٨٧٦,٢٣٥,٤٠٠ | ١,٧٩٤,٥٢٤,٣٢٥ |
| | كانونی یەكەم | ٥٣,٧٧٣,٠٠٢,٦٩٠ | ٢,٠٣٠,٠٣٥,٣٠٧ |
| ساڵی ٢٠٢١ | كانونی دووەم | ٣٦,٢٦٠,٠٧٦,٥٤٦ | ٧٨٧,٩٤٠,٢٣٧ |
| | شوبات | ٣٢,٦٠٠,٦٥٧,٣٥١ | ٦,٦٧٧,٠٨١,٢٢٧ |
| | ئازار | ٢٩,٣٦٥,٠٩٧,٢٢٣ | ٤,٣٩١,٤٤١,٤٢٩ |
| | نیسان | ٦٤,٤٣٨,٧٥١,١٤٢ | ٤,١٨٤,٦٣٢,٢٦٤ |
| | ئایار | ١٦,٦٥٩,١٥٥,١٢٢ | ١,٥٤٠,٢٥٣,٥٤٨ |
| | **کۆی گشتی** | **٤٦٥,٦٢٠,٩٤٤,٧٨٩** | **٢٦,٠١٥,٥٥١,٥٧٧** |

## پێنجەم: لە بواری پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان

**خشتەی باری کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە مانگی ( ٧-٢٠٢٠ ) تا ( ٥-٢٠٢١ )**

| تێکڕای هەبوونی کارەبا لە هەرێم ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ | تێکڕای هەبوونی کارەبا لە هەرێم ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ | بڕی کارەبا بۆ کەرکوک (MW) | بڕی کارەبا بۆ موسڵ (MW) | بڕی کارەبا بۆ کارگەکان (MW) | کۆی دابەش بوونی کارەبا بەسەر پارێزگاکان (MW) | کۆی بەرهەمهێنانی کارەبا (MW) | مانگەکانی ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦:٣٩ | ١٥:٣٤ | ٠ | ٣١٨ | ٢٣٦ | ٢٦١٩ | ٣٠١٩ | Jul |
| ١٦:١٥ | ١٩:١٩ | ٠ | ٣٢٩ | ٢٦٤ | ٢٧٧١ | ٣٤٤١ | Aug |
| ٢٠:٤٠ | ١٩:١٨ | ٠ | ٣٣٨ | ٢٨٢ | ٢٦١٢ | ٣٢٥٣ | Sep |
| ٢١:٠٣ | ٢٢:٠٧ | ٠ | ٣٤١ | ٢٧٩ | ٢٢٣٦ | ٢٦٤٢ | Oct |
| ١٦:٤٥ | ١٩:١٣ | ٠ | ٢٦٢ | ٢٧١ | ٢٥٢١ | ٢٨٦٥ | Nov |
| ١٣:٣١ | ١٣:٤٣ | ٠ | ٢٩٢ | ٢٩٠ | ٢٩٠٥ | ٣٣٢١ | Dec |
| ١١:٣٦ | ١٣:٢١ | ٠ | ٣١٨ | ٢٨٥ | ٣٠٨٤ | ٣٤٩٣ | Jan |
| ١١:٠٣ | ١٥:٤١ | ٠ | ٣٠٦ | ٢٧١ | ٣١٤٣ | ٣٥٤٣ | Feb |
| ١٦:٢٧ | ١٧:٤٨ | ٠ | ٢٥٧ | ٢٦٧ | ٢٩٢٨ | ٣٣٢٧ | Mar |
| ٢٠:٢٣ | ٢١:٣٨ | ٥٧ | ٢٥٨ | ٢٤٥ | ٢٥٨٠ | ٣٠٠١ | Apr |
| ١٨:٢٦ | ٢٠:٣٠ | ٣١٠ | ٢١٥ | ٢٦٦ | ٢٦٥١ | ٣٤٠٩ | May |
| ٢١:٠٣ | ٢٢:٠٧ | ٣١٠ | ٣٣٨ | ٢٩٠ | ٣١٤٣ | ٣٥٤٣ | Max |
| ١١:٠٣ | ١٣:٢١ | ٥٧ | ١٥٩ | ٢٣٦ | ٢٢٣٦ | ٢٦٤٢ | Min |
| ١٦:٣٧ | ١٨:٠١ | ٣٣ | ٢٧٤ | ٢٦٩ | ٢٧٣٢ | ٣٢١٠ | Ave. |

## لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ

### وەزیری هەرێم بۆ کاروباری - دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ

١- ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و تاوتوێکردنی پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی ئیداری و ئەمنی و سەربازی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی عێراق .

٢- دروستکردنی مەلەفی دانوستان تایبەت بە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا.

٣- بەشداریکردن لە وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەردانی بەغدا کراوە و زنجیرەیەک کۆبوونەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵ و جێگری سەرۆک وەزیران و وەفدی باڵای حکومەتی فیدڕاڵ .

٤- سەردانی کردنی بەغدا بە هاوڕێیەتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی فیدڕاڵ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی جوتیارانی کوردستان، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی فیدڕاڵ تایبەت بە کێشەکانی ئاو و هەماهەنگی زیاتری نێوان هەردوو حکومەت .

٥- سەردانکردنی بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی فیدڕاڵ بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٦- بەشداریکردن لە شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران بۆ چارەسەر کردنی کۆی کێشەکانی تایبەت بەدۆسیەی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و سەردانەکان چەندین جار ئەنجامدراون و زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵ و هەروەها بەردەوامی سەردانەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێستای حکومەتی فیدڕاڵ بەڕێز (مستەفا کازمی) و هەردوو وەزیری ( دارایی و پلاندانان)ی حکومەتی فیدڕاڵ و شاندی باڵای حکومەتی فیدڕاڵ.

٧- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ نێردە دیبلۆماسییەکان و ڕونکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینەکانی بۆ پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەوانە:

- نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق.

- باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.
- نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان.
- هەریەک لە کۆنسوڵەکانی (ئەمریکا، تورکیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، کۆریا) لە هەرێم.

٨- ئامادەبوون لە پەرلەمانی کوردستان بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم.

٩- ئامادەبوون لە پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی دارایی پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوەی یاسای چاکسازی.

١٠- ئامادەبوون لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

١١- سەردانیکردنی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق و ئەنجامدانی کۆبوونەوە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دۆسیەکانی دارایی و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

١٢- بەشداریکردن لە کۆی کۆبوونەوەکان لەماوەی ڕابردوو لەکۆبوونەوەکانی نوێنەری پێکهاتەکانی کەرکوک بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا، بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئەمنی و سەربازی و ئیداری و سیاسی و کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک و کۆبوونەوەکانیش بەردەوامە.

١٣- نوێنەرایەتی کردنی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و ماف و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

١٤- بەشداریکردن لەکۆی وەفدەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ.

١٥- سەردانی کردنی بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئەمنی و سەربازی و ئیدارییەکانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان.

١٦- سەردانی کردنی بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری نوێی کشتوکاڵی عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک .

١٧- سەردانی کردنی بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە سەربازییەکانی کەرکوک و هەروەها رێگرتن لە دەست تێوەردانی سەربازی لە تەعریب کردنی کەرکوک و هاوکاری کردنی ئیدارەی کەرکوک و عەشایەری عەرەب بۆ دەست بەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان .

١٨- کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی بەڕێوبەری ناحییەی سەعدیە.

١٩- کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دادی نوێی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ بەشێک لە پەرلەمانتار و بەرپرسانی کەرکوک تایبەت بە چارەسەر کردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای کەرکوک.

٢٠- ڕاگرتنی چەند بڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لەسەر داوای ئێمە کە بە نووسراوی فەرمی حکومەتی هەرێم داوامان کردبوو ، بە مەبەستی ڕاگرتنی تەعریب لە کەرکوک.

٢١- ڕاگرتنی گواستنەوەی فۆرمی خۆراک لە پارێزگاکانی عێراقەوە بۆ پارێزگای کەرکوک.

٢٢- ئامادەبوون لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی خستنە ڕووی کێشەکانی ناوچە دابڕێندراوەکان و چارەسەر کردنیان.

٢٣- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان.

٢٤- جگە لە ئەرک و پسپۆڕییەکە، ئەندامی ئەم لیژنانەی خوارەوەین:

أ - لیژنەی باڵای دانوستان لەسەر کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان.

ب - لیژنەی باڵای دانوستان لەسەر شایستە داراییەکانی هەرێم.

ت - لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران.

ث - لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجە.

ج - لیژنەی شانەی قەیرانی دارایی و کۆرۆنا.

ح- لیژنەی باڵای بە جینۆساید کردنی ئێزیدییەکان .

٢٥- وەک ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم بەشداربووە .

٢٦- ئامادەکردنی دۆسیەی تایبەت بە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی فیدڕاڵدا.

# دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

## یەکەم: ڕاپۆرتەکان

١- ئامادەکردنی پەڕاوی دانوستان بە داتا و زانیاری پێویست بۆ لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە تەواوی کارو چالاکی و زانیاری پێویست لەخۆ دەگرێت کە لەلایەن لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی فیدراڵ لە ٢٠٠٣ تاکو ئێستا ئەنجامدراوە لەگەڵ پێشنیار و ڕاسپاردەکردنی ڕێکاری پێویست بۆ داهاتوو.

٢- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە مادەی ١٤٠ی دەستور و کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تایبەت بە کاروبارەکانی لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠ لەسەر ئەم بابەتە هەروەها ئەو پێشێلکاریانەی لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی و گروپە چەکدارە جۆراوجۆرەکان لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەو ناوچانە ڕوویداوە و ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچەکە دەبێتەوە. کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ لە دانیشتنێکی فەرمی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی دەستە بە وەکالەت گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر بە نووسراوی فەرمی بۆیان ڕەوانەکرا.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەفتانە سەبارەت بەکارەکانی دەستە و ڕەوشی گشتی و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی ئیدارەی هەرێم و، ئاڕاستەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، بەمەبەستی بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکان.

٤- راپۆرت و زانیاری پێویست لەسەر مادەی ١٤٠ی دەستور و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەتایبەتی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و راپۆرتەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستور هەروەها داتا و زانیاری پێویست بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وە بڵاوکردنەوەیان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی دەستەکەمان .

## دووەم: ئاستی چاکسازی

١- پێکهێنانی لیژنەی چاکسازی لە چوار چێوەی یاسای چاکسازی و بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم کە لە ئێستادا بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە.

٢- بەپێی یاسای چاکسازی لەمووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی و پێداچوونەوەی بە دۆسیەی (١٣٠) فەرمانبەری دەستەکەمان کراوە لەکۆی (١٥١) دۆسیەی فەرمانبەران، تاکو ئێستا بەردەوامین بە پێداچوونەوە ووردبینی کردنی دۆسیەی فەرمانبەرانی دەستەکەمان.

## چوارەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارە هەرێم کە ئەندامە لە لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان، بەشداری دانووستانەکانی کردووە سەبارەت بە رێکەوتنی شنگال کە بە هاوبەشی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٠/١٠/١ ئیمزا کرا لە پێناو گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری و ئاسایی کردنەوەی دۆخی شنگال، بە گوێرەی بنەما دەستووری و یاساییەکان بۆ چارەسەرکردنی کۆژانەکانی خەڵکی شنگال وەک دەستپێشخەرییەک بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و رێکخستنی چوارچێوەی کارگێڕی و ئەمنی لە شارۆچکەکە، حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- سەردانی سەرۆکی دەستە بەوەکالەت و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و، لەئەنجامدا وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق به نووسراوێک رایگەیاند هەموو جۆرە مامەڵەیەک لەسەر کێشەی زەوی و زار و گرێبەستە کشتوکاڵییەکان لە ئەو ناوچانەی مشمولن بە مادەی ١٤٠ی دەستور لە ئێستادا ڕابگیرێت تاکو لە رێگای لیژنەکانی پەیوەندیدار دیراسە بکرێت و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کردنەوەی ناوەندی هاوبەشی ئۆپەراسیۆن لە ناوچە کوردستانییەکان کە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ لە گفتوگۆی بەردەوامی نێوان وەزارەتی بەرگری عێراق و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم توانرا رێککەوتن ئەنجامبدرێت لەسەر پێکهێنانی شەش ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکان بۆ رێگریکردن لە بەهێزبوونی چەکدارانی داعش و گروپە توندڕەوەکان، لە ئەو شەش ناوەندە دوو ناوەند لە بەغدا و هەولێر دەبن و ئەوانی تر لە کەرکوك، مەخمور، دیالە و موسڵ دەبێت. ڕاپۆرتەکە بە مەبەستی بەراورد کردنی دۆخی ئەمنی و سەقامگیری لە ناوچەکان لە دوای کردنەوەی ناوەندە هاوبەشەکان دەبێت.

- **ناوەندە هاوبەشەکان:**

- لە ٢٠٢١/٥/٢٣ ناوەندی هەماهەنگی هاوبەشی سەربازی، لە سەربازگەی کەی وەن-ی شاری کەرکوك بە بەشداری نوێنەرانی پێشمەرگە کرایەوە.
- لە ٢٠٢١/٥/٢٤ ژووری هاوبەش لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە مەخمور پێکهێنراو لە ئێستا دەستبەکار بوون.
- دەستبەکاربوونی ناوەندی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی دیالە لە خانەقین.

٤- ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک لەسەر قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی سەردەمی رژێمی بەعس لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٧ -٢٠٠٣ لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستور.

# وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵی پاراستن و دەستەبەرکردنی مافی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و، ڕۆشنبیری و ئابووری پێکهاتەکانی داوە، ئەم پێکهاتانە بە گیانی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و ئاشتی و خۆشەویستنی نیشتمانەکەیان و تایبەتمەندی و جۆری بیرکردنەوەی هەریەکەیان لەم خاکە ژیاون، ئەم پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکان بووەتە سیمایەکی جوان و شارستانی گەش لە کلتووری ئەم نیشتمانەدا، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەم پێکهاتانە لە هاتنەکایەی سیاسی حکومڕانیشدا بەشداری کارایان هەبووە، بۆ پاراستنی زیاتری ئەم پێکەوە ژیان و فرە کلتوورییە و پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان نێوانیان و ڕەواندنەوەی نیگەرانی و نەهێشتنی بیری توندڕەوی پێویستە هەموومان هەماهەنگ بین .

ئەو نووســـراوە فەرمییانەی کە لەلایەن وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ڕەوانەی ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ســـەرۆکایەتی دیوان کراوە، ســـەبارەت بە ڕەوش و داواکاری گشـــت پێکهاتەکان لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۷/۱۰ تاوەکو ۲۰۲۱/۷/۱۰ بریتییە لە (۳۷۲) نووسراو .

## لەسەر ئاستی پێکەوەژیان و ئازادی و دیموکراسی:

بۆ قوڵکردنەوەی زیـاتری روحی پێکەوە ژیـانی ئـاشـــتییـانەی نێوان پێکهاتەکان لەگەڵ تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك کۆبوونەوەی گرنگ ئەنجامدراوە بەم شێوەیە:

- کۆبوونەوەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی سەر بە پێکهاتەی نەتەوەیی (تورکمانی و کلدانی سریانی ئاشوری) پێکهاتە ئاینییەکانی (مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، سائیبەی مەندایی، شەبەک، فەیلی، زەردەشتی… هی دیکە، بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە داواکاری و خواستی پێکهاتەکان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جەنابی (نێچیرفان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ڕەوشی پێکهاتەکان .
- کۆبوونەوە لەگەڵ بەشـــی هەرەزۆری ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنی و چـالاکوانـان و نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا .
- کۆبوونەوە لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و نووسەرانی پێکهاتەکان.

- لەسەر ئاستی پەروەردە و فێرکردن کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی خوێندنی گشتی تورکمانی و سریانی لە زانکۆ و قوتابخانەکان .
- بەشداریکردنمان لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەسەر بابەتی نووسین و داڕشتنەوەی دەستور لەگەڵ فڕاکسیۆنە تورکمانییەکانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری تورکمان و ڕاوێژکاری پێکهاتەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان.

## سەردانی کردن :

- سەردانکردنی پارتە سیاسییەکان و کونسوڵخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ دۆخی هاووڵاتیانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.
- لە ماوەی یەک ساڵدا بۆ لە نزیکەوە ئاگادار بوون سەردانی مەیدانی چەندین شوێنی ئاینی و کلتوریی و دێرینەکانی پێکهاتەکانمان کرد لە هەرێمی کوردستان وەک (پارێزگای هەولێر و قەزای خەبات گوندی سەفییەی کاکەییەکان و پارێزگای دهۆک و قەزای زاخۆ، قەزای شێخان و لالش گوندەکانی دەوروبەری، پارێزگای سلێمانی، قەزای سۆران، قەزای کفری و قەزای کەلار) کۆبوونەوەمان لەگەڵ پارێزگارانی ئەم شارانە، مەبەست لە سەردانەکان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و گوێ گرتن لە داواکارییەکانی هاووڵاتیانی گشت پێکهاتەکان.
- سەردانکردنی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی و سەرۆک بەشی کارگێڕی و ئابوری و سەرۆکایەتی زانکۆی شاری مێرسین.

## پێشوازی و کۆبوونەوەکان :

لە ماوەی ئەم ساڵەدا پێشوازیمان لە نوێنەرانی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کردووە، لەسەر ئاستەکانی سیاسی، پەروەردە، ڕۆشنبیری، کلتوری، کەسایەتی، ڕێکخراوەیی.

- بەشداربووین لە شاندی پێشوازی کردنی (مستەفا کازمی) سەرۆک وەزیرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان.
- پێشوازیمان کرد لە شاندێکی باڵای یەکێتی زانکۆ جیهانییەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێز (د. ئۆرهان حیکمەت ئۆغلۆ) و بەڕێز (هاکان کاراچای) کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا.
- بەشداریکردنمان لە مێزگردی پرۆگرامی پاراستنی مافی کەمینەکان و داکۆکیکردن لە هەمە چەشنە لە هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا .
- پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (صفاء صباح هندی) ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق (مستەفا کازمی) لە شاری هەولێر.
- پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (فاتح یەڵدز) باڵیۆزی کۆماری تورکیا لە بەغدا لە شاری هەولێر.

## لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی هەرێمی دەوروبەر:

بەشداریکردنمان لە چەندین سیمینار و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەوڵاتی تورکیا کە ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و گرنگی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم رونکراوەتەوە:

- لە میانەی ســەردانکردنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بۆ لای بەڕێز مولود چاوشــئۆغلو وەزیری دەرەوەی کۆماری تورکیا بە مەبەســتی پتەو کردنی پەیوەندی نێوان نێوان هەولێر و ئەنقەرە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٦.
- کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی لە شاری مێرسینی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧.
- بەشداریکردن لە چوارەمین لوتکەی وەبەرهێنان و بازرگانی عێراق و تورکیا لە شاری مێرسین ڕێکەوتی ١٧-٢٠٢٠/٩/١٨.
- بەشداریکردن لە پێنجەمین کۆنفرانسی TEDx نیشتمان لە هەولێر ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٣.
- ئەنجامدانی مەراسیمی ١١٠مینساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمان ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٥.
- بەشداریکردن لە مەراسیمی کردنەوەی پێنجەمین کۆڕسی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنوسانی پێکهاتەکان کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی (CDO) سەنتەری میترۆ ئەنجامدرا لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢.
- ســەردانی کردنمان بۆ بارەگای ســەرەکی ناوەندی لیکۆڵینەوەی ســتراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت (ORSM) لە وڵاتی تورکیا ٢٠٢٠/٨/٦.
- سەردانی کردنمان بۆ یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، یەکێتی پیشەوەر و خاوەن کارانی شاری شرناخ لە وڵاتی تورکیا ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢١.
- ئەنجامدانی کۆنفڕانسێک بۆ شیکردنەوەی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ ، یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان- عێراق لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.
- بەشداریکردن لە (٧) هەمین ساڵەی مەڕاسیمی دابەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی دەزگای ڕوانگە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٠.
- دوای سەردانی کردنمان بۆ وڵاتی تورکیا کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی دەزگای تورکانی دەرەوە و کۆمەڵگا ناسیاوەکان (YTB) ، بریار درا بە پێدانی (٢٠) بیست کورسی بەخششی خوێندن (المنحة الدراسية) بۆگشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان.

## خزمەتگوزاری:

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاریمان ڕاگەیاند کە پێکهاتبوون لە خۆراک و پێداویستی تەندروستی و خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا و پاشان بەسەر هاووڵاتیان و خێزانە کەمدەرامەتەکانی پێکهاتەکان دابەشکراوە .
- دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی (سەبەتەی خۆراک) بەسەر کەمپی شێخان .
- دابەشکردنی هاوکاری مرۆیی (سەبەتەی خۆراک) بەسەرکەمپی لالش کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی خێرخوازی مانگی سوری تورکی و عێراقی ئامادەکرابوو .

# وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

## ١- پرسیارەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و وەڵامی لایەنە پەوەندیدارەکان کە بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردراوەتەوە:

- ٤٢٧ پرسیار لە لایەن پەرلەمانی کوردستان ئاڕاستەمان کراوە و نێردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- ٢٧١ وەڵام لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار وەڵام دراوەتەوە و ئاڕاستەمان کراوە و نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

## ٢- پێشنیازە یاسا و پڕۆژە یاسا:

١- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بە دامەزراوەکردنی هیزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٩٦ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بە شەهید و کەم ئەندام و خانەنیشینی کارمەندانی گرێبەستی مین لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٤ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پێدانی قەرزی خوێندنی ئەهلی بۆ بەکالۆریۆس لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٣ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٤- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٢ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٥- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پارکی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٦- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (سندوقی خانەنیشینان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٧- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەریەك لە وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بازرگانی و پیشەسازی) کە لە کاتی ئامادەبوونیان لە لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان خستیانەڕوو، بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٦٦٤٤ لە ٢٠٢٠/١٠/٢٦) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٨- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (پاراستنی مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دوای وەرگرتنی ڕاو و سەرنجی وەزارەتی پەروەردە و پشتگیری کردن لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٧٧٥٩ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٩- سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری (پێدانی پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری بە هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٠-سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١١- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی دارایی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٤ لە ٢٠٢٠/٠٨/١٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٢- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای ( پاراستن لە تیشك لە هەرێمی کوردستان- عێراق) داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە پێداچوونەوە بۆ ئەم پێشنیازە بکرێت و بە جۆرێك هەموو مەرجە ڕواڵەتییەکانی پێشنیاز لە خۆ بگریت بە نووسراومان ژمارە (٥٤٩٩ لە ٢٠٢١/٥/١٧).

١٣- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان- عێراق) پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی شارەوانی دەکەین و بە نووسراومان ژمارە (١٤٤٣ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە.

١٤- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان بەهۆی کارەکانی ڕژێمی پێشوو کە بۆتەهۆی کەم ئەندامبوونیان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٥٠٠ لە ٢٠٢١/٥/١٧) وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان داوەتەوە کە بەپێی دەستوور بەپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو وڵاتەی تاوانەکەی ئەنجامداوە .

١٥- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (چەسپاندنی شایستە داراییەکان له هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری داکات و بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیازە و بە نووسراومان ژمارە (٣١٥٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١٥) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٦- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (هەمواری یاسای زانکۆ تایبەتەکان له هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٣٢١٩ لە ٢٠٢١/٣/١٦) ڕاوبۆچوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لە ئێستادا هەموارکردنەوەی ئەم پێشنیازە بە پێویست نازانن، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

١٧- سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری (کەمکردنەوەی کرێی شوێنی - نیشتەجێبوون و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٣١٥٩ لە ٢٠٢١/٠٣/١٥) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٨- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دامەزراندنی دەرچوە یەکەمەکان له هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٩ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

١٩ - سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست له هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠٠ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٠- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پشتیوانی دارایی بۆ ئافرەتان تەمەندار لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٧ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢١- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەکات و کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٤٥٢ لە ٢٠٢١/٠٢/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٢- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی تەندروستی دەکات بە نووسراومان ژمارە (٢٣٠٧ لە ٢٠٢١/٠٢/٢٣) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٣- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای سندوقی بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا کە لە ئێستادا قەیرانی دارایی هەیە و ئەم پڕۆژە بارگرانی دروست دەکات لەسەر حکومەت و لەهەمانکاتدا پشتگیری لە پڕۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات بە ناونیشانی (صندوق التعويضات الزراعي عن الكوارث الطبيعية و الافات الزراعية في اقليم كوردستان- عيراق) بە نووسراومان ژمارە (١٥٦٦ لە ٢٠٢١/٢/٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە .

٢٤- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەکات بە نووسراومان ژمارە (٧٢٢ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٢٥- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی ووزە نوێبووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی کارەبا دەکات بە نووسراومان ژمارە (٧١٣ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٢٦- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای هاوردەکردن و فرۆشتن و بەکرێدانی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ڕای لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراومان ژمارە (٧١٢ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٧- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێز لە ڕاوبۆچوونی و سەرنجەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەگرێت و بە نووسراومان ژمارە (٧١١ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٨- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (الادعاء العام لاقليم كردستان-العراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێز لە ڕاوبۆچوونی و سەرنجەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەگرێت و بە نووسراومان ژمارە (٧١١ لە ٢٠٢١/٠١/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٢٩- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێشینەی خانووبەرە له هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠١ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٠- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای دروستکردنی هەژماری بانکی مووچەخۆران و گێڕانەوەی مووچە پاشەکەت کراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە ئەم بابەتە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیدا هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٤٣٨٥ لە ٢٠٢١/٠٤/٢٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٣١- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی هەژماری بانکی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە ئەم بابەتە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازیدا هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٤٣٨٦ لە ٢٠٢١/٠٤/٢٢) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٢- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت و بە نووسراومان ژمارە (٤٠٣٦ لە ٢٠٢١/٠٤/١٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە .

٣٣- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووەو بە نووسراومان ژمارە (٢٧٠٢ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

٣٤- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خوێندکاران لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە .

٣٥- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای پێدانی مخصصاتی مانگانە بە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە ڕاوبۆچوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکات کە لە ئێستادا بۆشایی یاسایی بۆ ئەم بابەتە نیە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە هاتووە و بە نووسراومان ژمارە (٢٦٩٨ لە ٢٠٢١/٠٣/١) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە .

٣٦- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٦٦٤٩ لە ٢٠٢١/٦/١٠) ڕاوبۆچوونی وەزارەتی ناوخۆمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٣٧ - سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنەناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران، دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەندکرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٣٨- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ هەمووارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٣٩- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەموواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی (تەشریع کردنی) و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٠- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران .دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤١- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوەو وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواوکردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠١ لە ٢٠٢١/٤/٢٨) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٤٤ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی تەشریع کردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٢- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان. ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٧٢ لە ٢٠٢٠/٧/١٥) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەندکرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٤٥٨١ لە ٢٠٢٠/٨/١٠) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بەمەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٣- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (بەرهەمهێنان و هاوردرکردنی بنەتۆ و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران. دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠٤ لە ٢٠٢١/٥/٢٦) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٦٣٦٤ لە ٢٠٢١/٦/٧) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٤- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٩٧ لە ٢٠٢١/٤/٢١) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٥٠٣١ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٥- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (بەرکاری یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٩٨ لە ٢٠٢١/٤/٢١) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٥٠٣١ لە ٢٠٢١/٥/٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٦- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٩٤ لە ٢٠٢١/٣/١٠) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە ( ٤٤٨١ لە ٢٠٢١/٤/٢٥) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام.

٤٧- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (کۆمپانیا ئەمنیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٠٢ لە ٢٠٢١/٥/٥) ئەم پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٦٣١٦ لە ٢٠٢١/٦/٣) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٨- سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بۆ خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران . دواتر ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (٩٢ لە ٢٠٢١/٢/٢٤) ئەم پرۆژە یاسایەی پەسەند کرد و بە نووسراومان ژمارە (٣٢٧٤ لە ٢٠٢١/٣/٢٨) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کرد بە مەبەستی بەیاساکردنی و ئاگادارکردنەوەمانە لە ئەنجام .

٤٩- سەبارەت بە (پرۆژە یاسای نوێی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ئاڕاستەی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان- عێراق کراوە بە ژمارە (٥٦٩١ لە ٢٠٢١/٥/٢٠) بۆ پێداچوونەوە لە رووی داڕشتنی یاساییەوە .

٥٠- سەبارەت بە پرۆژە یاسای (پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق ) دوا ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبنیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم تەواو کردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان. ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بە ژمارە (٦٤ لە ٢٠٢١/٤/٢٥).

٥١- سەبارەت بە پرۆژە یاسای (قانون التدابير البديلة للعقوبات السالبة للحرية في الاقليم كردستان) دوای ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری و ناردنی ڕای ئەنجومەنی دادوەری بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە ژمارە (٤٥٧٠ لە ٢٠٢١/٤/٢٦) بۆ دەربڕینی ڕاو و سەرنجیان.

٥٢- سەبارەت بە پێشنیازی یاسای (هەمواری یاسای ڕاژەی خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) وەزارەتی ناوخۆ ئەم پێشنیازەی ڕەتکردوەتەوە بەڵام پرۆژەیەکی تایبەتی لەمەڕ هەمان بابەت ئامادەکردووە و ئەم بابەتە لە دیراسەتکردندایە، سەبارەت بەم بابەتە و لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٥ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی بەفراوان لە ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی بەڕێزان (وەزیری ناوخۆ، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە کرا و بڕیاردرا لە نزیکترین کاتدا بڕیاری لەسەر بدریت بخرێتە پێش ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەند کردن و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان .

٥٣- سەبارەت بە (یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان - عێراق) ناردنی بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٧١ لە ٢٠٢١/٤/٢٩ ) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم بە مەبەستی خستنە ناوکارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران.

٥٤- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (وەبەرهێنانی کانزایی لە هەرێمی کوردستان - عێراق) ناردنی بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٧٠ لە ٢٠٢١/٤/٢٩ ) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم بە مەبەستی خستنە ناوکارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران.

٥٥- سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (حماية الملكية الفكرية ) بە نووسراومان ژمارە (٥٤٥٦ لە ٢٠٢١/٥/١٢) ئاڕاستەی ئەنجومەنی شورای هەرێم کراوە تاوەکو پێداچوونەوەی بۆ بکرێ لەڕووی داڕشتنی یاساییەوە، ئەنجومەنی شورا بە نووسراویان ژمارە (٢٠٢١/١٧ لە ٢٠٢١/٥/٢٣) وەڵامیان داوەتەوە و لە ئێستادا ئەم پڕۆژە یاسایە لە کۆتایی ڕێکارەکانیەتی بۆ تەواوبوون لەکاتی تەواوو بوونی ئاڕاستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بەمەبەستی خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران.

٥٦- سەبارەت بە (قانون الاصلاح العام و مكافحة الفساد في اقليم كوردستان- العراق) ، ئەم پڕۆژەیەمان ئاڕاستەی هەریەك لە (فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، سەرۆکی دیوانی چاودێری و دارایی، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و سەرۆکی داواکاری گشتی) کردووە بۆ دەربڕینی ڕاو سەرنجیان و ئاگادارکردنەوەمان لە ئەنجامەکان.

٥٧-سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (ئەنجومەنی باڵای حەوکەمە و بنەماکانی باش حوکمداری لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، ئەم پڕۆژەیە ئاڕاستەی هەریەك لە (فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، دیوانی چاودێری هەرێم، دەستەی گشتی دەستپاکی، داواکاری گشتی، ئەنجومەنی شورای هەرێم) بۆ وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان. دواتر لە ڕۆژی سێشەممە ریکەوتی (٢٠٢١/٤/١٣) کاتژمیر (١١) پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی هەریەك لە بەڕێزان (وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شاندی یاوەری و، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی داواکاری گشتی، سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) باس لە پڕۆژەکە کرا و ڕاو بۆچوونی هەرلایەنێك خرایەڕوو .

٥٨- سەبارەت بە (پێشنیازی یاسای سەنتەری ڕاوێژکاری نەخۆشییە بۆماوەییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ئەم پێشنیازەی ڕەتکردۆتەوە لەبەر ئەوەی دەزگا و دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێم ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن و لەم بارەیەوە هیچ بۆشایی یاسایی نیەو بە نووسراومان ژمارە (٧٧٦٥ لە ٢٠٢٠/١١/٢٤) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە.

٥٩- سەبارەت بە پیشنیازی یاسای (بەرکاری یاسای ژمارە (١١)ی سالی (٢٠١٥) یاسای هەمواری یاسای ڕەسمی دادی فیدڕاڵی ژمارە (١١٤)ی ساڵی (١٩٨١) لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم و تەواوکردنی

هەموو ڕێکارە یاساییەکان، ئاڕاستەی سکرتاریەتی ئەنجومەن کراوە بە ژمارە (٦٢ لە ٢٠٢١/٤/١٩) بەمەبەستی خستنە ناو کارنامەی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران .

٦٠- سەبارەت بە پرۆژە یاسای (وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی وەزارەتی داد/ ئەنجومەنی شورای هەرێم و تەواوکردنی هەموو ڕێکارە یاساییەکان، ئاڕاستەی سکرتاریەتی ئەنجومەن کراوە بە ژمارە (٢٢ لە ٢٠٢٠/٢/٢٣) بەمەبەستی خستنە ناو کارنامەی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران .

٦١- سەبارەت بە پرۆژە یاسای (تعديل تطبيق قانون اصلاح النزلاء و المودعين رقم (١٠٤ لسنة ١٩٨١)) بە نووسراومان ژمارە (١٨ لە ٢٠٢١/٢/٩) وەڵامی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوانمان داوەتەوە .

٦٢-سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی موڵك وماڵی وەقفکراو لە وەزارەتی ئەقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٤٢١٣ لە ٢٠٢١/٤/٢١) ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٣- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (المجلس الطبي لاقليم كردستان-عيراق) بە نووسراومان ژمارە (٢١٧٩ لە ٢٠٢٠/٢/٢٤) و ژمارە (١٨٨١ لە ٢٠٢١/٢/١١) ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٤- سەبارەت بە پرۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٦٨٢٥ لە ٢٠٢٠/١١/٣) ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٥- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (ڕێکخستنی هەنگەوانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٥٠١ لە ٢٠٢١/٥/١٧) ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٦- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای ( کۆمپانیاکانی کوردستان بۆ دلنیایی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٤٧٨ لە ٢٠٢١/٥/١٦) ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کراوە بە مەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٧- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (دڵنیایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٤٩٨ لە ٢٠٢١/٥/١٧) ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٨- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و پێکهاتەکانی KODO لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٥٤٧٩ لە ٢٠٢١/٥/١٦) ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان.

٦٩- سەبارەت بە پێشنیازە یاسای (ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان- عێراق) بە نووسراومان ژمارە (٤٦٢٣ لە ٢٠٢١/٤/٢٧) ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە بەمەبەستی دەربڕینی ڕاو سەرنجیان .

## ٣- ناردنی ڕاپۆرت و کاروچالاکی لایەنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان:

- ناردنی ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ناوەو و دەرەوەی هەرێم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (٥٢٩٥ لە ٢٠٢١/٥/١٠).
- ناردنی ڕاپۆرتی دووەمی لیژنەی باڵای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی خانەنیشینی لە هەرێمی کوردستان- عێراق بۆ پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (٤٥٣١ لە ٢٠٢١/٤/٢٦).
- ناردنی نووسراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٤٧/٣/٤ لە ٢٠٢١/١/١٩) بۆ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کە داوای ڕاپۆرتی پێداچوونەوە لە وەرگرتنی باج لە (کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غاز ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی گرێبەستی خزمەتگوزاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت هەیە و کۆمپانیاکانی ئاسایش بورای نەوت و کۆمپانیا بواری ئەنتەرنیت و گوندەکانی نیشتەجێبوون تایبەت بە باجی خانووبەرە) بە نووسراومان ژمارە ( ١٠٤٠ لە ٢٠٢١/٤/٥) ئاڕاستەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کراوە .
- ناردنی ڕاپۆرتی وەزارەتی کار و کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی بە ژمارە (٤٦ لە ٢٠٢١/٣/١٥).

## ٤- بەشداری کردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکان:

- کۆبوونەوەی لیژنەی یاسای ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١١) سەبارەت بە هەردوو تەوەری (پرۆژە یاسای وەبەرهێنان) و (هەمواری سیستەمی چاکسازی و کۆمەڵایەتی).
- بەشداری کردنی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٥) ی خولی پایزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، تەوەری دانیشتنەکە بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان- عێراق) و دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

- بەشداری کردنی وەزیری هەرێم لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٩) لە ڕۆژی سێشەممە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) تایبەت بە وەڵامی پرساندنی حکومەت.
- ئامادەبوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر داوای خۆیان لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان، بە مەبەستی پێدانی ڕوونکردنەوە لەسەر چاککردنی بەرداری مانگانەی لیستی مووچە و لێکەوتەکانی.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر (١١)ی سەرلە بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٦ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە (کێشەی سەندیکای پزیشکان) بە ئامادەبووانی بەڕێز وەزیری تەندروستی و ستافی یاسایی وەزارەتی تەندروستی .
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو و شاندی یاوەری لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٥/١١) کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، تەوەری کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر هەریەك لە پرۆژە یاسای (وەبەرهێنان و هاوردەکردنی بنە تۆ و شەتل و تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان) و پرۆژە یاسای (سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان) و پرۆژە یاسای (سەندوقی خانەنیشینی بۆ دەرچووانی بەشەکانی کشتوکاڵ و ڤێرتەرنەری لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١ لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان کە تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لەسەر پرۆژە یاسای (وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر (١٢:٣٠)ی نیوەڕۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١ لەگەڵ نوێنەری یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی پارێزگاکان لەسەر پرۆژە یاساکانی (گواستنەوەی ناوی بازرگانی سجلی و بازرگانی و تۆمارنامەی بازرگانی).
- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك لە ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر (١:٣٠) پاش نیوەڕۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١ لەگەڵ بەڕێزان ڕاوێژکاری بیانی نووسینگەی سەرۆکی وەزیران، تەوەری کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە پرۆسەی تەشریع لە ناو حکومەت و پەرلەمان، چۆنیەتی ڕاییکردنی پرۆژە یاساکان و پێشنیازی یاساکان بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەولەویاتی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە لە ٢٠٢١/٦/٧ لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و د.دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و کریستۆڤەر گۆسنیڵ گەورە ڕاوێژکاری تیمی

لێکۆلینەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان (UNITAD) لە تاوانەکانی داعش و سەرۆکی هەرسێ دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و راوێژکارانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، تەوەری کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسا ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە بەمەبەستی بەیاساکردنی.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێر ١٠ سەرلەبەیانی ٢٠٢١/٤/٢٥ بە ئامادەبوونی بەڕێزان (وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری ناوخۆ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتیری ئەنجومەنی وەزیران) تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە (هەمواری یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق)
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی یەکشەممە ریکەوتی (٢٠٢١/٥/٢) کاتژمیر ١١ پێشنیوەڕۆ لەگەڵ بەڕێزان (سەرۆکی سەندیکای پزیشکی گشتی و سەرۆکی سەندیکای پزیشکی دەرمانسازان و سەرۆکی سەندیکای پزیشکی ددان) تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە (کیشەی سەندیکای پزیشکان لە هەرێمی کوردستان).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە لە ٢٠٢١/٦/١٤ لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و د.دیندار زێباری ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و کریستۆڤەر گۆسنیڵ گەورە ڕاوێژکاری تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان (UNITAD ) لە تاوانەکانی داعش و سەرۆکی هەسی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ڕاوێژکارانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان و پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ، تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو تێڕوانینی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن مامۆستایان و پسپۆڕانی یاسای دەربارەی پرۆژە یاسای (دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان) خرایەڕوو.
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆی دووشەممە ٢٨/١٢/٢٠٢٠، بە ئامادەبوونی د.هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و، مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان، شاندی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، بەسەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان لەکۆبوونەوەکەدا کە سەرۆکی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەکانی (کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابووری، وزەو سامانە سروشتییەکان) و ئەندامانی شاندی دانوستانکار ئامادەی بوون، تەوەری کۆبوونەوەکە (شاندی دانوستانکار دوایین ئەنجامی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا بۆ پەرلەمان ڕوونکردەوە).

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تەوەری کۆبوونەوەکە باس کردن بوو لە هەمواری یاسای (ماف ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێراق)
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك - لەگەڵ بەڕێزان وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری لە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٤ ڕۆژی یەکشەممە، تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای (وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لە ڕۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٧ کاتژمیر ١١ پیش نیوەڕۆ - لەگەڵ هەریەك لە تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاتوو ناتیا ئەڤروس داکوکیکاری یاسایی ڕێکخراوی (یەزدا) و کریستۆڤەر گۆسنیل گەورە ڕاوێژکاری تیمی لێکۆلینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیتاد)، تەوەری کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی ڕاو سەرنج بوو لەسەر پڕۆژە یاسای (دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان- عێراق ) .
- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ کاتژمیر ٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر پڕۆژە یاسای (دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان- عێراق).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە ریکەوتی ٢٠٢٠/٧/٥ کاتژمێر ٣ پاش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربرین لەسەر هەریەك لە :

١- پێشنیازی یاسای (بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان).

٢- یاسای (چارەسەری زێدەڕۆیی سەر زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).

٣-پڕۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکریدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق).

٤- ڕەشنووسی پەیڕەوی رێکخستنی پاسەوانی.

٥-ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی سندوقی خانەنیشینی فەرمانبەران هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦- پەیڕەوی دیاری کردنی مەرجەکانی دامەزراندنی لە پلە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو و نیشتەجێکردن و چەند تیمێکی هاوکاریان لە ریکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٠

کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر پڕۆژە یاسای (چارەسەری زێدەڕۆیی سەر زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ئاوەدانکردنەوەو و نیشتەجێکردن و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و چەند تیمیکی هاوکاریان لە ڕێگەی ئۆنلاین لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ کاتژمێر ٥ پاش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر پڕۆژە یاسای (وەبەرهێنان هەرێمی کوردستان- عێراق) و (ڕەشنووسی بەیانی هەمووارکردنی مادەی (٤٠) لە سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی).
- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران جگە لە بەڕێز (خالید شوانی) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٠ کاتژمێر ١٢ پێش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر هەریەك لەم بابەتانە :

١- پڕۆژە یاسای (ئەنجومەنی باڵای نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی گشتی).

٢- پڕۆژە یاسای (دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان).

٣- هەمواری یەکەمی یاسای (وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٠).

٤-پڕۆژە یاسای (وەبەرهێنانی کانزایی لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٥-پڕۆژە یاسای (ماف و خاوەندارێتی هزری لە عێراق).

٦- پڕۆژە یاسای (چارەسەری زیدەڕۆیی سەر زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان- عێراق).

٧-ڕەشنووسی پەیڕەوی ڕێکخستنی پاسەوانی.

٨-پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای خانمان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٩-پڕۆژە یاسای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران جگە لە بەڕێز (د.ئومید صباح) لە ریکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٦ کاتژمێر ١١ پێش نیوەرۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە رادەربڕین لەسەر هەریەك لە :

١- پڕۆژە پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان.

٢- پڕۆژە پەیڕەوی ماف و ئیمتیازاتی میراتگرانی شەهیدان.

- ئەنجامدانی کۆبونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران جگە لە بەڕێز (خالید شوانی) لە ریکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٨ کاتژمیر ٢ پاش نیوەرۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر هەریەك لە :

١- پێشنیازی یاسای سندوقی خانەنیشینی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢- پێشنیازی یاسای پاراستنی مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣- پێشنیازە یاسای بە دامەزراوەکردنی هیزە چەکدارەکان هەرێمی کوردستان- عێراق.

٤- پێشنیازە یاسای پێدانی قەرزا خوێندنی ئەهلی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٥- پێشنیازە یاسای شەهید و کەمئەندام و خانەنیشینی کارمەندانی گرێبەستی مین هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦- پێشنیازە یاسای پارکی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

٧- پێشنیازە یاسای قەرەبووکردنەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان هەرێمی کوردستان- عێراق.

٨- پێشنیازە یاسای دامەزراندنی سەنتەری ڕاوێژکاری نەخۆشییە بۆماوەییەکان هەرێمی کوردستان- عێراق.

٩- پڕۆژە یاسای بەڕێوەبردنی قەیران و کارەسات هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٠- پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی گشتی هەرێمی کوردستان.

١١- پڕۆژە یاسای دامەزراوەی خۆراك و دەرمان هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٢- پەیڕەوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە رێکەوتی ٢٠٢١/١/١٧ کاتژمێر ١١ پێش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر هەریەك لە :

١- پێشنیازە یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٢- پێشنیازە یاسای بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزە نوێبوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٣- پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٤- پێشنیازە یاسای ڕاژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
٥- پێشنیازە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦- پێشنیازە یاسای پێشینەی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٧- پێشنیازە یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٨- پێشنیازە یاسا چەسپاندنی شایستەداراییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٩- پێشنیازە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٠- پێشنیازە یاسای بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١١- پێشنیازە یاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خویندکاران لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٢- پێشنیازە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٧ کاتژمێر ١١ پێش نیوەڕۆ تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە ڕادەربڕین لەسەر هەریەك لە :

١-پڕۆژە بەرکاری یاسای بوژاندنەوەی پیشەسازی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢-پڕۆژە یاسای ڕەشنووسی هەمواری ستراتیژی نیشتیمانی ڕووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣- پێشنیازە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٤- پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی گشتی.

٥- پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦-پڕۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٧-پێشنیازە بڕیاری کەمکردنەوەی کرێی شوێنی نیشتەجێبوون و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٨- پڕۆژە هەمواری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٩- هەمواری (تطبیق اصلاح النزلاء و المودعین رقم ١٠٤ لسنة ١٩٨١ ).

١٠- پێشنیازە یاسای بەگەڕخستنەوەی کارگە لەکارکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١١- پێشنیازە یاسای پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە خوێندکاران لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٢ پێدانی دەرماڵەی مانگانە بە قوتابیان زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٣-پێشنیازە یاسای دامەزراندنی دەرچووە یەکەمەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٤-پێشنیازە یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی گریبەست لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٥-پێشنیازە یاسای گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٦- پێشنیازە یاسای پێشینەی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٧ پێشنیازە یاسای پشتیوانی دارایی و کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتان تەمەندار لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٨- پێشنیازە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

# فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری کردووە لەسەر ڕێکخستنەوەی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و یاساییەکاییەکانی فەرمانگەو گۆڕینی میکانیزمی کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە کاروباری دیبلۆماسی و تایبەتمەندێتی فەرمانگە دەکەن.

- **ئەمانەی خوارەوە ئەو هەنگاوانەن کە لە لایەن فەرمانگەوە جێبەجێکراون:**

١- لەسەر بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بە یاسایی کردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پێداچوونەوەمان بە ڕەشنووسی ئامادەکراو تایبەت بە یاسای فەرمانگە کرد و لە ساڵی ٢٠١٩ ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا. لەم ڕەشنووسەدا ناوی فەرمانگە بۆ (وەزارەت) دەگۆڕێت و پێکهاتەو پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەت بەپێی گرنگی و تایبەتمەندی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆیدایە داڕشتنی بۆ کراوە. هەروەها ڕێکخستنەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆ هەماهەنگی پتەوتر لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر لە هەرێمی کوردستان.

ڕەشنووسی یاساکە ڕێکارەکانی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجامدراوەو ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان کراوە بۆئەوەی لە ڕووی داڕشتنی یاساییەوە وردبینی بۆ بکرێت و دواتر بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی تری تایبەت بە دەرچوواندنی ئەم یاسایە لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانی بۆ ئەنجام بدرێت.

بە دەرچوونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگ بە ئاڕاستەی بە یاسایی کردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو ڕێکخستنی دامودەزگاکانی سەر بەم فەرمانگەیە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەنرێت.

٢- پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی ئێستای فەرمانگە:

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ ـەوە بەپێی فەرمانی ژمارە ١٤٣ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢٥ پێکهاتەکانی دیارکراون. لەو کاتەوە تا ئێستا پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگە هەر بەم پێکهاتەیە ماوەتەوەو کارەکانی ڕایی کردووە.

لە سەرەتای دەستبەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی فراوانکردن و ڕێکخستنەوەی ئەرک و کارەکانی فەرمانگەو لەسەر بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەم پێداچوونەوە

و دووباره ڕێکخستنەوە بۆ هەیکەلیەتی فەرمانگە کراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی تا دەرچوون و بڕیاردان لەسەر یاسای (وەزارەت) پەیکەری کارگێڕی ئێستا لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان و ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی فەرمانگە بۆ ئەم قۆناغە بگونجێندرێت.

بۆ ئەم مەبەستە دوای چەندین جار ناردنی پێشنیاری فەرمانگەو گفتوگۆ کردنمان لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دوا جار بە نووسراومان ژمارە (NU٢١-٠٠٥٩٠) لە ٢٠٢١/٥/١٩ دوا درافتی گۆڕانکاری و پێداچوونەوە بە هەیکەلی ئێستامان ئاڕاستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، بەمەبەستی بڕیاردان لەسەری.

٣- سەبارەت بە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دەرەوە کار لەسەر فراوانکردنی نوێنەرایەتیەکان و ڕێکخستنەوەیان لە هەموو بوارەکان کراوەتەوە. پێداچوونەوەو ڕێکخستنی پێکهاتە، بودجە، مووچەو پلەی نوێنەرو فەرمانبەرانیان، هەروەها پێشنیار بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتی نوێ لە وڵاتان لە دیراسەتێکدا ئامادەکراوە.

لەکاتی ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٤) نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دەرەوە هەیەو لە بەرنامەدایە بە لەبەر چاوگرتنی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان و زەرورەتی ئەم قۆناغە ژمارەی نوێنەرایەتیەکانمان بۆ نزیکەی (٢٠) نوێنەرایەتی بەرز بکەینەوە. لە هەمان کاتدا بیر لە کردنەوەی نوێنەرایەتی فەخری کراوەتەوە لەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە.

لە لایەکی ترەوە وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی سەبارەت بە دۆخی دارایی هەرێم، وەک فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ هەڵساین بە کەمکردنەوەی - بودجەی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە بە ڕێژەی (٢٠%).

# فەرمانگەی میدیا و زانیاری

## پێشەکی:

فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کار لەسەر نیشاندان و دەرخستنی ڕاستییەکان لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانەکانی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت دەکات، لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانیەوە چەندین کار و پڕۆژە و لێپرسراویەتی کە کەوتووەتە سەر شانی ئەنجامداوە.

ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ئەو پرسە جیاوازانەی کە جێگەی بایەخی ڕای گشتی و هاوولاتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و زانیاری سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان و دانانی سیاسەت و ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنکاری و زانیاری بۆ دامودەزگاکانی میری و دروستکردنی پەیوەندی و پێدانی زانیاری بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئاراستەکردنی وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەرنج و ڕەخنەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هاووڵاتیان بەرامبەر بە کارەکانیان و جێبەجێکردنی چەندین هەڵمەتی هۆشیاری و تەندرووستی و زۆر بابەت و پرسی دیکە. گشت ئەمانەی سەرەوە، ئەو کار و پڕۆژە و لێپرسراویەتیانەن کە فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو ئەنجامی داون کە لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا بە وردی دەیانخەینەڕوو.

## بەشی میدیای ناوخۆ:

میدیای ناوخۆ لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو میکانیزمێکی تۆکمەی بۆ ڕووماڵکردنی کاروچالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گرنگیدان بە پرۆژەکانی داناوە و بایەخێکی زۆری بە بابەتی کۆرۆنا و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان داوە.

جگە لەمانەش، میدیای ناوخۆی فەرمانگەی میدیا و زانیاری بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و باشترکردن و بەرەو پێشبردنی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان و کۆبوونەوە و وەرگرتنی سەرنج و تێبینی و کەموکوڕی هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندن و چالاکییەکان چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزارەت و لایەنەکانی دیکە ڕێکخستووە و چەندین خولی تایبەتیشی بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان کردووەتەوە.

### ١- کەمپەین و چالاکی هۆشیاری:

میدیای ناوخۆ، کۆمەڵێک چالاکی تایبەت بە خۆپارێزی و میکانیزمەکانی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک:

- بەدواداچوون بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەسەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پابەندکردنیان بە دانانی هاشتاگی (#لەدوورەوە) و (#بەماسکەوە)، و بڵاوکردنەوەی سپۆتەکانی ڤیدیۆیی تایبەت بە کۆرۆنا.
- چاپکردن و ئامادەکردنی پۆستەر و بیلبۆردی تایبەت بە هۆشیاکردنەوەی مەترسییەکانی کۆرۆنا بە کوردی و زمانی پێکهاتەکانی تورکمانی، سریانی و کلدانی و دابەشکردنیان بەسەر گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و پارێزگاکان و هەڵواسینیان لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و دامودەزگاکانی حکومەت.
- دروستکردنی ڤیدیۆ گرافیکی تایبەت بە هۆشیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە تا ئێستا زیاتر لە (٢٥) ڤیدیۆ بەرهەم هێنراون و لە سوشیاڵ میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەخش کراون.
- ئاڕاستەکردنی دیزاینەران بۆ دروستکردنی پۆستی ڕۆژانە لەسەر کۆرۆنا کە ڕۆژانە لە پەیجی فەرمانگە و سوشیاڵ میدیادا بڵاو دەبێتەوە، هەروەها هاوکاریکردنی وەزارەتەکان لە ڕووی گرافیک و دیزاینەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری پەیجی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەرهەمهێنانی سپۆتی تایبەت بە بەکارهێنانی ماسک و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و پێدانیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

- دروستکردنی ئەنیشمەیشنی تایبەت بە منداڵان و تۆمارکردنی گۆرانی تایبەت بە کۆرۆنا بۆ منداڵان و بڵاوکردنەوەی لە تەلەڤزیۆنەکانی تایبەت بە منداڵان. چەندین چالاکی دیکەی هاوشێوەش بەڕێوە چووە.
- دروستکردنی ژمارەیەک ڤیدیۆ بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە وەک بەفیڕۆنەدانی ئاو و کارەبا و پاراستنی ژینگە و سروشتی کوردستان.

**٢- ڤیدیۆ و ڕاپۆرتی تایبەت بە کاروچالاکی:**

- میدیای ناوخۆ هاوکار و بڵاوکەرەوە و نووسەری زیاتر لە ١٢ ڕاپۆرت بووە لەسەر چالاکییەکانی سەرۆک وەزیران و پڕۆژە ستراتیژییەکانی حکومەت و هاوکاری بەشی سۆشیاڵ میدیا و بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕی حکومەت و پەیجی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیجی تایبەتی فەرمانگەی میدیا و زانیاری. لە داهاتووشدا بابەتی دۆکیومێنتاری لەسەر پڕۆژەکان بەرهەم دەهێنرێت و بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە. بەرهەمهێنانی ٢٥ ڤیدیۆی تایبەت بە پڕۆسەی چاکسازی و ئەنجامدانی دیمانەی تایبەت لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی یاسای چاکسازی بۆ هاووڵاتیان.
- ڕووماڵکردنی هەموو وتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت و گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ و سپۆت و گرافیک دیزاین و بڵاوکردنەوەیان لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
- ئامادەکردنی ڤیدیۆی تایبەت سەبارەت بە بۆنە فەرمییەکان، بەنموونە ڕۆژی ئاڵا.
- دروستکردنی چەندین ڤیدیۆ گرافیک بۆ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ، پەروەردە و کارەبا بەمەبەستی نمایشکردنیان لەکاتی کردنەوەی پڕۆژەکان و ڕاگەیاندنی کەمپەینەکان.
- کردنەوەی خولێکی نووسینی پلانی ڕاگەیاندن کە ماوەی چوار ڕۆژی خایاند بۆ ڕاگەیاندنی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت.
- ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومەت و ئاراستە کردنی پرسیاری هاووڵاتیان لێیان لە بارەی کارو پڕۆژەی وەزارەتەکان لە ماوەی دوو ساڵی رابردووی کارینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێوەی ڤیدیۆ و گرافیک و نووسین لە میدیای حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.
- بەشێک لە وتارەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرت و ڤیدیۆی پڕۆژەکان بریتیبوون لە:

- پڕۆژەی ڕێگای ١٠٠ مەتری سلێمانی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی ٣٠٠ مێگاواتی خەبات بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی بە بازاڕکردنی گەنمی جوتیاران بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی ڕێگای گۆپاڵ- هەولێر بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی ١٥٠ مەتری بازنەیی هەولێر بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی پێوەری زیرەکی کارەبا.
- پڕۆژەی ناوچەی پیشەسازیی دهۆک بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- پڕۆژەی ڕێگای رۆڤیا – گۆپاڵ.
- پڕۆژەی شەکری بتوێن.
- دیاریکردنی بودجەی تایبەت بە سەوزکردنی سلێمانی.
- پڕۆژەی پردی بنگرد.

**٣- کردنەوەی خول:**

بە هاوکاری فەرمانبەرانی فەرمانگە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندی و سۆشیال میدیا و کارگێڕی، چەند خولێک کراوەتەوە بۆ میدیاکاران و بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنەکانی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک:

- کردنەوەی خولی تایبەت بە ٦ وەزارەت و فەرمانگە و دەستە بە مەبەستی زانینی شێوازی پلانی میدیای بۆ ڕیپۆرتاژی مەیدانی.
- کردنەوەی خولی تایبەت بۆ سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی حکومەت بۆ فێربوونی سیستەمی (**IU**) کە سیستەمی چۆنیەتی ناردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژە.

**٤- ماڵپەڕی حکومەت:**

میدیای ناوخۆ کاری لەسەر ماڵپەڕ کردووە لەسەر ئەم بابەت و لایەنانە:

- گەڕاندنەوەی ماڵپەڕی حکومەت بۆ سەر فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
- بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی حکومەتی هەرێم لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- کارکردنی بەردەوام لەسەر دانانی سەرجەم ماڵپەڕی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ سەر ماڵپەڕی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- چاودێریی بەردەوامی ڕاگەیاندنی سەرجەم وەزارەتەکان بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

**٥- سۆشیاڵ میدیا:**

- دروستکردنی پەکێجی گرافیک بۆ هەموو وەزارەتەکان بە مەبەستی یەکخستنی پۆستەکانی سۆشیال میدیا.
- پێدانی زانیاری بەردەوام لەسەر کارکردن لەسەر کار و چالاکییەکانی وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی حکومەت بە مەبەستی گەیاندنی زیاتری چالاکییەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک.
- چاودێریکردنی سۆشیاڵ میدیا بە گشتی و سۆشیاڵ میدیای دەزگاکانی حکومەت بەتایبەتی و ناردنی سەرنج و ڕەخنە و تێبینییەکانی هاووڵاتیان بۆ سەرۆکی فەرمانگە بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانیان لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت بە تایبەت کردنەوەی پرۆژەکان.

**٦- ڕێبەر:**

- دانانی میکانیزمێک و ڕێبەری هەواڵ بۆ ڕاگەیاندنی دامودەزگاکانی حکومەت بەمەبەستی ڕێکخستنی هەواڵ و سەردێڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکییەکاندا.
- کارکردنی بەردەوام بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەت لە دامودەزگاکاندا کە تا ئێستا ڕەنگدانەوەی زۆر باشی لە نێو هەموو وەزارەتەکاندا هەبووە و تا کۆتایی ساڵ تەواودەبێت.

**٧-** ئەنجامدانی زیاتر لە ٣ کۆبوونەوەی لیژنەی پابەندبوونی کەناڵەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و هەڵسەنگاندنی پابەندبوونی دەزگاکان و خستنەڕووی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە ئەگەر پێویستی کرد لە داهاتوودا بکرێن.

**٨-** پابەندکردنی ڕاگەیاندنی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت بەمەبەستی پێدانی زانیاری و داتا لەسەر پرۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕۆژانە بە هاووڵاتیان بە مەبەستی دروستکردنی ڤیدیۆ و گرافیکی تایبەت بە پرۆژەکان کە تا ئێستا زیاتر لە (٢٠) ڤیدیۆ و گرافیک ئامادە کراون.

**٩-** دروستکردنی مایکی تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەکارهێنانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان و وەرگرتنی لێدوانی بەرپرسان لەدامودەزگاکانی حکومەت.

**١٠-** دروستکردنی ئەنساتێک بۆ ئاگاداربوون لە دوایین ڕووداو و پێشهاتەکان، کە ڕۆژانە بە واتسئاپ و ئیمێل بۆ تەواوی وەزیران، سەرۆکی فەرمانگە و دەستەکان ڕەوانە دەکرێت.

## بەشی میدیای دەرەوە:

**١- زیادکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ میدیای بیانی:**

بەشی میدیای دەرەوە هەمیشە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنیبووە لەگەڵ میدیاو ڕۆژنامەنووسە جیاوازەکانی دەرەوە، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و بەهێز لەنێوان حکومەت و ڕۆژنامەنوسانی بیانیدا.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری پابەندە بە پاراستنی پەیوەندی نێوان ئەو بەشە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە، بە تایبەتی ئەو میدییایانەی کە گرنگی بە ڕووداو و کاروبارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەدات.

بەشی پەیوەندییەکانی میدیای دەرەوە بەردەوام لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی دەرەوەی نووسینگەکە کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانگەی میدیا و زانیاری و ڕۆژنامەنووسان پتەوتر بکات لە کاتی نووسینی وتارو ڕاپۆرتەکانیان و ڕووماڵ کردن.

هەروەها بەشەکە لێدوان و ڕاپۆرتە نوێیەکانی حکومەت بۆ ڕۆژنامەنووسانی بیانی بە بەردەوامی بەشێوەیەکی ڕۆژانە دەنێرێت.

لە ١ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ەوە فەرمانگەی میدیا و زانیاری پەیوەندی لەگەڵ زیاتر لە ٣٠ میدیای جۆراوجۆری جیهانی دروستکردووە.

لیستی ئەو دەزگا و میدیایانەی دەرەوە کە لە ئێستادا لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاریدا پەیوەندی هەیە، بۆ پەیوەندیکردن بە بەشەکە بۆ لێدوان و سەرچاوەکان لەکاتی پێویست.

١) Financial Times
٢) AFP
٣) Reuters
٤) Al-Monitor
٥) CNN
٦) BBC
٧) The Guardian
٨) Anadolu Agency
٩) Iraqi Oil Report

١٠) Al-Jazeera English
١١) The National
١٢) S&P Global Platts
١٣) Angus Media
١٤) National Public Radio (NPR)
١٥) The New York Times (NYT)
١٦) The Independent
١٧) Bloomberg
١٨) The Telegraph
١٩) French RTL TV
٢٠) El-Mundo Spanish medi
٢١) Middle East Institute
٢٢) ABC Spanish newspaper
٢٣) Washington Institute
٢٤) PBS
٢٥) The Economist
٢٦) Los Angeles Times
٢٧) TV٥ Monde French
٢٨) Jerusalem Post
٢٩) TRT World
٣٠) Sky news British
٣١) Fox News

**لیستی ئەو پەیمانگا نێودەوڵەتییانەی پەیوەندییان لەگەڵ فەرمانگەی میدیا و زانیاری هەیە:**

١) Religious Freedom Institute
٢) Washington Institute
٣) Hudson Institute
٤) Chatham House
٥) Atlantic Council
٦) The Middle East Institute

ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و وتارانەی کە لەلایەن چەند میدیایەکی جیاوازەوە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە، لە ڕێگەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە کۆپی لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە هاوپێچ دەکرێت.

**٢- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان:**

بەشی پەیوەندییەکانی میدیای دەرەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەکۆبوونەوە بووە لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەرێوەبەرایەتییەکە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لێدوانی ئینگلیزی شان بە شانی ئەو لێدوانانەی بە کوردی لەلایەن وەزارەتەکان بڵاوکراوەتەوە.

بەشی میدیای دەرەوە لە ئێستادا لە نزیکەوە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کار دەکات بۆ پێشخستنی لێدوانە ئینگلیزییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها ئەو تویتانەی لەسەر هەژماری وەزارەتی

پێشمەرگەن، بۆئەوەی زۆربەی خەڵک ئەو جریوانە ببینێت کە لە هەژماری تویتەری وەزارەتی پێشمەرگە بڵاودەکرێتەوە.

بەشی میدیای دەرەوە لەگەڵ وەزارەتەکان بەردەوام لەسەر هێڵە، بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن لە نووسینی لێدوانەکان بە زمانی ئینگلیزی.

بەشی میدیای دەرەوە لەپەیوەندیدایە لەگەڵ وەزارەتە جیاوازەکان بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لەبارەی ئەو پرۆژانەی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی کردووە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرت لەبارەی پرۆژەکان بنووسنەوە و لەماڵپەڕی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڵاویان بکاتەوە.

بابەتەکانی سەر لاپەڕەی سەرەکی ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەواوی باس لەو پرۆژانە دەکەن کە لەلایەن ئەم کابینەیەوە جێبەجێکراوە.

**٣- دەربارەی سەردانەکەی بەغدا:**

بەشی پەیوەندییەکانی میدیای دەرەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری سەردانی بەغدای کرد لە ٢٥ تا ٣٠ی مانگی ئایار بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیان.

**بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکان بریتیبوون لە:**

١- راوند تەیبڵی نێوان وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەیامنێرانی میدیای نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی کەشێکی دۆستانە و ڕاکێشانی سەرنجی میدیای زیاتر بۆ پەیوەندیکردن بە فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

٢- دروستکردنی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

٣- تاوتوێکردنی ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کە میدیا جیهانییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی نووسین سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی .

بەشی میدیای دەرەوە چەند ئامانجێکی دانا لەسەردانەکەی بەغدا، ئامانجەکان بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسانی بیانی بوو بۆ ئامادەبوون لەسەر مێزی گفتوگۆ (راوند تەیبڵ)، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ میدیا گەورەکان کە هەردووکیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا.

ڕۆژنامەنووسانی بیانیش بانگهێشتەکەیان قبوڵکردو ئامادەیان نیشاندا کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هاوکاربن لەکاتی نووسین دەربارەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەڕاپۆرتەکانیان دەنگی زیاتر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بدەن.

بەشی پەیوەندییەکانی میدیای دەرەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ چەند میدیایەکی نێودەوڵەتی لە بەغدا ئەنجامداوە، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

١) AFP
٢) AP
٣) New York Times
٤) Reuters
٥) Chatham House
٦) LSE institute
٧) Washington Post

هەنگاوی داهاتوو بۆ فەرمانگەی میدیا و زانیاری بریتییە لە ئەنجامدانی گفتوگۆی هاوبەش لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و میدیای نێودەوڵەتی.

**٤- پرۆژەکانی سەردانیکردن :**

بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە، سەردانی پرۆژەی جیاجیای کردووە کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی کردوون بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەریان و دابەزاندنیان لەسایت و ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نیشاندانی دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە بەخەڵک و خوێنەران.

تا ئێستا دەستەی بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە سەردانی مەیدانی بۆ زیاتر لە ٤ پرۆژە کردووە و داتا و زانیاری کۆکردۆتەوە و لە لاپەڕەی سەرەکی ماڵپەڕەکە بڵاوکردۆتەوە.

**ئەمانەش بەشێکن لە بابەتەکان :**

https://gov.krd/moawr-en/activities/news-and-press-releases/٢٠٢١/may/krg-invests-in-major-wheat-industry-project/

https://gov.krd/moel-en/activities/news-and-press-releases/٢٠٢١/may/krg-takes-significant-steps-to-digitize-its-power-grid/

https://gov.krd/moel-en/activities/news-and-press-releases/٢٠٢١/june/krg-to-rely-١٠٠-on-natural-gas-for-electricity-production/

https://gov.krd/moel-en/activities/news-and-press-releases/٢٠٢١/april/krg-takes-significant-steps-to-improve-electricity-infrastructure-in-the-kurdistan-region/

**٥- فۆرمی تۆمارکردنی ئۆنلاین بۆ ڕۆژنامەنووسان :**

فەرمانگەی میدیا و زانیاری فۆرمی تۆمارکردنی ئۆنلاینێ بەناوی (فۆرمی ئاسانکاری ڕۆژنامەنوسانی بیانی) بۆ ئەو ڕۆژنامەنووس و دەزگا میدییا بیانیانە ئامادەکردووە کە مەبەستیان ڕووماڵکردن و نوسینی ڕاپۆرتە لەسەر ڕوداوەکانی هەرێمی کوردستان.

دەستەی بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە پێشتر پێشنیازو ڕاپۆرتێکی لەبارەی فۆرمی ئاسانکاریی ڕۆژنامەنووسانی بیانی بۆ نووسینگەی سەرۆک وەزیران ناردووە تائێستاش چاوەڕێی جێبەجێکردنی دەکەین.

فۆرمی ئاسانکاری ڕۆژنامەنووسانی بیانی پرۆسەیەکی تۆمارکردنە کە ئامانج لێی بریتیە لە کۆکردنەوە و بەدواداچوون لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرانەی کە لەپلانیانە ڕاپۆرت لەسەر هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن.

دوای تۆمارکردنی ڕۆژنامەنوسان فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەی متمانەپێدانیان بۆ ڕێکدەخات بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ ڕوماڵکردنی هەواڵ و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و هتد.

**٦- ژووری ئۆپەراسیۆنی ڕاگەیاندنی سەردانی پاپا :**

ماوەی زیاتر لە مانگێک دەستەی بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە بەشێک بووە لە لیژنەی ڕاگەیاندنی فەرمی کە ڕووماڵکردنی میدیایی بۆ سەردانی پاپا فرانسیسی پیرۆز بۆ هەرێمی کوردستان ڕێکخست.

لە ٥ ی شوباتەوە تا ٧ ی ئازار دەستەی بەشی میدییای ڕاگەیاندنی دەرەوە بەرپرسی ئەو میدیا جیهانیانە بوو کە ڕووماڵی سەردانی پاپا فرانسیسیان کرد بۆ هەرێمی کوردستان.

**٧- وەرگێڕان و چاککردنی بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانییەکان :**

بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوەی سەر بە فەرمانگەی میدیا و زانیاری پابەندبوون بەوەرگێڕان و چاککردنی هەموو ڕاگەیاندن و لێدوانە ڕەسمییەکانی سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی حکومەت و دەزگا حکومیەکان کە بەدەست ئێمە گەیشتوون.

دواتر لە ڕێگەی ئیمێڵەوە وەبیرهێنانەوەیەکمان دەربارەیان بۆ کونسوڵخانەکان و میدیای دەرەکی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناردووە.

### ٨- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :

بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە هەموو لێدوان و ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانییەکانی سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و هەروەها سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی حکومەت لە هەژماری فەرمی بڵاودەکاتەوە و بەهەمان شێوە لە هەژماری سەرۆکی بەشیش بڵاودەکرێنەوە.

### ٩- کورتەی هەواڵی ڕۆژانەی جیهان :

بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە بەردەوام تازەترین و گرنگترین هەواڵی جیهانی لەسەرچاوە باوەڕپێکراو و ناسراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕۆژانە بە سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن و زانیاری ڕادەگەێنێت.

هەروەها بەشی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە کورتە هەواڵی جیهانی لەگەڵ بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە و هەروەها نووسینگەی سەرۆک وەزیرانیش بە شێوەی ڕۆژانە هاوبەش دەکات.

### ١٠- کاری هاوبەش لەگەڵ فیکسەرەکان :

فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەگەڵ سێ فیکسەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان کۆبۆتەوە کە کار لەگەڵ زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە گروپێکی لە "وەتسئاپ" لەگەڵ فیکسەرەکان دروست کردووە بۆ ئەوەی دەربارەی نوێترین زانیاری سەبارەت بە ڕۆژنامەوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئاگادار بکرێنەوە.

ئێستا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ فیکسەرەکان هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە مەبەستیانە گەشت بکەن بۆ هەرێمی کوردستان ناچارکردووە کە ئیمێڵ بۆ بەشی پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری بنێرن بۆ ئاگادارکردنی فەرمانگە سەبارەت بە ئامانجی سەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان و دەربارەی بابەتی نوسینەکانیان.

### ١١- چاوپێکەوتن لەگەڵ وێنەگر و ڤیدیۆگرافەرەکان بۆ ناوەڕۆک :

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی میدیای ڕاگەیاندنی دەرەوە لەگەڵ وێنەگر و ڤیدیۆگرافەرەکان کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی زیاتر بۆ هەژمارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت دروست بکات.

فۆتۆگرافەران و ڤیدیۆنووسەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دەست بە کارکردن بکەن لەسەر ڤیدیۆی نموونەیی (سەردانی کوردستان) بەمەبەستی سەرخستنی کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان.

نمونەی ڤیدیۆکە چەند مانگێکی پێویستە بۆ ئامادەکردن، چونکە پێویستە ڤیدیۆکە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا بگیرێت.

**١٢- ناردنی پەیامی حکومەت بۆ ڕای گشتی:**

ا- بەشەکەمان هەمیشە هەوڵی ناردنی لێدوان و ڕاپۆرت و چالاکی و داتاکانی حکومەتی هەرێمی بۆ میدیا جیهانییەکان چ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یاخود ئیمەیڵ.

ب- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەمیدیا جیهانییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بیانی، کە ئامانجەکانیان بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازی،دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هەوڵدان بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی پێشمەرگە و هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانان .

## بەشی سۆشیاڵ میدیا:

١- بەشی سۆشیاڵ میدیای فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەماوەی ساڵی رابردوودا جگە لە ئەنجامدانی چەند هەڵمەتێکی تایبەت بە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەرێگەی جیاواز بە (داتا، هەواڵ، وێنە، گرافیک، ڤیدیۆ گرافیک و ڤیدیۆ) کار و چالاکییەکانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی هەروەها چالاکی و پرۆژەکانی حکومەتی بڵاوکردووەتەوە.

٢- بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ڤیدیۆ، کە بینەری زۆریان هەیە لە سۆشیاڵ میدیا، لەماوەی ئەم وەرزەی کاردا لەگەڵ دوو کارمەند (ڤیدیۆ ئێدیتەر و مۆشن گرافیک دیزاینەرێک) کارمان کردووە، ڤیدیۆ ئێدیتەرەکە بەشێوەی گرێبەست و مۆشن گرافیک دیزاینەرەکەش بەشێوەی پارچە کارمان بۆ دەکەن.

٣- بەشی سۆشیاڵ میدیا بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و باشترکردن و بەرەو پێشبردنی سۆشیاڵ میدیاکانی وەزارەتەکان، هەروەها وەرگرتنی سەرنج و تێبینی و کەموکوڕی هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندن و چالاکییەکان چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزارەت و لایەنەکانی دیکە کردووە.

٤- دروستکردنی ڤیدیۆ بۆ بۆنە نیشتمانی و ئایینییەکان و پیرۆزباییەکانی حکومەت بۆ هاووڵاتیان و بڵاوکردنەوەیان لە پەیجەکانی سۆشیاڵ میدیا.

٥- بەشداریکردن لە وێبنارێکی فەیسبووک بە ناونیشانی ""facebook content summit – lavant and Iraq”.

٦- ئامادەکردنی "رێبەری سۆشیاڵ میدیا بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

٧- دروستکردنی ڤیدیۆ گرافیکی تایبەت بە هۆشیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و بڵاوکردنەوەیان لە سۆشیاڵ میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

٧- بەدواداچوون بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پابەندکردنیان بە دانانی هاشتاگی (#لەدوورەوە) و (#بەماسکەوە)، و بڵاوکردنەوەی سپۆتەکانی ڤیدیۆیی تایبەت بە کۆرۆنا.

٨- ئاڕاستەکردنی دیزاینەران بۆ دروستکردنی پۆستی ڕۆژانە لەبارەی کار و چالاکییەکانی حکومەت، کە ڕۆژانە لە فەیسبووک و تویتەری فەرمانگەی میدیا و زانیاری، هەروەها فەیسبووک، تویتەر، یوتووب و ئینستاگرامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاودەبنەوە.

٩- هاوکاریکردنی وەزارەتەکان لە رووی گرافیک و دیزاینەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری پەیجی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٠- دروستکردنی پاکێجی گرافیک بۆ هەموو وەزارەتەکان بە مەبەستی یەکخستنی پۆستەکانی سۆشیال میدیا.

١١- چاودێریکردنی سۆشیاڵ میدیا بە گشتی و سۆشیاڵ میدیای دەزگاکانی حکومەت بەتایبەتی و ناردنی سەرنج و ڕەخنە و تێبینییەکانی هاووڵاتیان بۆ سەرۆکی فەرمانگە بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانیان لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت بە تایبەت کردنەوەی پڕۆژەکان.

١٢- راسپاردنی ڕاگەیاندنی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی تایبەتمەند بە گرافیک و ڤیدیۆگرافیک بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولی گرافیک و ڤیدیۆگرافیک لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

١٣- بەرهەمهێنانی چەندین ڤیدیۆی تایبەت بە پرۆسەی چاکسازی و ئەنجامدانی دیمانەی تایبەت لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی یاسای چاکسازی بۆ هاووڵاتیان.

١٤- ڕووماڵکردنی هەموو وتارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت و دروستکردنی کورتە ڤیدیۆ و سپۆت و گرافیک دیزاین و بڵاوکردنەوەیان لە سۆشیاڵ میدیای حکومەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

١٥- سەردانکردنی ژمارەیەک پرۆژەی حکومەت و نیشاندانی گرنگیی پرۆژەکان بۆ هاووڵاتیان لەڕێگەی پرۆمۆ و ڤیدیۆ و گرافیک و بڵاوکردنەوەنەیان لە سۆشیاڵ میدیاکان.

١٦- دروستکردنی ژمارەیەک ڤیدیۆ بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە وەک بەفیڕۆنەدانی ئاو و کارەبا و پاراستنی ژینگە و سروشتی کوردستان.

١٧- ڤیدیۆ، لە گرنگترین ناوەڕۆکەکانی سۆشیاڵ میدیایە، بۆیە لە ساڵی رابردوودا و تائێستاش گرنگییەکی زۆرمان بە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ بە ستایلی نوێ داوە، کە لەگەڵ بینەری سۆشیاڵ میدیا بگونجێت. لەم لیستانە کۆی ئەو ڤیدیۆیانە و لینکەکانیان دەبینن کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە پەیجی فەیسبووکی کوردستان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، هەروەها لە ئینستاگرامی کوردستان و یوتووبی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاومانکردوونەتەوە.

| ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی ئینستاگرامی کوردستان | لینکی ڤیدیۆ |
|---|---|
| سیستەمی کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان | https://www.instagram.com/p/CCUFBnDhI٨b/?utm_medium=copy_link |
| بناغەی گەورەترین ناوچەی پیشەسازی لە دهۆك | https://www.instagram.com/p/CC٣lHJqhlGj/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە | https://www.instagram.com/p/CDCZNKLhPQH/?utm_medium=copy_link |
| چۆن بە دروستی ماسك ببەستین؟ | https://www.instagram.com/p/CDMXB_qBIIG/?utm_medium=copy_link |
| ئایە گەنجان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن؟ | https://www.instagram.com/tv/CDPHldXhXk٧/?utm_medium=copy_link |
| جەژن | https://www.instagram.com/p/CDTnDYyBSpp/?utm_medium=copy_link |
| پڕۆژەی بە بازاڕکردنی گەنمی جوتیاران | https://www.instagram.com/tv/CDwed١YBcI٧/?utm_medium=copy_link |
| شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی | https://www.instagram.com/tv/CD١yi_jhc٨w/?utm_medium=copy_link |
| پڕۆژەی کارەبای هەڵمی خەبات | https://www.instagram.com/tv/CD٨-DByBJWk/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە | https://www.instagram.com/p/CEE٦٦٣٠hVaS/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە #لەدوورەوە | https://www.instagram.com/tv/CEHKhrQB٥Sh/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە #لەدوورەوە عەرەبی | https://www.instagram.com/tv/CEJ٣hkZhKK٠/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە #لەدوورەوە ئینگلیزی | https://www.instagram.com/p/CEJ-GqVB٥XJ/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە عەرەبی | https://www.instagram.com/p/CEPdXAEBLTL/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە ئینگلیزی | https://www.instagram.com/p/CEUdymUHjvy/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە | https://www.instagram.com/p/CEXDE٦uh٦YE/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە | https://www.instagram.com/p/CEZscRshzWB/?utm_medium=copy_link |
| ئامارەکانی تووشبوون و مردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا | https://www.instagram.com/p/CEj٧pGPhB٢D/?utm_medium=copy_link |
| پڕۆژەی ڕێگەی هەولێر – دهۆك عەرەبی | https://www.instagram.com/tv/CFCTbMyh٣cQ/?utm_medium=copy_link |
| پڕۆژەی شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی عەرەبی | https://www.instagram.com/tv/CFevSUEBflU/?utm_medium=copy_link |
| شەقامی ١٥٠ مەتری هەولێر | https://www.instagram.com/tv/CFfCpF٤Bwyp/?utm_medium=copy_link |
| ساڵی نوێی خوێندن | https://www.instagram.com/p/CFj-zN١BHoL/?utm_medium=copy_link |
| خۆپارێزی منداڵان لە قوتابخانە | https://www.instagram.com/p/CFkPcdcBLEm/?utm_medium=copy_link |
| خۆپارێزی مامۆستابان لە قوتابخانە | https://www.instagram.com/tv/CFkcyZIh_th/?utm_medium=copy_link |
| ئامانجمان خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە | https://www.instagram.com/tv/CF_٠ImhhP-d/?utm_medium=copy_link |
| پڕۆژەی شاری پیشەسازی سپی | https://www.instagram.com/tv/CGCXx٢Lg٨gl/?utm_medium=copy_link |
| ڕاپۆرتی سێ مانگی یاسای چاکسازیی | https://www.instagram.com/p/CGDh٠BDh٧T٣/?utm_medium=copy_link |
| #پابەندین | https://www.instagram.com/p/CGN٤K٦nhMDB/?utm_medium=copy_link |
| #پابەندین | https://www.instagram.com/p/CGZfyPohG٥٤/?utm_medium=copy_link |
| کردنەوەی پڕۆژەی جووتسایدی ڕووڤیا - گۆپاڵ | https://www.instagram.com/p/CGk٠BXHBxfo/?utm_medium=copy_link |
| کردنەوەی پڕۆژەی جووتسایدی ڕووڤیا – گۆپاڵ ڤیدیۆی دووەم | https://www.instagram.com/p/CGk٠LJlhTQR/?utm_medium=copy_link |
| #پابەندین #بەماسکەوە | https://www.instagram.com/p/CG٢b٣MqhVY_/?utm_medium=copy_link |
| ڕێورەسمی دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم | https://www.instagram.com/p/CHGJcF٦hSyk/?utm_medium=copy_link |
| #بەماسکەوە #لەدوورەوە | https://www.instagram.com/p/CId٥a٤DBQZn/?utm_medium=copy_link |
| بەشێك لە وتەکانی سەرۆکی حکومەت لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی | https://www.instagram.com/p/CImFkZbhgcN/?utm_medium=copy_link |

| | |
|---|---|
| #بەماسکەوە #لەدوورەوە | https://www.instagram.com/p/CIv٨BLEB__٠/?utm_medium=copy_link |
| ڕۆژی ئاڵای کوردستان | https://www.instagram.com/tv/CI٤-CSyhOKh/?utm_medium=copy_link |
| پێشوازی لە پاپای ڤاتیکان | https://www.instagram.com/p/CMCGnpyBBVT/?utm_medium=copy_link |
| پێشوازی لە پاپای ڤاتیکان ڤیدیۆی دووەم | https://www.instagram.com/tv/CMHJ٠٥٦hGfA/?utm_medium=copy_link |
| ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە | https://www.instagram.com/p/CMeFHaGBE٨X/?utm_medium=copy_link |
| #پابەندین | https://www.instagram.com/p/CMhIIwahb٥q/?utm_medium=copy_link |
| ماسك ببەستە | https://www.instagram.com/p/CMjmeYYB٧rh/?utm_medium=copy_link |
| ئاو سەرچاوەی ژیانە | https://www.instagram.com/p/CMjmeYYB٧rh/?utm_medium=copy_link |
| ئاو سەرچاوەی ژیانە عەرەبی | https://www.instagram.com/p/CMzVMl١hqFc/?utm_medium=copy_link |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا | https://www.instagram.com/p/CNCQysrhT٩٩/?utm_medium=copy_link |
| ڕەتکردنەوەی زوڵم و ستەم | https://www.instagram.com/p/CNGDK٣JhOkO/?utm_medium=copy_link |
| پەیامی قوباد تاڵەبانی | https://www.instagram.com/tv/CNHTo٠ABV١-/?utm_medium=copy_link |
| جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی | https://www.instagram.com/p/CNNJSI-hdpW/?utm_medium=copy_link |
| پاککردنەوەی خاك لە مین | https://www.instagram.com/p/CNQONjXB-٠V/?utm_medium=copy_link |
| ڕێنمایی بۆ بەستنی ماسك ئینگلیزی | https://www.instagram.com/p/CNVqKEyBGC٥/?utm_medium=copy_link |
| جەژنی ڕەمەزان | https://www.instagram.com/p/CNkWbuOh٦qL/?utm_medium=copy_link |
| کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتیمانی لە مانگی پیرۆزی رەمەزان | https://www.instagram.com/p/CNlDUYphijg/?utm_medium=copy_link |
| جەژنی چارشەما سووری ئیزدییان | https://www.instagram.com/p/CNpFPUphFhW/?utm_medium=copy_link |
| ڕۆژی جیهانی ژینگە | https://www.instagram.com/p/CNuOoWABCYt/?utm_medium=copy_link |
| وێستگەی کارەبای شاوێس | https://www.instagram.com/p/CN٨NSs٩hilR/?utm_medium=copy_link |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | https://www.instagram.com/tv/COODPtAhtjn/?utm_medium=copy_link |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | https://www.instagram.com/tv/COQfEcFhgx٦/?utm_medium=copy_link |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | https://www.instagram.com/tv/COSSZMThDds/?utm_medium=copy_link |
| خەڵك و حکومەت بەڕێوەبەری گشتی باج و دەرامەتەکان | https://www.instagram.com/tv/COpYZgSBq٤r/?utm_medium=copy_link |
| بڕیارماندا دەستمانپێکرد | https://www.instagram.com/p/COusZ٩٣hM-v/?utm_medium=copy_link |
| جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز بێت | https://www.instagram.com/p/COx٥QL٩hBvO/?utm_medium=copy_link |
| گەڕەکی هەشتی حەسارۆك | https://www.instagram.com/tv/COyD-RXhDha/?utm_medium=copy_link |
| پێوەندی تەلەفوونی سەرۆکی حکومەت | https://www.instagram.com/tv/COyK٤xphENl/?utm_medium=copy_link |
| کارگەی ئاردی هەولێر | https://www.instagram.com/tv/CO٢PrKPBpvf/?utm_medium=copy_link |
| پرۆژەی پردی دەربەندی ڕانیە | https://www.instagram.com/p/CPGpPnRhvm٨/?utm_medium=copy_link |
| پرۆژەی پردی دەربەندی ڕانیە ڤیدیۆی دووەم | https://www.instagram.com/tv/CPQptuGhkBM/?utm_medium=copy_link |
| دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان | https://www.instagram.com/p/CPWSidFhtGl/?utm_medium=copy_link |
| دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان ڤیدیۆی ٢ | https://www.instagram.com/tv/CPh_dzMhtQV/?utm_medium=copy_link |
| وتەی قوباد تاڵەبانی بۆ وێستگەی کارەبا | https://www.instagram.com/tv/CPqH٠okBUgv/?utm_medium=copy_link |

| | |
|---|---|
| https://fb.watch/٦gaUsk١hDU/ | دابەشکردنی کارەبا دەدرێت بە کەرتی تایبەت |
| https://fb.watch/٦gaZTFvgdG/ | کەمبوونەوەی بڕی پێدانی کارەبا بەهۆی نۆژەنکردنەوەی وێستەگەکان |
| https://fb.watch/٦gb١TJmPvs/ | هێڵی گەرم |
| https://fb.watch/٦gb٤Oet٠pj/ | خەڵك و حکومەت ڤیدیۆی ١ |
| https://fb.watch/٦gb٨٢aQNkf/ | خەڵك و حکومەت ڤیدیۆی ٢ |
| https://fb.watch/٦gbgSgSTg٧/ | خەڵك و حکومەت ڤیدیۆی ٣ |
| https://fb.watch/٦gbkhyoROK/ | پەیامی قوباد تاڵەبانی بۆ خۆپارێزی  ڤیدیۆی ١ |
| https://fb.watch/٦gbl١gQ٢٧h/ | پەیامی قوباد تاڵەبانی بۆ خۆپارێزی  ڤیدیۆی ٢ |
| https://fb.watch/٦gblydCyST/ | پەیامی قوباد تاڵەبانی بۆ خۆپارێزی  ڤیدیۆی ٣ |
| https://fb.watch/٦gbEUgvl١w/ | خەڵك و حکومەت وەزیری کشتوکاڵ ٣ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gbLLABIUu/ | خەڵك و حکومەت وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ٣ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gbPXsBmn٥/ | خەڵك و حکومەت وەزیری هەرێم بۆ دانووستاندن ٣ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gbT١tobAW/ | خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٢ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gbWuzLfOL/ | خەڵك و حکومەت سەرکی دەستەی وەبەرهێنان ٣ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gc٠axz٨L٩/ | چۆن و بۆچی مووچە کەمکرایەوە؟ |
| https://fb.watch/٦gc٥g١eZon/ | مووچە لە کابینەی نۆیەمدا |
| https://fb.watch/٦gc٧xjXnfB/ | یاسای چاکسازی |
| https://fb.watch/٦gcaPqrF٨u/ | سیستمی کۆنترۆلکردنی خەرجییەکان |
| https://fb.watch/٦gckjCnB٠j/ | هاوبەشی کەرتی گشتیی و تایبەت چییە؟ |
| https://fb.watch/٦gckW٤lN٥h/ | هاوبەشی کەرتی گشتیی و تایبەت چییە؟ عەرەبی |
| https://fb.watch/٦gclBMWxDz/ | بابەتی زەوییە کارتەکان چییە؟ |
| https://fb.watch/٦gcmaGhADw/ | ئەرك و مافی فرۆشیار و کڕیار بۆ تاپۆکردن |
| https://fb.watch/٦gcvCgvhJk/ | گوتاری سەرۆکی حکومەت بەردی بناغە شەپامی ١٠٠ مەتری سلێمانی |
| https://fb.watch/٦gcCehuEIz/ | پسوولەی ئەلیکترۆنی |
| https://fb.watch/٦gcCLZgmWW/ | یاسای چاکسازیی بۆ چییە؟ |
| https://fb.watch/٦gcDdQiU٧j/ | ناوچەی پیشەسازیی لە دهۆك |
| https://fb.watch/٦gcDRhaUs٤/ | #بەماسکەوە ١١ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gcLrel٥٧٠/ | ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیران |
| https://fb.watch/٦gcLTzIR٨Z/ | جەژنی قوربان |
| https://fb.watch/٦gcV١p١RCt/ | پڕۆژەی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران |
| https://fb.watch/٦gcWjMXARE/ | شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی |
| https://fb.watch/٦gcWOoNyWy/ | پڕۆژەی کارەبای هەڵمی خەبات |
| https://fb.watch/٦gc_٩YI__Z/ | خۆپارێزی لە کۆرۆنا لە فرۆکەخانە بە هەر سێ زمان ٣ ڤیدیۆ |
| https://we.tl/t-١DpvnaaQLO?src=dnl | نوێترین بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ |
| https://fb.watch/٦gdjcH-٤Uv/ | هەڵەکانی بەستنی ماسك |
| https://fb.watch/٦gdsx٥W٨I/- | پڕۆژەی ڕیگەی خێرای نێوان هەولێر – دهۆك کوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gdtcyuuiT/ | پڕۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری هەولێر کوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gdubVRlcQ/ | ڕێنمایی و ڕێککارەکانی کردنەوەی قوتابخانە ٣ ڤیدیۆ |
| https://fb.watch/٦gdK٤٦vXT٨/ | پڕۆژەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان |

| | |
|---|---|
| پرۆژەی شاری سپی کوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdKFIt٢tt/ |
| ڕاپۆرتی سێ مانگەی یاسای چاکسازیی | https://fb.watch/٦gdL٨NQPF/- |
| #پابەندین ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdL-ymHi٢/ |
| کردنەوەی پرۆژەی جووتسایدی ڕووڤیا – گۆپاڵ عەرەبی کوردی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdToHp-zI/ |
| گوتاری سەرۆکی حکومەت ٥ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdZoBRq١d/ |
| #کوردستان ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦ge٤PPYz١p/ |
| ساڵی نوێ | https://fb.watch/٦ge٦Bo٩IVB/ |
| پاپای ڤاتیکان ٦ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gea٧gvz٤j/ |
| خەڵاتکردن لەلایەن سەرۆکی حکومەت ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gegXH٦٨s٥/ |
| پەرەپێدانی ژێرخانی پەروەردەیی | https://fb.watch/٦he٨f٩A٦kr/ |

## فەیسبووکی کوردستان ١-٦-٢٠٢٠ / ١-٦-٢٠٢١

| | |
|---|---|
| هەڵەبجە | https://www.facebook.com/Kurdistan /videos/٩١١٩٥٤٧١٢٩٠٢٠٢٥/?vh=e |
| هەموومان ماسك -دەبەستین ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦heduqf٤ck/ |
| ئاو سەرچاوەی ژیانە ٢ ڤیدیۆ عەرەبی و کوردی | https://fb.watch/٦hefKL٩oD٢/ |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا | https://fb.watch/٦heI٢S٤N_b/ |
| یوتیوبی حکومەتی هەرێمی کوردستان | https://fb.watch/٦heoiVD٦NP / |
| ڕەتکردنەوەی زوڵم و ژێردەستەیی | https://fb.watch/٦heqJaVZdR/ |
| ماسك ببەستە | https://fb.watch/٦heu٩٠upjx/ |
| خۆت بۆ وەرگرتنی ڤاکسین تۆمار بکە | https://fb.watch/٦heuQmtuK٨/ |
| جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز بێت | https://fb.watch/٦heAJHxv٩x/ |
| پێدانی کارەبا لە مانگە پیرۆزی رەمەزان | https://fb.watch/٦heE٢s١bHz/ |
| ڕۆژی جیهانی ژینگە | https://fb.watch/٦heHRwjRAy/ |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٤ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦heK٨UQnwo/ |
| پەیامی قوباد تاڵەبانی | https://fb.watch/٦heOHGbe٢t/ |
| گەڕەکی هەشتی حەسارۆك | https://fb.watch/٦heT٧mjWB٨/ |
| دروستکردنی یەکەوی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەوم دەرامەتەکان | https://fb.watch/٦heX٤bTyas/ |
| چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان | https://fb.watch/٦heYPgPv-b/ |
| پێوەندی تەلەفوونی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ژمارەیەك منداڵ | https://fb.watch/٦hf١sYoKFa/ |
| خەڵك و حکومەت بەرێوەبەری گشتیی باج و دەرامەتەکان | https://fb.watch/٦hf٤IAJTzC/ |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەفالکراوان | https://fb.watch/٦hf٧-TpeW/_ |

## فەیسبووکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ١-٦-٢٠٢٠ / ١-٦-٢٠٢١

| ڤیدیۆ | لینکی ڤیدیۆ |
|---|---|
| خەڵك و حكومەت سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران | https://fb.watch/٦hfyVnYJ٤o/ |
| خەڵك و حكومەت وەزیری كارەبا ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦hfCFYSxhL/ |
| هێڵی گەرم | https://fb.watch/٦gb١TJmPvs/ |
| خەڵك و حكومەت ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gb٤Oet٠pj/ |
| پەیامی قوباد تاڵەبانی بۆ خۆپارێزی ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbl١gQ٢٧h/ |
| خەڵك و حكومەت وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbEUgvl١w/ |
| خەڵك و حكومەت وەزیری كشتوكاڵ ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbLLABIUu/ |
| خەڵك و حكومەت وەزیری هەرێم بۆ دانووستاندن ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbPXsBmn٥/ |
| خەڵك و حكومەت وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbT١tobAW/ |
| ڕۆژی نەهێشتنی توندوتیژی سێكسی | https://fb.watch/٦hfO٢F٢eNx/ |
| خەڵك و حكومەت سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gbWuzLfOL/ |
| بەخشینی پلازمای خوێن | https://fb.watch/٦hfT٦hxtLC/ |
| چۆن و بۆچی مووچە كەمكرایەوە؟ | https://fb.watch/٦gc٠axz٨L٩/ |
| یاسای چاكسازی | https://fb.watch/٦gc٧xjXnfB/ |
| سیستمی كۆنترۆلكردنی خەرجییەكان | https://fb.watch/٦gcaPqrF٨u/ |
| هاوبەشی كەرتی گشتیی و تایبەت چییە؟ | https://fb.watch/٦gckjCnB٠j/ |
| هاوبەشی كەرتی گشتیی و تایبەت چییە؟ عەرەبی | https://fb.watch/٦gckW٤lN٥h/ |
| بابەتی زەوییە كارتەكان چییە؟ | https://fb.watch/٦gclBMWxDz/ |
| ئەرك و مافی فرۆشیار و كڕیار بۆ تاپۆكردن | https://fb.watch/٦gcmaGhADw/ |
| گوتاری سەرۆكی حكومەت بەردی بناغە شەپامی ١٠٠ مەتری سلێمانی | https://fb.watch/٦gcvCgvhJk/ |
| پسوولەی ئەلیكترۆنی | https://fb.watch/٦gcCehuEIz/ |
| یاسای چاكسازی بۆ چییە؟ | https://fb.watch/٦gcCLZgmWW/ |
| ناوچەی پیشەسازی لە دهۆك | https://fb.watch/٦gcDdQiU٧j/ |
| #بەماسكەوە #لەدوورەوە ١١ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gcDRhaUs٤/ |
| ناوەڕۆكی كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران | https://fb.watch/٦gcLrel٥٧٠/ |
| جەژنی قوربان | https://fb.watch/٦gcLTzIR٨Z/ |
| پرۆژەی بەبازاڕكردنی گەنمی جوتیاران | https://fb.watch/٦gcV١p١RCt/ |
| شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی | https://fb.watch/٦gcWjMXARE/ |
| پرۆژەی كارەبای هەڵمی خەبات | https://fb.watch/٦gcWOoNyWy/ |
| خۆپارێزی لە كۆرۆنا لە فرۆكەخانە بە هەر سێ زمان ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gc_٩YI__Z/ |
| نوێترین بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ | https://we.tl/t-١DpvnaaQLO?src=dnl |
| هەڵەكانی بەستنی ماسك | https://fb.watch/٦gdjcH-٤Uv/ |
| پرۆژەی ڕێگەی خێرای نێوان هەولێر – دهۆك كوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdsx٥W٨I/- |
| پرۆژەی شەقامی ١٥٠ مەتری هەولێر كوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdtcyuuiT/ |
| ڕێنمایی و - ڕێكارەكانی كردنەوەی قوتابخانە ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdubVRlcQ/ |
| پرۆژەی كارەبا لە هەرێمی كوردستان | https://fb.watch/٦gdK٤٦vXT٨/ |
| گوتاری سەرۆكی حكومەت ٣ ڤیدیۆ عەرەبی كوردی | https://fb.watch/٦gdZoBRq١d/ |
| #پابەندین ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦hgdHK١W٦W/ |

| | |
|---|---|
| بەڵنماندا و جێبەجێمانکرد | https://fb.watch/٦hgjUdkfxR/ |
| کردنەوەی پرۆژەی جووتسایدی ڕووڤیا – گۆپاڵ عەرەبی کوردی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdToHp-zl |
| #پابەندین ٣ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦gdL٨NQPF/- |
| پاپای ڤاتیکان ٦ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦hgjUdkfmR/ |
| خەڵاتکردن لەلایەن سەرۆکی حکومەت ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦ge٤PPYz١p/ |
| هەڵەبجە | https://www.facebook.com/Kurdistan/videos/٩١١٩٥٤٧١٢٩٠٢٠٢٥/?vh=e |
| ساڵی نوێ | https://fb.watch/٦ge٦Bo٩lVB/ |
| هەموومان ماسك بەستین ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦heduqf٤ck/ |
| ئاو سەرچاوەی ژیانە ٢ ڤیدیۆ عەرەبی و کوردی | https://fb.watch/٦hefKL٩oD٢/ |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا | https://fb.watch/٦hel٢S٤N_b/ |
| یوتیوبی حکومەتی هەرێمی کوردستان | https://fb.watch/٦heoiVD٦NP / |
| ڕەتکردنەوەی زوڵم و ژێردەستەیی | https://fb.watch/٦heqJaVZdR/ |
| هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پاککردنەوەی خاك لە مین کوردی عەرەبی ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦hglkfmSBn/ |
| ماسك ببەستە | https://fb.watch/٦heu٩٠upjx/ |
| خۆت بۆ وەرگرتنی ڤاکسین تۆمار بکە | https://fb.watch/٦heuQmtuK٨/ |
| جەژنی ڕەمەزانتان پیرۆز بێت | https://fb.watch/٦heAJHxv٩x/ |
| چەژنا چارشەما سووری ئیزدییان | https://fb.watch/٦hgLXeV١Lw/ |
| ڕۆژی جیهانی ژینگە | https://fb.watch/٦heHRwjRAy/ |
| پرۆژەی ستراتیژی وەزارەتی کارەبا | https://fb.watch/٦heE٢s١bHz/ |
| خەڵك و حکومەت وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٤ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦heK٨UQnwo/ |
| دروستکردنی یەکەوی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەوم دەرامەتەکان ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦heX٤bTyas/ |
| بڕیارماندا جێبەجێمانکرد | https://fb.watch/٦hgTPPPqRR/ |
| جەژنتان پیرۆز بێت | https://fb.watch/٦hgWaEA٤pE/ |
| گەڕەکی هەشتی حەسارۆك | https://fb.watch/٦heTvmjWB٨/ |
| پەیامی قوباد تاڵەبانی | https://fb.watch/٦heOHGbe٢t/ |
| پێوەندی تەلەفوونی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ژمارەیەك منداڵ | https://fb.watch/٦hf١sYoKFa/ |
| دروسنکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەوم دەرامەتەکان ٢ ڤیدیۆ | https://fb.watch/٦hh٠UiVn٦n/ |
| چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان | https://fb.watch/٦heYPgPv-b/ |

**یوتیوبی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١-٦-٢٠٢٠ / ١-٦-٢٠٢١**

| | |
|---|---|
| وێستگەکانی کارەبا ٦ ڤیدیۆ | https://youtu.be/١yBssQB٨B٤M |
| پرۆژەی مینی سکادا | https://youtu.be/٨eqIVps٧BWs |
| خەڵك و حکومەت بەڕێوەبەری گشتی باج و دەرامەتەکان | https://youtu.be/SVGZkVMQnGQ |
| ئەو داهاتووەی کە باسمان دەکرد گوتاری سەرۆکی حکومەت | https://youtu.be/iwfIO٨gPetQ |
| بڕیارماندا دەستمانپێکرد | https://youtu.be/٤GfzAk٠jRgs |
| کردنەوەی گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی ئاسن | https://youtu.be/-l٩UOq٦LsfI |
| پرۆژەی پردی دەربەندی ڕانییە ٢ ڤیدیۆ | https://youtu.be/CPFv٢Fz_I_o |
| دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان ٢ ڤیدیۆ | https://youtu.be/٤uRfZMpuPec |
| گوتاری جێگری سەرۆکی حکومەت | https://youtu.be/٠bOvnFLWVcQ |
| ئێستە کاتی چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان | https://youtu.be/٠bOvnFLWVcQ |

## بەڕێوبەرایەتی داتا و زانیاری:

١- دانانی کارنامەی حکومەت و داتای کراوە و کابینەی حکومەت و ئامانجەکانی حکومەت سەبارەت بە چاکسازی و حکومڕانی باش و پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا و وەچەرخانی دیجیتاڵی بە زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی.

٢- بوونی هەماهەنگییەکی زۆر باش لەگەڵ بەشی سۆشیال میدیا و میدیای ناوەخۆ و میدیای دەرەوە ئەو زانیاریانەی لە ماڵپەر بڵاو دەکرێتەوە لە سۆشیاڵ میدیا ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان دەکرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی زانیارییەکانیان بە دەست بگات.

٣- ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ بەشێک لە دامودەزگاکانی حکومەت سەبارەت بە ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- پێداچوونەوە بە ڕێبەری سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی فەرمانبەرانی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

٥- هاوکاریکردنی بەشی میدیای ناوخۆ سەبارەت بە پێداچوونەوە بە هەندێک لە هەواڵ و بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- دانانی ڕێبەرییەکان لە بەستەرە خێراکان لە ماڵپەر و هەروەها لە بەشی فەرمانگەی میدیا و زانیاری دروست کردنی سەب تابەک بە ناوی ڕێبەر کە تیایدا ڕیبەریەکان دانراوە .

٧- کۆبونەوە لەگەڵ لیژنەی سایتی خزمەت سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی سایتەکە و چۆنیەتی ڕێکخستنی داتاکان و پۆلێن کردنیان و دانانیان لە ماڵپەر.

٨- دروستکردنی سیستەمێکی پرۆگرامی و کردنەوەی خولێک سەبارەت بە چۆنیەتی ئەرشیف کردنی ئەو ڤیدیۆیانەی پەیوەندی بە فەرمانگەی میدیا و زانیاری هەیە و پەیوەندی بە سەرۆکی فەرمانگە هەیە و لێدوانەکانی.

٩- دروستکردنی لینکێک بۆ ڕێبەری نووسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و دانانی هەموو ئەو ڕێبەریانەی کە لەلایەن فەرمانگەی میدیاو زانیاری دەردەچێت و دانانیان لە ماڵپەر.

١٠- داخستنی سایتی وەزارەتی پەروەردە و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی سایتەکەیان و دانانیان بەشێوەی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان وەکو سیستەمی سەنراپز.

https://gov.krd/moe/external-links/

١١- داخستنی سایتی وەزارەتی تەندروستی و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی سایتەکەیان و دانانیان بە شێوە ی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان.

https://gov.krd/moh/external-links/

١٢- دروستکردنی داشبۆردێک کە ڕۆژانە داتای کۆرۆنای تێیدا دادەنرێت.

https://gov.krd/coronavirus/dashboard/

١٣- دانانی بەشی خۆتۆمارکردنی بۆ ڤاکسینی کۆرۆنا پڕکردنەوەی فۆرمێک بە شێوەی ئەلیکترۆنی وەلامدانەوەی لە لایەن هیلەکانی پەیوەندی بە ناردنی نامە.

https://vac.health.digital.gov.krd/?lang=ku

١٤- داخستنی سایتی وەزارەتی داد و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی سایتەکەیان و دانانیان بە شێوە ی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان.

https://gov.krd/moe/external-links/

١٥- داخستنی سایتی پێشمەرگە و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی سایتەکەیان و دانانیان بە شێوەی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان.

https://gov.krd/mopa/

١٦- داخستنی سایتی ناوەخۆ و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانانیان بە شێوە ی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان.

https://gov.krd/moi/

١٧- داخستنی سایتی دارایی و ئابووری و وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/mofe/

١٨- داخستنی سایتی وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان وەرگرتنی داتاکان و دانانیان لە پۆرتاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەرشیف کردنی سایتەکەیان و دانانیان بەشێوەی لینک و دانانی لینکە ئەلیکترۆنیەکان، وەزارەتی داد و هی تر....

https://gov.krd/moj/external-links/

١٩- دروستکردنی بەستەرە خێراکان کە تیاییدا لۆگۆ و سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردستانی تێیدا دانراوە.

https://gov.krd/information-and-services/press-material/

https://gov.krd/information-and-services/krg-guideline/

- دانانی سایتی سەرۆکایەتی هەرێم  کە وەکو لینکێک لە بەستەرە خێراکان.

https://presidency.gov.krd /

- دانانی سایتی پەرلەمانی کوردستان وەکو لینکێک لە بەستەرە خێراکان.

https://www.parliament.krd/

٢٠- دروستکردنی ڕۆژمێری ساڵی ٢٠٢١ : کۆکردنەوەی داتا لەسەر پشووەکانی حکومەتی هەرێم ئەوانەی لە پەرلەمان پەسەند کراوە و بۆنە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان  و دروستکردنی ڕۆژمێری ساڵی ٢٠٢١ بۆ هەرسێ زمان و دیاری کردنیان لە ڕۆژمێرەکە و بڵاوکردنەوەیان لە ماڵپەڕی حکومەت.

بۆ زمانی کوردی https://gov.krd/rojjmer-٢٠٢١/

بۆ زمانی عربی /https://gov.krd/arabic/information-and-services/krg-calendar-٢٠٢١

بۆ زمانی ئینگلیزی /https://gov.krd/calendar-٢٠٢١

٢١- وردبینی لە ماڵپەڕی حکومەت و دۆزینەوەی کەم و کوڕییەکانی و دروست کردنی ڕاپۆرتێک دەربارەی کەم و کوڕی  و هەڵەکانی ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هاوپێچ کراوە.

٢٢- دروستکردنی داشبۆردی نوێی کۆرۆنا و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ وەرگرتنی کۆتا لاین لیستی نەخۆشانی کۆرۆنا تاوەکو لە ماوەی داهاتوو ئەم داشبۆردە نوێیە جێگەی داشبۆردی ئێستا بگرێتەوە، داشبۆردەکە ئامادەیە لە هەر کاتێک لاین لیستەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی یاخود ئەم داشبۆردەی ئێستا بەدەستمان بگات کاری پێدەکرێت و لەلایەن فەرمانگەوە بەڕێوەدەبرێت.

٢٣- هەماهەنگی و بەدواداچوون  لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئیستاش:

- وەرگرتنی لاین لیستی توشبوانی کۆرۆنا بە چەند جارێک پاککردنەوەی داتاکان و بەردەوام بوونمان لەگەڵیان.
- بەدواداچوونی ڕۆژانە سەبارەت بە بەیاننامەکانی کۆرۆنا و دانانیان لە داشبۆردی ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- دانانی لینکی ئەرشیفکراوی ماڵپەڕی پێشووی وەزارەتی تەندروستی کە پێشووتر نەکرابوو و وەرگرتنی بەشێک لە داتاکانی ماڵپەرە کۆنەکەیان بۆ ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

http://archive.gov.krd/moh/mohkrg.org/Default.html

- دروستکردنی سەب تابێکی نوێ بۆ وەزارەتی تەندروستی بە ناوی (گرێبەستەکان) و دانانی ئەو گرێبەستانەی لە وەزارەتی تەندروستی دەردەچێت.

https://gov.krd/moh/publications/

- دروستکردنی سەب تابەکی نویٚ بۆ وەزارەتی تەندروستی بە ناوی (کاروچالاکییەکان) کە تیایدا کاروچالاکییەکانی کابینەی نۆیەمی وەزارەتی تەندروستی دانراوە.

https://gov.krd/moh/publications/

٢٤- دانانی ژیاننامەی سەرۆکی حکومەت و هەموو وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەر سێ زمان.

https://gov.krd/government/the-cabinet (کوردی)

https://gov.krd/arabic/government/the-cabinet عەرەبی

https://gov.krd/english/government/the-cabinet ئینگلیزی

دانانی ڕێزبەند و دروستکردنی ژیاننامەی هەموو وەزیرەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بە زمانی عەرەبی و وردبینی بۆ زمانی کوردی و ئینگلیزی و دانانیان لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢٥- سەردانکردنی و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابوری بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاریی پێویست:

- دانانی هەموو ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠١٣ تاوەکو ساڵی ٢٠٢١ لە ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە پێگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/mofe/publications/ڕێنماییەکان/

- دانانی هەموو گشتاندنەکانی ساڵی ٢٠١٣ تاوەکو ساڵی ٢٠٢١.

https://gov.krd/mofe/publications/گشتاندن/

- دانانی سەب تابێکی نویٚ لە بەشی بڵاوکراوەکان بە ناوی (یاساکان) کە تیایدا یاساکانی ساڵی ٢٠٠٨ تاوەکو ٢٠١٣ی وەزارەتی دارایی و ئابوری دانراوە.

https://gov.krd/mofe/publications/یاساکان/

٢٦- هەماهەنگی و بەدواداچوون لەگەڵ (دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) و دانانی پەیکەری ڕێکخراوەییان و بەشی پەیوەندییەکان و لینکەکانیان بۆ هەر سێ زمان لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/dngo/

٢٧- سەردانکردن و هەماهەنگی کردن و بەدواداچون بۆ وەزارەتی پەروەردە بەمەبەستی وەرگرتنی داتا و زانیاریی پێویست:

- دروستکردنی سەب تابێکی نویٚ بە ناوی(ئاگاداری)کە تیایدا تەندەرەکانی وەزارەتی پەروەردە دادەنرێت.

https://gov.krd/moe/publications/

- دروستکردنی سەب تابێکی نوێ بە ناوی(پۆستەر)کە تیایدا ئەو پۆستەرانەی وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیەنێت بۆ خۆپارێزی بە دوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی، هەروەها بە زمانی ئینگلیزی دانراوە لەماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

a) کەمپینی ڕێنمایی خۆپارێزی.
b) کەمپینا ڕێنماییێن خۆپارێزی.
c) Self -poster protection awareness campaign

https://gov.krd/moe/publications/پۆستەر/

- دروستکردنی سەب تابێکی نوێ لە بەشی سیستەم و خوێندن بە ناوی ساڵنامەی خوێندن کە تیایدا ساڵنامەی خوێندن هەموو ساڵەکان بەجیا دانراوە هی ساڵی ٢٠٢١ هەموو ڕێنمایی و فەرمانەکانی ئەمساڵ دانراوە.

https://gov.krd/moe/system-and-education/ساڵنامەی-خوێندن/

هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دانانی چەند ڕوونکردنەوەیەک لەو ڕێنماییانەی کە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و جۆنیەتی خۆپارێزییان لە بەشی هەواڵ.

- گۆڕانکاری لە تابی سیستەم و خوێندن و لابردنی هەندێک سەب تاب و زیادکردنی سەب تابی نوێ بەپێی ئەو بارودۆخەی ئێستاکە بۆ هەر سێ زمان.

https://gov.krd/moe/system-and-education/

٢٨- سەردانکردنی و هەماهەنگی و بە دواداچونمان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان.

- دروست کردنی پێنج سەب تابی نوێ بۆ بەشی کوردی بە ناوەکانی:

a) یاسای وەبەرهێنان.
b) پلانی وەبەرهێنان.
c) پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان.
d) راستی وەبەرهێنان.
e) ڕاپۆرتەکان.

h ttps://gov.krd/boi/publications/

- دروستکردنی پێنج سەب تابی نوێ بۆ بەشی عربی بە ناوەکانی:

a) قانون الأستثمار.
b) خطه الأستثمار.
c) واقع الأستثمار.
d) التقرير.

h ttps://gov.krd/boi-ar/publications/

- دروستکردنی پێنچ سەب تابی نویٚ بۆ بەشی ئینگلیزی بە ناوەکانی:

a) Investment law
b) Investment plan
c) Licensed projects
d) Investment fact sheet
e) Business doing
f) Report

h ttps://gov.krd/boi-en/publications/

- دروستکردنی سەب تابێکی نویٚ ( How to obtain public Benefits for investments in other language) بۆ هەر یەک لە زمانەکانی (-Chinese-Farsi-Japanese-French-German-Italian Russian-Spanish) دانراوە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢٩- هەماهەنگی و بەدواداچون لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دروست کردنی دوو سەب تابی نویٚ بۆیان لە بەشی بڵاوکراوەکان بە ناوی (کتێبەکان) و (راپۆرتەکان)، کە تیایدا کتێب و بڵاوکراوە راپۆرتەکانیان دانراوە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/mocy/publications/

٣٠- سەردانی کردنمان و هەماهەنگی و بە دواداچون لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دانانی ژمارەی نوێی نەشرەی هێما بازرگانییەکان لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/moti/publications/

٣١- هەماهەنگی و بە دواداچوون لەگەڵ وەزارەتی داد.

https://gov.krd/moj/publications/

- دانانی هەموو ژمارەکانی وەقایعی کوردستان تا نوێترین ژمارە کە ژمارە(٢٦١)ە بڵاوکرانەوە.

https://gov.krd/moti/publications/

- دروستکردنی سەب تابێکی نویٚ بە ناوی (کار و چالاکییەکان)،کە ڕاپۆرتی کار و چالاکی ساڵانەیان تیایدا دانراوە.

https://gov.krd/moti/publications/

- گۆڕینی پەیوەندییەکانیان و چالاککردنی لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێم.

https://gov.krd/moti/contact/

٣٢- بەدواداچون و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا و گۆڕینی داتای تابی پەیوەندی و چالاککردنی لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/moel/publications/

٣٣- دروستکردنی سەب تابێکی نوێ بۆ زمانی ئیگلیزی له بەشی publication بۆ وەزارەتی ( ministry of construction and housing) بە ناوی(regulation) و(project) کە تیایدا بەشێک لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ دانراوە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

https://gov.krd/moel/publications/

٣٤- ڕاهێنان و فێرکردنی ئەو وەزارەت و دەستانەی سەردانمان کردوون بۆ چۆنیەتی ناردن و ڕێکخستنی داتاکان.

٣٥- سەردانکردنی بەشی ئەرشیفی فەرمانگەی میدیا و زانیاری و پێدانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی ئەرشیف کردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

٣٦- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی هەفتانە.

٣٧- سەبارەت بە هاتنی پاپا فرانسیس بە هەماهەنگی لەگەڵ میدیای ناوخۆ دروست کردنی بانەرێک و لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ پێشوازی کردن لە هاتنی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان.هاوپێچ کراوە

٣٨- هەماهەنگی و بەدواداچون لەگەڵ دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دانانی (ڕاپۆرتی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی فیدراڵ) بۆ هەر سێ زمان.

٣٩- دروست کردنی لینکێک بۆ ڕێبەری نووسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و پاشان بڵاو بونەوەی لە ماڵپەر لە فەرمانگەی میدیاو زانیاری بەشی بڵاوکراوەکان.

https://gov.krd/dmi/publications/

٤٠- وردبینی و چاککردنی زانیاری سەبارەت بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە تابی قونسوڵگەری بیانی لە هەرێم بۆ نووسینگەی باڵیوزخانەکان.

https://gov.krd/dfr/foreign-representation/

٤١- هەماهەنگی و بەدواداچوون لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دروست کردنی سەب تابەک بۆ زمانی کوردی و عربی بە ناوی (توێژینەوەکان) وە دانانی هەموو فایلانەی کە پێویست بوو دابندرێت. https://gov.krd/moawr/publications/

٤٢- دانان و بڵاوکردنەوەی هێما بازرگانیەکان بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە ١٠٢ بڵاوکراوەی یەکەم و دووەم و سێیەم بۆ زمانی کوردی و عربی.

٤٣- دانانی چەند ڤیدیۆیەکی کورت و پوخت بۆ وەزارەتی پەروەردە کە سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان و چالاکیاکانی وەزارەتی پەروەردە.

https://gov.krd/moe/publications/ڤیدیۆ/

٤٤- سەبارەت بە کۆرۆنا ئەو ڕێکارانەی حکومەتی هەرێم چین سەبارەت بە کۆرۆنا گۆڕانکاری تێدا دەکرێت لەگەڵ هەر بەیانەکی وەزارەتی ناوەخۆ کە دەردەچێت ئەپدەیتی دەکەینەوە و ڕێکدەخرێت لە ماڵپەر دادەنرێت بە پێی تاب وسەب تابەکان.

https://gov.krd/coronavirus/what-you-should-know/

٤٥- دروستکردنی تابەک لە ماڵپەر بۆ ڤاکسین کە تیایدا باس لە :

- ✓ ڤاکسین
- ✓ جۆرەکانی ڤاکسین
- ✓ ڤاکسینەکە بە چ شێوەیەک کار دەکات.
- ✓ سوودی ڤاکسین.
- ✓ بۆ دەبێت ڤاکسین وەربگرین؟
- ✓ تا چەند ڤاکسینی کۆرۆنا سەلامەتە؟
- ✓ ئایا هیچ کاریگەریەکی لاوەکی هەیە ڤاکسینەکە؟
- ✓ ڕێنمایی پێش وەرگرتنی ڤاکسین.
- ✓ ڕێنمایی وەرگرتنی ڤاکسین و ژمارەی ژەمەکانی.

https://gov.krd/coronavirus/vaccine/

٤٦- دروستکردنی سەب تابێک بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ زمانی کوردی بە ناوی پرۆژەکان کە تیبایدا:

- ✓ دروستکردنی دوو ئۆفەرپاس لە ڕێگای دهۆک – زاخۆ.
- ✓ کاری ماوەی ڕێگای گرشین.
- ✓ بە هەمان شێوە بۆ زمانی عەرەبی بە ناوی المشاریع کە تیایدا.
- ✓ بناء الجسور على طريق دهۆک – زاخۆ.
- ✓ الاعمال المتبقية لطريق تقاطع كرشين.

https://gov.krd/moch/publications/پرۆژەکان/

٤٧- دانانی سروودی نیشتمانی لە ماڵپەر لە بەشی بەستەرە خێراکان بە ناوی لۆگۆ و ئاڵا و سروودی نیشتمانی بۆ هەر سێ زمان بەم شێوە :

- ✓ باندی میوزیکی سەربازی بۆ بۆنە فەرمییەکان.
- ✓ نۆتی باندی میوزیکی سەربازی بۆ بۆنە فەرمییەکان.
- ✓ ئۆرکیسترای سەمفۆنیا (سۆل مێجەر) بۆ چالاکی وەرزشی و پەروەردەیی.
- ✓ نۆتی ئۆرکیسترای سەمفۆنیا (سۆل مێجەر) بۆ چالاکی وەرزشی و پەروەردەیی، هەمان شێوە بۆ زمانی عربی و ئینگلیزیش دانراوە.

https://gov.krd/information-and-services/press-material

٤٨- بڵاوکردنەوەی داتای ڕۆژانەی وەزارەتەکان کە بۆمان دەنێرن وەکو وەزارەتی داد وەقایعی کوردستان.

٤٩- بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێداچونەوە بەهەموو نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و هەروەها بە هەموو کونسوڵگەرییەکان و نووسینگەی کونسوڵگەرییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنیان.

٥٠- بۆ ئەکادیمیای کوردی ئەو گۆڤار انەی دەردەچێت لە ماڵپەر دادەنرێت.

٥١- بۆ دەستەی وەبەرهێنان سەب تابەک دروست کراوە بۆ هەلی وەبەرهێنان کە تییایدا هەموو ئەو پرۆژانە دانراوە کە پێویستە بە گشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بەپێی پارێزگاکان پۆلێن کراوەو هەر پارێزگایەک بەپێی سیکتەر دانراوە بۆ هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەم شێوەیە بەسەر سێکتەرەکان دابەش کراوە:

- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی.
- ✓ دروستکردنی شار و ناوچەی پیشەسازی.
- ✓ پیشەسازی پیترۆکیمیاویات.
- ✓ پیشەسازی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی.
- ✓ پیشەسازی خۆراك و خواردنەوەکان.
- ✓ پیشەسازی بیناسازی و فلزی.
- ✓ پیشەسازی رستن و چنین و چەرم.
- ✓ پیشەسازی جۆراوجۆر.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
- ✓ بواری بەنداوەکان.
- ✓ دەرفەتەکانی چاندن و سامانی ئاژەڵ.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری و شوێنەوار.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی کارەبا.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستی.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون ڕێگاوبان.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە بواری گواستنەوە.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- ✓ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی رۆشنبیری و لاوان ( بواری هونەری, بواری وەرزشی).

https://gov.krd/boi/publications/investment-opportunities/

بۆ زمانی عربی:

https://gov.krd/boi-ar/publications/investment-opportunities/

بۆ زمانی ئینگلیزی:

https://gov.krd/boi-en/publications/investment-opportunities/

٥٢- بۆ وەزارەتی کارەبا سەب تابەک دروست کراوە بە ناوی (پڕۆژەی وێستگەکانی گواستنەوە) کە تییایدا چەند پڕۆژەیەکی گرینگ دانراوە، کە هەر پڕۆژەیەک زانیاری تەواوی لەسەر پڕۆژەکە دانراوە لەگەڵ ڤیدیۆ و لە ماڵپەر دانراوە.

https://gov.krd/moel/publications/پڕۆژەی-وێستگەکانی-گواستنەوە/

٥٣- ئەپدەیت کردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی حکومەتی هەرێم چ بکات بۆ پاراستن کۆمەڵگا بەپێی ئەو بەیانانەی کە لە وەزارەتەکان دەردەچێت و ڕێکخستن و دانانیان لە ماڵپەر.

٥٤- بۆ وەزارەتی کارەبا سەب تابەک دروست کراوە بە ناوی کار و چالاکییەکان کە تیایدا کار و چالاکی و پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا لە کابینەی نۆیەم دا دانراوە وە دانانی هەندێکیان بەشێوەی ڤیدیۆی لە ماڵپەڕ.

٥٥- بۆ وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ دەست پێکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکان چەند ڕێنمایەک دەرچووە و کردنیان بە پۆستە ر و ڤیدیۆ کە لە ماڵپەر بڵاوکراوەتەوە .

٥٦- بڵاوکردنەوەی ئەو هێما بازرگانیانەی وەزارەتی بازرگانی دەریدەکات بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

٥٧- ڕێکخستنی لینکی ڤیزا لە ماڵپەر و ئەپدەیت کردنی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ و پەیوەندییەکانی دەرەوە و دانانیان لە ماڵپەر.

٥٨- کردنەوەی خولێک بۆ هەموو وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی داتا و ناردنی بە شێوەی ئەلیکترۆنی خولەکە ماوەی دوو ڕۆژە بۆ ٨ کاتژمێر .

٥٩- دروستکردنی هەلی کار بە شێوەی ئەلیکترۆنی بۆ زمانی کوردی و ئینگلیزی و لە هەلی کارەکەهەر کەسێک تەنها یەکجار دەتوانی فۆرمەکە پر بکاتەوە و سنوور دانراوە ناتوانێت دووجار پڕ بکاتەوە لەبەر ئەوەی تێکەڵاویەک دروست دەبوو و، ژمارەی پەیوەندیەکانیش بەهەمان شێوە یەکجار دەتوانرێت بنوسرێت و ژمارەی هەڵە وەرناگیرێت لە کۆتایدا لەلای خۆمان دابەش دەبێت بەسەر بەشەکان بە پێی داواکارییان .

٦٠- ئامادەکردنی ڕاپرسی بۆ بەشداری کردنمان لە پیشانگای های تێکس بە زمانی ئینگلیزی و کوردی.

٦١- پێداچونەوە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ڕێکخستنەوەی زانیارییەکان و دانانیان لە ماڵپەر بە کۆتا ئەپدەیت:

- ✓ زانکۆ باوەرپێکراوەکان
- ✓ زەمالەکان
- ✓ پۆست دکتۆرا
- ✓ پەرەپێدانی پرۆگرامەکان
- ✓ - دروستکردنی لینکێک بۆ زانکۆ لاین بە شێوەی ئەلیکترۆنیەکەی لە ماڵپەر

https://gov.krd/mohe/external-links/

٦٢- دروستکردنی لینکێک بۆ بنکەی یاساداانی هەرێم بەشێوەی ئەلیکترۆنییەکەی کە ببێتە ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان.

https://www.yasaii.info/index.php?lang=ku

٦٣- سەبارەت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری دانانی هەموو ڕێنماییەکانی ٢٠٢١ لە ماڵپەر.

https://gov.krd/mofe/publications/ڕێنماییەکان/

٦٤- بۆ وەزارەتی ناوخۆ دانانی لینکی ڤیزای ئەلیکترۆنی لە ماڵپەڕ کە تێدا فۆڕمەکە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی پڕ دەکرێتەوە و وەرگرتنی ڤیزەش بە هەمان شێوە ئەلیکترۆنی دەبێت.

https://gov.krd/moi/services/

٦٥- بۆ وەزارەتی ناوخۆ لینکی سەرپێچی هاتووچۆ پارێزگاکانی هەولێر سلێمانی دهۆک بەشێوەکی ئەلیکترۆنی لە ناو ماڵپەڕ دانراوە.

https://gov.krd/moi/services/

٦٦- ڕاگرتنی سایتی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەرشێف کردنی سایتەکەیان لە ماڵپەر.

## بەشی هەماهەنگی و پەیوەندییە گشتییەکان

١. ڕێکخستنی خولی نووسینی هەواڵ و پلانی میدیایی، بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٦ تاکو ٢٠٢١/٥/٣٠ بۆ شەش وەزارەت ویەک دەستە.

٢. ڕێکخستنی خولی (Information Updeate System)، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٣ تا ٢٠٢١/٦/١٤، بە بەشداربوونی گشت دەزگاکانی حکوومەت.

# دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی.
- ئامادەکردنی ڕێبەری ڕێنمایی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی و پێداچوونەوەی بە پرۆژەی کوالێتی هەوا.
- سەرلەنوێ کارکردنەوە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ژینگە خۆی لە نوێنەری (١٤) وەزارەت و نوێنەری ڕێکخراوە ژینگەییەکان دەبینێتەوە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی.
- پێکهێنانی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی یەکخستنی تواناکان و کاری هاوبەش لەبواری هۆشیاری ژینگەیی، کە ژمارەیان (٢٢٠) ڕێکخراو بوو، لەچوارچێوەی (٥) بۆردی لەسەر ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان کۆکرانەوە.
- بەشداری لەکردنەوەی (٣) پارکی نوێ و ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆری وەکو سیمینارو بەرنامە و دیداری تایبەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراو لەبواری هۆشیاری و سەرپەرشتی کردن و بەشدار بوون لەچەندین چالاکی مەیدانی لەبواری هۆشیاری ژینگەیی.
- کارکردن بۆ خۆماڵی کردنی ڕۆژە ژینگەییەکان، تاوەکو هەر پارێزگایەک و ئیدارەیەکی سەربەخۆ و ڕۆژی تایبەت بەخۆی هەبێت لەبواری ژینگە.

## ئاستی خزمەتگوزاری:

- بە مەبەستی پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی کاردەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پێشکەوتوو و ڕیسایکلین بۆ چارەسەری زبڵ و خاشاک و کەمکردنەوەی زیانە ژینگەیی بکات، لە خوارەوە کۆمەڵێک کار و چالاکی لە ئاستی خزمەتگوزاریدا بۆتان ڕوون دەکەینەوە:

▪ **پێدانی مۆڵەت و ڕەزامەندی بە ژمارەیەك پرۆژە:**

- (پیشەسازی، بازرگانی، تەندروستی، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری، گەشتیاری، پەروەردەیی)، هەروەها ژمارەیەک لەم پرۆژانە مۆڵەت و ڕەزامەندییان پێنەدراوە بەهۆی پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییە ژینگەییەکان وەکو (تاوەر، پیشەسازی). هەروەها لە بواری ژینگەی سروشتی پێدانی مۆڵەتی تەواوی باڵندەو ئاژەڵی کەروێشک و هەندێ سەرپێچی ڕاوکردنی گورک و هەروەها مۆڵەتی پرینی داری وشک.
- تاقیگەکانی فەرمانگەکانمان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پشکنینی کیمیاوی خاک و پشکنینی کیمیاوی و بەکتریۆلوجی ئاو لە چەند شار و قەزا و ناحیە و گوند و کەمپەکان.

## ڕێکار و چالاکییە بەردەوامەکان:

١- ڕەشنووسی ڕێنمایی فرێدانی پاشماوەکان.

٢- ڕەشنووسی ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکە نا ئەیۆن کراوەکانی دەرچوو لە سیستەمی پەخش و ناردن و مۆبایل.

٣- ڕەشنووسی ڕێنمایی چۆنیەتی کۆگاکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ مادە کیمیاوییەکان.

٤- ڕەشنووسی ڕێنمایی سندوقی ژینگە.

٥- ڕەشنووسی ڕێنماییە گشتییەکانی شار و ناوچە پیشەسازییەکان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئامادەکراوە.

٦- ڕەشنووسی ڕێنمایی کۆگاکردن و گواستنەوەی سەرچاوە و مادەی تیشکدەرەکان.

٧- ڕەشنووسی ڕێنمایی چۆنیەتی سزادانی ئەو پڕۆژانەی سەرپێچی ژینگەییان هەیە.

٨- ڕەشنووسی هەمواری ڕێنمایی پۆڵێنکردنی پرۆژەکان ٢٠١٧.

٩- ڕەشنووسی هەمواركردنی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ .

١٠- ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٠.

١١- ڕەشنووسی ڕێنمایی یاسای بەڕێوەبردنی پاشماوەکان.

- **ڕێنماییە پەسەندکراوەکانی ساڵی ٢٠٢١**

١- رەشنووسی ڕێنمایی سەربڕخانەکان.

٢- هەموارکردنی ڕێنمایی کوالێتی هەوا ٢٠١٩ .

٣- هەمواری ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١٩.

٤- ڕەشنووسی ڕێنمایی قەرەبووی زیانەکانی ژینگەیی بۆ ئەو پرۆژانەی سەرپێچی ژینگەییان هەیە.

٥- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕاوکردن.

# دەستەی وەبەرهێنان

## پێشەکی:

پاڵپشت  بە یاسای وەبەرهێنانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦ لە ڕێکەوتی ١-٨-٢٠٠٦ دەستەی وەبەرهێنان دامەزرا، بەمەبەستی پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت و هاوبەشی پێکردنی لە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان.

لە پانزدە ساڵی ڕابردوو، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە (١١٢٦) پرۆژەی وەبەرهێنان داوە، بە سەرمایەی نزیکەی (٧٤) ملیار دۆلاری ئەمریکی، لەناو ئەمانەشدا بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان تا ئێستا (١٤٦) مۆڵەتی وەبەرهێنان هەڵوەشێنراونەتەوە، هەروەها (٩٨٠) مۆڵەت بە سەرمایەی زیاتر لە (٥٧) ملیار و (٨١٦) ملیۆن دۆلار کارپێکراوە.

**لە کابینەی نۆیەم و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٨ تا ٢٠٢١/٦/٢٢**،  مۆڵەت بە (٨٧) پرۆژە دراوە بە سەرمایەی نزیکەی (٧) ملیار و (٣٠٣)  ملیۆن دۆلار و لەسەر ڕووبەری (٧٠٧٥) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

١. **پیشەسازی:** ٢٩ پرۆژە بە سەرمایەی ١ ملیار و ١٣٠ ملیۆن دۆلار.

٢. **نیشتەجێبوون:** ٤ پرۆژە بە سەرمایەی ٤٣٠ ملیۆن دۆلار.

٣. **فێرکردن:** ٥ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٦ ملیۆن دۆلار.

٤. **گەشتیاری:** ١٥ پرۆژە بە سەرمایەی ٥ ملیار و ٦٠ ملیۆن دۆلار.

٥. **وەرزشی:** ١ پرۆژە بە سەرمایەی ٢ ملیۆن دۆلار.

٦. **بازرگانی:** ١٩ پرۆژە بە سەرمایەی ٣٠٩ ملیۆن دۆلار.

٧. **تەندروستی:** ٦ پرۆژە بە سەرمایەی ٥٣ ملیۆن دۆلار.

٨. **کشتوکاڵ:** ٥ پرۆژە بە سەرمایەی ٢٢٧ ملیۆن دۆلار.

٩. **هونەری:** ١ پرۆژە بە سەرمایەی ٩ ملیۆن دۆلار.

١٠. **خزمەتگوزاری:** ٢ پرۆژە بە سەرمایەی ٥٨ ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پرۆژانەی لە (٢٠٢٠/٧/٨)ـەوە تا (٢٠٢١/٦/٢٢) پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە (٦١٩) پرۆژە بووە، (٥٠) پرۆژەیان پەسند نەکراوە و ئەو پرۆژانەی بڕیاریان لەسەر نەدراوە (٥٨) پرۆژەن و (٥١١) پرۆژە پەسندکراون بە سەرمایەی خەمڵێندراوی زیاتر لە  ١٣ ملیار دۆلار (هەولێر: ٨٩ پرۆژە، سلێمانی: ١٧١

پڕۆژە، دهۆک: ٧٢ پڕۆژە، هەڵەبجە: ٢٣ پڕۆژە، گەرمیان: ٤٢ پڕۆژە، ڕاپەڕین: ١٤ پڕۆژە) ، لە ناو ئەمانەشدا لە سێکتەری پیشەسازی جۆراوجۆر (١٢٢) پڕۆژە پەسەندکراوە بە سەرمایەی زیاتر لە ٣ ملیار دۆلار و لە سێکتەری کشتوکاڵی (٥٠) پڕۆژە پەسەند کراوە بە سەرمایەی زیاتر ٦١٢ ملیۆن دۆلار. پڕۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەکە، دەستەی وەبەرهێنان پاڵپشت بە بڕگەو تەوەرەکانی کارنامەی حکومەت لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی ئەم هەنگاوانەی ناوە:

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١٦ بڕیاری ئەنجومەنی باڵا دەرکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی و پێداچوونەوەی پڕۆسەی وەبەرهێنان، لەوانە:

- بڕیاری ژمارە (٥٨٦) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە تەرخانکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.
- بڕیاری ژمارە (٥٨٥) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە نرخی هاندراوی کرێی بانەوانی و نرخی هاندراوی زەوی بۆ تەملیکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.
- بڕیاری ژمارە (٥٨٤) کە تایبەتە بە دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ سەبارەت بە کرێی خزمەتگوزارییەکان کە دەستەی وەبەرهێنان پێشکەشی دەکات.
- بڕیاری ژمارە (٥٨٧) تایبەتە بە دیاریکردنی میکانیزمی گۆڕینی سێکتەری ئەو پڕۆژانەی مۆڵەتیان وەرگرتوە و داوای گۆڕینی سێکتەری پرۆژە دەکەن.
- بە بڕیاری ژمارە (٥٨٠) کێشەی هاووڵاتیان بە پڕۆژەی هێژا ستی چارەسەرکرا.
- بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان ئەو پڕۆژانەی کە تا ئێستا دەست بەکار نەبوونە بەهۆی کەمتەرخەمی وەبەرهێنەر، بڕیاردراوە کە مۆڵەتەکانیان هەڵبوەشێنرێتەوە و زەوییەکانیان بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت.
- بڕیاردرا پەلە بکرێت لە تەملیکردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی ناو پڕۆژەکانی وەبەرهینان، و لیژنەی (متفرغ)ی بۆ پێکهێنرا و، بەردەوامە.
- بڕیاردرا لە قەرەبووکردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی کە زەوییەکانیان بەر پرۆژەکانی وبەرهێنان کەوتووە، کە بەهۆی قەیرانی دارایی، قەرەبوو کردنەوەکەیان دواکەوتبوو.

- بەمەبەستی کارئاسانی بۆ مۆڵەتپێدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەستکراوە بە ئەنجامدانی رێکارەکانی کاراکردنی سیستەمی یەک پەنجەرەیی (دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین). دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەستەکەمان بە فەرمانی ژمارە (٤٩٦١ لە ٢٠١٩/١٢/٣) لیژنەی بۆ پێکهێنداروە. لیژنەکە دەست بەکارە و چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە. لەوانە کۆبوونەوە نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ نوێنەری USAID.

- نوێکردنەوە و پێداچوونەوە بە پلانی ٢٠٢٠ی وەبەرهێنان بە سودوەرگرتن لە پلانی وەزارەتە پەیوەندارەکان و پێویستیەکانی بازاڕ و بەکاربەر بەجۆرێک زیاتر لە ٢٥٠ پرۆژەی تر لە سێکتەرە جیاجیاکان زیادکران بۆ پلانەکە و داوا لە وەزارەتە پەیوەندارەکان کراوە، کە زەوی بۆ پرۆژەکانی هاتوو لە پلانەکە تەرخان بکرێت، وەک ئامادەکارییەک بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان. پلانەکە ئامادەکراو و ڕاگەیاندراوە، ئێستا بەردەستە لە وێب حکومەتی هەرێمی کوردستان/ دەستەی وەبەرهێنان بە هەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی .

- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژە نیشتەجێییەکان و لەم چوارچێوەیەشدا چەندین لیژنە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەکانی (دەشتی بەهەشت، فلۆریا ستی، کانی ئەڵمانی، گوندی ئارام، باژێری ستێرا) کارەکان لە قۆناغی کۆتاییدان.

- کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران بە مەبەستی هاندان و پشتگیری و ڕاییکردنی کارەکانی وەبەرهێنەران و کارئاسانی کردن لە ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان، جەخت لە جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کرایەوە، لە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنەری خۆماڵی و بیانی و چاکسازی لە سێکتەری وەبەرهێنان، دانانی ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان لەو پێناوەشدا ڕاو و سەرنج و تێبنییەکانی وەبەرهێنەران بۆ ئەو مەبەستە وەرگیرا.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- بەردەوامی کاری لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاری بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندا. لیژنەکە دەستبەکارە و نرخی بۆ چەند پرۆژەیەک داناوە بە جۆریک لە هەندێ پرۆژە نرخی داشکاندنەکە گەیشتۆتە ٦٠%.

- بەمەبەستی گەیاندنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی کارگەکان لە سێکتەری پیشەسازی و ڕەخساندنی هەزاران هەلی کار بۆ دەستی کاری خۆماڵی، دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندارەکان کاریان بۆ دامەزراندنی چەندین ناوچەی پیشەسازی کردووە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ✓ ناوچەی پیشەسازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشەسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و هەموو کارەکانی تەواو بووە و تەنها ماوە ڕابگەیێنرێت.
- ✓ ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠ کاری پەسندکردنی سەرەتایی بۆ کرابوو، لە ئێستادا مۆڵەتی وەرگرتووە و دەستی بەکار کردووە.
- ✓ ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگای هەڵەبجە زەوی بۆ تەرخانکراوە .
- ✓ ناوچەی پیشەسازی لە خورماڵە لە قۆناغی سەرەتاییدایە .
- ✓ ناوچەی پیشەسازی لە قەزای عەربەت لە قۆناغی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵدایە.
- ✓ ناوچەی پیشەسازی کەلار لە قۆناغی ڕاییکردنی مامەڵەدایە.
- ✓ ناوچەی پیشەسازی ڕانیە لە قۆناغی دابینکردنی - زەویدایە.

## سێیەم: ئاستی ئابووری و دارایی

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی کەلوپەلی هاوەردەکراو لە سێکتەری پیشەسازی بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پێداویستییەکانی بەکاربەر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بەم توێژینەوەیە زیاتر (٢٠٠) هەلی وەبەرهێنانی نوێ دیاریکرا و خرانە بەردەستەی وەبەرهێنەران.

## چوارەم: ئاستی کارگێری

- بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە ژمارە (٥٧٥) بڕیاردرا بە کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی سۆران و زاخۆ و بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە دەستەی وەبەرهێنان.

# دەزگای گشتی کاروباری مین

گرنگترین چالاکییەکانی ئەنجامدراو لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو لە لایەن تیمە جۆراوجۆرەکانی دەزگا مین لە خوارەوە ئاماژەی بۆکراوە:

١- تیمەکانی مین لابەری دەزگا (MCT) زیاتر لە (٥٠٩,٨٤١) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە مین و تەقەمەنی پاککراوەتەوە و لەناو ئەو ڕووبەرە ( ١٠,٤٠٥) مینی دژە کەسی و ( ٢٠) مینی دژە تانک. هەروەها (٣٤٠,٣٦٨) پارچە تەقەمەنی (UXO) دۆزراونەتەوە و لەناو بردراون. لە هەمانکاتدا (٧,١٠٠) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە IED (عبوات ناسفة) پاککراوەتەوە. هەروەها ( ٢,١٦٩) پارچە تەقەمەنی (EOD) دۆزراونەتەوە. (١) بۆمبی گەورەی فڕۆکە لە جۆری (A١١٧A٣) لەناوبراوە. ژمارەی کێڵگەی مینی نوێ کە تۆمارکراون، (٦) کێلگەی مین.

٢- دەزگای مین لەماوەی ئاماژە بۆکراو هەڵساوە بە تەسلیم کردنی کۆی (١٦) زەوی پاککراوە لە مین و تەقەمەنی بەڕووبەری (١,٠٢٦,٧١٤) مەتر دووجا بۆ خاوەنەکانیان بەمەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان بەم شێوەیە:

- پارێزگای هەولێر (٤) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٦٥,٩٧٠) مەتر دووجا.
- پارێزگای سلێمانی (٨) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٢٤٩,٩٥٤) مەتردووجا.
- پارێزگای دهۆک نیەتی و ئیدارەی گەرمیان (٤) پارچە زەوی بەڕووبەری (٧١٠,٧٩٠) مەتردووجا کە یەک کێلگە مین و شەش ناوچەی شەڕگە دەگرێتە خۆی.

٣- تیمەکانی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان (QA) لە ماوەی ساڵی رابردوو توانیویانە (٤٧٣) سەردان بۆ کێڵگە مینەکان ئەنجام بدەن لەو سەردانانەدا تیمەکان توانیانە (٧٣,٩٧٥) مەتر دووجای زەوی پرۆسەی پشکنینی بۆ بکەنەوە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە هەمان ماوەدا هەڵساوە بە نوێ کردنەوەی ( ٥ ) مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و رێکخراوەکانی بواری مین لە هەرێمی کوردستان.

٤- تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی دەزگا لە ماوەی دیاریکراو توانیویانە سەردانی (٣٤٨) شاروچکە و گوند و کەمپی ئاوارەکان بکەن و (٨,٩٠٠) لە پیاو و ئافرەت و منداڵ سودمەندبوون. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی (٨,٨٠٨) لە هۆیەکانی هوشیارکردنەوە وەک (پۆستەر و نامیلکەی رێبەری هۆشیارکردنەوە لیفلیت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن) بەسەر خەڵکی گوندەکان لە ناوچە مەترسیدارەکان.

٥- لەبواری ڕاهێنان و کردنەوەی خول لەماوەی دیاریکراودا، دەزگا خولی مینلابەری و خولەکانی تری کاروباری مین لە ئاستی ناوخۆ بە بەردەوامی دەکاتەوە و لەو ماوەیەدا (٢٢) خول ئەنجامدراون.

٦- لە ماوەی ساڵی رابردوو (٩) هاووڵاتی بەر مین و تەقەمەنی کەوتوون کە (٥) یان گیانیان لە دەستداوە.

# ئەنجومەنی  باڵای کاروباری خانمان

**ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ئەم چالاکییانەی خوارەوەی ئەنجامداوە:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | **چالاکی:** | پێداچوونەوە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت و ئامادەکردنی رەشنووسی یاسایەکی نوێ بۆ ئەو مەبەستە. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان. |
| | **کات و شوێن:** | جانیوێری – هەولێر |
| | **هاوبەش:** | وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەتان، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان و نەتەوەیەکرتووەکان. |
| | **دەرەنجام:** | تەواوبووە ، رەشنووسەکە ئامادەیە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | **چالاکی:** | ئامادەکردنی پەیڕەوێکی نوێ بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی کابینەی نۆیەم و رەوشی ئێستای ئافرەتان لە هەرێم بگونجێت. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | بەشداری پێ کردنی ژنان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێم. |
| | **کات و شوێن:** | مارس-مەی/ هەولێر. |
| | **هاوبەش:** | دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی کەرتی گشتی، ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان، ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان. |
| | **دەرەنجام:** | تەواو بووە، رەشنووسەکە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | **چالاکی:** | ئەنجامدانی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان. |
| | **کات و شوێن:** | نۆڤەمبەر – هەولێر. |
| | **هاوبەش:** | وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، پەروەردە، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان. |
| | **دەرەنجام:** | - تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | چالاکی: | یادکردنەوەی ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان. بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم کراو خەڵاتی ئەنجومەن درا بە ئافرەتانی لێهاتوو و گەنجانی داهێنەر و هەروەها ئەو کچ و ژنانەی لە کەرتی تایبەتدا خاوەن کاری خۆیانن لە هەر پارێزگایەک. ٢٥ ژن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان - خەڵاتکران. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | کات و شوێن: | مارس/ هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک. |
| | هاوبەش: | پارێزگارەکانی هەر چوار پارێزگا، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان. |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | چالاکی: | کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکخراوەکانی ژنان) لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | گەشەپێدان و پێشخستنی ژنان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لەبوارە جیاجیاکانی ژیان. |
| | کات و شوێن: | مارس/ هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک. |
| | هاوبەش: | ڕێکخراوەکان. |
| | دەرەنجام: | - تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | چالاکی: | ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر (ڕۆڵی ئافرەتان لە کەرتی گشتی). لێکۆڵینەوەکە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پێشمەرگە، داد، تەندروستی، پەروەردە و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بەشدارییپێکردنی ژنان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی هەرێم. |
| | کات و شوێن: | جانیوێری – وەزارەتەکان. |
| | هاوبەش: | سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. |
| | دەرەنجام: | ٦٠٪ی تەواە بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | چالاکی: | پێداچوونەوە بە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ٢٠١٧-٢٠٢٧ و هەروەها کارکردن لەگەڵ پەرلەمان بۆ هەمووارکردن و دەرچوواندنی یاسای پێویست. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان. |
| | کات و شوێن: | فێبریوێری – هەولێر. |
| | هاوبەش: | سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی. |
| | دەرەنجام: | ٦٠٪ی تەواە بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | چالاکی: | هەڵمەتی ڕاگەیاندنی بەرفراوان و دیالۆگ لەسەر ڕێگرتن، خزمەتگوزارییەکان و کۆتاییهێنان بە نەریتە زیانبەخشەکان (کوشتن بە پاساوی شەرەف، هاوسەرگیری منداڵ، خەتەنە). |
| | ئامانجی ستراتیژی: | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان. |
| | کات و شوێن: | مارس – هەولێر. |
| | هاوبەش: | وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان. |
| | دەرەنجام: | ٦٠٪ی تەواو بووە و کار لەسەر بەشەکانی دیکەی دەکرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | چالاکی: | سەردانی مەیدانی بۆ کەمپەکانی پارێزگای دهۆک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ئافرەتانی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش. هەروەها ئەنجامدانی دیبەیتێک بە بۆنەی ١٩ی حوزەیران، ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لەکاتی جەنگدا لە لالش. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | کات و شوێن: | جون – دهۆک. |
| | هاوبەش: | وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی فیدراڵ، پسپۆڕانی ناوخۆیی، ڕزگاربووان، ڕێکخراوەکانی ژنان و بەرپرسانی حکومەتی خۆجێی دەڤەرەکە. |
| | دەرەنجام: | تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | چالاکی: | ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری لەگەڵ لایەنە جێبەجێکارەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و ئافرەت و کۆی یاساکانی پەیوەست بە پرسی ئافرەتان بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان بە ئامادەبوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان. |
| | کات و شوێن: | دیسێمبەر - هەولێر. |
| | هاوبەش: | داواکاری گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دادوەرانی دادگای توندوتیژی خێزانی، دادوەرانی لێکۆڵینەوە، دادوەرانی دادگای باری کەسێتی. |
| | دەرەنجام: | تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | **چالاکی:** | ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگر و ئامادەبوونی وەزارەتە ئەندامەکان لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانماندا بۆ تاوتوێکردنی هۆکارەکانی زیادبوونی هەندێک جۆری توندوتیژی و چارەسەرکردنیان. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان. |
| | **کات و شوێن:** | مەی – ئەنجومەنی وەزیران. |
| | **هاوبەش:** | وەزارەتەکانی ئەندام لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان. |
| | **دەرەنجام:** | تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | **چالاکی:** | ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ئاشکرای پەرلەمان و وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و پلانەکانی ئەنجومەنی خانمان بۆ پێشخستنی پرسی ئافرەتان. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | گەشەپێدان و پێشخستنی ژنان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لەبوارە جیاجیاکانی ژیان. |
| | **کات و شوێن:** | مەی/ پەرلەمان. |
| | **هاوبەش:** | تیمی حکومەت، لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، پەرلەمانتاران. |
| | **دەرەنجام:** | - تەواوبووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | **چالاکی:** | بەشداریکردن لە لیژنەی ڕێنوێنی نیشتیمانی عێراقی بۆ سندووقی مرۆیی لەپێناو پاڵپشتی لە ئافرەت، ئاشتی. |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | **کات و شوێن:** | جون/ بەغداد. |
| | **هاوبەش:** | جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەماهەنگیکاری دانیشتووان، ڕێکخەری مرۆیی بۆ عێراق، ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، نوێنەری دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە عێراق و کوردستان. |
| | **دەرەنجام:** | تەواو بووە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ئەو پارانەی کە دێتە سندووقەکەوە بەشێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان پارێزگاکانی سەر بە حکوومەتی فیدراڵی و هەروەها هەرێمی کوردستاندا - دابەشبکرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | چالاکی: | کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی و بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان بۆ ڕێکەوتن لەسەر ئامادەکردنی چوارچێوەی پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | کات و شوێن: | ئۆکتۆبەر/ بەغدا. |
| | هاوبەش: | ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان لە ئەمینداریێتی گشتی، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان. |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە: ڕێکەوتن لەسەر چوارچێوەی پلانە نیشتیمانییەکە کرا. بڕیاردرا هەر حکومەتێک بە ڕەچاوکردنی چوارچێوە نیشتیمانییەکە و واقیعی کۆمەڵگەی خۆی پلانی کاری خۆی دابڕێژێت. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | چالاکی: | ئامادەکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | کات و شوێن: | دیسێمبەر - هەولێر |
| | هاوبەش: | وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، پسپۆڕانی ناوخۆیی و بیانی، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەڵەتییەکان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان. |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە، پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ ئامادەکراوە و لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | چالاکی: | بەشداریکردن لە ڕاگەیاندنی ئەرێکردنی پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥. |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. |
| | کات و شوێن: | دیسێمبەر – بەغدا. |
| | هاوبەش: | ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی، بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان لە ئەمینداریێتی گشتی، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان. |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە، پلانی نیشتیمانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ ڕاگەیەندرا کە پلانی هەرێمیشی لەخۆگرتووە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | چالاکی: | ناساندنی پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ بە کونسولخانە و نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی و هەروەها دامەزراوە بیانییەکان لە کوردستان |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان |
| | کات و شوێن: | جانیوێری - هەولێر |
| | هاوبەش: | فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە: هۆکارەکانی پشت پلانی کوردستان و هەروەها کۆڵەگە سەرەکییەکانی بۆ ئامادەبووان ڕوونکرایەوەو داوای هاریکاری تەکنیکی و دارایی و گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیاری بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە کرا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | چالاکی: | یادکردنەوەی ٢٠ ساڵەی بڕیاری (ژن، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٢٥ بە ئامدەبوونی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر |
| | ئامانجی ستراتیژی: | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان |
| | کات و شوێن: | نۆڤەمبەر - بەغدا |
| | هاوبەش: | وەزارەتی ناوخۆ، داد، نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم، ڕاوێژکاری سەۆککۆمار، نوێنەری ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەیرانی فیدڕاڵ، ڕێکخراوەکانی ژنان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە: باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی پلانی نیشتیمانی و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردن هەروەها و هەماهەنگی نێوان هەردوو حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێم کرا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | چالاکی: | سەردانی ڕزگاربووانی کچ و ژنی ئێزدی لە کەمپەکان و گوێگرتن لە کێشەکانیان و پاشان داوەتکردنی نوێنەرەکانیان بۆ هەولێر و کۆبوونەوەیان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی داواکارییەکانیان، لیژنەکە بە ئەمری سەرۆکوەزیران پێکهێنراوە |
| | ئامانجی ستراتیژی: | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان |
| | کات و شوێن: | نۆڤەمبەر/ هەولێر - دهۆک |
| | هاوبەش: | وەزارەتی ناوخۆ، سندووقی دانیشتووانی نەتەوەیەکگرتووەکان، دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان |
| | دەرەنجام: | تەواو بووە: لیژنەکە پێکهێنراوە لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئێزدییەکان، نوێنەری دیوان |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | **چالاکی:** | ڕێکخستنی سیمینارێک سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای پاڵپشتی ژنانی ڕزگاربووی ئێزدی بەمەبەستی گواستنەوەی ئەزموونی دامەزراوەکانی هەرێم بۆ دامەزراوە فیدراڵییەکان |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و مەدەنی دیموکراسیانە بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان |
| | **کات و شوێن:** | مەی/ هەولێر |
| | **هاوبەش:** | دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێم، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە خۆجێییەکان |
| | **دەرەنجام:** | ٥٠٪ی تەواو بووە. کۆبوونەوەکەی تر لە هەولێرو بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی ئەنجامدەدرێت |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | **چالاکی:** | کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ نوێنەری وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەڵەتی و شاندە بیانییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ دامەزراوەکانی پەیوەست بە کاروباری ژنان لە حکومەت، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا و ئەزموون |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | بایەخدان بە پرسەکانی ئافرەتان و دابینکردنی مافەکانیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا کارپێکراوەکان و ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان |
| | **کات و شوێن:** | |
| | **هاوبەش:** | فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە |
| | **دەرەنجام:** | بە بەردەوامی هەیە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | **چالاکی:** | پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای وەبەرهێنان لە ڕوانگەی یەکسانی جێندەری و خستەڕووی بۆ لایەنی پەیوەندیدار |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | **کات و شوێن:** | ئۆکتۆبەر/ هەولێر |
| | **هاوبەش:** | دەستەی وەبەرهێنان |
| | **دەرەنجام:** | تەواوبووە |

| چالاکییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی مەشرق جێندەر فەسیلیتی لەگەڵ بانکی جیهانی | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (١) | چالاکی: | سێ ورکشۆپ لەسەر نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و لەچوارچێوەی هەڵمەتی بە مافەکانت بناسە بەڕێوەچوو |
| | ئامانجی ستراتیژی: | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | کات و شوێن: | نۆڤەمبەر - ئۆنڵاین |
| | هاوبەش: | بانکی جیهانی، نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەرۆکی پەیوەندییە دەرەکییە میدیاییەکانی حکومەتی هەرێم |
| | دەرەنجام: | بەردەوامە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (٢) | چالاکی: | پێنج کۆبوونەوە لەسەر کلینیکەکانی تایبەت بە چاودێری منداڵ بەڕێوەچوو بە بەشداری لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم و فیدراڵ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (لوبنان و ئوردن) |
| | ئامانجی ستراتیژی: | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | کات و شوێن: | مارس/ ئۆنڵاین |
| | هاوبەش: | بانکی جیهانی، نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان، عێراق، لوبنان، ئوردن |
| | دەرەنجام: | تەواوبووە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (٣) | چالاکی: | پێداچوونەوەیەک بە یاسای کاری هەرێمی کوردستاندا کرا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەشداری ئابووری ژنان. دەرکەوت کە لە هەرێمی کوردستان، لە هیچ بەشێکی یاسای کار دا باس لە هەراسانکردنی سێکسی لە شوێنی کار دا نەکراوە. بۆیە ڕەشنووسی یاسای کاری هەرێم وردبینی بۆ کرا و ڕاسپاردە و پێشنیاریش بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە |
| | ئامانجی ستراتیژی: | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | کات و شوێن: | دیسێمبەر / هەولێر |
| | هاوبەش: | لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، تیمی کاری بانکی جیهانی |
| | دەرەنجام: | تەواوبووە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (٤) | **چالاکی:** | ئەنجامدانی وۆرکشۆپێک لەسەر دامەزراندنی ئافرەتان و خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵی بۆ گەنگەشەکردنی گرنگترین کەلێنە دۆزراوەکانی پێداچوونەوە بە یاسای کار و هەروەها خستنەڕووی راسپاردەکان بۆ چاکسازییە یاساییەکان |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | **کات و شوێن:** | ئەپریل - هەولێر |
| | **هاوبەش:** | لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراوە خۆجێییەکان، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت |
| | **دەرەنجام:** | - تەواوبووە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (٥) | **چالاکی:** | ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕوانگەی چاودێری منداڵان و هەروەها پێشخستنی باشترین توێژینەوەی حاڵەت سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی هێزی کار |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | **کات و شوێن:** | ئەپریل - هەولێر |
| | **هاوبەش:** | لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، بانکی جیهانی |
| | **دەرەنجام:** | بەردەوامە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ (٦) | **چالاکی:** | ڕێکخستنی واژۆکردنی یادداشتی لێگەیشتن لەنێوان ڕێکخراوی ئای ئێف سی و ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنی پلاتفۆرمی فێربوونی هاوتاکان لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای کۆمپانیاکان بۆ وەرگرتنی هێزی کاری ئافرەتان لەڕێگەی زنجیرەیەک ویبیناری- دامەزراو لەسەر بنەمای داواکاری |
| | **ئامانجی ستراتیژی:** | پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتوویی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشدارییەکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن |
| | **کات و شوێن:** | جانیوێری/ هەولێر |
| | **هاوبەش:** | ڕێکخراوی ئای ئێف سی، ژووری بازرگانی هەرێمی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت |
| | **دەرەنجام:** | - تەواوبووە |

# ئەکادیمیای کوردی

## یەکەم: گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

لە ماوەی ئەم ساڵەدا، (٢) ژمارە لە گۆڤاری ئەکادیمیا بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، بڵاوکردۆتەوە بە قەبارەی زیاتر لە (١٢٠٠) لاپەڕە. ئەم گۆڤارە گرینگی تەواوی بەو توێژینەوە زانستییانە داوە، کە خزمەت بە فەرهەنگ و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

## دووەم: سیمینار و کۆڕبەستن و ڕێزلێنان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسدا

ئەکادیمیای کوردی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ (کۆرۆنا) لە جیهاندا و بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان بڕیاریدا لەم ماوەیەدا هیچ کۆڕو سیمینارێك ئەنجام نەدات.

**بەرنامە :**

١ - بەشداری کردن لە لێکۆڵینەوەیەك لە شوباتی ٢٠٢١ لە کەلار بە ناونیشانی (ملا جمیل روژ بیانی) و (حوادث کرکوك ١٤ تموز ١٩٥٩) لەلایەن بەڕێز (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی).

٢ - بەشداری کردن لە (ملتقی ملا جمیل روژ بیانی) لە شوباتی ٢٠٢١دا لەلایەن بەڕێز (م. محەمەد حەمە باقی)

٣ - بەشداری کردن لە بابەتی (جهود الخطاطین في خدمة القرآن الكریم) لە (المؤتمر الدولي الافتراضی للقران الكریم واللغة العربیة) کە لە (کوردستان – سنه) لە ١٠ و ١١ی ئازاری ٢٠٢١ دا بەڕێوەچوو وەك وتەبێژێك بابەتێك لەلایەن (م. محەمەد عەلی قەرەداغی) خوێندرایەوە.

٤ - بەشداری کردن لە کۆنگرەی زانستی بە بۆنەی تێپەربوونی (٦٠) ساڵ بەسەر شۆڕشی ١١ ی ئەیلول ١٩٦١ کە لەلایەن سەنتەری بیشکچی زانکۆی دهۆك بەڕێوەچوو بە ناوی لێکۆڵینەوەی ثورة (١١ ایلول ١٩٦١ في كتابات و مذكرات عدد من كبار ضباط الجیش العراقي ١١ ایلول ١٩٦١ _ ١١ اذار ١٩٧٠، دراسة اولیة) لەلایەن بەڕێز (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی).

٥ - سیمینارێك لە بابەتێکی زمانناسیدا بۆ بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر سدیق).

٦ - سیمینارێك لەلایەن بەڕێز (م. شەفیقی حاجی خدر) لەسەر ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆمانی (کچانی دووکەڵ و ئاگر) لە بەرنامەدایە.

## سێیەم: چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەرچەندە باری ئابووری بۆ ئەکادیمیا سەخت بووە، بەڵام ئەم دەزگایە لە بڵاوکردنەوەی کتێب نەوەستاوە، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانیشی لەم ماوەیەدا بریتییە لە (١٧) کتێب بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە بەبێ بەرامبەر دەدرێنە شوێنە پێویستەکان وەك (کتێبخانە گشتییەکان، دەزگا و ناوەندەکانی توێژینەوە، پەرلەمان، سەرۆکاتییەکان، زانکۆکان و ژمارەیەك لە کەسەیەتییەکان کتێبخانە تایبەتەکان. ئەمە جگە لە ناردنە دەرەوەیان بۆ زانکۆ کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و کتێبخانە جیهانییەکان):

١ - وریا ئەحمەد، دەهۆڵ .

٢ - پ. د. موحسین محەمەد حوسێن، في الفكر التاريخى والسياسى.

٣ - هۆشیار بەکر عەزیز، گەڕەگی شۆرجە.

٤ - تاریق جامباز، ڕۆژنامەی هەولێر.

٥ - پ.د. زرار صدیق، کاکەیی - ئەهلی هەق و شەبەك.

٦ - د. حەبیب مستەفا ئیبراهیم، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان.

٧ - پ.د. عبدالفتاح علی بوتانی، حوادث الموصل و كركوك وتداعياتها ٨ اذار ١٩٥٩ و١٤ی تموز ١٩٥٩.

٨ - لیژنەی مێژوو، فەرهەنگی زاراوەکانی مێژوو.

٩ - پ. د. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ڕێزمانی بەراورد.

١٠- د. هەژار بەشیر سەعدون، THE KURDISH DE FACTO STATE.

١١ - پ.د. جەبار قادر، کردلری دکتۆر فریچ کتێبێکی هەڵبستراو.

١٢ - د. نەجاتی عەبدوڵلا، مێژوو و کوردناسی بەشی دووەم.

١٣ - ئەحمەد زەرۆ، فەرهەنگۆکا زمانی.

١٤ - د. عزەت فەندی، بێدەر بێدەرا پەیڤ و زاڕەڤان.

١٥ - هاربیت مونتغری، کرد سوريا وجود تعرض للانكار (وەرگێڕان).

١٦ - ابراهيم محمود، العالقون فی الخندق المعلق.

١٧ - پ.د. خلیل علی موراد، دفتر تحريری موفەسەل و ئیجمالی (هەولێر) لەلایەن بەڕێز (پ.د. ئازاد عوبێد) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

## چوارەم: بەرهەمی ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی، کە لەژێر چاپ و ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

١- پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، القريب من تاريخ الموصل.

٢- د. نەجاتی عەبدوڵڵا، کارکردن لە ناو ئەرشیفخانەکانی فەرەنسا لە ٢٠٢١/٩/١ تا ٢٠٢٠/١٢/٣٠ بۆ ئامادەکردنی کتێبێك لەسەر شۆرشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی فەرەنسا، کاری پۆلێنکردنی بەڵگەنامەکان تەواو بووە و لە ئایندەیەکی نزیك بڵاودەبێتەوە.

٣- پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، لێکۆڵنەوەیەك لە ژێر ناونیشانی (سورە وەردی) ٢٠٢١.

٤- پ.د. موحسین محەمەد حوسێن، توێژینەوەیەك دەربارەی (بندلي جوزي رائد في البحث التاريخی).

٥- م. محەمەد حەمە باقی، پرۆژەی (بزوتنەوەی سمکۆ – ئیسماعیل ئاغای شکاك – لە بەڵگەنامەکانی ئێران و نێودەوڵەتیدا، کە دەبێتە (١٧) کتێب، بەرەو تەواوبوون دەچێت.

٦- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دەیەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە.

٧- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، سێ دانراوی (د. محەمەد صديقی موفتیزاد) :- ( لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی، وێژە و وێژەوانان – نالینامە-، پەندی پێشینان).

٨- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی مەولەوی بەلێکۆڵینەوەیەکی نوێوە لە سێ بەرگدا.

٩- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، الفضيلة: دانراوی مەولەوی بە زمانی عەرەبی.

١٠- م. محەمەد عەلی قەرداغی، دیوانی ڕەنجووری: لەبەر دەستخەتی ڕەنجووری خۆی ساغمکردووتەوە و بە زیادەوە ئامادەی چاپی دووەمە.

١١- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، ئاسانکردنی اقتران النيرين: ئەم کتێبە پێشتر بەلێکۆڵینەوە لە (٩) بەرگدا بڵاوکرابۆوە ئێستا بە زمانێکی ئاسانتر دارێژتراوەتەوە.

١٢- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، (كنوز الكرد في دورالمخطوطات العالمية) بەرگەکانی (٣ ، ٤ ، ٥).

١٣- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، (تأريخ القرأن الكريم والتفسير في كردستان) لە ڕووی زیاتر لە (١٠٠) نوسخەی دەستخەتی قورئانی خۆشنووسانی کوردەوە بەرگی ئەم پرۆژەیە نووسراوە.

١٤- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، لێکۆلینەوەیەك بەناوی خطاط من كردستان.

١٥- م. محەمەد عەلی قەرەداغی، مکتوبات خالد الكردى النقشبندى القرداغی.

١٦- لیژنەی بیبلۆگرافیا، پۆلکردنی فەرهەنگەکان بەپێی زمانەکانیان (کوردی - کوردی)، (کوردی - زمانە بیانییەکان)، (زمانە بیانییەکان - کوردی) بەسێ جۆر تۆمار کراون: ( بەناو و ناسناوی نووسەرانیان، بەناونیشانی فەرهەنگەکان، بەڕیزبەندی ساڵی چاپکردنیان).

١٧- لیژنەی بیبلۆگرافیا، ئامادەکردنی بەرگی دووەمی بیبلۆگرافیای ئەو بابەتانەی بە زمانە بیانییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون.

١٨- لیژنەی بیبلۆگرافیا، ئامادەکردنی فەرهەنگی نەتەوەییی (کوردی - کوردی).

١٩- پ.د. وریا عومەر ئەمین، بازە مەزنەکان لەبارەی مێژووی گەردوونناسییەوەیە.

٢٠- پ.د. وریا عومەر ئەمین، لە کونجی بیرەوەریمدا.

٢١- پ. د. فاروق عومەر، نێرگسە جارێك لە تە پۆنجی کوردستان.

٢٢- پ. د. فاروق عومەر، کارکردن لەسەر کتێبی (هێلانە وشە).

٢٣- پ. د. فاروق عومەر، بە چاپ گەیاندنی باسی (بنیاتی وشەی (مەلە) لە زمانی کوردیدا).

٢٤- پ. د. فاروق عومەر، نوسینی باسی (پەڕینەوە لە مۆرفێمی سەربەخۆوە بۆ بەند لە زمانی کوردیدا).

٢٥- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی گەلاوێژ.

٢٦- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی پێناسەکانی ڕێکخراوی مرینی نێودەوڵەتی شارستانی.

٢٧- م. جەمال عەبدول، کتێبی خەمی زمان.

٢٨- م. جەمال عەبدول، دیرۆکی دروستکردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە ١٩٩٢/١١/١٤ .

٢٩- م. جەمال عەبدول، فەرهەنگی پەروەردەی ئینگلیزی ، عەرەبی ، کوردی.

٣٠- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەیەك بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی گرفتەکانی فێربوونی زمان لای خوێندکارانی کورد لە ژمارە ٤٤ی ساڵی ٢٠٢٠ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا بە ناونیشانی:

The Challenges of Classroom management Faced by Kurdish EFL Teachers in iraqi Kurdistan – Sulaimani Province Schools .

٣١- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، Cognitive Studies in Kurdish Idioms: Selected papers**.**

٣٢- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، توێژنەوەیەك لەسەر ئیدیۆمەکانی کەشوهەوا لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆگنیتیڤەوە.

٣٣- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئیدیۆمەکانی جەنگ و شەر و ململانێ هەر لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆگنیتیڤەوە.

٣٤- د. هۆشەنگ فاروق جەواد، چەند توێژینەوەیەك لە چوارچێوەی تیۆری سکیما وێنەییەکان لەبارەی مێتافۆر لە زمانی کوردیدا.

٣٥- لیژنەی ئینسکلۆپیدیای کوردستان، ئینسکلۆپیدیای کوردستان دوو بەرگ.

٣٦- د. عەبدولڕەحمان مزووری، عراقة الديانة الايزدية.